باب ما جاء في النشرة

عن جابر رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) سئل عن النشرة فقال: (هي من عمل الشيطان) رواه أحمد بسند جيد. وأبو داود[١].

وقال: سئل أحمد عنها فقال: ابن مسعود يكره هذا كله.

وفي "البخاري" عن قتادة: قلت لابن المسيب: رجل به طب أو يؤخذ عن امرأته، أيحل عنه أو ينشر؟ قال: لا بأس به، إنما يريدون به الإصلاح، فأما ما ينفع فلم ينه عنه. أ.هـ[٢].

وروى عن الحسن أنه قال: لا يحل السحر إلا ساحر[٣].

قال ابن القيم: النشرة: حل السحر عن المسحور، وهي نوعان:

إحداهما: حل بسحر مثله، وهو الذي من عمل الشيطان، وعليه يحمل قول الحسن، فيتقرب الناشر والمنتشر إلى الشيطان بما يحب، ويبطل عمله عن المسحور.

والثاني: النشرة بالرقية والتعوذات والأدوية والدعوات المباحة، فهذا جائز[٤].

---

[١] أخرجه أحمد (٢٩٤/٣ رقم ١٤١٣٥)، وأبو داود (٣٨٦٨)، والبيهقي في (الكبرى) (٣٥١/٩)، وصححه الألباني (٢٧٦٠).

[٢] أخرجه البخاري معلقا بصيغة الجزم في كتاب الطب باب (٤٩).

[٣] أخرجه الطبري في (تهذيب الآثار)، كما في (تغليق التعليق) (٤٩/٥)، وانظر: (إعلام الموقعين) (٣٩٤/٤)، وفتح الباري (٢٣٣/١٠).

[٤] إعلام الموقعين (٣٩٦/٤) بنحوه.

فيه مسألتان:

الأولى: النهي عن النشرة.

الثانية: الفرق بين المنهي عنه والمرخص فيه مما يزيل الأشكال.

باب ما جاء في النشرة

باسی بەتاڵکردنەوەی سیحر و چارەسەری نەخۆشی جن

پێناسەی (النشرة): لە زمانەوانی دا: بە ضمی نون، فعلة من النشر، وهو التفريق.

لە شەرع دا: بەتال کردنەوەی سیحرە لە سیحرلێکراو.

سەبارەت بە حوکمی: ڕوون دەبێتەوە لەوەی کە دانەری کتاب باسیکردووە ڕەحمەتی خوای لێ بێت کە جوانترین ڕوونکردنەوەی داوە.

گومانی تێدا نییە بەتاڵ کردنەوەی سیحر لە سیحرلێکراو لە بابی دەرمان و چارەسەرە، هەروەها فەزڵێکی گەورەی تێدایە بۆ کەسێک بۆ ڕەزامەندی خوا بیکات بەڵام لە بەشی ڕێگەپێدراوە)[٥].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (هۆکاری ئەم بابە لەکتابی تەوحید دیارە ئەویش ئەوەیە: هەروەک چۆن سیحر شیرک بەخوایە و دژی ئەصلی تەوحیدە و ساحیریش موشریکە بەخوا بە شیرکی گەورە، هەڵوەشاندنەوەی سیحریش دەکرێت بە ساحر بەتاڵ بکرێتەوە و بە بێجگە لە ساحیریش بە دەرمان و شتی تری ڕێگەپێدراو یان دوعا و زیکری تری ڕێگەپێدراو، ئەگەر لە ساحرەوە بێت ئەوە هەڵوەشێنەری ئەصلی تەوحیدە و نەفی تەوحید دەکات، مناسبەی دیار سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەم بابە وبابی پێشووتر: (باب ما جاء في السحر)، هەروەها مناسبەی لە کتابی تەوحیدیش، چونکە زۆربەی ئەوانەی سیحر بەتاڵ دەکەنەوە شەریک بۆ خوا بڕیار دەدەن)[٦].

---

[٥] القول المفيد (٨٥/٢).

[٦] التمهيد لاپەڕە (٣١٤).

عن جابر رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) سئل عن النشرة فقال: (هي من عمل الشيطان) رواه أحمد بسند جيد. وأبو داود، وقال: سئل أحمد عنها فقال: ابن مسعود يكره هذا كله.

واتە: لە جابر دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پرسیار لە پێغەمبەری خوا کرا (ﷺ) سەبارەت بە بەتاڵ کردنەوەی سیحر (کە لەو کاتە باو بوو) ئەویش فەرمووی: (ئەو جۆرە لە کردەوەی شەیتانەکانە).

دەفەرموێت: پرسیار لە ئەحمەد کراوە فەرمووی: ابن مسعود هەموو ئەمانەی پێ باش نەبووە.

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(سئل رسول الله (ﷺ)): واتە: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ).

(عن النشرة): واتە: بەتاڵ کردنەوەی سیحر، (ال) للعهده، واتە: ئەوە سیحر بەتاڵ کردنەوەی زانراوە لەسەردەمی نەزانین.

(من عمل الشيطان): واتە: لە کردەوەی شەیتانە و شەیتان وەحیان بۆ دەنێرێت.

(يكره): وشەی کەڕاهەت پێشینەکان زۆریان بەکاردەهێنا مەبەستیان حەڕام بوو، هەندێک جاریش بۆ کەڕاهەت بوو.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردوە تاوەکو ئاماژە بۆ ئەوە بکات بەتاڵ کردنەوەی سیحر بە سیحر لە کردەوەی شەیتانە و نەفی ئەصلی تەوحید دەکات.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نەزان دەبێت پرسیار بکات لەئەهلی عیلم بە تایبەتی بابەتی عەقیدە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە سیحر و بەتاڵ کردنەوەی سیحر هەبووە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە (ال) للعهدە، واتە پرسیاری ئەو سیحر بەتاڵ کردنەوەیان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە زانراو بوو لە سەردەمی نەزانین.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بەتاڵ کردنەوەی سیحر بە سیحر لە کردەوەی شەیتانە، چونکە (ال) للعهدە لەسەردەمی نەزانین سیحریان بە سیحر بەتاڵ دەکردەوە.

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بەتاڵ کردنەوەی سیحر بە سیحر تاوانێکی زۆر گەورەیە و لە گەڵ حەڕامکراوەکانی تر جیاوازە و تووندترە، چونکە فەرموویەتی کردەوەی شەیتانە.

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەڕام کردن حصر ناکرێت تەنها لەوەی بە وتە بڵێت: حەڕامە یان دروست نییە، بەڵکو ئەگەر سزا بۆی دانرا یان درایە پاڵ شەیتان بەڵگەیە کردەوەکە حەڕامە.

٦- ئیمام ئەحمەد لەسەر وتەی ابن مسعودە کە دەفەرموێت (نشرة) مەکروهە، بەڵام فەرموودەی (باب) ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، بۆچی فەرموودەی هەڵنەبژاردووە و نەی گوتووە حەڕامە؟

وەڵام: چەند وەڵامێک هەیە لەوانە:

١- لەوانەیە کەڕاهەت مەبەست پێی حەڕامی بێت.

٢- لەوانەیە ئەو کاتەی کە وەڵامی داوەتەوە فەرموودەی پێ نەگەیشتبێت، دوای وەڵام دانەوە فەرموودەی پێ گەیشتبێت.

٣- لەوانەیە فەرموودەی پێ صحیح نەبێت، بۆیە وتەی صحابی هەڵبژاردوە.

٤- لەوانەیە پرسیارکەر زانی بێتن کە فەرموودە لەم بابە هەیە، بەڵام پرسیاری ئەوەی لێ کردبێت وتەیەکی تر هەیە.

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بەتاڵ کردنەوەی سیحر بە سیحر دروست نیە تەنانەت لە کاتی پێویستیش.

صالح ال الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (هەندێ زانا بۆ ئەوە چوون دروستە سیحر بەتاڵ بکرێت بە سیحر لەکاتی پێویستی، ئەم وتەیە ڕاست نییە بەڵکو وتەیەکی هەڵەیە، چونکە زەروورییات دروست نیە بەوەی دین و تەوحیدی لەسەر دابنێیت لەبری، ئەوەی زانراو بێت پێنج شتە زەروورەکان شەریعەت پێی هاتووە بۆ پاراستنی، یەکەمیان پاراستنی دینە)[٧].

---

[٧] التمهید لاپەڕە (٣١٨).

وفي (البخاري) عن قتادة: قلت لابن المسيب: رجل به طب أو يؤخذ عن امرأته، أيحل عنه أو ينشر؟ قال: لا بأس به، إنما يريدون به الإصلاح، فأما ما ينفع فلم ينه عنه. أ.هـ

واتە: بوخاری دەگێڕێتەوە کە قەتادە بە سەعیدی کوڕی موسەیەبی گوت: پیاوێک سیحری لێکراوە یان لە خێزانی بەستراوە، ئایا دروستە سیحرەکەی بۆ بەتال بکرێتەوە؟ ابن مسیب فەرمووی: هیچی تێدا نییە ئەوان ئەو کارە بۆ چاکسازی دەکەن، ئەوەی سوودی هەبێت نەهی لێ نەکراوە.

وروى عن الحسن أنه قال: لا يحل السحر إلا ساحر.

واتە: حەسەنی بەسڕی دەفەرموویت: (یەکێ سیحر بەتاڵ دەکاتەوە کە خۆی ساحیر بێت).

قال ابن القيم: (النشرة: حل السحر عن المسحور، وهي نوعان: إحداهما: حل بسحر مثله، وهو الذي من عمل الشيطان، وعليه يحمل قول الحسن، فيتقرب الناشر والمنتشر إلى الشيطان بما يحب، ويبطل عمله عن المسحور.

والثاني: النشرة بالرقية والتعوذات والأدوية والدعوات المباحة، فهذا جائز).

واتە: ابن قیم دەفەرموویت: بەتاڵ کردنەوەی سیحر دوو جۆرە:

یەکەمیان: بەتاڵ کردنەوەی سیحر بە سیحرێکی تر، ئەمەیان ئەوەیە کە جۆرێکە لە کاری شەیتان، وتەی حەسەنی بەسڕی ئەمەیان دەگرێتەوە.

چونکە ئەو کەسەی کە سیحرەکە بەتاڵ دەکاتەوە لەگەڵ ئەو کەسەش کە سیحرەکەی بۆ بەتاڵ دەکرێتەوە، بەو جۆرە کە شەیتان ئارەزووی لێ بێت خۆیان لە شەیتان نزیک

دەكەنەوە، جا لەبەر ئەوە شەیتان كاریگەری سیحرەكە لەسەر سیحر لێكراوەكە بەتاڵ دەكاتەوە.

دووەمیان: بەتاڵ كردنەوەی سیحر بە ڕوقیە، واتە: خوێندنی قورئان و معوذاتی قورئان و سوننەت و بەكارهێنانی دەرمان و دوعای حەڵاڵ، ئەمەیان دروستە.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (چارەسەری تری سیحر كە باشترین چارەسەرە هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی شوێنی سیحرەكە، لەناو زەوی یان چیا یان شوێنی تر، ئەگەر دۆزیتەوە دەری دەهێنیت و پووچی دەكەیتەوە (واتە: دەیسووتێنی)، سیحرەكە بەتاڵ دەبێت)[٨].

[٨] مجموع فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز (٣/٢٨٠).

باب ما جاء في التطير

وقول الله تعالى: ﴿أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللّهُ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ﴾ {الأعراف:١٣١}.

وقوله: ﴿قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ﴾ {يس:١٩}.

عن أبي هريرة رضي الله عنه، أن الرسول (ﷺ) قال: (لا عدوى، ولا طيرة، ولا هامة، ولا صفر) أخرجاه[٩].

زاد مسلم: (ولا نوء، ولا غول)[١٠].

ولهما عن أنس رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (لا عدوى ولا طيرة، ويعجبني الفأل) قالوا: وما الفأل؟ قال: (الكلمة الطيبة)[١١].

ولأبي داود بسند صحيح عن عقبة بن عامر رضي الله عنه قال: ذكرت الطيرة عند رسول الله (ﷺ) فقال: (أحسنها الفأل، ولا ترد مسلما فإذا رأى أحدكم ما يكره فليقل: اللهم لا يأتي بالحسنات إلا أنت، ولا يدفع السيئات إلا أنت، ولاحول ولاقوة إلا بك)[١٢].

---

[٩] متفق عليه: أخرجه البخاري (٥٧٥٧)، ومسلم (٢٢٢٠).

[١٠] أخرجه مسلم (٢٢٢٢) من حديث جابر رضي الله عنه.

[١١] متفق عليه: أخرجه البخاري (٥٧٥٦)، ومسلم (٢٢٢٤).

[١٢] أخرجه أبو داود (٣٩١٩)، والنسائي في (عمل اليوم الليلة) (ص٢٥٥ رقم ٢٩٣)، وضعفه الألباني في "الضعيفة" (١٦١٩).

وعن ابن مسعود رضي الله عنه مرفوعا: (الطيرة شرك، الطيرة شرك، وما منا إلا، ولكن الله يذهبه بالتوكل) رواه أبو داود، والترمذي وصححه، وجعل آخره من قول ابن مسعود[١٣].

ولأحمد من حديث ابن عمرو: (من ردته الطيرة عن حاجة فقد أشرك) قالوا: فما كفارة ذلك؟ قال: (أن تقول: اللهم لاخير إلا خيرك، ولاطير إلا طيرك، ولا إله غيرك)[١٤].

وله من حديث الفضل بن عباس رضي الله عنهما: (إنما الطيرة ما أمضاك أو ردك)[١٥].

فيه مسائل:

الأولى: التنبيه على قوله: ﴿أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللّهُ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ﴾ مع قوله: ﴿قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ﴾.

الثانية: نفي العدوى.

الثالثة: نفي الطيرة.

الرابعة: نفي الهامة.

---

[١٣] أخرجه أبو داود (٣٩١٠)، والترمذي (١٦١٤)، وابن ماجه (٣٥٣٨)، وأحمد (٣٨٩/١)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (٤٢٩).

[١٤] أخرجه أحمد (٢٢٠/٢ رقم ٧٠٤٥)، وصححه الألباني في "الصحيحة" (١٠٦٥).

[١٥] أخرجه أحمد (٢١٣/٢ رقم ١٨٢٤)، وضعفه ابن مفلح في "الآداب الشرعية" (٣٧٧/٣)، وضعفه سليمان آل الشيخ في تيسير العزيز الحميد (ص٣٢٦)، وقال: في سنده نظر، وفيه انقطاع بين مسلمة وبين الفضل بن العباس.

الخامسة: نفي الصفر.

السادسة: أن الفأل ليس من ذلك بل مستحب.

السابعة: تفسير الفأل.

الثامنة: أن الواقع في القلوب من ذلك مع كراهته لا يضر بل يذهبه الله بالتوكل.

التاسعة: ذكر ما يقوله من وجده.

العاشرة: التصريح بأن الطيرة شرك.

الحادية عشرة: تفسير الطيرة المذمومة.

باب ما جاء في التطير

باسی شومی و ڕەشبینی كە چ هەڕەشەیەكی لەسەرە

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (هۆكاری هێنانەوەی ئەم بابە لە كتابی تەوحید ئەوەیە: شومی جۆرێكە لە جۆرەكانی شیرك، شیرك لە ڕووی شومی نەفی تەواوی تەوحیدی واجب دەكات چونكە شیركی بچووكە).[١٦]

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: ((التطير): بەشوم زانینی هەر شتێكی بیستراوە یان بینراوە یان زانراوە، شتی بینراو بە نموونە: ئەگەر باڵندەیەك ببینێت و ڕەشبین بێت پێی، یان شتی بیستراو بە نموونە: كەسێك شووم دەیگرێت بە بیستنی وتەی كەسێك و دەڵێت: ئەی خەسارەتمەند، شووم دەیگرێت، یان شتی زانراو: وەك ڕەشبینی بە هەندێك ڕۆژ یان هەندێك مانگ یان هەندێك ساڵ، ئەمەیان نابینی و نابیستی.

بزانە ڕەشبینی نەفی تەوحید دەكات، نەفی تەوحید كردن لە دوو ڕووەوەیە:

یەكەم: ئەوەی تووشی ڕەش بینی بووە تەوەكولی بڕیوە لەسەر خوا و پشتی بە بێجگە لە خوا بەستووە.

دووەم: پەیوەستە بە شتێك هیچ حەقیقەتی نییە، بەڵكو وەهم و خەیاڵە)[١٧].

---

[١٦] التمهيد لاپەڕە (٣٢١).

[١٧] القول المفيد (٩٣/٢).

وقول الله تعالى: ﴿أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللّهُ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ﴾ {الأعراف:١٣١}.

واتە: با بزانن و ئاگادار بن ئەو شومی و نەگبەتیەی ئەوان کە بە سەریاندا هاتووە لە لایەن خواوە بووە و بەهۆی کردەوەکانی خۆیانەوە ڕووی داوە، بەڵام زۆربەیان نازانن.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿طَائِرُهُمْ عِندَ اللّهُ﴾: (طائرهم): مبتدأ، عند الله: خبر، ماناکەی: ئەوەی تووشی ئێوە بوە لە ناخۆشی و وشەکە ساڵی بەهۆی موسا و قەومەکەی نەبووە، بەڵکو لەخواوە بووە.

﴿وَلَـكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ﴾ واتە: نازانن خێر و شەڕ لەژێر قەدەری خوای گەورەدان.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

عبدالله بن جار دەفەرموویت: (مناسبەی هێنانەوەی ئەم دوو ئایەتە لەم بابە: هەردووکیان بەڵگەن کە ڕەشبینی کردەوەی کافرەکانە، خوای گەورە زەمیانی کردووە و سزای داون)[١٨].

سـوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە خێر و شەڕ خوای گەورە تەقدیری کردوون و هەموویان لەژێر قەدەری خوای گەورەدان.

---

[١٨] الجامع الفريد لاپەڕە (١١٤).

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە نەزان هۆكاری هەموو شەڕ و خراپەیەكە.

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ڕەشبینی حەرامە و سیفەتی كافرەكانە.

وقوله: ﴿قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ﴾ {يس:١٩}.

واتە: خوای گەورە دەفەرموویێت: (پێغەمبەران وتیان شومی و نەگبەتیەکەتان لەگەڵ خۆتان دایە، واتە: بەهۆی کردەوەکانی خۆتانەوەیە).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ﴾: واتە ئەوانەی بۆ ئەو شارە نێردران وەک وەڵام دانەوە بۆ وتە یان ئەمەیان گوت، کە ئەوان گوتیان: (إنا تطيرنا بكم).

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

مناسبەی هێنانەوەی ئەم دوو ئایەتە لەم بابە ئەوەیە: هەردووکیان بەڵگەن کە ڕەشبینی کردەوەی کافرەکانە، خوای گەورە زەمیانی کردووە و سزای داون[١٩].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە هۆکاری ڕەشبینی کردەوەی مرۆڤە، هیچ دژیەک نییە لەنێوان ئەم ئایەتە و ئایەتی پێشووتر کە دانەری کتاب باسیکرد، ئایەتی یەکەم بەڵگەیە ئەوەی شت تەقدیر دەکات تەنها خوایە و لەژێر قەدەری خوای گەورە دایە، ئایەتی دووەم ڕوونی کردۆتەوە هۆکاری ئەم ڕەشبینی یە ئەوانن[٢٠].

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ڕەشبینی حەڕامە، چونکە وەک زەم باسکراوە و عادەتی سەردەمی نەزانین بووە.

---

[١٩] الجامع الفريد لاپەڕە (١١٤).

[٢٠] القول المفيد.

عن أبي هريرة رضي الله عنه، أن الرسول (ﷺ) قال: (لا عدوى، ولا طيرة، ولا هامة، ولا صفر) أخرجاه. زاد مسلم: (ولا نوء، ولا غول).

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (گواستنەوەی نەخۆشی نییە واتە: (هەر لە خۆیەوە بڵاوناببێتەوە بەڵکو بە قەدەری خوایە)، شومی و ڕەشبینی نییە، بایەقوش کاریگەری نییە، مانگی سەفەریش شوم نییە)، لای موسلم ئەمەشی لەگەڵدایە: (ئەستێرە کاریگەری نییە و دێو زەرەر و زیانی نیە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(ولا هامة): (هامة): باڵندەیەکی بەناوبانگە وەک کوندە پەپوو وایە، ئەگەر هاتبوایا لەسەر خانووی کەسێک بخوێنێت دەیانگوت: ئەوە لەبەر ئەوەی خوێندی کەسێک دەمرێت لەو ماڵە، باوەڕیان وابوو مردنی نزیک بووە.

(ولا صفر): دوو وتەی بەناوبانگ هەیە سەبارەت بە (صفر):

١- هەندێ زانا دەڵێن مەبەست پێی مانگی صفرە.

٢- هەندێ زانای تر دەڵێن نەخۆشییەکە تووشی ورگی وشتر دەبێت، نەقل دەبێت لە وشترێک بۆ وشترێکی تر، لەسەر ئەمە عطفی لەسەر عدوى لە بابی عطفی خاصە لەسەر عام، ئەوەی ڕاست بێت مەبەست پێی مانگی صفرە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە تاوەکو ئاماژە بۆ ئەوە بکات ڕەشبینی بوونی نییە و حەڕامە.

سـوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە گواستنەوەی نەخۆشی نییە، واتە: هەر لە خۆیەوە بڵاونابێتەوە بەڵکو بە قەدەری خوایە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کات کاریگەری نیە لەسەر داهاتووی مرۆڤ و قەدەری خوای گەورە، مانگی سەفەر وەک هەموو مانگەکانی تر خێر و شەڕی تێدایە.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەستێرە کاریگەری نییە لەسەر ژیانی مرۆڤ.

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دێو زەرەر و زیانی نیە، لەسەردەمی نەزانین باوەڕیان وابووو دیو شەڕ بۆ مرۆڤ دەهێنێت، دێو کردەوەی شەیتانەکانە شێوەی خۆی دەگۆڕێ لەبەردەم خەڵک، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ بترسێ هەندێک شتی پیشان دەدات و بزری دەکات لە ڕێگا یان دەیبینێت ئاگرێک لەبەردەمی نقل دەبێت، یان گوێی لە دەنگێک دەبێت، یان شتی تر، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إذا تغولت الغيلان فبادروا بالأذان)، واتە: ئەگەر دێو لەبەردەم تۆ بەدیار کەوت بە پەلە زیکری خوا بکە (واتە: بانگ بدە)، چونکە زیکری خوا شەیتان دەردەکات، ئەگەر زیکری خوات کرد یان قورئانت خوێندەوە ئەم کردەوە شەیتانی یە دەڕوات و نامێنێت.

لەسەردەمی نەزانین باوەڕیان وابوو ئەم دێوانە شەڕ دەهێنن، پێغەمبەر (ﷺ) نەفی ئەم شەڕەی کرد، فەرمووی هیچ ئەصڵی نییە، ئەمە کردەوەی شەیتانی یە و زیان بەکەس ناگەیەنێت ئیلا بە ئیزنی خوا نەبێت، هەروەها باسی چارەسەری تەواوی کردووە کە زیکری خوایە[٢١].

---

[٢١] إعانة المستفيد (٢/١٣-١٤).

ولهما عن أنس رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (لا عدوى ولا طيرة، ويعجبني الفأل) قالوا: وما الفأل؟ قال: (الكلمة الطيبة).

واتە: ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (تەنینەوەی نەخۆشی نییە، شومی و ڕەشبینی نییە، وە گەشبینیم پێ خۆشە)، گوتیان گەشبینی چیە؟ فەرمووی: (وشەیەکی جوانە یان ناوێکی جوانە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(ويعجبني الفأل): گەشبینیم پێ خۆشە، دواتر باسی کردووە (فأل) چییە، فەرمووی: وشەیەکی جوانە یان ناوێکی جوانە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردووە تاوەکو ئاماژە بۆ ئەوە بکات ڕەشبینی بوونی نیە و حەڕامە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە گواستنەوەی نەخۆشی نیە، واتە: هەر لە خۆیەوە بڵاوبێتەوە بەڵکو بە قەدەری خوایە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە پێغەمبەر (ﷺ) گەشبینی پێ خۆش بووە، گەشبینیش وشەیەکی جوانە، کە هۆکارە بۆ خێر وچاکە.

ولأبي داود بسند صحيح عن عقبة بن عامر رضي الله عنه قال: ذكرت الطيرة عند رسول الله (ﷺ)، فقال: (أحسنها الفأل، ولا ترد مسلما فإذا رأى أحدكم ما يكره فليقل: اللهم لا يأتي بالحسنات إلا أنت، ولا يدفع السيئات إلا أنت، ولاحول ولاقوة إلا بك).

واتە: لە عوروەی کوڕی عامر دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: لای پێغەمبەر (ﷺ) باسی شومی کرا، ئەویش فەرمووی: (لەوەدا گەش بینی جوان و حەڵاڵە، موسڵمان لە کارەکەی ناگێڕێتەوە، جا ئەگەر هەر کامتان شتێکی بینی و پێی ناخۆش بوو با بڵێت: خوایە هەرچی شتە خراپ و ناشرینەکانە تەنها خۆت لایان دەدەیت، ناشتوانین حاڵی خۆمان بگۆڕین لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی دیکە مەگەر تەنها بە کۆمەکی خۆت نەبێت، هیچ هێزێکمان نییە مەگەر خۆت پێمان ببەخشیت بە کۆمەکی خۆت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(أحسنها الفأل): واتە: باشترینی گەشبینی یە، گەشبینی لە (طيرة) نییە، لەبەر ئەوە بە (طيرة) چوواندووە چونکە مرۆڤ گورج دەبێت و هان دەدرێت بۆ ئەنجام دانی کردەوەکە، لەم ڕووەوە وەک (طيرة) وایە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوون بکاتەوە هەر کەسێک شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو سوننەتە بڵێت: (اللهم لا يأتي بالحسنات إلا أنت، ولا يدفع السيئات إلا أنت، ولاحول ولاقوة إلا بك).

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو سوننەتە بڵێت: (اللهم لا يأتي بالحسنات إلا أنت، ولا يدفع السيئات إلا أنت، ولاحول ولاقوة إلا بك).

صالح ال الشيخ خوا بپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم دوعايە گەورەيە سەبارەت بە جۆرەكانی ڕەشبينيە كە ڕوو لە دڵ دەكەن)[٢٢].

٢- ئەم فەرموودەيە بەڵگەيە بۆ فەزڵی گەشبينی.

[٢٢] التمهيد لاپەڕە (٣٢٦).

وعن ابن مسعود ڕضى الله عنه مرفوعا: (الطيرة شرك، الطيرة شرك، وما منا إلا، ولكن الله يذهبه بالتوكل) رواه أبو داود، والترمذي وصححه، وجعل آخره من قول ابن مسعود.

واتە: لە ابن مسعود دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ڕەش بینی جۆرێکە لە شیرک ڕەش بینی جۆرێکە لە شیرک)، ابن مسعود دەفەرموویت: هەر یەک لە ئێمە شتی وا دێت بە دڵیدا، بەڵام بەهۆی تەوەکول و پشت بەستن بە خواوە، خوا ئەو شتە ناهێڵێت لە دڵیدا.

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(وما منا إلا، ولكن الله يذهبه بالتوكل): ئەمەیان وتەی ابن مسعودە خوا لێی ڕازی بێت، هەروەک دانەری کتاب ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە تاوەکو ئاماژە بۆ ئەوە بکات ڕەشبینی شیرکە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ڕەشبینی شیرکە، وە شیرکی بچووکە و حاڵەتیش هەیە شیرکی گەورەیە، ڕەش بینی شیرکە و دروست نییە، چونکە:

أ- پشت بەستنە بە بێجگە لەخوا.

ب- تەنها وەهمێکە و هیچ حەقیقەتی نییە.

صالح ال الشيخ خوا بپارێزێت دەفەرموێت: واتە: (شيركى بچووكە بەخواى گەورە)[٢٣].

ابن عثيمين ڕەحمەتى خواى لێ بێت دەفەرموێت: (ئەگەر باوەڕى وابێت ئەو شتەى پێى ڕەشبينە خۆى فاعلە بێجگە لەخوا، ئەمەيان شيركى گەورەيە بەخوا، چونكە كەسێكى كردۆتە شەريك لەگەڵ خوا لە دروست كردن و هێنانەدى)[٢٤].

٢- ئەم فەرموودەيە بەڵگەيە چارەسەرى ڕەشبينى و نەمانى ڕەش بينى پشت بەستنە بەخوا، زانايان دەڵێن چارەسەرى ڕزگار بوون لە ڕەشبينى بريتيە لە:

أ- تەنها پشت بەخوا ببەستە.

ب- كارەكەى خۆت دوامەخە و ڕەتى مەكەوە لەبەر ڕەشبينى.

ج- داوا لەخوا بكە ڕزگارت بكات لە فێڵى شەيتان، داواى خێر لەخوا بكە و پەنا بگرە بەخوا لە شەڕ.

مناوي ڕەحمەتى خواى لێ بێت دەفەرموێت: (ئەوەى تووشى ڕەشبينى بووە دەبێت داواى خێر لەخوا بكات و پەنا بەخوا بگرێت لە شەڕ، هەروەها كارەكەى خۆى بڕوێنێت و پشت بەخوا ببەستێت)[٢٥].

صالح الفوزان خوا بپارێزێت دەفەرموێت: (ڕەشبينى چارەسەر دەكرێت بە سێ شت:

---

[٢٣] التمهيد لاپەڕە (٣٢٦).

[٢٤] القول المفيد (٩٨/٢).

[٢٥] فيض القدير (١٣٦/٦).

یەکەم: پشت بەخوا بەستن.

دووەم: کارەکەی خۆی بڕوێنێت و کاریگەر نەبێت پێوەی و بە هەڵس و کەوتیەوە دیارنەبێت، وەک کەسێک بێت کە هیچ ڕووی نەداوە و هیچ نییە.

سێیەم: ئەو دوعایانە بکات کە فەرموودەی پێی هاتوون، ئەگەر ئەم دوعایانە بکەیت خوای گەورە دەتپارێزێت لە ڕەشبینی و یارمەتیت دەدات و سەرت دەخات و تەوفیقت دەدات)[٢٦].

[٢٦] إعانة المستفيد (١٧/٢).

ولأحمد من حديث ابن عمرو: (من ردته الطيرة عن حاجة فقد أشرك) قالوا: فما كفارة ذلك؟ قال: (أن تقول: اللهم لاخير إلا خيرك، ولاطير إلا طيرك، ولا إله غيرك).

واتە: ئیمام ئەحمەد لە فەرموودەی ابن عمر دا دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەر کەسێک شومی بکات لە شتێکدا و بیگێڕێتەوە لە کارەکەی، ئەوە شەریکی بۆ خوا داناوە)، هاوەڵان وتیان ئەی کەفارەتی چییە؟ فەرمووی: با ئەوە بڵێت: (اللهم لاخير إلا خيرك، ولاطير إلا طيرك، ولا إله غيرك)

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(لا خير إلا خيرك): واتە: خێر هەمووی لەخواوەیە، جا بە هۆکاری زانراو بێت یان شتی تر.

(لا طير إلا طيرك): واتە: باڵندەکان هەموویان موڵکی خوان، هیچ شتێک ناکەن و بەڵکو مسخرن (واتە: ژێربارکراون).

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردوە تاوەکو ئاماژە بۆ ئەوە بکات هەر کەسێک شومی بکات لە شتێکدا و بیگێڕێتەوە لە کارەکەی، ئەوا شەریکی بۆ خوا داناوە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروست نیە ڕەشبینی مرۆڤ بیگێڕێتەوە لە کارەکەی، ڕەشبینی حەرامە، نەفی تەوحید دەکات، ئەوەی تووشی ڕەشبینی دەبێت لەم دوو حاڵەتە بەدەر نییە:

یەکەم: وەڵامی ڕەش بینییەکە دەداتەوە و کردەوەکە واز لێ دەهێنێت، ئەمە گەورەترین جۆری ڕەشبینییە.

دووەم: کارەکەی خۆی ئەنجام دەدات بەڵام دوو دڵە و ترسی ئەوەی هەیە کاری تێ بکات، ئەمەیان سوکترە.

هەردووکیان کەم و کوڕی یە لە تەوحید و زیانی لەسەر بەندە هەیە، بەڵکو بڕۆ لەسەر دڵ خۆشی و ئاسوودەیی پشت بەخوا ببەستە، گومانی خراپ بە خوا مەبە)[٢٧].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ڕەشبینی جۆرێکە لە شیرک، لەبەر وتەی: (من ردته الطيرة عن حاجته فقد أشرك)[٢٨].

٣- ڕەشبینی کەم وەک وەسواسێکی کەم کاریگەری نییە، هەر کەسێک ڕەشبینی کەوتە ناو دڵی و لە کارەکەی پەشیمانی نەکردەوە، ئەمەیان زیانی بۆ نیە هەروەک لە فەرموودەی ابن مسعود: (وما منا إلا ولكن الله يذهبه بالتوكل) باسمان کرد[٢٩].

٤- هەموو شتەکان خیر و شەڕ بە دەست خوای گەورەیە[٣٠].

٥- خوای گەورە بەتەنیایە لە بەندایەتی کردن دا هەروەک چۆن بە تەنیایە لە دروستکردن و بەڕێوەبردندا[٣١].

---

[٢٧] القول المفيد (٢/٩٣-٩٤).
[٢٨] القول المفيد (٢/١٠٠).
[٢٩] القول المفيد (٢/١٠٠).
[٣٠] القول المفيد (٢/٩٨).
[٣١] القول المفيد (٢/١٠٠).

وله من حديث الفضل بن عباس رضي الله عنهما: (إنما الطيرة ما أمضاك أو ردك)

واتە: هەر لە ئەحمەد لە فەرموودەی فەزڵی کوڕی عەباسدا هێناویەتی: (شومی ئەوەیە کە هانت بدات بۆ کارێک یان لە کارێک ساردت بکاتەوە و پەشیمانت بکاتەوە.)

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(ما أمضاك أو ردك): هانت بدات بۆ کارێک یان لە کارێک ساردت بکاتەوە و پەشیمانت بکاتەوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە شومی ئەوەیە کە هانت بدات بۆ کارێک یان لە کارێک سارد و پەشیمانت بکاتەوە.

سـوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە شومی ئەوەیە کە هانت بدات بۆ کارێک یان لە کارێک ساردت بکاتەوە و پەشیمانت بکاتەوە.

تێبینی: گومانی تێدا نییە چەندین فەرموودە هاتوون سەبارەت ڕەشبینی کە مرۆڤ نابێت ڕەشبین بێت بە کات و شوێن و شتی تر، بەڵام سەبارەت بە ئافرەت و خانو و ئەسپ فەرموودە هاتووە:

عَنْ ابْنِ عُمَرَ قَالَ ذَكَرُوا الشُّؤْمَ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (إِنْ كَانَ الشُّؤْمُ فِي شَيْءٍ فَفِي الدَّارِ وَالْمَرْأَةِ وَالْفَرَسِ)[٣٢].

واته: (ئەگەر ڕەشبینی لە شتێک دا هەبێت ئەوا لە خانوو و ئافرەت و ئەسپ دایە).

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (الشُّؤْمُ فِي الْمَرْأَةِ وَالدَّارِ وَالْفَرَسِ)[٣٣].

واته: (ڕەشبینی لە ئافرەت و خانوو و ئەسپ دایە).

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي دَارٍ كَثِيرٌ فِيهَا عَدَدُنَا وَكَثِيرٌ فِيهَا أَمْوَالُنَا فَتَحَوَّلْنَا إِلَى دَارٍ أُخْرَى فَقَلَّ فِيهَا عَدَدُنَا وَقَلَّتْ فِيهَا أَمْوَالُنَا فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (ذَرُوهَا ذَمِيمَةً)[٣٤].

واته: ئەنەس خوای لێی ڕازی بێت دەڵێت: پیاوێک گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە خانوییێک دا بووین ژمارەمان زۆر بو و ماڵمان زۆر بوو، دوای لەو خانوە ڕۆیشتین چووین بۆ خانوییێکی تر ژمارەمان کەم بوو واتە چەند کەس لە ماڵی ئێمە مردن و سەروەت و سامانیشمان کەم بوو واتە هەژار بووین، پێغەمبەر خوا (ﷺ) فەرمووی: (واز لەو خانووە بهێنن خانوییێکی باش نیە).

---

[٣٢] رواه البخاري (٥٠٩٤)، ومسلم (٢٢٥٢).
[٣٣] رواه البخاري (٥٠٩٣)، ومسلم (٢٢٥٢).
[٣٤] أبوداود (٣٩٢٤)، والحديث حسنه الألباني في صحيح أبي داود.

زانایان چەند وتەیان هەیە سەبارەت بە ڕەشبینی بەم سێ شتانە و ئەو فەرموودانەی هاتوون و نەهیان لە ڕەشبینی کردووە و بەڵکو بە شیرک وەسفیان کردووە:

یەکەم: هەندێ زانا دەڵێن تەنها لەم سێ حاڵەتە ڕەشبینی دروستە و مرۆڤ پێی تاوانبار نابێت و شیرک نییە، چونکە ئەم سێ شتانە بەرجەستەن و خەیاڵ نین.

دووەم: هەندێکی تر دەڵێن ڕەشبینی وەک مەجاز بەکارهاتووە، ڕەشبینی بە خانوو لەبەر دراوسێی خراپە، وە بە ژن لەبەر منال نەبوونە، وە ئەسپ لەبەر جیهاد نەکردنە بەو ئەسپە جا لەبەر هەر سەبەبێک بێت.

سێیەم: هەندێکی تر دەڵێن فەرموودەی ابن عمر بە ڕاشکاوانە ناڵێت ڕەشبینی لەئەمانەدا هەیە، بەڵکو دەڵێت ئەگەر هەبێت کەواتە ڕەشبینی لە هەموو شتێکدا حەرامە بەڵام دەڵێن ئەی چ لە فەرموودەی ئەنەس دەکەیت کە ڕوون ئاشکرایە؟! دەڵێین لەوانەیە لەبەر هۆکاری تر بێت کە فەرموودە باسی نەکردوە.

چوارەم: هەندێکی تر دەڵێن ئەم فەرموودەیە باسی ڕەشبینی دەکات بەم سێ شتانە منسوخە بە ئایەتی سورەتی حدید: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٢٢﴾ [الحديد: ٢٢]، کەواتە ڕەشبینی بە هەموو شێوەیەک حەرامە و شیرکە.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (فەرموودەیە جێگیر بووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە دەفەرموێت: (الشؤم في ثلاث: في المرأة والبيت والدابة)، وفي لفظ آخر: (إن كان الشؤم ففي ثلاث)، ئەگەر مرۆڤ لە خێزانی خراپە و زیان بینێت و زۆر بێت، یان لە ئەسپ و وشتر و گوێ درێژ یان شتی تری وەک ئەمانە کە ئازاری بدەن و زیانی بۆی هەبێت و لە عادەت دەرچوو بێت، یان لە شوێنێک دابەزی بێت و نیشتەجێ ببێت کە ناخۆشی و زیانی بەردەوام بێت، هیچ ڕێگریەک نیە لەو خانووە بچێتە

خانوویەکی تر، وە لە ئەسپ و وشتریش جیابێتەوە بە فرۆشتن، وە لە ئافرەتیش جیابێتەوە، لەبەر وتەی پێغەمبەر: (الشؤم في ثلاث: في المرأة والبيت والدابة)، وفي لفظ: (والفرس، الفرس من الدواب.)

هیچی تێدا نییە ئافرەت تەڵاق بدات ئەگەر زیانی زۆری هەبوو، یان ئاژەڵێک زیانی زۆری هەیە دروستە بیفرۆشیت یان بە دیاری بیدەیتە کەسێک، خانووش بەهەمان شێوە بفرۆشیت، یان بەکرێی بدات، هەموو ئەمانە هیچی تێدا نییە لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە باسمان کرد)[٣٥].

وتەی ڕاست ڕەشبینی هەمووی زەم کراوە و هیچ شتێک لە خانوو و ژن و ئەسپ سوود و زیان بە مرۆڤ ناگەیەنن مەگەر بە ئیزنی خوای گەورە، خوای گەورە مرۆڤ تاقی دەکاتەوە بە ئافرەتی خراپ و مامەڵەی ناخۆش یان بە خانوویێک مرۆڤ تیایدا ماندوو بێت یان ڕزقی کەم بێت، دروستە بۆ مرۆڤ خۆی لێی ڕزگار بکات بە هەڵاتن لە قەدەری خوا بۆ قەدەری خوا نەوەک تووشی ڕەشبینی ببێت.

---

[٣٥] نور على الدرب.

باب ما جاء في التنجيم

قال البخاري في "صحيحه": قال قتادة: خلق الله هذه النجوم لثلاث: زينة للسماء ورجوما للشياطين، وعلامات يهتدى بها. فمن تأول فيها غير ذلك اخطأ، وأضاع نصيبه، وتكلف ما لا علم له به. أ.هـ[٣٦].

وكره قتادة تعلم منازل القمر، ولم يرخص ابن عيينة فيه، ذكره حرب عنهما، ورخص في تعلم المنازل أحمد وإسحاق.

وعن أبي موسى قال: قال رسول الله (ﷺ): (ثلاثة لا يدخلون الجنة: مدمن الخمر، وقاطع الرحم، ومصدق بالسحر) رواه أحمد وابن حبان في صحيحه[٣٧].

فيه مسائل:

الأولى: الحكمة في خلق النجوم.

الثانية: الرد على من زعم غير ذلك.

الثالثة: ذكر الخلاف في تعلم المنازل.

الرابعة: الوعيد فيمن صدق بشيء من السحر ولو عرف أنه باطل.

---

[٣٦] أخرجه البخاري معلقا بصيغة الجزم في كتاب بدء الخلق باب (٣).

[٣٧] أخرجه أحمد (٣٩٩/٤ رقم ١٩٥٦٩)، وابن حبان (٣٦٦/٧ رقم ٦١٣٧)، والحاكم (١٤٦/٤)، وضعفه الألباني في "الضعيفة" (١٤٦٣) ولبعض فقراته شواهد.

باب ما جاء في التنجيم

باسی ئەستێرەناسی و فەلەکناسی

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (علم التأثير دابەش دەبێت بۆ سێ بەش:

١- باوەڕت وابێت ئەم ئەستێرانە خۆیان کاریگەرن و بکەرن، واتە خۆیان شت دروست دەکەن، ئەمەیان شیرکی گەورەیە، چونکە هەر کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات لەگەڵ خوا دروستکراوێکی تر هەیە ئەوا موشریکە بەخوا بە شیرکی گەورە.

٢- ئەستێرە دەکاتە هۆکار بۆ بانگەشە کردنی زانستی غەیب، جووڵە و نقل بوون و گۆڕنکاری ئەستێرە دەکاتە بەڵگە بەوەی کە فلانە شت ڕوودەدات، لە فلانە ئەستێرە فلانە شت دەبێت، ئەم مرۆڤە ژیانی بەدبەخت دەبێت چونکە لە فلانە ئەستێرە لەدایک بووە، ئەوەی تر ژیانی بەختەوەر دەبێت چونکە لەفلانە ئەستێرە لەدایک بووە، ئەمەیان زانستی ئەستێرەناسی کردۆتە وەسیلە بۆ بانگەشە کردنی زانستی غەیب، بانگەشە کردن بۆ زانستی غەیب کوفرە و پێ ی لەدین دەردەچێت، چونکە خوای گەوە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ﴾ [النمل: ٦٥]، ئەمەیان بەهێزترین جۆرەکانی حصرە، چونکە بە نەفی و إثباتە، ئەگەر یەکێک بانگەشەی زانستی غەیب بکات، ئەوە قورئانی بەدرۆ خستۆتەوە.

٣- باوەڕی وایە هۆکارە بۆ ڕوودانی خیر و شەڕ، واتە ئەگەر شتێک ڕوویدا دەیداتە پاڵ ئەستێرە، هیچ شتێک ناداتە پاڵ ئەستێرە ئیلا دوای ڕوودانی و ئەمەیان شیرکی بچووکە)[٣٨].

---

[٣٨] القول المفيد.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (واتە: باسکردنی بەڵگە لەسەر حەڕامی ئەستێرەناسی و نەهی لێکردنی.

ئەستێرەناسی مەبەست پێی ئەوەیە باوەڕت وابێت ئەستێرە کاریگەری هەیە لەسەر زەوی و ڕووداوەکان، هەندێک جار مەبەست بە ئەستێرەناسی مانای ترە، دواتر باسی دەکەین بە تەفسیلی.

ئەمەیان بیروباوەڕی کۆن بووە لەناو قەومی نەمرود، ئەو قەومەی کە ئیبراهیم یان بۆ نێردرا (عليه السلام)، ئەوان صابیئە بوون ئەوانەی کە کەوکەبیان دەپەرست، هەیکەل و ماڵی عیبادەتیان دروست دەکرد و باوەڕیان وابوو کاروباری عالەم بەڕێوە دەبەن، هەمیشە ئەم شەڕە هەبووە لە عالەم)[٣٩].

[٣٩] إعانة المستفيد (١٩/٢).

قال البخاري في (صحيحه): قال قتادة: خلق الله هذه النجوم لثلاث: زينة للسماء ورجوما للشياطين، وعلامات يهتدى بها. فمن تأول فيها غير ذلك اخطأ، وأضاع نصيبه، وتكلف ما لا علم له به. أ.هـ

واتە: قەتادە دەفەرموویێت: خوا ئەم ئەستێرانەی بۆ سێ حیکمەت دروست کردووە:

یەکەم: بۆ ڕازاندنەوەی ئاسمانی دونیا.

دووەم: بۆ ڕەجمی شەیتانەکان، ئەوانەی نهێنی ئاسمانەکان دەفڕێنن.

سێیەم: بۆ ئەوەی بکرێت بە نیشانە بەجۆرێک کاروانچی و موسافیرەکان ڕێگەی خۆیانیانی پێ بدۆزنەوە، جا هەر کەس بانگەشەی ئەوە بکات کە بێجگە لە ئەمانە بەکاردێن ئەوا تاوانێکی گەورەی کردووە و بەشی خۆی لە بەهەشت نەهێلاوە و بارێکی لەخۆی ناوە (کە زانستی غەیبە) و هیچی لێ نازانێت.

زانستی ئەستێرە ناسی دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

یەکەم: (علم التأثير): زانستی کاریگەر، باوەڕت وابێت ئەستێرە کاریگەری هەیە لەسەر زەوی و ڕووداوەکان، کە ئەم سێ حاڵەتانەن:

أ- هەر کەسێک باوەڕی وابێت ئەستێرە فاعلە (بکەرە یان کارایە)، ئەمە شیرکی گەورەیە و شیرکە لە پەروەردگاریەتیدا، نموونە: دەڵێت ئەستێرە خۆی بارانی باراند یان ئەستێرە فلانە شتی بەسەر فلانە کەسدا هێنا.

ب- ئەگەر ئەستێرە بکاتە هۆکار بۆ بانگەوازی کردنی زانستی شاراوە (غیب)، ئەمە شیرکی گەورەیە، نموونە: فلانە کەس لە فلانە ئەستێرەدا لەدایک بووە، بەختەوەر دەبێت یان تووشی نەخۆشی دەبێت.

ج- ئەگەر باوەڕی وابێت فلانە ئەستێرە هۆكارە بۆ خێر و شەڕ، ئەگەر چی باوەڕی وابێت هەموو شتێكیش بەدەست خوایە ئەمە شیركی بچووكە.

دووەم: (علم التسيير): ئەم زانستە دروستە كاری پێ بكەی بۆ دین و دونیا:

أ- بۆ دین: بە نموونە ئەستێرە دەكەیتە بەڵگە بۆ زانینی قیبلە و زانینی سێ یەكی شەو.

ب- بۆ دونیا: بۆ نموونە بۆ زانینی ڕێگاو شوێن و زانینی وەرزەكانی ساڵ، خەڵكانێك كشتوكاڵیان دەكرد لەكاتی هەڵاتنی فلانە ئەستێرە، هەندێك دەڵێن باش نیە بۆ ئەم مەبەستە بەكاربێت بۆ ئەوەی خەڵكانێك گومانیان بۆ ئەوە نەچێت ئەستێرەیە ساردی و گەرمی و هەوا دێنێت.

ابن ڕەجەب دەفەرموێت: (زانایانیش لەسەر زەوی ئەم سێ نیشانەیان تێدایە:

١- لە تاریكستانی دا خەڵك هیدایەت دەدەن.

٢- ئەوان مایەی جوانی و ڕازانەوەی دونیان.

٣- ئەوان ڕەجمی ئەو شەیتانانە دەكەن كە حەق و ناحەق تێكەڵ دەكەن)[٤٠]

---

(٤٠) فضل علم السلف على علم الخلف.

وكره قتادة تعلم منازل القمر، ولم يرخص ابن عيينة فيه، ذكره حرب عنهما، ورخص في تعلم المنازل أحمد وإسحاق.

واتە: قەتادە فێربوونی مەنازلی مانگی بە مەکروە داناوە واتە: (بە حەڕامی داناوە)، سفیان بن عیینە ڕوخسەتی پێ نەداوە، ئەمەش حەربی کوڕی ئیسماعیل لەوانەوە گێڕاویەتەوە، بەڵام ئیمام ئەحمەد و ئیسحاق ڕوخسەتیان پێداوە (بۆ زانینی کاتەکان).

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئایا دروستە فێری عیلمی منازلی قمر ببیت بۆ زانینی حیساب؟

دوو وتە هەیە:

وتەی یەکەم: هەندێک زانا بۆ ئەوە چوون نابێت، کە ئەمە وتەی سفیان بن عیینەیە، ئەگەر چی هیچی تێدا نییە بەڵام وەسیلەیە .

وتەی دووەم: هیچی تێدا نییە فێری منازلی مانگ ببیت، ئەمەیان پێی دەڵێن علمی تسییر، ئەمە مەزهەبی ئیمام ئەحمەد و ئیسحاق بن ڕاهویە و زۆرێک لە ئەهلی عیلمە.

ئەمە وتەی ڕاستە إن شاء الله، لەبەر ئەوە سوودی تێدایە و هیچی قەدەغە کراوی تێدا نییە، ئەوەی ڕێگری کراو بێت عیلمی تأثیرە، ئەویش ئەوەیە باوەڕی وابێت ئەستێرە کاریگەری لەسەر کەون هەیە، ئەمەیان قەدەغە کراوە، سەبارەت بە زانینی حسابات بۆ سوود بێ ئەوەی باوەڕی وابێت کاریگەری لەسەر کەون هەیە ئەمەیان هیچی تێدا نیە، هەمیشە زانایان خۆیان فێرکردووە و خەڵکیشیان فێرکردووە لەبەر چەندین سوودی گەورە)[٤١].

---

[٤١] إعانة المستفيد (٢/٢٢-٢٣).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەوەی ڕاست بێت فێری بوونی منازلی قمر هیچی تێدا نییە، چونکە شیرکی تێدا نییە، ئیلا ئەگەر باران بارین و ساردی بدەیتە پاڵی، ئەمەیان جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرک، بەڵام تەنها زانینی کاتی بەهۆی منازل القمر بەوەی ئایا بەهارە یان پایزە یان زستانە، ئەمەیان هیچی تێدا نیە)[٤٢].

[٤٢] القول المفيد.

وعن أبي موسى قال: قال رسول الله (ﷺ): (ثلاثة لا يدخلون الجنة: مدمن الخمر، وقاطع الرحم، ومصدق بالسحر) رواه أحمد وابن حبان في صحيحه.

واته: له ئەبو موسای ئەشعەری دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (سێ کەس ناچنە بەهەشتەوە:

١- ئەو کەسەی بەردەوام مەی دەخواتەوە.

٢- ئەو کەسەی کە باوەڕ بە ساحیر دەکات (جۆرێکیان ئەستێرەناسی یە).

٣- ئەو کەسەش کە پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(ثلاثة لا يدخلون الجنة): واتە: سێ کەس ناچنە بەهەشتەوە، مەبەستی فەرموودەکە حصر نییە، چونکە کەسی تریش هەن ناچنە بەهەشت هەروەک لە فەرموودەکان باسکراوە.

(مدمن خمر): واتە: ئەو کەسەی زۆر عەرەق دەخواتەوە بە بەردەوامی.

(ومصدق بالسحر): ئەو کەسەی کە باوەڕ بە ساحیر دەکات، زانستی ئەستێرەناسیش جۆرێکە لە جۆرەکانی سیحر.

(قاطع الرحم): واتە: ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێت.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە چونکە زانستی ئەستێرەناسی جۆرێکە لە سیحر، هەرکەسێک بەڕاستی دابنێت ئەوە جۆرێکی سیحری بەڕاست داناوە.

ســـوودەكـانـی فەرموودەكە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بەڕاست دانەری سیحر ناچێتە بەهەشت، هەروەها زانستی ئەستێرەناسی جۆرێکە لە جۆرەکانی سیحر، بەڕاست زانین یان باوەڕکردن بە ئەستێرەناسی سێ جۆری هەیە:

١- (تصديق بالقلب): بەڕاست دانان بە دڵ: ئەویش ئەوەیە باوەڕی وابێت کە ئەسێرەناسەکە ڕاست دەکات.

٢- (تصديق اللسان): بەڕاست دانان بە زمان: ئەویش ئەوەیە کە ئەستێرەناسەکە بڵێت لەمەودوا فلانە شت و فلانە شت ڕوودەدات، ئەمیش بە زمان شتێک بڵێت کە مانای ئەوە بدات کە باوەڕی کردووە بە ئەستێرە ناسەکە، ئەمەش هەر کافر دەبێت.

٣- (تصديق الجوارح): بەڕاست دانان بە ئەندامەکانی لاشە: ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە بە پێی وتەی ئەستێرەناسەکە بجووڵێتەوە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک یەکێک لەم سێ شتانە بکات ناچێتە بەهەشت، بەڵام ئەگەر عەرەقی خواردەوە و پەیوەندی خزمایەتی بڕی بەم کردەوەیە کافر نابێت، لەوانەیە مەبەست پێی ئەوە بێت یەکسەر ناچێتە بەهەشت تا بە گوێرەی تاوانی خۆی سزا دەدرێت، پاشان دەچێتە بەهەشت.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بەم فەرموودەیە و فەرموودەی تری وەک ئەمانە:

وتەی یەکەم: موعتەزیلە و خەوارج مەزهەبیان ئەوەیە بەم تاوانە لە ئیمان دەرچووە، بەڵام خەوارج دەڵێن کافرە و موعتەزیلەش دەڵێن لەنێوان دوو پلە دایە، هەردووکیان یەک دەنگن لەسەر ئەوەی لە دۆزەخ هەتا هەتایی دەبێت.

وتەی دووەم: ئەم وەعیدە بۆ ئەو کەسەیە کە ئەم کردەوەیە حەڵاڵ دەکات، بەڵگە: زۆر دەق هاتوون بەڵگەن لەسەر ئەوەی هەر کەسێک ئیمانی لە دڵدا بێت ئەگەر چی کەمیش بێت دەبێت هەر بچێتە بەهەشت، ئەم وتەیە ڕاست نییە، چونکە ئەوەی حەڵاڵی دەکات کافرە ئەگەر چی بە کردەوەش نەیکات، هەر کەسێک پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی و خواردنەوەی عەرەق بە حەڵاڵ بزانێت ئەوا کافرە ئەگەر چی پەیوەندی خزمایەتیش بەجێبێنێت وعەرەقیش نەخواتەوە.

وتەی سێیەم: ئەمەیان لە بابەتی فەرموودەی وەعیدن، لەسەری دەڕۆین هەروەک چۆن هاتووە، بەم شێوەیەی خوا و پێغەمبەر فەرموویانە، ئێمەش بێ دەنگ دەبین.

وتەی چوارەم: ئەم نەفی یە مطلقە، نفی مطلق یحمل علی المقید، دەوترێ: واتە ناچنە بەهەشت بە چوونی مطلق، واتە دەچنە بەهەشت بەڵام سەرەتا تووشی سزا دەبن بە گوێرەی تاوانی خۆیان، پاشان دوا شوێنیان بەهەشتە.

ئیحتیمالێکی تریش هەیە: هەر کەسێک ئەمە حاڵی بێت خاتیمەی خراپ دەبێت و بەکافری دەمرێت)[٤٣].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بڕینی پەیوەندی خزمایەتی تاوانێکە لە تاوانە گەورەکان، چونکە وەعیدێکی توندی لەسەر هاتووە.

هەموو زانایان یەک دەنگن کە گەیاندنی سیلەی ڕەحم واجبە، بەڵکو جیاوازی لەوەدایە ئایا ئەوانە کێن کە واجبە سیلەی ڕەحمیان بگەیەنی، سێ وتە هەیە:

---

[٤٣] القول المفيد.

یەکەم: هەندێ زانا دەڵێن ئەوانەی واجبە سیلەی ڕەحمیان بگەیەنی مەحرەمن، وەک: باوک و دایک، خوشک و برا، باپیر و داپیر، منالْ و منالْی منالْ، مام و پور، خالْ و خالْەت (پوور)، کە ئەمە وتەی بەناوبانگی حەنەفی و مالکی یە، بەڵگە:

١- عن أبي هريرة أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يجمع بين المرأة و عمتها، ولا بين المرأة و خالتها)[٤٤].

واتە: (ژن و پورەکەی پێکەوە کۆناکرێتەوە جا خوشکی دایکی بێت یان باوکی واتە: کاتێک لە ژیاندا بن پێکەوە خێزانی یەک پیاو بن حەرامە بەڵام پاش مردنی حەڵاڵە).

لەم فەرموودەیە ڕێگری کراوە ئافرەتێک بهێنی لەگەل پووری بۆ ئەوەی پەیوەندی نیوانیان نە پچڕێت، ئەمە بەڵگەیە کە واجبە سیلەی ڕەحم بگەیەنێت، بەڵام بێجگە لە مەحرەمەکان گەیاندنی سیلەی ڕەحم واجب نییە، چونکە دروستە پێکەوە کۆیان بکەیتەوە و خێزانی یەک پیاو بن، وەک: منالْی خالْ و خالْەت (پوور).

دووەم: هەندێ زانای تر دەڵێن ئەوانەی کە واجبە سیلەی ڕەحمیان بگەیەنی ئەوانەن کە میرات وەردەگرن بێجگە لەمانە واجب نیە، کە ئەمە وتەی قاضي عياض و ئيمام النووي یە، بەڵگە:

٢- ابو هريرة دەفەرموێت: پیاوێک وتی ئەی نێردراوی خوا کێ لە هەمووان لە پێشترە چاکەی لەگەڵ بکەم، وتی: (دایکت، پاشان دایکت، پاشان دایکت، پاشان باوکت، پاشان ئەوانەی دواتر)[٤٥].

---

[٤٤] رواه البخاری (٥١٠٩)، مسلم (١٤٠٨).

[٤٥] رواه البخاری (٥٨٧١)، مسلم (٢٥٤٨).

سێیەم: هەندێ زانای تر دەڵێن ئەوانەی کە واجبە سیلەی ڕەحمیان بگەیەنیت نزیکەکانن جا میراتی وەربگرێت یان وەرنەگرێت، مەحرەم بێت یان مەحرەم نەبێت، کە ئەمە وتەی بەناوبانگی مالکی و وتەیەکە لە وتەکانی حەنەفی، هەروەها ڕوکەشی وتەی شافعی یە و وتەیەکە لە وتەکانی ئەحمد، بەڵگە:

١- ئەو بەڵگانەی هاتوون باسی سیلەی ڕەحم دەکەن گشتین، کەواتە هەموو نزیکەکان دەگرێتەوە.

وتەی ڕاست وتەی یەکەمە واجبە سیلەی ڕەحم بۆ مەحرەمەکان بگەینیت و بێجگە لە مەحرەمەکان سوننەتە، چونکە:

١- زانایان دەڵێن شەرع نایەوێت سیلەی ڕەحم بگەیەنێت بۆ هەموو نزیکەکان، چونکە ئەگەر وابێت دەبێت سیلەی ڕەحم بگەیەنیت بۆ هەموو نەوەی ئادەم، کەواتە دەبێت ڕێگایەک هەبێت بۆ دیارکردنی پلەی خزمایەتی و پلەشیان جیاواز بێت.

٢- ئەگەر بڵێیت تەنها سیلەی ڕەحمی میراتگر واجبە بیگەیەنیت ئەمەیان ڕاست نییە، چونکە ئەگەر وابێت گەیاندنی سیلەی ڕەحم بۆ خاڵ و خالەت "پور" واجب نیە، کەچی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (خالەت "پور" لە جێگای دایکە).

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بەردەوام خواردنەوەی عەرەق یەکێکە لە تاوانە گەورەکان و چەندین وەعید هاتوون لەسەر ترسناکی عەرەق خواردنەوە.

باب ما جاء في الاستسقاء بالأنواء

وقول الله تعالى: ﴿وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ﴾ {الواقعة:٨٢}.

عن أبي مالك الأشعري رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) قال: (أربعة في أمتي من أمر الجاهلية لا يتركوهن: الفخر بالأحساب، والطعن في الأنساب، والاستسقاء بالنجوم، والنياحة) وقال: (النائحة إذا لم تتب قبل موتها تقام يوم القيامة وعليها سربال من قطران ودرع من جرب). رواه مسلم[٤٦].

ولهما عن زيد بن خالد رضي الله عنه قال: صلى لنا رسول الله (ﷺ) صلاة الصبح بالحديبية على إثر سماء كانت من الليل، فلما انصرف أقبل على الناس فقال: (هل تدرون ماذا قال ربكم؟) قالوا: الله ورسوله أعلم. قال: (قال: أصبح من عبادي مؤمن بي وكافر، فأما من قال: مطرنا بفضل الله ورحمته، فذلك مؤمن بي كافر بالكوكب، وأما من قال: مطرنا بنوء كذا وكذا، فذلك كافر بي مؤمن بالكواكب)[٤٧].

ولهما من حديث ابن عباس بمعناه وفيه قال بعضهم: لقد صدق نوء كذا وكذا، فأنزل الله هذه الآيات: ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ﴾ إلى قوله: ﴿وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ﴾ [٤٨]

فيه مسائل:

---

[٤٦] أخرجه مسلم (٩٣٤).

[٤٧] أخرجه البخاري (٨٤٦)، ومسلم (٧١).

[٤٨] أخرجه مسلم (٧٣)، ولم نقف على تخريج البخاري.

الأولى: تفسير آية الواقعة.

الثانية: ذكر الأربع من أمر الجاهلية.

الثالثة: ذكر الكفر في بعضها.

الرابعة: أن من الكفر ما لا يخرج عن الملة.

الخامسة: قوله: (أصبح من عبادي مؤمن بي وكافر) بسبب نزول النعمة.

السادسة: التفطن للإيمان في هذا الموضع.

السابعة: التفطن للكفر في هذا الموضع.

الثامنة: التفطن لقوله: (لقد صدق نوء كذا وكذا).

التاسعة: إخراج العالم للمتعلم المسألة بالاستفهام عنها، لقوله: (أتدرون ماذا قال ربكم؟).

العاشرة: وعيد النائحة.

باب ما جاء في الاستسقاء بالأنواء

باسی هەر کەسێ باوەڕی وابێت کە ئەستێرە و جوولەی ئەستێرەکان هۆکاری باران بارینن

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (مناسبەی هێنانەوەی ئەم بابە لەگەڵ بابی پێشوو: (استسقاء) بە ئەستێرەکان جۆرێکە لە ئەستێرەناسی، چونکە بارانی داوەتە پاڵ ئەستێرە, هەروەها سیحریشە، چونکە ئەستێرەناسی سیحرە بە مانای گشتی.

مناسبەی هێنانەوەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید ئەوەیە: ئەوەی باران و نیعمەت دەداتە پاڵ ئەستێرە لە کاتی بارینی باران، ئەوا دڵی ڕووی لە خوا لاداوە بۆ لایەکی تر، پەیوەستە بە بێجگە لەخوا، نیعمەت دانە پاڵ بێجگە لەخوا و باوەڕت وابێت ئەستێرە هۆکاری بارینی باران و شتی ترە، ئەمە نەفی تەواوی تەوحید دەکات)[٤٩].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ((استسقاء) بە ئەستێرە دوو بەشە:

بەشی یەکەم: شیرکی گەورە:

١- داوا لە ئەستێرە دەکات بۆ باران بارین، وەک ئەوەی بڵێت: ئەی فلانە ئەستێرە بارانمان بۆ ببارێنە، ئەمەیان شیرکی گەورەیە، چونکە دوعای لە بێجگە لە خوا کردووە.

---

[٤٩] التمهيد لاپەڕە (٣٣٧).

٢- بارینی باران دەداتە پاڵ ئەم ئەستێرانە، ئەستێرەی بە فاعل داناوە و باوەڕی وایە خودی ئەستێرەکە بارانی باراندووە، ئەمەیان شیرکی گەورەیە لە پەروەردگاریەتی دا، هی یەکەم شیرکە لە بەندایەتی کردن دا، چونکە دوعا عیبادەتە.

بەشی دووەم: شیرکی بچووک، باوەڕی وایە ئەم ئەستێرانە هۆکارن بۆ باران بارین، لەگەڵ ئەمەش باوەڕی وایە خوای گەورە خالقە و فاعلە، چونکە هەر شتێک بکاتە هۆکار و خوای گەورەش بە هۆکاری دانەنابێت نە بە وەحی و نە بە قەدەر ئەوا موشریکە بە شیرکی بچووک)[٥٠].

[٥٠] القول المفيد.

وقول الله تعالى: ﴿وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ﴾ {الواقعة:٨٢}.

واتە: ئێوە لەجیاتی ئەوەی سوپاسی خوا بکەن کە ڕزقی بۆتان باراندووە، دەڕۆن درۆ دەکەن بەو جۆرەی کە ناڵێن ئەمە ڕزقی خوایە و دەڵێن بەهۆی جوولەی فڵانە ئەستێرەوە بارانمان بۆ باری.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿رِزْقَكُمْ﴾: رزق لێرە مەبەست پێی بارانە.

﴿تُكَذِّبُونَ﴾: بەدرۆ خستنەوەیە, ئەویش دوو جۆرە:

١- بەدرۆخستنەوە بە زمان، وەک ئەوەی بڵێت ئەمە درۆیە، یان بڵێت باران لە ئەستێرەوەیە.

٢- بەدرۆخستنەوەی حاڵ، وەک ئەوەی ئەستێرە بە گەورە دابنێت و باوەڕی وابێت ئەوە هۆکارە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردووە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە نابێت بارینی باران بدەیتە پاڵ شتی تر بێجگە لەخوا.

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە حەڕامە نیعمەتی باران بارین بدەیتە پاڵ ئەستێرەکان، ئەگەر باوەڕی وابێت ئەستێرە خۆی باران دەبارێنێت، ئەمەیان کوفری گەورەیە و شیرکی گەورەیە و لە دین دەردەچێت.

بەڵام ئەگەر باوەڕی وابێت باران بە فەرمانی خوا و تەقدیری خوا دەبارێت، بەڵام دەیداتە پاڵ ئەستێرە، یان دەیداتە پاڵ هەڵاتن و ئاوابوون لە بابی مجاز یان هۆکار، ئەمەیان کوفری بچووکە و شیرکی بچووکە بەڵام هۆکارە بۆ شیرکی گەورە)[٥١].

---

[٥١] إعانه المستفيد (٣٢/٢).

عن أبي مالك الأشعري رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) قال: (أربعة في أمتي من أمر الجاهلية لا يتركوهن: الفخر بالأحساب، والطعن في الأنساب، والاستسقاء بالنجوم، والنياحة) وقال: (النائحة إذا لم تتب قبل موتها تقام يوم القيامة وعليها سربال من قطران ودرع من جرب). رواه مسلم.

واتە: لە ئەبو موسای ئەشعەری دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (چوار شت هەن لەناو ئوممەتەکەم دا کاری جاهیلی و نەفامین و تەرکیشی ناکەن:

یەکەم: فەخر کردن بە کاری باب و باپیرانەوە و کەسانی نزیک.

دووەم: تانەدان لە نەسەبی خەڵکی.

سێیەم: باوەڕ بوون بەوەی کە ئەستێرەکان و جووڵەیان سەبەبی باران بارینن.

چوارەم: شیوەن کردن بۆ مردوو.

فەرمووی: ژنی شیوەنگێڕ ئەگەر پێش مەرگی تەوبە نەکات ئەوا بەو حاڵە زیندوو دەکرێتەوە کە پۆشاکێکی پڕ بە باڵای لەبەردەکرێت کە مسی تواوەیە لەگەڵ کراسێکی درێژی گەڕ و گول، واتە: گەڕی و گۆڵێ هەموو لاشەیان دادەپۆشێت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(أربع): ئەم چوار شتە حصر نیە، چونکە شتی تریش هەن کاری جاهیلین.

(جاهلية): واتە: پێش ناردنی پێغەمبەر، چونکە لەسەر نەزانین و گومڕایی بوون.

(الفخر بالأحساب): واتە: فەخر کردن بە کاری باب و باپیرانەوە و کەسانی نزیک، وەک ئەوەی بڵێت: من لە نەوەی هاشمم و فەخری پێوە بکات، یان لە بەرەبابێک بووە بەناوبانگن بە زیرەکی.

(والاستسقاء بالنجوم): واتە: باوەڕبوون بەوەی کە ئەستێرەکان و جووڵەیان سەبەبی باران بارینن.

(والنياحة): واتە: شیوەن کردن بۆ مردوو.

(سربال): واتە: جلێکە هەموو لاشەی داپۆشیووە.

(قطران): واتە: مسی تواوە.

(جرب): نەخۆشییەکە لە پێست دێت.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی هێناوەتەوە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە باوەڕبوون بەوەی کە ئەستێرەکان و جووڵەیان هۆکاری باران بارینن لە کاری جاهیلی و نەفامی یە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیر بوونی ڕیسالەی پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە خەبەری داوە بە شتی غەیبی و ڕوویداوە هەروەک چۆن گوتوویەتی[٥٢].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ خۆ دورخستنەوە لەم چوار شتە.

یەکەم: فەخر کردن بە کاری باب و باپیران و کەسانی نزیک.

دووەم: تانەدان لە نەسەبی خەڵکی.

سێیەم: باوەڕبوون بەوەی کە ئەستێرەکان و جووڵەیان سەبەبی باران بارینن.

چوارەم: شیوەن کردن بۆ مردوو[٥٣].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نیاحە لە تاوانە گەورەکانە، زانایان دەڵێن نیاحە: دەنگ بەرز کردن و گریانە بە دەنگی بەرز و هاوار کردن و لەخۆدان و قژ دەرهێنان و وتنی قسەی هەڵە و ئارام نەگرتنە و یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

ئیمام النووی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (نیاحە و لە ڕوومەت دان و جل و بەرگ دڕاندن و دەست لە ڕوخسار دان و قژ دەرهێنان و دوعا کردن بە وەیل و هاوار، هەموویان حەڕامن بەیەک دەنگی هاوەڵان، زۆربەی زانایان بە ڕوونی دەڵێن حەڕامە، هەندێ زانا یەک دەنگی هەموو زانایان نەقل دەکەن کە نیاحە حەڕامە)[٥٤].

زیانەکانی نیاحە:

---

[٥٢] القول المفيد (٢/١٥٠-١٥٢).

[٥٣] القول المفيد (٢/١٥٠-١٥٢).

[٥٤] شرح المهذب (٥/٢٨١).

١- هیچ بۆ نائح (واتە: ئەوەی شیوەن دەکات) زیاد ناکات ئیلا خەم و خەفەت و دڵ تەنگی نەبێت.

٢- ناڕازی یە بە قەدەری خوای گەورە و پشتی تێکردوە و ئارام گرتنی کەمە، هەروەک ئەوە وایە نائحە بڵێت: نابێت ئەو کەسە مردبا یان ئاوای کردبا یان هێشتا کات مابوو یان ...

٣- خەڵکی تریش هان دەدات و خەم و خەفەت بڵاو دەکاتەوە.

٤- نائحە مردوو ئازار دەدات، چونکە مردوو هەست بە ئازار دەکات هەروەک فەرموودە هاتووە.

٥- لەگەڵ ئەم هەموو زیانانە ئەوەی بەسەری هاتووە لاناچێت بەم نیاحە کردنە.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نیاحە لە تاوانە گەورەکانە، لەبەر ئەوە وەعیدی لەسەر هاتووە بۆ ئاخیرەت، هەموو تاوانێک وەعیدی لەسەر هاتبێت بۆ ئاخیرەت ئەوا لە تاوانە گەورەکانە)[٥٥].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تاوانی گەورە بە کردەوەی باش لاناچێت دەبێت تەوبە بکات لەسەر وتەی زۆربەی زانایان.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تاوانی گەورە بە کردەوەی باش لاناچێت، لەبەر وتەی: (إذا لم تتب قبل موتها))[٥٦].

---

[٥٥] القول المفيد (٢/١٥٠-١٥٢).

[٥٦] القول المفيد (٢/١٥٠-١٥٢).

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە مەرجی تەوبە ئەوەیە دەبێت پێش مردن بێت، لەبەر وتەی: (فإن لم تتب قبل موتها)[٥٧].

٦- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی پاداشت و زیندووبوونەوە[٥٨].

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە پاداشت لە جنسی کردەوەیە[٥٩].

٨- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کاروباری جاهیلی بە یەکجاری لاناچن، بەڵکو هەندێکیان لەناو موسڵمانان دەمێننەوە[٦٠].

٩- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تەوبە ئەوەی پێشووتر ڕەش دەکاتەوە[٦١].

١٠- لەم فەرموودەیە باسی ئافرەتی کردووە بەڵام پیاویش دەگرێتەوە، چونکە ئەم سیفەتە لە ئافرەتان زیاترە بۆیە باسی ئافرەتی کردووە.

---

(٥٧) القول المفيد (٢/١٥٠-١٥٢).
(٥٨) القول المفيد (٢/١٥٠-١٥٢).
(٥٩) القول المفيد (٢/١٥٠-١٥٢).
(٦٠) إعانة المستفيد (٢/٣٧).
(٦١) إعانة المستفيد (٢/٣٨).

ولهما عن زيد بن خالد رضي الله عنه قال: صلى لنا رسول الله (ﷺ) صلاة الصبح بالحديبية على إثر سماء كانت من الليل، فلما انصرف أقبل على الناس فقال: (هل تدرون ماذا قال ربكم؟) قالوا: الله ورسوله أعلم. قال: (قال: أصبح من عبادي مؤمن بي وكافر، فأما من قال: مطرنا بفضل الله ورحمته، فذلك مؤمن بي كافر بالكوكب، وأما من قال: مطرنا بنوء كذا وكذا، فذلك كافر بي مؤمن بالكواكب).

واتە: لە زەیدی کوڕی خالد دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش نوێژی بەیانی بۆ کردین، ئەمەش لە حودەیبیە بوو لە پاش بارانی شەو، جا کاتێ سەلامی دایەوە ڕووی کردە خەڵکەکە و فەرمووی: (ئایا ئێوە دەزانن پەروەردگارتان چی فەرموو؟)

ئەوانیش گوتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی دەزانن.

فەرمووی: (خوا فەرمووی هەندێک لە بەندەکانم سپێدەیان بەسەردا هات و ئیمانیان بەمن هێنا و هەندێکیشیان کافر بوون، جا ئەوەی بە دڵ و بە دەم گوتی: بە فەزڵ و ڕەحمەتی خواوە بارانمان بۆ باری، ئەوە ئیمانی بە من هێناوە و کافر بووە بە ئەستێرەکان، بەڵام ئەوەی گوتی بەهۆی هەڵاتن یان ئاوابوونی ئەستێرەکانەوە بارانمان بۆ باری، ئەوا کافر بووە بە من و ئیمانی بە ئەستێرەکان هێناوە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(صلى لنا): واتە: پێش نوێژی بۆ ئێمە کرد.

(بالحديبية): واتە: لە حودەيبيە، دوو لغەی هەيە، بە تخفيف و تشديد، ناوی بيرێكە، وتراوە: ئەصلەكەی دارێک بووە لە حدباء پێی دەڵێن حودەيبيە، زۆرينە بۆ ئەوە چوون ناوی بيرێكە.

(سماء): واتە: مەبەست پێی بارانە.

(فأما من قال: مطرنا بفضل الله ورحمته): واتە: بە دڵ و زمان بڵێت، باء للسببية.

هۆكاری باسكردنی ئەم فەرموودەيە لەم بابە:

دانەری كتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی هێناوەتەوە تاوەكو ڕوونی بكاتەوە حەڕامە باران بدەيتە پاڵ ئەستێرە و كوفرە بەخوا و شيركە.

سوودەكانی فەرموودەكە:

١- ئەم فەرموودەيە بەڵگەيە دروستە ئامۆژگاری بخوێندرێت دوای نوێژ بە تايبەتی ئەگەر مناسبەيەک هەبێت يان ڕوويدا بێت، گومانی تێدا نييە دوای تەواو بوون لە نوێژ سوننەتە استغفار بكرێت سێ جار، وە دەڵێيت: (اللهم أنت السلام و منك السلام، تباركت يا ذا الجلال والإكرام).

پاشان زيكری خوا دەكەيت بەوەی كە سوننەت پێی هاتووە ئەمەيان ئەصلە، بەڵام ئەوانەی قسە دەكەن بەو فەرموودانەی لە كتابەكانی پێشينەكان نووسراون، يان لە پارچە كاغەزێک نووسراوە فەرموودەی بەسوود، دەست پێشخەری دەكەن و قسە دەكەن لەترسی ئەوەی خەڵک دەربچێت، لەم حاڵەتە دەتوانێ ئامۆژگاری بكات، ئەگەر بزانێت خەڵک دەمێنێتەوە باشتر وايە خەڵک زيكری دوای نوێژ بكەن، پاشان ئامۆژگاری خەڵک بكات.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروستە ئامۆژگاری بخوێندرێت دوای نوێژ بە تایبەتی ئەگەر مناسبەیەک هەبێت یان ڕوویدا بێت)[٦٢].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەڕامە باران بدەیتە پاڵ ئەستێرە، باران دانە پاڵ ئەستێرە دابەش دەکرێت بۆ سێ بەش:

١- باران دانە پاڵ خودی ئەستێرەکە کە خۆی فاعلە، ئەمەیان شیرکە.

٢- باران دانە پاڵ ئەستێرە وەک سەبەب، ئەمەیان شیرکی بچووکە.

٣- باران دانە پاڵ کات ئەمەیان دروستە، باران باری لەناو فلانە ئەستێرە، واتە کات.

سەبارەت بە گوتنی: (مطرنا بنوء كذا)، زانایان دەڵێن حەڕامە ئەمە بڵێیت، دروستە بڵێیت: (مطرنا في نوء كذا وكذا)، جیاوازی نێوانیان (باء للسببية)، وە)في للظرفية)، پاشان ئەهلی عیلم دەڵێن: ئەگەر بڵێیت: (مطرنا بنوء كذا)، وە باء بۆ ظرفية بێت ئەمە دروستە، ئەمەیان ڕووی هەیە بۆ مانا بەڵام لە لفظ ڕووی نییە، لفظي فەرموودەکە: (من قال: مطرنا بنوء كذا)، باء بۆ سەبەب دیارترە لە ظرفي ئەگەر چی بە مانای ظرفیش دێت.

بە هەرحاڵ ئەوەی نزیک بێت نابێت ئەگەر چی مەبەستی ظرفیشی هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەوەی قسە دەکات وابزانێت باء تەنها بۆ ظرفية دێت، گومان نەبات کە بە مانای سەبەبیش دێت ئەمە دروستە، لەگەڵ ئەمەش باشتر وایە بڵێیت: (في نوء كذا)[٦٣] .

---

[٦٢] إعانة المستفيد (٤٢/٢).

[٦٣] القول المفيد.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (باران دانە پاڵ ئەستێرە کوفرە بەخوا و شیرکە، وە نیعمەت دانە پاڵ خوا و باران دانە پاڵ خوا ئیمانە و تەوحیدە)[٦٤].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ نوێژ کردن بە جەماعەت لە سەفەر هەروەک چۆن لە حضر دەکرێت[٦٥].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ فێرکردن بە ڕێگای پرسیار و وەڵام، چونکە باشترە بۆ تێگەیشتن و ئاسانترە بۆ فێربوون.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ فێرکردن بە ڕێگای پرسیار و وەڵام، چونکە باشترە بۆ تێگەیشتن و ئاسانترە بۆ فێربوون، پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی کردووە چەندین جار و دووبارەی کردۆتەوە)[٦٦].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروستە کاتی باران بارین ئەم وتەیە بڵێیت: (مطرنا بفضل الله وبرحمته)، هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی گوتوە و دەیگوت: (اللهم صيبا نافعا))[٦٧].

٦- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە خوای گەورە قسە دەکات، سیفەتی قسە ثابتە بۆ خوای گەورە.

---

(٦٤) إعانة المستفيد (٢/٤٢-٤٣).

(٦٥) إعانة المستفيد (٢/٤٢).

(٦٦) إعانة المستفيد (٢/٤٢).

(٦٧) إعانة المستفيد (٢/٤٣).

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (وتەی: "قال" بەڵگەیە خوای گەورە قسە دەکات، سیفەتی قسە ثابتە بۆ خوای گەورە، قسە دەکات هەر کاتێک بییەوێت بەڵام وەک قسەی دروستکراوەکان نیە)[٦٨].

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە فەزڵ و ڕەحم دوو سیفەتی خوای گەورەن.

٨- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە سوننەتە ئیمام ڕوو لە خەڵک بکات دوای سەلام دانەوە لە نوێژ, زانایان دەڵێن سوننەتە ئیمام کاتێک لە نوێژ دەبێتەوە ڕوو لە خەڵک بکات، بەڵگە:)

١- عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدَبٍ رضى الله عنه قَالَ: (كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِذَا صَلَّى صَلاَةً أَقْبَلَ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ)[٦٩].

٢- عَنِ الْبَرَاءِ رضى الله عنه قَالَ: (كُنَّا إِذَا صَلَّيْنَا خَلْفَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) أَحْبَبْنَا أَنْ نَكُونَ عَنْ يَمِينِهِ يُقْبِلُ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ)[٧٠].

ابن القيم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (پێغەمبەر (ﷺ) کاتێک سەلامی دەداوە سێ جار استغفاری دەکرد، وە دەیگووت: (اللهُمَّ أَنْتَ السَّلاَمُ ومنكَ السلاَمُ تَبَارَكْتَ يَا ذَا الجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ)، ڕووەو قیبلە نەدەماوە مەگەر بەقەد ماوەی ئەم زیکر گوتنە، بەڵکو پەلەی دەکرد ڕوو لە نوێژکەرەکان بکات، ڕووی لە ڕاست و چەپ دەکرد)[٧١].

---

[٦٨] إعانة المستفيد (٢/٤٢-٤٣).
[٦٩] رواه البخارى (٨٤٥).
[٧٠] رواه مسلم (٧٠٩).
[٧١] زاد المعاد (١/٢٩٥).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (باشتر وایە ئیمام کەمێک ڕووی لە قیبلە بێت دوای سەلام دانەوە بە قەدەر سێ جار گوتنی استغفر الله و گوتنی: (اللهم أنت السلام، ومنك السلام، تباركت يا ذا الجلال والإكرام)، پاشان بسوڕێتەوە ڕوو لە نوێژکەرەکان بکات)[٧٢].

کەواتە سوننەتە ڕوو لە نوێژخوێنان بکرێت جا ڕوو لە لای ڕاست بکەیت یان چەپ یان ناوەڕاست.

---

[٧٢] مجموع فتاوى ابن عثيمين (٢٣٩/١٣).

ولهما من حديث ابن عباس بمعناه وفيه قال بعضهم: لقد صدق نوء كذا وكذا، فأنزل الله هذه الآيات: ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ﴾ إلى قوله: ﴿وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ﴾ (٧٣)

واته: موسليم له فەرموودەی ابن عباس دا هێناویەتی كە هەمان مانای هەیە تیایدا هاتووە هەندێک گوتیان: جوولەی فلانە ئەستێرە ڕاست دەرچوو، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند كە دەفەرموێت: ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ﴾ إلى قوله: ﴿وَتَجْعَلُنَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ﴾.

---

(٧٣) أخرجه مسلم (٧٣)، ولم نقف على تخريج البخاري.

باب قول الله تعالى:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ﴾ {البقرة:١٦٥}.

وقوله: ﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ﴾. إلى قوله تعالى: ﴿أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ﴾ {التوبة:٢٤}

عن أنس رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين) أخرجاه[٧٤].

ولهما عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (ثلاث من كن فيه وجد بهن حلاوة الإيمان: أن يكون الله رسوله أحب إليه مما سواهما، وأن يحب المرء لا يحبه إلا لله، وأن يكره أن يعود في الكفر بعد إذ أنقذه الله منه كما يكره أن يقذف في النار)[٧٥].

وفي رواية: (لا يجد أحد حلاوة الإيمان حتى ..) إلى آخره[٧٦].

وعن ابن عباس رضي الله عنهما قال: من أحب في الله، وأبغض في الله، ووالى في الله، وعادى في الله، فإنما تنال ولاية الله بذلك، ولن يجد عبد طعم الإيمان وإن كثرت

---

[٧٤] متفق عليه: أخرجه البخاري (١٥)، ومسلم (٤٤).

[٧٥] متفق عليه: أخرجه البخاري (١٦)، ومسلم (٤٣).

[٧٦] عند البخاري (٦٠٤١).

صلاته وصومه حتى يكون كذلك. وقد صارت عامة مؤاخاة الناس على أمر الدنيا، وذلك لا يجدي على أهله شيئا. رواه بن جرير[٧٧].

وقال ابن عباس في قوله تعالى: ﴿وتقطعت بهم الأسباب﴾ قال: المودة[٧٨].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير آية البقرة.

الثانية: تفسير آية براءة.

الثالثة: وجوب محبته صلى الله عليه وسلم على النفس والأهل والمال.

الرابعة: أن نفي الإيمان لا يدل على الخروج من الإسلام.

الخامسة: أن للإيمان حلاوة قد يجدها الإنسان وقد لا يجدها.

السادسة: أعمال القلب الأربعة التي لا تنال ولاية الله إلا بها، ولا يجد أحد طعم الإيمان إلا بها.

السابعة: فهم الصحابي للواقع: أن عامة المؤاخاة على أمر الدنيا.

الثامنة: تفسير: ﴿وتقطعت بهم الأسباب﴾.

---

[٧٧] أخرجه ابن المبارك في "الزهد" (١٢٠/١)، وابن أبي الدنيا في "الإخوان" (ص٦٩ رقم ٢٢)، واللالكاني في "شرح أصول اعتقاد أهل السنة" (٩٣٦/٥ رقم ١٦٩١) ولم نقف عليه عند ابن جرير.

[٧٨] أخرجه ابن جرير في "التفسير" (٧١/٢)، والحاكم (٢٧٢/٢)، وابن أبي حاتم (٢٧٨/١ رقم ١٤٩٢).

التاسعة: أن من المشركين من يحب الله حبا شديدا.

العاشرة: الوعيد على من كانت الثمانية أحب إليه من دينه.

الحادية عشرة: أن من اتخذ ندا تساوي محبته محبة الله فهو الشرك الأكبر.

باب قول الله تعالى:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ﴾ {البقرة:١٦٥}.

باسی خۆشەویستی کە عیبادەتە: (هەندێک لە خەڵکی جگە لە خوا دەپەرستن و هاوتای بۆ بڕیار دەدەن، پەرستنەکەشیان لەوەدایە کە چەندە خوایان خۆش دەوێت ئەوەندەش هاوتاکانیان خۆش دەوێت، بەڵام ئیمانداران بەو جۆرە نین بەڵکو خۆشەویستیان بۆ خوا زۆرە و سەرووی هەمووانە).

سلیمان ال الشیخ ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (لەبەر ئەوە خۆشەویستی ئەصلی دینە چونکە شتەکانی تر بەدەوریدا دەخولێنەوە، بە تەواو بوونی ئیمان تەواو دەبێت و بە کەم بوونی تەوحیدیش کەم دەبێت، دانەری کتاب ئاگاداری کردەوە واجبە لەسەر هەموو کەسێک)[٧٩].

زانایان دەڵێن چێژی تەواوی خۆشی و شادی و کامەرانی دڵ و دەروون بەندە لەسەر دوو بنەمای سەرەکی:

یەکەم: خۆشەویستەکەت لەوپەڕی لوتەکەی جوانی و بێ کەم کوڕی و تەواوی پڕ و پوختی دابێت، کە شایەنی هەموو قوربانی و خۆشەویستیێک دا بێت.

---

[٧٩] تیسیر العزیز الحمید لاپەڕە (٣٤٦-٣٤٧).

دووەم: بەهێزی و بێ پایانی و بێ وێنەیی ئەو خۆشەویستی یە کە لە نێوانیاندایە، واتە: هەرچەندە ئەندازە و ڕێژەی ئەو خۆشەویستی یە بەرز و زۆر بێت ئەوەندە زیاتر هەست بە تام و چێژی خۆشی و شادی و کامەرانی دەکەیت.

جا پاش زانینی ئەو دوو بناغە سەرەکییە ئەوە ماوەتەوە بڵێین کە هەموو کەسێکی ژیر و هۆشیار هەمیشە لە هەوڵی بە دەست خستنی گەورەترین و مەزنترین شادی و خۆشەویستی یە هەروەها ئامادەیە قوربانی بە زۆر شتی لاوەکی و سادە بدات لە پێناوی بە دەست هێنانی ئەو خۆشی یەدا، جا چۆن حەق و ڕەوایە ئێمەی مرۆڤ لە پێناوی خۆشی یەکی کەم و کورت و سنوردار‌دا خۆشی یەکانی قیامەتی هەتا هەتایمان لە دەست بچێت! بەڵام بەداخەوە خەڵکی سەرقاڵی دونیان و دونیا نێو دڵیانی داگیر کردووە و خۆیان ناکەن بە خاوەنی بانگەواز کردن بۆ لای خوا و سەرقاڵی بازرگانی دونیان و قیامەت و گرینگترین پێوەر لایان سەروەت و سامانە، خوای گەورە دەفەرموێت: (بەڵام ئێوە هەر ژیانی دونیاتان بە دەستە و هەڵیدەبژێرن، بەڵام ژیانی کۆتایی و قیامەت نەبڕاوە و پڕ خێر و بەرەکەت ترە) [الأعلى: ١٦ ـ ١٧].

هەر بۆیە ئەگەر لە شەیدایان بپرسین: خۆشترین نیعمەت چی یە؟ بەڵێ بێ گومان دەڵێت: دیداری خۆشەویستەکەمە، بەڵێ زۆر ڕاستە هەر بۆیە گەورەترین و بەنرختترین نیعمەت لە نیعمەتەکانی بەهەشت و قیامەت بریتی یە لە شاد و شوکر و بەهرەمەند بوون بە دیداری لوتکەی خۆشەویستان کە بینینی خوای گەورەیە، هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (سوێند بەخوا هیچ نیعمەتێ بە ئەندازەی بینین و تەماشاکردنی خوا لایان خۆشتر نییە)[٨٠].

---

(٨٠) رواه مسلم.

کەواتە باشترین هۆکاری گەیشتن بە چێژ و خۆشی یەکانی بەهەشت بریتی یە لە ناسین و خۆشویستنی خوای گەورە و ئەو بەهەشتەی کە هەر لە بنەڕەتدا نیشتمانی سەرەکی گیان و جەستەی ئێمە بووە، واتە: خۆشترین و شیرینترین شت لەم دونیایەدا بریتی یە لە ناسینی خوا و خۆشویستنی، هەروەها خۆشترین و شیرینترین شت لە بەهەشت بریتی یە لە تەماشاکردن و گەیشتن بە دیداری خوای گەورە، چ نیعمەتێک هەیە لە ژیاندا بگاتە نیعمەتی خۆسازاندن بەو پەڕی تامەزرۆییەوە بۆ گەیشتن بە ژوان و دیداری گەورەترین خۆشەویست کە سەرجەم دڵ و دەروونی داگیر کردبێت؟! تەنانەت هەندێ لە خۆشەویستان دەڵێن: هەندێ کاتمان بەسەردا تێ دەپەڕێت ئەوەندە هەست بەخۆشی و دڵنیایی دەکەین، ئەگەر بەهەشتی یەکان لەو جۆرە ژیانەی ئێمەدا بن ئەوە ژیانیان خۆشە.

هەروەها دەڵێن ئەگەر پادشاکان و دار و دەستەکانیان بە خۆشی و شیرینی ژیانی ئێمەیان بزانیایە، ئەوا شەڕیان لەسەر دەکرد.

خۆشەویستی چارەسەر و خۆراکی ڕووحە، هەر کاتێک دڵ لەم خۆراکە دابڕێت ئیتر تووشی نەهامەتی دەبێت، بگرە زۆر ئەستەمترە لە ناخۆشی یەکانی لە دەست دانی ڕووناکی بۆ چاوەکان یاخود لە دەست دانی هەستی بیستن یان بۆن کردن.

دڵی مرۆڤ ژوانگەی خۆشەویستی خوای تاک و تەنهایە، بەبێ ئەم وزەیە دڵ تووشی گەورەترین دەرد و نەهامەتی دەبێت ئیتر لە جەستەیەکی ئاژەڵی بەولاوە هیچی تر نامێنێتەوە کە ئامادەیە وەک درندەیەک هەموو شتێک لە پێناو ئارەزووەکانیدا تێک بشکێنێت.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَمِنَ النَّاسِ﴾: پیتی (من) (للتبعيض)، واتە: هەندێک لە خەڵکی.

﴿أَنْدَادًا﴾: کۆی (ند)ە، واتە: شەریک و هاوتا.

﴿يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ﴾: دوو وتە هەیە لەسەر مانای ئەم ئایەتە:

یەکەم: موشریکەکان هاوبەشەکانیان خۆش دەویست وەک خۆشەویستی خوا.

دووەم: موشریکەکان هاوبەشەکانیان خۆش دەویست وەک خۆشەویستی ئیمانداران بۆ خوا، وتەی ڕاست وتەیە یەکەمە، والله أعلم[٨١].

عبدالرحمن بن ناصر السعدی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (بزانە جۆرەکانی خۆشەویستی سێ جۆرن:

یەکەم: خۆشەویستی خوا کە بنچینەی ئیمان و تەوحیدە.

دووەم: خۆشەویستی لە ڕێگای خوا، وەک خۆشەویستی پێغەمبەرانی خوا و نێردراوەکانی و شوێن کەوتووەکانی، هەروەها خۆشویستنی ئەو شتانەی خوای گەورە خۆشی دەوێن لە کردەوە و کات و شوێن و شتی تر، ئەمانە تابعی خۆشەویستی خوان.

سێیەم: خۆشەویستی لەگەڵ خوا، کە خۆشەویستی موشریکەکان بۆ خواکانی خۆیان لە دار و بەرد و مرۆڤ و فریشتە و شتی تر، کە ئەمەش بنچینەی شیرکە.

پاشان دەڵێت جۆری چوارەمیش هەیە ئەویش خۆشەویستی سروشتی یە، وەک خۆشەویستی خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و ژن هێنان و شتی تر)[٨٢].

---

(٨١) بدائع التفسير (٣٧٢/١).

(٨٢) القول السديد لاپەڕە (٨٨).

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (مناسبەی هێنانەوەی ئەم ئایەتە لە بابی خۆشەویستی: ڕێگری لە مرۆڤ کراوە یەکێکی خۆش بوێت وەک خۆشەویستی بۆ خوا، چونکە ئەمە شیرکی گەورەیە و لەدین دەردەچێت، ئەم سیفەتەش لە هەندێک لە بەندەکان و خزمەتکارەکان دا هەیە، هەندێک لە بەندەکان هەندێک گۆڕ و وەلی بە گەورە دادەنێن و خۆشیان دەوێن وەک خۆشەویستی بۆ خوا، هەروەها هەندێک خزمەتکار هەن هەستیان پێ دەکەیت کە سەرکردەکانی خۆیان خۆش دەوێت زیاتر لە خۆشەویستی بۆ خوا، هەروەها زیاتر لە خوا بەگەورەیان دادەنێن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَاْ ٦٧ رَبَّنَآ ءَاتِهِمۡ ضِعۡفَيۡنِ مِنَ ٱلۡعَذَابِ وَٱلۡعَنۡهُمۡ لَعۡنٗا كَبِيرٗا ٦٨﴾ [الأحزاب: ٦٧-٦٨])[٨٣].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- هەر کەسێک شەریک بۆ خوا بڕیار بدات لە خۆشەویستیدا، ئەوا ستەمکارە.

٢- ئیماندار خۆشەویستی یەکەی بۆ خوا زیاترە لە خۆشەویستی ئەوان بۆ پەیکەرەکانیان، لەبەر وتەی: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ﴾.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (خۆشەویستی خوا عیبادەتە، چونکە خوای گەورە وای داناوە هەر کەسێک کەسێک بهێنێتە ئاست خوای گەورە لە خۆشەویستی دا ئەوا هاوتای بۆ خوا بڕیارداوە، خۆشەویستی عیبادەتە و بەڵکو ئەساسی عیبادەتیشە، چونکە ئەساسی عیبادەت بنیات نراوە لەسەر خۆشەویستی و بەگەورە دانان،

---

[٨٣] القول المفيد.

بە خۆشەویستی فەرمانەکان جێ بەجێ دەکات و بە گەورە دانانیش خۆی بە دووردەخاتەوە لە قەدەغەکراوەکان)[٨٤].

٣- بەندە چەند ئیمانی زیاد بێت خۆشەویستی یەکەی زیاتر دەبێت، چونکە زۆر خۆشویستنی خوای گەورەی پەیوەست کردووە بە ئیمان، لەبەر وتەی: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ﴾.

٤- واجبی پێش خستنی خۆشەویستی خوای گەورە بەسەر هەموو خۆشەویستەکان، چونکە خوای گەورە زەمی ئەوانەی کردووە کە هاوتاکانیان خۆش دەوێت وەک خوا، بە ستەم و شیرک وەسف کردووە.

٥- هەر کەسێک هاوتا بۆ خوا بڕیار بدات لە خۆشەویستیدا ئەوە ستەمکارە، لەبەر وتەی: ﴿وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ﴾، ستەمترین ستەم شەریک بۆ خوا بڕیاردانە.

٦- جێگیرکردنی زیندووبوونەوە و سزا و پاداشت، لەبەر وتەی: ﴿وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ﴾.

٧- جێگیرکردنی هێز بۆ خوای گەورە، هێز و توانا و دەسەڵات هەموو بە دەست خوایە، لەبەر وتەی: ﴿أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾.

٨- توندی سزای خوای گەورە بۆ ستەمکارەکان و موشریکەکان و کەسانی تری هاوشێوەی ئەوان، لەبەر وتەی: ﴿وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ﴾.

---

[٨٤] تفسير ابن عثيمين (٢/٢٣٧).

٩- ئاگادارکردنەوە و هۆشداری وەرگرتن لە سزای خوای گەورە، چونکە خاوەنی توانا و دەسەڵاتی تەواوە و سزاکەی تووندە.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (خۆشەویستی و ترس و ئومێد بنچینە و بناغەی عیبادەتن، ئەگەر ئەم سێ یە کۆبوونەوە ئەوا عیبادەتەکە دروستە، وەک: نوێژ و حەج و عیبادەتەکانی تر، بەڵام ئەگەر ئەم سێ یە نەبوون ئەوا مرۆڤ ئەگەر بەڕۆژوو بێت و نوێژ و حەجیش بکات، ئەوا عیبادەتی دروست نییە.

زانایان دەڵێن: (من عبد الله بالمحبة فقط فهو صوفي)، چونکە سۆفی دەڵێن ئێمە خوا دەپەرستین لەبەر ئەوەی تەنها خۆشمان دەوێت، هەروەها دەڵێن: ئێمە نایپەرستین لە ترسی ئاگر و ئومێد بە بەهەشتەکەی، بەڵکو دەیپەرستین چونکە خۆشمان دەوێت، ئەمەش گومڕاییە.

(ومن عبد الله بالرجاء فقط فهو مرجئ) چونکە مورجیئە کردەوە دەردەهێنن لە ئیمان.

(ومن عبد الله بالخوف فقط فهو خارجي)، چونکە خەوارج ئیمانداران کافر دەکەن لەسەر تاوان.

مورجیئە تەنها لایەنی ڕەجایان گرتووە، سۆفی تەنها لایەنی خۆشەویستیان گرتووە، خەوارجیش تەنها لایەنی ترسیان گرتووە.

ئەهلی سوننە ئەم سێ شتانەیان تێدایە سوپاس بۆ خوا، خۆشەویستی و ترس و ڕەجا و ذل و ملکەچ بوون و گوێڕایەلی)[٨٥].

---

[٨٥] إعانة المستفيد (٤٨/٢).

١٠-: ئەم ئایەتە بەڵگەیە هەر کەسێک شەریک بۆ خوا بڕیار بدات لە خۆشەویستی ئەوا ستەمکارە.[٨٦].

[٨٦] تفسير ابن عثيمين (٢٣٧/٢).

وقوله: ﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ [التوبة:٢٤].

واته : خوای گەورە دەفەرموویت: (ئەی پێغەمبەر بڵێ ئەگەر:

(١) باوانتان.

(٢) وە منالەکانتان.

(٣) وە براکانتان.

(٤) وە هاوسەرەکانتان.

(٥) وە کەسەکانتان بە گشتی.

(٦) وە سەروەت و سامانێک کە کۆتان کردۆتەوە و تیایدا ماندوو بوون.

(٧) وە بازرگانیەک کە دەترسن بازاڕی بشکێت.

(٨) وە خانووەکانتان کە لێی ڕازین، یان خانووی وڵات و نیشتمان و شارەکانتان.

جا ئەگەر هەریەکێ لەو شتانە لاتان خۆشەویستربێ لە شوێنی کەوتنی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەیی و هیجرەت و جیهاد کردن لە ڕێگەی خوادا، ئەوا چاوەڕێ بکەن هەتا خوا فەرمانی خۆی دەنێرێت، خواش هیدایەتی ئەو قەومە فاسقە نادات).

هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە:

ڕاڤەكارانی قورئان دەڵێن ئەم ئایەتە: ﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾، سەبارەت بە قەومێکی موسڵمان کە لە مەککە بوون دابەزی، کاتێک پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی هیجرەتیان کرد بۆ مەدینە ئەوان هیجرەتیان نەکرد، لەبەر ئەوە مانەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ماڵ و خانوو و نزیکەکانیان بکەن، ئەوان خۆشەویستی ئەو شتانەیان پێش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەیان خست، خوای گەورە ئەوانی ترساند بەم کردەوەیەی کە کردیان[٨٧].

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا﴾: واتە: وە سەروەت و سامانێک کە کۆتان کردۆتەوە و تیایدا ماندوو بوون.

﴿وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا﴾: واتە: بازرگانیەک کە دەترسن بازاڕی بشکێت.

﴿وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا﴾: واتە: خانووەکانتان کە لێی ڕازین، یان خانووی وڵات و نیشتمان و شارەکانتان.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردوە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە کە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر واجبە.

---

(٨٧) إعانة المستفيد (٥٢/٢).

عبدالله بن جار الله دەفەرموویت: (وەعیدێکی توونده لەسەر ئەوەی ئەگەر ئەم هەشت شتانە پێش دینی خوا بخەیت)[٨٨].

قەرعاوی دەفەرموویت: (ئایەتەکە بەڵگەیە حەرامە خۆشەویستی ئەم هەشت شتانە پێش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر بخەیت.)[٨٩].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- واجبی پێش خستنی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) و جیهاد کردن لە ڕێگەی خوا و سەر خستنی دینەکەی بەسەر هەموو خۆشویستراوێک، لەبەر وتەی: ﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾.

٢- واجبی پێش خستنی خۆشەویستی خوا بەسەر هەموو شتێک، لەبەر وتەی: ﴿أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ﴾.

٣- واجبی پێش خستنی خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) بەسەر خۆشەویستی هەموو دروستکراوکان، لەبەر وتەی: ﴿وَرَسُولِهِ﴾، خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) واجبە و پێش خستنی خۆشەویستی خوا بەسەر هەموو شتێک دا مەرجی دروستی ئیمانە، بەڵام پێش خستنی خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) مەرجی تەواوی ئیمانە.

---

[٨٨] الجامع الفريد لاپەڕە (١٢٦).

[٨٩] الجديد (٢٨٠).

عن أنس رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين)[٩٠].

واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالک دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (هیچ کەسێکتان ئیمان ناهێنێت هەتا منی زیاتر خۆش دەوێت لە منالەکانی و باب و دایک و هەموو خەڵکی).

عومەر خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: (ئەی نێردراوی خوا تۆ لای من لە هەمووان خۆشەویست تری جگە لە نەفسی خۆم)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە ئیمانت تەواو نییە هەتا منت لە نەفسی خۆت خۆشتر نەوێت)، عومەر پێی گوت: ئێستا تۆم لە نەفسی خۆشم زیاتر خۆش دەوێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئێستا ئیمانت تەواوە ئەی عومەر)[٩١].

٤- واجبی پێش خستنی خۆشەویستی جیهاد لە ڕێگەی خوا و سەرخستنی دینەکە بەسەر هەموو خۆشەویستییەکانی دونیا، لە نزیکەکان و ماڵ و بازرگانی و شوێنی نیشتەجێ بوون، لەبەر وتەی: ﴿وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ﴾.

٥- هەڕەشە بۆ ئەوانەی خۆشەویستی ئەم شتانە پێش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی و جیهاد کرد دەخەن، لەبەر وتەی: ﴿فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ﴾.

٦- نەفی کردنی هیدایەت لە فاسقەکان، لەبەر وتەی: ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾.

---

(٩٠) متفق عليه: أخرجه البخاري (١٥)، ومسلم (٤٤).
(٩١) رواه البخاري (٦٦٣٢).

٧- هەر کەسێک خۆشەویستی ئەم شتانە پێش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی و جیهاد کردن بخات، ئەوە فاسقە، لەبەر وتەی: ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾.

٨- خۆشەویستی ئەم هەشت شتانە ئەسڵ وایە هیچی تێدا نییە، ئەو کاتە زەمکراوە ئەگەر خۆشەویستی ئەم شتانە پێش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بخەیت.

٩- جیهاد کردن لە باشترینی کردەوەکانە، لەبەر ئەوە خوای گەورە لەگەڵ خۆشەویستی خۆی و پێغەمبەرەکەی باسیکردووە.

١٠- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ هاندان بۆ جیهاد کردن و زوهد لە دونیا دا، چونکە ماڵ و مناڵ و خانوو و بازرگانی خۆشی دونیان و دەڕۆن و نامێنن.

١١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە خۆشەویستی ئەم هەشت شتانە ئەصل وایە هیچی تێدا نییە، ئەو کاتە زەمکراوە ئەگەر خۆشەویستی ئەم شتانە پێش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر بخەیت.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (وتەی (أحب) بەڵگەیە خۆشەویستی ئەم هەشت شتانە لە ئەصڵ دا هیچی تێدا نیە، مرۆڤ باوک و مناڵ و برا و قەبیلەکەی خۆی خۆش دەوێت، هەروەها ماڵ و بازرگانی و خانووی خۆش دەوێت، ئەصڵ لە خۆشەویستی ئەم شتانە ڕێگەپێدراوە چونکە خۆشەویستی سروشتین، بەڵام ئەو کاتە زەمکراوە ئەگەرخۆشەویستی ئەم شتانە پێش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر بخەیت)[٩٢].

عن أنس رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين) أخرجاه.

---

[٩٢] إعانة المستفيد (٥٣/٢).

واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالک دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (هیچ کەسێکتان ئیمان ناهێنێت هەتا منی زیاتر خۆش دەوێت لە منالەکانی و باب ودایک و هەموو خەڵکی).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(لا يؤمن أحدكم): واتە: هیچ کەسێکتان ئیمان ناهێنێت، ئەم نەفی یە هەندێک جار بەمانای نەفی کمال دێت و هەندێک جار نەفی وجود، لێرە مەبەست پێی نەفی کمالە.

(من ولده): واتە منالْ، کوڕ و کچ دەگرێتەوە، لەم فەرموودەیە بە خۆشەویستی منالْ دەستی پێکردووە پاشان باوک، چونکە بەزۆری مرۆڤ منالْی زیاتر خۆش دەوێت لە باوک و زیاتر بە منالەوە پەیوەستە، ڕیوایەت هاتووە بە والد دەستی پێکردوە پاشان ولد.

ابن حجر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (وتەی: (من والده و ولده)، (والد)ی پێش خستووە چونکە هەموو کەسێک (والد)ی هەیە بەڵام پێچەوانە وا نییە, ڕیوایەتی نسائی فەرموودەی ئەنەس (ولد)ی پێش (والد) خستووە لەبەر زۆری خۆشەویستی و بەزەیی)[٩٣].

(ووالده): باوک و باپیر بەرەو سەرەوە دەگرێتەوە، هەروەها دایک و داپیریش بەرەو سەرەوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

---

[٩٣] فتح الباری (١/٧٥-٧٦).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەگەر ئیمان تەواو نەبێت تاوەکو پێغەمبەرت لە هەمووان زیاتر خۆش بوێت تەنانەت لەنەفسی خۆت و لە هەموو خەڵکی، ئەوا خۆشەویستی خوا لەپێشترە و گەورەترە)[٩٤].

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دەبێت خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) بە پێش خۆشەویستی نەفس بخەیت[٩٥].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک نەفسی خۆی یان کەسێکی تری زیاتر خۆش بوێت لە پێغەمبەر، ئەوا ئیمانی تەواو نییە نەک کافر بووە.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (وتەی: (لا يؤمن أحدكم)، نەفی ئەصلی ئیمان ناکات، بەڵکو نەفی تەواوی ئیمان دەکات، واتە: ئیمانی یەکێک لە ئێوە تەواو نیە...)[٩٦].

٣- ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) لە تەواوی ئیمان بێت ئەوا نەبوونی خۆشەویستیەکە و ڕق لێ بوونەوەشی کوفرە.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (سەبارەت بەوەی ئەگەر مرۆڤ پێغەمبەری خۆش نەویست و ڕقی لێ بوەوە ئەوە کافرە)[٩٧].

---

[٩٤] القول المفيد (١٨٦/٢).

[٩٥] القول المفيد (٢/١٨٣).

[٩٦] إعانة المستفيد (٥٤/٢).

[٩٧] إعانة المستفيد (٥٤/٢).

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە وتەی پێغەمبەر (ﷺ) پێش وتەی هەموو خەڵک بخەیت، چونکە ئەوەی کەسێکی خۆش بوێت لە هەموو کەسێ زیاتر دەبێت وتەشی پێش هەمووان بخات، تەنانەت پێش نەفسی خۆیشی بخات[٩٨].

[٩٨] القول المفيد (١٨٥/٢).

ولهما عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (ثلاث من كن فيه وجد بهن حلاوة الإيمان: أن يكون الله رسوله أحب إليه مما سواهما، وأن يحب المرء لا يحبه إلا لله، وأن يكره أن يعود في الكفر بعد إذ أنقذه الله منه كما يكره أن يقذف في النار)، وفي رواية: (لا يجد أحد حلاوة الإيمان حتى) إلى آخره.

واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالک دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (سێ سیفەت هەن هەر کەسێک ئەوانەی تێدا بێت ئەوا بەهۆی ئەوانەوە هەست بە شیرینی ئیمان دەکات:

١- دەبێت خوا و پێغەمبەرەکەی لەلا خۆشەویستتر بێت لە غەیری ئەوان.

٢- ئەگەر کەسێکی خۆش ویست تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت.

٣- دەبێت پێی ناخۆش بێت ببێتەوە بە کافر، پاش ئەوەی کە خوای گەورە لە کافری نەجاتی دا، هەروەک چۆن پێی ناخۆشە هەڵبدرێتە ناو ئاگرەوە).

ڕیوایەتی تر هاتووە دەفەرموویت: (شیرینی ئیمان ناچێژێت تاوەکو ...)

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(ثلاث من كن فيه): واتە: سێ سیفەت هەن هەر کەسێک ئەوانەی تێدا بێت.

(أن يكون الله رسوله أحب إليه مما سواهما): واتە: دەبێت خوا و پێغەمبەرەکەی لەلا خۆشەویستتر بێت لە غەیری ئەوان.

(وأن يحب المرء لا يحبه إلا لله): واتە: ئەگەر کەسێکی خۆش ویست تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت.

هۆكاری باسكردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (كردنە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە دیارە بەوەی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر دەبێت پێش خۆشەویستی تر بخرێت، ئەمەش لە تەواوی ئیمانە و بەندەش ناگات بە تەواوی ئیمان ئیلا بەمە نەبێت)[٩٩].

سوودەكانی فەرموودەكە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر دەبێت پێش خۆشەویستی هەموو شتێک بخرێت.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ فەزڵی خۆشویستنی كەسێک تەنها لەبەر خوا.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە موسڵمان دەبێت پێی ناخۆش بێت ببێتەوە بە كافر، پاش ئەوەی كە خوای گەورە لە كافری نەجاتی دا، هەروەک چۆن پێی ناخۆشە هەڵبدرێتەوە ناو ئاگرەوە.

٤- هەندێک زانا ئەم فەرموودەیە دەكەنە بەڵگە هەر كەسێک لەناو ئیسلام لەدایک بووبێت باشترە لەوەی موسڵمان بوە دوای كوفر.

عبدالله بن حميد ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (هەندێ زانا ئەم فەرموودەیە دەكەنە بەڵگە هەر كەسێک لەناو ئیسلام لەدایک بووبێت باشترە لەوەی موسڵمان بووە دوای كوفر، چونكە دەفەرموێت: (يكره أن يعود في الكفر بعد إذ أنقذه الله منه)، لەڕاستیدا ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەمە، هەندێک لە خەڵكی موسڵمان دەبن باشترن لە زۆرێک لەوانەی كە لەناو ئیسلام لەدایک بوونە بەتایبەت كاتێک دڵیان پڕ دەبێت لە

---

[٩٩] التمهيد لاپەڕە (٣٤٩).

ئیمان، هەروەک چۆن تاوانبار سەرپێچی خوا دەکات پاشان تەوبە دەکات باشترە لە حاڵەتی پێش تاوان کردنەکە، چونکە تاوان دڵی شکاندووە و وای لێکردوە زەلیل بێت بۆ خوا، حاڵی دوای تاوان باشترە لە پێش تاوان)[١٠٠].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە باش نییە ناوی خوا و پێغەمبەر پێکەوە بە یەک ضمیر کۆبکرێتەوە، نەوەک حەرام بێت.

عبدالله بن حميد ڕەحمەتی دەفەرموویت: (پێغەمبەر (ﷺ) ئینکاری وتار خوێنی کرد ئەوەی گوتی: (من يطع الله ورسوله فقد رشد، ومن يعصهما فقد غوى" وقال: "بئس الخطيب أنت! قل: ومن يعص الله ورسوله فقد غوى)، ناوی خوا و پێغەمبەر پێکەوە بە یەک ضمیر کۆناکرێتەوە، لەم فەرموودەیە (أن يكون الله رسوله أحب إليه مما سواهما)، نەیفەرموو: (أحب إليه مما سوى الله ورسوله)، بەڵکو بە ضمیر مثنی هاتووە وەک وتار خوێن، وەڵام چیە؟

١- وتراوە: لەم فەرموودەیە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەری جمع کردووە، وەک یەک شت وان، ...

٢- بەڵام ئەوەی دیار بێت لای زۆر لە زانایان وتەی وتارخوێن: (ومن يعص الله ورسوله)، ئەم وتەیەی وتار خوێن وتەی کەسی ترە، وتار خوێن ناقلە، پێغەمبەر قسە دەکات سەبارەت بە نەفسی خۆی، ئەوەی بۆ پێغەمبەر دروستە بۆ کەسی تر دروست نییە.

---

[١٠٠] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٤٨٠).

٣- وتراوە: ئەمە لە بابی تأديبە، ئەمە فەرموودەیە بەڵگەیە دروستە و فەرموودەی تر بۆ کەڕاهەتە، وتەی تریش وتراوە)[١٠١].

وعن ابن عباس رضي الله عنهما قال: من أحب في الله، وأبغض في الله، ووالى في الله، وعادى في الله، فإنما تنال ولاية الله بذلك، ولن يجد عبد طعم الإيمان وإن كثرت صلاته وصومه حتى يكون كذلك. وقد صارت عامة مؤاخاة الناس على أمر الدنيا، وذلك لا يجدي على أهله شيئا. رواه بن جرير.

واتە: لە ابن عباس دەگێڕنەوە خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت دەفەرموێت: (هەر کەسێک چوار سیفەتی تێدا بێت:

(١) ئەهلی ئیمان و تاعەتی خۆش بووێت لەبەر خوا.

(٢) ڕق و کینەی لەبەر خوا بێت.

(٣) لەبەر خوا دۆستایەتی بکات.

(٤) لەبەر خوا دوژمنایەتی بکات.

ئەوە بەم کارەی دەبێت بە دۆست و وەلی خوا، خواش سەرکەوتووی دەکات، جا هیچ بەندەیەک تامی ئیمان ناچێژێت با نوێژ و ڕۆژووشی زۆر بێت، هەتا بەو جۆرە نەبێت، ئەوەتا برایەتی زۆربەی خەڵکی ئەم سەردەمە لەسەر کاروباری دونیایە، ئەمەش هیچ سوودێکی بۆی نیە، بەڵکو زەرەریشی بۆیان هەیە).

وقال ابن عباس في قوله تعالى: (وتقطعت بهم الأسباب) قال: المودة.

---

[١٠١] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٤٧٨-٤٧٩).

واته: ابن عباس سەبارەت بە وتەی خوای گەورە: (وتقطعت بهم الأسباب) دەفەرموویت: ئەوە خۆشەویستی یە، "کە بۆ غەیری خوا بوەو لە نێوانیان دا نامێنێت لە ڕۆژی قیامەت دا" واتە: لە بەینی سەرکردە و شوێن کەوتووەکانیاندا نامێنێت.

باب قول الله تعالى: ﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٧٥]

وقوله: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللّهِ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلاَّ اللّهَ﴾ [التوبة: ١٨]

وقوله: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَذَابِ اللَّهِ﴾ [العنكبوت: ١٠]

عن أبي سعيد رضي الله عنه مرفوعا: (إن من ضعف اليقين أن ترضى الناس بسخط الله، وأن تحمدهم على رزق الله، وأن تذمهم على مالم يؤتك الله، إن رزق الله لا يجره حرص حريص، ولا يرده كراهية كاره)[١٠٢] .

وعن عائشة رضي الله عنها: أن رسول الله (ﷺ) قال: (من التمس رضى الله بسخط الناس رضي الله عنه وأرضى عنه الناس، ومن التمس رضى الناس بسخط الله سخط الله عليه وأسخط عليه الناس) رواه ابن حبان في صحيحه[١٠٣].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير آية آل عمران.

---

[١٠٢] أخرجه أبو نعيم في (الحلية) (٥/١٠٦) و (١٠/٤١)، والبيهقي في (شعب الإيمان) (١/٢٢١ رقم ٢٠٧).

[١٠٣] أخرجه ابن حبان (١/٥١٠ رقم ٢٧٦)، والترمذي (٢٤١٤)، والقضاعي في (مسند الشهاب) (١/٣٠٠ رقم ٤٩٩).

الثانية: تفسير آية براءة.

الثالثة: تفسير آية العنكبوت.

الرابعة: أن اليقين يضعف ويقوى. الخامسة: علامة ضعفه، ومن ذلك هذه الثلاث.

السادسة: أن إخلاص الخوف لله من الفرائض.

السابعة: ذكر ثواب من فعله. الثامنة: ذكر عقاب من تركه.

باب قول الله تعالى: ﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [ال عمران: ١٧٥]

بابی باسکردنی وتەی خوای گەورە کە دەفەرموویّت: ﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [ال عمران: ١٧٥].

واتە: خوای گەورە دەفەرموویّت: (ئەوە شەیتانە ئێوە دەترسێنێت بە دۆستەکانی خۆی، دەی مەترسن لەوان و تەنها لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن).

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویّت: (مناسبەی ئەم بابە لەگەڵ بابی پێشوو: دانەری کتاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە دوای خۆشەویستی باسی ترسان لەخوای کرد، چونکە عیبادەت جەخت لەسەر دوو شت دەکات: خۆشەویستی و ترس.

بە خۆشەویستی فەرمانەکانی خوای گەورە جێ بەجێ دەکرێت و بەترسیش خۆ لە نەهی یەکان بەدوور دەگیرێت، ئەگەر تاوانی تەرک کردبێت داوا دەکات بگات بەخوا، بەڵام ئەمە لازمی تەرک کردنی تاوانە نەک بنچینە بێت.

ئەگەر پرسیار بکەیت بۆچی زینا ناکەیت؟ دەڵێیت: لە ترسی خوا. ئەگەر پرسیار لەو کەسە بکەیت کە نوێژ دەکات، دەڵێت: لەبەر پاداشتی خوای گەورە و خۆشەویستیەکەی نوێژ دەکەم)[١٠٤].

---

[١٠٤] القول المفيد.

صالح ال الشيخ خوا بپارێزێت دەفەرموویت: (مناسبەی ئەم بابە لە كتابی تەوحید دیارە ئەویش ئەوەیە: ترسان لە خوا عیبادەتێكە لە عیبادەتەكان كە خوای گەورە واجبی كردووە، (خوف و رجاء و محبة) عیبادەتی دڵن واجبن، بە تەواو بوونی تەواو بوونی تەوحیدە و بە كەم بوونیشی كەم بوونی تەواوی تەوحیدە.

ترسان لە بێجگە لەخوا دابەش دەكرێت بۆ شیرك و حەرام و ڕێگەپێدراو، ئەمە سێ بەشە:

بەشی یەكەم: ترسانی شیركی، واتە لە ناخی خۆی لە ترس لێكراوەكە دەترسێت، ترسەكەی لە پێناو ئەوەیە ئومێدی پێی هەیە و لێی دەترسێت بە ترسی نهێنی، یان باوەڕی وایە لە ئاخیرەت شتی بەدەستە لە سوود و زیان، ترسی شیركی پەیوەستە بە دونیاوە بە ترسی نهێنی بەوەی دەترسێت تووشی شەڕێكی بكات، ئەمەش شیركە.

هەروەها ترسی شیركی پەیوەستە بە ئاخیرەتیشەوە: دەترسێت لە بێجگە لەخوا و پەیوەست دەبێت پێی نەوەك ئەوەی لێی دەترسێت سوودی بۆی نەبێت لە ئاخیرەت و شەفاعەتی بۆ نەكات!

بەشی دووەم: ترسی حەرام، ئەویش ئەوەیە لە دروستكراوێك دەترسێت لە جێ بەجێكردنی واجبێك، یان خۆ دوورخستنەوە لە حەرامێك، یان لە شتێك كە خوای گەورە واجبی كردووە یا حەرامی كردووە، وەك ئەوەی لە دروستكراوێك بترسێت لە جێ بەجێكردنی واجبێك لە واجبەكانی خوا، نوێژ ناكات لە ترسی دروستكراوێك، ئامادەی نوێژی بە كۆمەڵ نابێت لە ترسی ئەوەی دروستكراوەكان زەمی بكەن، ئەمەیان حەرامە، هەندێ زانا دەڵێن: ئەمە جۆرێكە لە جۆرەكانی شیرك، چونكە فەرمان و نەهی واجبی تەرك كردووە لە ترسی زەم كردنی خەڵك، یان لەبەر تەرك كردنی مەدح كردنیان بۆی، ئەمەیان پێش خستنی ترسی خەڵكی بەسەر ترسی خوا تێدایە و حەرامە.

بەشی سێیەم: ترسی سروشتی، ئەمەیان ڕێگەپێدراوە و شتێکی سروشتی یە، وەک: ترسان لە دوژمن، یان ترسان لە درندە، یان ترسان لە ئاگر، یان ترسان لە شتێک بە هیلاکت ببات و ئازارت بدات، وە شتی تری وەک ئەمانە)[١٠٥].

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ترس چەند بەشێکە:

بەشی یەکەم: ترسی عیبادەت کە زەلیلی و بەگەورە دانانی لەگەڵە، ئەمەیان پێی دەڵێن: ترسی نهێنی. ئەمە بۆ کەس ناگونجێت ئیلا بۆ خوا نەبێت، هەر کەسێک کەسێکی تر بکات بە شەریک لەگەڵ خوا ئەوا تووشی شیرکی گەورە بووە، وەک: لە پەیکەرەکان یان لە مردووەکان دەترسێت، یان لە وەلی یەکانی خۆیان دەترسن و باوەڕیان وایە سوود و زیانیان پێ دەگەیێنن هەروەک هەندێک لە گۆڕ پەرستان ئەمە دەکەن و لە خاوەنی گۆڕ دەترسن زیاتر لەخوا.

بەشی دووەم: ترسی سروشتی، ئەمەیان ئەصڵ وایە ڕێگەپێدراوە، لەبەر وتەی خوای گەورە سەبارەت بە موسا: ﴿فَخَرَجَ مِنْهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ﴾ [القصص: ٢١]، هەروەها دەفەرموێت: ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي قَتَلْتُ مِنْهُمْ نَفْسًا فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ﴿٣٣﴾﴾ [القصص: ٣٣]، بەڵام ئەگەر ترسەکە بووە هۆی تەرک کردنی واجب یان کردنی حەرام ئەوا حەرامە)[١٠٦].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (جۆری دووەم لە جۆرەکانی ترسی زەمکراو ئەوەیە: مرۆڤ بانگەوازی کردن بۆ لای خوا تەرک بکات لە فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە لە ترسی خەڵک نەوەک ئازاری بدەن، فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە تەرک دەکات لە ترسی خەڵک، ئەمە شیرکی بچووکە و

---

[١٠٥] التمهيد لاپەڕە (٣٥٤).

[١٠٦] القول المفيد.

حەڕامە، فەرموودە هاتووە: (أن الله يحاسب العبد يوم القيامة: لم تأمر بالمعروف وتنهى عن المنكر؟ فيقول: يا رب خشيت الناس، فيقول: إياي أحق أن تخشى))[١٠٧].

ڕاڤەی وشەكانی ئایەتەكە:

﴿يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ﴾: واتە: دەتان ترسێنێت بە وەلی یەكانی خۆی.

﴿أَوْلِيَاءَهُ﴾: وەلی یەكانی شەیتان هەموو كافر و بێ دین و موجرمێك دەگرێتەوە، ئەمانە وەلی یەكانی شەیتانن.

﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ﴾: واتە: لە وەلی یەكانی شەیتان مەترسن، (ضمیر) بۆ وەلی یەكانی شەیتان دەگەڕێتەوە.

هۆكاری باسكردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (تێگەیشتنی ئەم ئایەتە لەوەدایە: ترسان لە شەیتان و وەلی یەكانی نەفی ئیمان دەكات، ئەگەر ترسانەكە سەربكێشێت بۆ شیرك ئەوا نەفی ئەصڵی ئیمان دەكات، ئەگەر نا نەفی تەواوی ئیمان دەكات)[١٠٨].

سوودەكانی ئایەتەكە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ ڕوونكردنەوەی توندی دوژمنایەتی شەیتان بۆ نەوەی ئادەم بە جۆرێك دەیان ترسێنێت بە وەلی یەكانی خۆی[١٠٩].

---

[١٠٧] إعانة المستفيد (٢/٦٧-٦٨).

[١٠٨] القول المفيد.

[١٠٩] تفيسر سورة آل عمران (٢/٤٥٦).

٢- شەیتان بەرگری لە وەلی یەکانی خۆی دەکات، بەڵکو هێرشی پێ دەبات، لەبەر وتەی ﴿يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ﴾، واتە: دەتان ترسێنێت بە وەلی یەکانی خۆی[١١٠].

٣- نابێت ئیماندار لە وەلی یەکانی شەیتان بترسێت، لەبەر لاوازی پیلانیان، دەبێت تەنها لەخوای گەورە بترسێت، لەبەر وتەی: ﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ﴾، هەروەک خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ فَقَاتِلُوا أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾﴾ [النساء: ٧٦].

٤- مەرجی دروستی ئیمان ئەوەیە مرۆڤ لە کەس نەترسێت جگە لەخوا نەبێت، لەبەر وتەی: ﴿إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾.

٥- ئەم ئایەتە بەڵگەیە چەندە ئیمانی مرۆڤ بەخوا بەهێزتر بێت ترسان لێی بەهێزتر دەبێت، لەبەر وتەی: ﴿إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾[١١١].

٦- ئەم ئایەتە بەڵگەیە چەندە ئیمانی مرۆڤ بەخوا بەهێز بێت ترسان لێی بەهێزتر دەبێت، وە ترسان لە وەلی یەکانی شەیتانیش لاواز دەبێت[١١٢].

٧- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ترسان لەخوا لە داواکراوەکانی ئیمانە؛ لەبەر وتەی: ﴿إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾[١١٣].

---

[١١٠] تفيسر سورة آل عمران (٤٥٦/٢).

[١١١] تفيسر سورة آل عمران (٤٥٧/٢).

[١١٢] تفيسر سورة آل عمران (٤٥٧/٢).

[١١٣] تفيسر سورة آل عمران (٤٥٧/٢).

صالح ال الشيخ خوا بيپارێزێت دەفەرموويێت: (فەرمانی كردووە بە لە خوا ترسان، ئەمەش بەڵگەیە ترسان لەخوا عيبادەتێكە لە عيبادەتەكان، خوا بە تەنيا دانان لەم عيبادەتە تەوحيدە و شەریک بۆ خوا دانانيش لەم عيبادەتە شيركە)[١١٤].

وقوله: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللّهِ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلاَّ اللّهَ﴾ [التوبة: ١٨]

---

[١١٤] التمهيد لاپەڕە (٣٥٤-٣٥٥).

واتە: بەڕاستی تەنها ئەو کەسە (بەدڵ و بەگیان) مزگەوتەکانی خوا ئاوەدان دەکاتەوە (بە خواپەرستی و نوێکردنەوەی) کە باوەڕی پتەوی بەخواو بەرۆژی دوایی هێناوە و نوێژەکانی بەچاکی ئەنجام داوە و زەکاتیشی (لە ماڵ و سامانی) دەرکردووە و لە کەسیش نەترساوە جگە لە خوای باڵادەست، جا ئومێدە ئەو جۆرە کەسانە لە ڕیزی ڕێنموویی کراواندا بن.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ﴾: (یعمر) مەبەست پێی ئاوەدان کردنەوەی نابەرجەستەیە، کە نوێژ و زیکر و قورئان خوێندن و عیبادەتەکانی تر دەگرێتەوە.

﴿مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ﴾: واتە: ئەوەی باوەڕی پتەوی بەخوایە، ئیمان بە خوا چوار شت لەخۆ دەگرێت:

١- ئیمان بە بوونی خوا.

٢- ئیمان بە پەروەردگاریەتی.

٣- ئیمان بە بەندایەتی کردن.

٤- ئیمان بە ناو و سیفەتەکانی.

﴿وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾: لەبەر ئەوە پێی دەڵێن ڕۆژی دوایی چونکە دوا ڕۆژە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە نیشانەی ڕاستی ئیمان ئەوەیە لە کەس نەترسێیت تەنها لە خوا نەبێت.

سوودەكانی ئایەتەكە:

١- ڕوونكردنەوەی ئەوە ئەوانە ماڵەكانی خوا ئاوەدان دەكەنەوە كە ئیمان بەخوا و ڕۆژی دوای دەهێنن و نوێژ ئەنجام دەدەن و زەكات دەدەن و لە كەس ناترسن جگە لە خوا، لەبەر وتەی: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا اللَّهَ﴾.

هەندێک لە پێشینەكان دەڵێن: (ئەگەر بینیت پیاو مزگەوت ئاوەدان دەكات و عیبادەت دەكات، ئەوە گومانی باشی پێ ببەن)، ئاوەدان كردنەوەی مزگەوت بە نوێژ و زەكات وەک ئەوە وایە بەڵگە بێت لەسەر ئەوە مەبەست لە ئاوەدان كردنەوە ئامادەبوونە تێیدا (واتە: ئامادەبوونە لە مزگەوت)، چونكە ئەگەر مرۆڤ نوێژ بكات ئەوە لە مزگەوت ئامادە دەبێت، بەمە ئاوەدان كردنەوەی مزگەوت دێتەدی، ئەگەر زەكات بدات، ئەوە دەستەی هەژارەكان ئامادەی مزگەوت دەبن بۆ داواكردن و وەرگرتنی زەكات، بەمە ئاوەدان كردنی مزگەوت دێتەدی.

٢- گرینگترین شت لە ئاوەدان كردنەوەی مزگەوتەكان ئاوەدان كردنی نابەرجەستەیە (معنوي)یە بە ئیمان هێنان و نوێژكردن و عیبادەتەكانی تر.

٣- لە گەورەترین ڕوكنەكانی ئیمان هێنان بەخوا ئیمان هێنانە بە پەروەردگاریەتی و بەندایەتی و ناو و سیفەتەكانە، لەبەر وتەی: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ﴾، بەڵگەیە كافر ڕێگری لێی كراوە مزگەوتەكانی موسڵمانان ئاوەدان بكاتەوە، ئەگەر وەسیەتیش بكات قبوڵ نییە، وە ڕێگری لێی دەكرێت لە هاتنە ناو مزگەوت.

٤- له گەورەترین ڕوکنەکانی ئیمان، ئیمان هێنانە بە ڕۆژی دوای، لەبەر وتەی: ﴿وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾.

٥- ئیمان دروست نییە بێ کردەوە، دەبێت ئیمان و کردەوە پێکەوە کۆببنەوە.

٦- گەورەیی پلە و پایەی نوێژ بەجۆرێک بە شێوەیەکی تایبەت باسیکردووە لەناو هەموو عیبادەتەکان، لەبەر وتەی: ﴿وَأَقَامَ الصَّلَاةَ﴾.

٧- مەبەست لە ئەنجام دانی نوێژ ئەوەیە بە ڕوکن و واجب و مەرج و سوننەتەکانەوە ئەنجام بدەیت، لەبەر وتەی: ﴿وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ﴾، مناسبەی باسکردن زەکات لەگەڵ ئاوەدان کردنەوەی مزگەوت، لەبەر ئەوە مزگەوت شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکە، کاری دەوڵەمەند و هەژاری ڕوونکردۆتەوە، بەمە حاڵی ئەوە دەزانرێت کە زەکات دەدات و ئەوەی وەریش دەگرێت[١١٥]

٨- گرینگی زەکات دان کە گەورەترین عیبادەتە دوای نوێژ، لەبەر وتەی: ﴿وَآتَى الزَّكَاةَ﴾.

٩- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ترسان لە خوا واجبە، خوای گەورە مەدحی ئەوانەی کردووە لەبەرئەوەی تەنها لەخوا دەترسن، خشیة تایبەت ترە لە خوف[١١٦].

---

(١١٥) (تفسير أبي حيان) (٣٨٧/٥).

(١١٦) التمهيد لاپەڕە (٣٥٥).

وقوله: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَذَابِ اللَّهِ﴾ [العنكبوت: ١٠]

واتە: هەندێك لەخەڵكی هەن كە دەڵێن: باوەڕمان بەخوا هێناوە، جا كاتێك یەكێك لەوانە لە بەر خواو لە پێناوی خوا تووشی ئازار و ناخۆشی كرا، وادەزانێت سزاو ئەشكەنجەی خەڵكی وەك سزای خوا وایە (وەك چۆن لە دۆزەخدا پەشیمانە لێرەش بەهۆی ئەشكەنجەی خەڵكیەوە لە دین پەشیمان دەبێتەوە)، بەڕاستی ئەگەر پەروەردگارت سەركەوتنێكی بەخشی، دووروووەكان بەگەرمی دەڵێن خۆ ئێمەش بێگومان هاوكارتان بووین، مەگەر خوا خۆی نازانێت چی حەشاردراوە لە دەروونی هەموو خەڵكیدا (بەتایبەت لە دڵی ئەو جۆرە كەسانەدا)؟

ڕاڤەی وشەكانی ئایەتەكە:

﴿فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّهِ﴾: واتە: جا كاتێك یەكێك لەوانە لە بەر خواو لە پێناوی خوا تووشی ئازار و ناخۆشی كرا، (في) ئەگەر دوو مانای هەیە:

١- (للسببية): واتە: بە سەبەبی ئیمان هێنان بەخوا و بەردەوام بوون لەسەر دین.

٢- (للظرفية): واتە: ئەگەر ئازار درا لەناو شەرعی خوا، ئازاردان لە شەرع دەست گرتنە بە شەرعەوە.

هۆكاری باسكردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری كتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسكردووە تاوەكو ڕوونی بكاتەوە ترسان لە دروستكراوەكان وەك ترسان لە خوا سیفەتێكی زەمكراوە.

سوودەكانی ئایەتەكە:

١- سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە چوار وتە هەیە.

یەکەمیان: سەبارەت بەو ئیماندارانە دابەزی کە موشریکەکان دەریان کردن بۆ بەدر (واتە: لەگەڵ خۆیان برد بۆ بەدر) و هەڵگەڕانەوە، رواه عكرمه عن ابن عباس.

دووەم: دابەزی سەبارەت بە قەومێک کە ئیمانیان هێنابوو بە زمان، کاتێک ناخۆشی یەکان بۆ هاتبوایا لە لایەن خواوە، یان لە نەفسی خۆیان، یان لە ماڵی خۆیان، تووشی فیتنە دەبوون، موجاهد ئەمەی گوتووە.

سێیەم: دابەزی سەبارەت بە خەڵکێکی دووڕوو، ئیمانیان هێنابوو، کاتێک ئازار دران و تووشی ناخۆشی بوون لە لایەن موشریکەکانەوە، هەڵگەڕانەوە بۆ شیرک، ضەحاک ئەمەی گوتووە.

چوارەم: دابەزی سەبارەت بە عیاش بن ربیعة، موسڵمان بوو، ترسا لە ماڵ و نەفس و قەومی خۆی، دایکی دەڵێت: من خواردن ناخۆم و خواردنەوەش ناخۆمەوە و لە ماڵەوە نابم هەتا کوڕەکەم دەگەڕێتەوە و کوفر بە محمد دەکات لەبەر لێدانی لە لایەن براکانی دایکی، دوای موسڵمان دەبێتەوە، ئەمە وتەی ابن سائیبە[١١٧].

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر نەزانینی کافرەکان، چونکە ئازاردانی خوایان یەکسان کردووە بە ئازاردانی خەڵک.

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە مرۆڤ تاقی دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بەدیار بکەوێت کێ ئیماندارە و کێ کافر و دووڕووە، هەروەها بۆ ئەوەی بەدیاربکەوێت کێ ڕاستگۆیە و کێ درۆزنە.

---

[١١٧] زاد المسير (١٢٨/٦).

٤- کەشف کردن و ڕیسوا کردنی دەستەیەک لە خەڵک کە دەڵێن: ئیمانمان هێناوە، کاتێک تووشی ناخۆشی دەبن دەڵێن سزای خەڵک وەک سزای خوا وایە، هەڵدەگەڕێنەوە و واز لە کردەوەی باش دێنن، لەبەر وتەی: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَذَابِ اللَّهِ﴾.

٥- حیکمەتی خوای گەورە لە تاقیکردنەوەی بەندەکان، چونکە بە تاقیکردنەوە کەسی ڕاستگۆ و درۆزن بەدیار دەکەوێت.

عن أبي سعيد رضي الله عنه مرفوعا: (إن من ضعف اليقين أن ترضى الناس بسخط الله، وأن تحمدهم على رزق الله، وأن تذمهم على مالم يؤتك الله، إن رزق الله لا يجره حرص حريص، ولا يرده كراهية كاره)[١١٨].

واتە: لە ئەبو سەعیدی خودری دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لە نیشانەی لاوازی یەقینە خەڵکی ڕازی بکەیت بەناڕازی بوونی خوا، سوپاسی و ستایشی خەڵک بکەیت لەسەر ئەوەی کە خوا ڕزقی پێت بەخشیوە، زەم و لۆمەی خەڵک بکەیت لەسەر ئەوەی کە خوا ڕزقێک یان شتێکی نەبەخشیوە پێت، بە تەئکید ڕزقی خوا سووربوونی کەسانی هەوڵدەر و بە تەماع بۆتی ڕاناکێشێت، وە کەسانێکیش پێیان ناخۆش بێ کە ئەو ڕزقەت بۆ بێ ناتوانن بیگێڕنەوە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(إن من ضعف اليقين): واتە: لە نیشانەی لاوازی یەقینە.

(أن ترضى الناس بسخط الله): واتە: خەڵکی ڕازی بکەیت بەناڕازی بوونی خوا.

(وأن تحمدهم على رزق الله): واتە: سوپاسی و ستایشی خەڵک بکەیت لەسەر ئەوەی کە خوا ڕزقی پێت بەخشیوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە کە لە نیشانەی لاوازی یەقینە خەڵکی ڕازی بکەیت بەناڕازی بوونی خوا و لە خەڵک بترسیت.

---

[١١٨] أخرجه أبو نعيم في (الحلية) (٥/١٠٦) و (١٠/٤١) ، والبيهقي في (شعب الإيمان) (١/٢٢١ رقم ٢٠٧) .

سوودەكانی فەرموودەكە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ڕازی كردنی خەڵک بە ناڕازی بوونی خوا، سوپاس و ستایش كردنی خەڵک لەسەر ئەوەی كە خوا ڕزقی پێت بەخشیوە، هەروەها زەم و لۆمە كردنی خەڵک لەسەر ئەوەی كە خوا ڕزقێک یان شتێکی نەبەخشیوە پێت، لە لاوازی یەقینە.

٢- ئەم فەرموودەیە لەسەر ظاهری خۆی نییە لە هەموو ڕووەک، مەبەست بە سوپاس كردن ئەوەیە خوا لەبیر بكەیت.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەگەر خوای گەورەت لە دڵ دابێت بەوەی ئەو ڕزقی بە تۆ داوە، پاشان سوپاسی كەسەكە بكەیت، ئەمە داخلی فەرموودەكە نابێت، بەڵكو ئەمە لە شەرعە، لەبەر وتەی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من صنع إليكم معروفا فكافئوه، فإن لم تجدوا ما تكافئونه به، فادعوا له حتى تروا أنكم قد كافأتموه).

كەواتە فەرموودەكە لەسەر ظاهری خۆی نییە لە هەموو ڕووێک، مەبەست بە سوپاس كردن ئەوەیە خوا لەبیر بكەیت ئەمە لە لاوازی یەقینە، هەروەک ئەوە وایە ئەوەی كە نیعمەتی ئەصڵی لەگەڵ تۆ كردووە و لەبیرت كردووە.

ئەگەر كەسێک منالێکی هەبێت و هەزار درهەمی پێبدات و پێی بڵێت: بیدە بە فلانە كەس، ئەوەی درهەمەكە وەردەگرێت سوپاسی باوكی دەكات، چونكە ئەگەر تەنها سوپاسی منالەكە بكات بە ساویلكە دەژمێردرێت، لەبەرئەوەی منالەكە هیچ نەبووە و تەنها بۆی بردووە)[١١٩].

---

[١١٩] القول المفيد.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەگەر ڕزقی بەندە دیارکرا کەس ناتوانێت ڕێگری بکات.

وعن عائشة رضي الله عنها: أن رسول الله (ﷺ) قال: (من التمس رضى الله بسخط الناس رضي الله عنه وأرضى عنه الناس، ومن التمس رضى الناس بسخط الله سخط الله عليه وأسخط عليه الناس).

واتە: لە عائیشە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەر کەسێک بەدوای ئەوەدا بگەڕێت خوا لەخۆی ڕازی بکات و لە بەرامبەر ئەوەشدا

خەڵکی لێی ناڕازی بن ئەوا خوا و خەڵکیش لێی ڕازی دەبن" واتە: خەڵکی موسلمان لێی ڕازی دەبن، وە هەر کەسێک بەدوای ئەوەدا بگەڕێت کە خەڵکی ڕازی بکات، لەبەرامبەر ئەوەشدا خوا لێی ناڕازی بێت، ئەوەی خوا لێی تووڕە دەبێت و خەڵکیش لێی تۆڕە دەکات).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(من التمس رضا الله): واتە: هەر کەسێک بەدوای ئەوەدا بگەڕێت خوا لەخۆی ڕازی بکات.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە دەبێت مرۆڤ ترسی خوا پێش ترسی دروستکراوەکان بخات، وە ڕازی بوونی خوا بە پێش ڕازی بوونی خەڵک بخات.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە بەدوای ئەوەدا بگەڕێیت خوا لەخۆت ڕازی بکەیت، ئەگەر چی لە بەرامبەر ئەوەشدا خەڵکی لێت ناڕازی بن، چونکە خوای گەورەیە سوود و زیان دەگەیەنێت.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروست نییە بەدوای ئەوەدا بگەڕێیت خەڵکی ڕازی بکەیت، لەبەرامبەر ئەوەشدا خوا لێت ناڕازی بێت[١٢٠].

---

[١٢٠] القول المفيد.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی سیفەتی ڕازی بوون و تووڕە بوون لەسەر شێوەی حەقیقی بۆ خوا، بێ ئەوەی بیچوویێنی بە دروستکراوەکان[١٢١].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دەبێت مرۆڤ ترسی خوا بە پێش ترسی دروستکراوەکانی تر بخات، هەروەها ڕازی بوونی خواش بە پێش ڕازی بوونی خەڵک بخات.

---

[١٢١] القول المفيد.

باب قول الله تعالى: ﴿وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [المائدة: ٢٣].

وقوله: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ [الأنفال: ٢].

وقوله: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللّهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [الأنفال: ٦٤].

وقوله: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾ [الطلاق: ٣].

عن ابن عباس رضي الله عنهما قال: (حسبنا الله ونعم الوكيل) [ال عمران: ١٧٣]، قالها إبراهيم (ﷺ) حين ألقي في النار، وقالها محمد (ﷺ) حين قالوا له: ﴿إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُواْ حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ [ال عمران: ١٧٣] **رواه البخاري والنسائي**[١٢٢].

فيه مسائل:

الأولى: أن التوكل من الفرائض.

الثانية: أنه من شروط الإيمان.

الثالثة: تفسير آية الأنفال.

الرابعة: تفسير الآية في آخرها.

الخامسة: تفسير آية الطلاق.

---

[١٢٢] أخرجه البخارى (٤٥٦٣،٤٥٦٤)، والنسائي في (الكبرى) (٦/١٥٤ رقم ١٠٤٣٩).

السادسة: عظم شأن هذه الكلمة، وأنها قول إبراهيم ومحمد (ﷺ) في الشدائد.

باب قول الله تعالى: ﴿وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [المائدة: ٢٣].

واتە: بە تەواویی پشت بە خوا ببەستن ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

صالح ال الشيخ خوا بپارێزێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە لە كتابی تەوحید ئەوەیە: پشت بەخوا بەستن واجبێكە لە واجبەكان، خوا بە تەنیا دانان لە پشت پێ بەستن دا تەوحیدە، وە پشت بەستن بە بێجگە لەخوا شیركە و پێی لەدین دەردەچێت، پشت بەخوا بەستن مەرجی دروستی ئیسلام و ئیمانە، پشت بەخوا بەستن عیبادەتێكی گەورەیە، دانەری كتاب ئەم بابەی باسكردووە بۆ ئەوەی ئەم عیبادەتە ڕوون بكاتەوە)[١٢٣].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ((توكل): پشت بەستنە بەخوا بۆ بەدەست هێنانی داواكاری و لادانی شتی ناخۆش، لەگەڵ ئەوەش متمانەی تەواوت بەخوا هەبێت و كردەوە ڕێگەپێدراوەكانیش بگریتەبەر، دەبێت ئیلا ئەم شتەی تێدا بێت:

یەكەم: پشت بەخوا ببەستیت بە پشت بەستێكی ڕاست.

دووەم: هۆكارە ڕێگەپێدراوقنشی بگریتەبەر.

هەر كەسێك زۆرتر پشت بە هۆكارەكان ببەستێت ئەوا پشت بەستنی بەخوا كەم بووە، وە پێچەوانەی ئەوەیە بڵێت تەنها خوام بەسە، هەروەك ئەوە وایە تەنها هۆكار بناغەی بوە بۆ بەدەست هێنانی داواكاری و لادانی ناخۆشی.

هەر كەسێك پشت بەخوا ببەستێت و هۆكار پشت گوێ بخات ئەوا طعنە لە حیكمەتی خوای گەورە داوە، چونكە خوای گەورە بۆ هەموو شتێك هۆكاری داناوە، كەواتە هەر كەسێك پشت تەنها بەخوا ببەستێت بێ هۆكار ئەوە طعنە لە حیكمەتی خوای گەورە،

---

[١٢٣] التمهيد لاپەڕە (٣٥٩).

چونکە خوای گەورە حەکیمە، وەک: کەسێک پشت بەخوا دەبەستێت بۆ بەدەست هێنانی منالٌ کەچی زەواجی نەکردوە .

پێغەمبەر (ﷺ) ئیمامی ئەوانە بووە کە پشت بە خوا دەبەستن، لەگەڵ ئەمەش هۆکاری گرتۆتەبەر، خواردنی ئامادە دەکرد بۆ سەفەر، کاتێک دەرچوو بۆ جەنگی ئوحد دوو درعی لەبەر کردبوو، کاتێک دەرچوو هیجرەتی کرد کەسێکی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی ڕێگای پێ پیشان بدات، نەی فەرموو: من دەڕۆم هیجرەت دەکەم و پشت بەخوا دەبەستم، نەی فەرموو: کەس لەگەڵ خۆم نابەم بۆ ڕێگا، هەروەها خۆی دەپاراست لە سەرما و گەرما، ئەمەش لە پشت پێ بەستنی بەخوا کەم نەکردەوە.

دەگێڕنەوە لە عومەر خوا لێی ڕازی بێت خەڵکی یەمەن هاتن بۆ حەج بە بێ خواردن، هێنایانن بۆ لای عومەر و پرسیاری کرد لێیان، گوتیان: ئێمە لەوانەین کە پشتمان بەخوا بەستووە، عومەر فەرمووی: ئێوە لەوانە نین کە پشتتان بەخوا بەستووە، بەڵکو ئێوە لەوانەن کە پشتان بە خەڵک بەستووە و لەسەر حیسابی خەڵک دەژین)[١٢٤].

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ﴾: واتە: بە تەواویی پشت بە خوا ببەستن، معمول پێش خراوە کە جار و مجرورە (وعلى الله)، وە عامل دواخراوە ئەویش ئەمەیە: (توكلوا)، دەلالەت لەسەر حصر دەکات، واتە: پشت بەخوا ببەستن و پشت بە کەسی تر مەبەستن[١٢٥].

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

---

[١٢٤] القول المفيد.

[١٢٥] إعانة المستفيد (٨٣/٢).

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردوە بۆی ئەوەی ڕوونی بکاتەوە پشت بەخوا بەستن واجبە و لە ئیمانە.

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە پشت بەستن بەخوا لە ئیمانە، وتەی هاوەڵی موسا لەم ئایەتە بەڵگەیە پشت بەستن بەخوا لە ئیمانە، هەروەک ئەوەیە پێت بڵێت: ئەگەر تۆ کەریم بیت ڕێز لە میوان بگرە، بەڵگەیە ڕێز لە میوان گرتن لە کەرەمە، ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ نەفی کردنی تەواوی ئیمان لەسەر خوا؛ ئیلا ئەگەر هەموو ئیعتمادی لەسەر بێجگە لەخوا بێت، ئەو کات شیرکی گەورەیە و نەفی هەموو ئیمان دەکات[١٢٦].

پشت بەستن بە بێجگە لەخوا دوو حاڵەتە:

حاڵەتی یەکەم: پشت بەستن بە بێجگە لەخوا هەیە شیرکە، ئەویش ئەوەیە پشت بە دروستکراوێک دەبەستیت لە شتێک کە لە توانای کەس دا نییە تەنها خوا نەبێت، وەک: پشت بە دروستکراوێک ببەستی بۆ لێ خۆش بوونی تاوان، پشت بە دروستکراوێک ببەستێت بۆ بەدەست هێنانی خێر و چاکەی ئاخیرەت، یان پشت بە دروستکراوێک ببەستێت بۆ بەدەست هێنانی منداڵ، یان بەدەست هێنانی پیشە، پشتی پێ دەبەستێت بە دڵ و توانای هیچیشی نییە، ئەمە لای گۆڕ پەرستان و پیاوچاک پەرستان زۆرە، چونکە ئەوان ڕوو دەکەنە مردووەکان بە دڵ و پشتیان پێ دەبەستن، کارەکانی دونیا و ئاخیرەت دەدەنە دەست مردووەکان و پشتیان پێ دەبەستن و ئەوانیش توانایان نییە و ناتوانن هیچیان بۆ بکەن، ئەم عیبادەت کردنە بۆ بێجگە لەخوا شیرکی گەورەیە و نەفی ئەصڵی تەوحید دەکات.

---

[١٢٦] القول المفيد.

حاڵەتی دووەم: پشت بە دروستکراوێک دەبەستێت لە شتێک خوای گەورە توانای پێداوە، ئەمە جۆرێکە لە شیرک، بەڵکو شیرکی شاراوەیە و شیرکی بچووکە، لەبەر ئەوە هەندێک لە ئەهلی عیلم دەڵێن: ئەگەر یەکێک بڵێت: (توكلت على الله و عليك)، ئەمە شیرکی بچووکە، لەبەر ئەوە دەڵێن: دروست نییە بڵێیت: (توكلت على الله ثم عليك)، چونکە دروستکراو بەشی نییە لە (توکل)، توکل ئەوەیە کارەکان بدەیتە دەست خوا و بەدڵ پشتی پێ ببەستیت، دروستکراو شایستەی هیچ لەمانە نییە[١٢٧].

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە واجبە بە پاکی تەنها پشت بەخوا ببەستیت، هەروەها هۆکارێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن بەسەر دوژمن[١٢٨].

وقوله: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ [الأنفال: ٢].

---

[١٢٧] التمهيد لاپەڕە (٣٦٠).

[١٢٨] إعانة المستفيد (٨٣/٢).

واتە: بێگومان ئیمانداران ڕاستەقینە تەنها ئەوانەن: (یەکەم) کە کاتێک ناوی خوا برا، ئەوە دڵەکانیان دەترسێت و دەهەژێت، (دووهەم) کاتێکیش ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە ئەوا ئیمان و باوەڕیان زیاد دەکات، (سێهەم) لە هەموو کارو بارێکیشیاندا هەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ﴾: (إنما): أداة الحصر، حصر جێگیر کردنی حوکمە و نەفی کردنی بێجگە لە خۆیەتی. واتە: ئیماندار نینە ئیلا ئەمانە نەبن، لەم ئایەتە دواتر پێنج سیفەتی باسکردووە، خوای گەورە باسی ئەوەی کردن مەرجی ئیمان تەقوای خوا و چاککردنی نێوانی خۆتانە و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، دواتر باسی سیفەتی ئیماندارە ڕاستەقینەکان و ئیمان تەواوەکان دەکات لەم دوو ئایەتە.

﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا﴾: ابن كثير ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (چەندین زانا ئیجماع نەقل دەکەن لەسەر زیاد بوون و کەم بوونی ئیمان، لەوانە شافعی و ئەحمەد و ئەبو عوبێد)[١٢٩]

﴿وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾: بە کاری ڕانەبردوو دەری بڕیوە، دەلالەت لەسەر بەردەوام بوون دەکات لەسەر تەوەکول خستنەسەر خوای گەورە، هەروەها نوێژ و ماڵ بەخشینیش بە ڕانەبردوو دەری بڕیوە دەلالەت لەسەر بەردەوام بوون لەسەر نوێژ و ماڵ بەخشین دەکات، باشترین عیبادەت ئەوەیە لەسەری بەردەوام بیت، وە باشترین عیبادەت خاوەنەکەشی دەکاتە بەاشترین بەندە.

---

(١٢٩) تفسير ابن كثير (٥٥٢/٣).

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردووە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە پشت بەخوا بەستن واجبە و نابێت پشت بە کەسێکی تر ببەستیت.

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- (حصر) کردنی ئیمان لەو کەسانەی ئەم سیفەتانەی تێدایە، لەبەر وتەی: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ۝٢ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ﴾.

ئیمان تەنها بە خۆ ڕازاندنەوە و ئاوات خواستن نییە، بەڵکو بەوەیە کە لە دڵی مرۆڤ دایە، کردەوە ئەنجام دان ڕاستگۆی ئیمانەکە بەدیار دەخات.

حەسەن ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەگەر بەندە چێژی ئیمانی کرد و هەستی بە شیرینیەکەی کرد، ئەوە چێژی ئیمان و شیرینیەکەی لەلای هەیە، بەرووبوومەکەی لەسەر زمان و ئەندامەکانی لاشەی بەدیار دەکەوێت، زمانی شیرین دەبێت بە زیکری خوای گەورە کردن، ئەندامەکانی لاشە بەخێرایی ملکەچ دەبن بۆ تاعەتی خوا)[١٣٠]

٢- فەزلی کردەوەکانی دڵ، لەبەر ئەوە پێش کردەوەی ئەندامەکانی لاشە خراوە لە نوێژ و ماڵ بەخشین، چونکە ئەسڵە بۆ کردەوەکانی لاشە و هۆکاری چاک بوونیەتی.

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ئەم پێنج عیبادەتانە لە گەورەترین پلەکانی ئیمانن.

---

(١٣٠) (لطائف المعارف) لابن رجب لاپەڕە (٢٢٦).

٤- ئەم ئایەتە بەڵگەیە واجبە پشت بەخوا ببەستیت و نابێت پشت بە کەسی تر ببەستیت.

٥- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ئیمانداری تەواو ئەگەر ترسێنرا بە خوا دەترسێت، ئەگەر ئامۆژگاری کرا بەخوا بیر دەکاتەوە و تێ دەگات و وەردەگرێت، ئەگەر پێیان بڵێیت: (اتقوا الله)، لەخوای گەورەو سزاکەی دەترسن، هەروەها ئەگەر ئامۆژگاری کران لە خوا دەترسن، بە پێچەوانەی ئەوانەی خوای گەورە لە دەربارەیاندا دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتۡهُ ٱلۡعِزَّةُ بِٱلۡإِثۡمِۚ فَحَسۡبُهُۥ جَهَنَّمُۖ وَلَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ٢٠٦﴾ [البقرة: ٢٠٦][١٣١].

٦- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ئیمان زیاد دەبێت.، بوخاری و پێشەوایانی تر ئەم ئایەتە و ئایەتی تری هاوشێوەی ئەمە دەکەنە بەڵگە بەوەی کە ئیمان زیاد دەبێت کە ئەمە وتەی زۆربەی زانایانە، بەڵکو هەندێک ئیجماع نقل دەکەن وەک ئیمام شافعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئەبو وعوبێد[١٣٢].

٧- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ئەگەر ئیماندار ئایەتەکانی خوای گەورەی بەسەردا خوێندرا و گوێی لێ بوو ئیمانی زیاد دەبێت، سوود لە قورئان وەردەگرێت.

٨- هەندێ زانا ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە دروست نییە هەموو ماڵ ببەخشیت، چونکە (من) بۆ هەندێک دێت، بەڵام وتەی ڕاست (من) بۆ بیان الجنسە.

وتەی: ﴿وَمِمَّا رَزَقۡنَاهُمۡ يُنفِقُونَ﴾، پیتی (من) بۆ هەندێکە، کەواتە مەدحەکە بۆ ئەوانەیە کە هەندێک لە ماڵی خۆیان دەبەخشن نەک هەموو، یان لەوانەیە پیتی (من) بۆ بیان الجنس بێت، کەواتە لەسەر ئەمە مەدحەکە بۆ بەخشینی هەندێک لە ماڵ و هەموو ماڵ

---

[١٣١] إعانة المستفيد (٨٤/٢).

[١٣٢] تفسير ابن كثير (٢٧٥/٢).

دێت، ئەوەی ڕاست بێت بۆ بیان الجنسه، هەرکەسێک هەموو ماڵی خۆی ببەخشێت داخلی مەدح دەبێت ئەگەر پشتی بەخوا بەست بەوەی خوای گەورە رزقی خۆی و مناڵی بدات هەروەک چۆن ئەبوبەکر ئەمەی کرد، بەڵام ئەگەر ماڵ و مناڵی پێویستیان پێ ی هەبوو، نابێت لەم حاڵەتە هەموو ماڵی ببەخشێت[١٣٣].

زانایان دەڵێن دروستە مرۆڤ هەموو مالی خۆی ببەخشێت لەکاتی لەش ساغی، واتە: جگە لە نەخۆشی مردن، ئەم مال بەخشینە دروستە بە دوو مەرج:

ـ کەسەکە موچەیەکی هەبێت یان ئیشی هەبێت بتوانێت خۆی بژێنێت دوای هەموو مال بەخشین.

ـ دەبێت لەوانە بێت تەوەکولێکی باشی هەبێت و ئارام بگرێت لەسەر هەژاری.

ئەگەر ئەم دوو مەرجەی تێدا نەبوو باش نییە هەموو مال ببەخشیت، چونکە ئەگەر هەموو مال ببەخشێت ئەمین نییە لە فیتنەی هەژاری و نەفس، نەوەک نەفس پەشیمان بێتەوە و پاداشتی پوچ بێتەوە، وە دەبێتە مشەخۆر بەسەر خەڵکەوە.

باشتر وایە مرۆڤ هەندێک ماڵ بۆ خۆی بەجێ بێلێت، چونکە کاتێک کەعبی کوڕی مالک ویستی هەموو ماڵی خۆی ببەخشێت پێغەمبەری خوا فەرمووی: (هەندێک ماڵی خۆت هەلگرە ئەمە بۆت باشترە)[١٣٤].

وقوله: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللّهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [الأنفال: ٦٤].

---

[١٣٣] القول المفيد.

[١٣٤] رواه البخاري (٢٥٥٢)، ومسلم (٤٩٧٣).

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ): تەنها خوا بەسە بۆ خۆت و ئەوانەی شوێنت کەوتوون لە ئیمانداران کە پشتگیر و یاریدەدەرتان بێت.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللَّهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾: لە ابن عباس دەگێڕنەوە خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت دەفەرموێت: ﴿حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴿١٧٣﴾﴾ [آل عمران: ١٧٣]، کاتێک ئیبراهیم هەڵدرایە ناو ئاگرەوە ئەمەی گوت، محمدیش (ﷺ) هەر وای گوت کاتێ پێیان گوت: (بە تەئکید خەڵکی کۆبوونەوە بۆ جەنگی ئێوە، جا کەوابوو لێیان بترسن، ئەمانیش ئیمانیان بەوە زیادی کرد و گوتیان: "خوامان بەسە و هەر ئەو باشترین کەسە کە کارەکانمان بدەینە دەستی، خۆی دەزانێت چی باشە ئەوەمان بۆ دەکات).

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (وشەی (حسب) بۆ خوایە بە تەنیا و کەسی تری لەگەڵ نییە، لەبەر وتەی: ﴿حَسْبُنَا اللَّهُ﴾، نەیان فەرموو: (حسبنا الله ورسوله)، بەڵکو گوتیان: (حسبنا الله وحده)، هەروەک چۆن بە تەنیایە بۆ تەوکل)[١٣٥].

﴿وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾: سەبارەت بە (عطف) زانایان دوو وتەیان هەیە، وتراوە: خوا بەسە بۆ تۆ، وە ئەوانەی شوێن کەوتووانی تۆن بەسن بۆ تۆ، پیتی (من) (معطوف)ە لەسەر ناوی خوا، چونکە نزیکترە، ئەگەر (عطف) لەسەر کاف بوایا (حسبك)، دەبوایا دووبارە کرابوایا، ئەمە وەک وتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ

(١٣٥) تفسير سورة آل عمران (٤٥٠/٢).

بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ﴿٦٢﴾ [الأنفال: ٦٢]، خوای گەورە پشتگیری پێغەمبەری کرد بە ئیمانداران، لەم ئایەتەش بەهەمان شێوە، ئەم وتەیە لاوازە لە چەند ڕووەوە:

یەکەم: ئەو وتەی کە دەڵێن: (عطف) بۆ نزیکترین دەگەڕێتەوە ئەمە ڕاست نییە، دەکرێت (عطف) بۆ پێشتر بگەڕێتەوە، هەتا زانایانی زمان دەڵێن ئەگەر (معطوف)ەکان زۆر بوون بۆ (عطف)ی یەکەمە.

دووەم: وتەیان کە دەڵێن: ئەگەر (عطف) لەسەر کاف بکرێت واجب دەبوو دووبارە بکرێتەوە، وتەی ڕاست واجب نییە، هەروەک ابن مالک دەفەرموێت:

وليس عندي لازما إذ قد أتى في النثر والنظم والصحيح مثبتا

سێیەم: وتەی خوای گەورە کردنە بەڵگە: ﴿هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ﴾، (تأیید) هەمان مانای (حسب)ی نییە، چونکە مانای (حسب) ئەوەیە پشتی پێ دەبەستێت، بەڵام مانای (تأیید) واتە سەری دەخات، کەواتە جیاوازی هەیە لە نێوانیان.

چوارەم: خوای گەورە کاتێک باسی (حسب) دەکات بە پاکی دەیداتە پاڵ نەفسی خۆی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا مَا آتَاهُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ سَيُؤْتِينَا اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَرَسُولُهُ إِنَّا إِلَى اللَّهِ رَاغِبُونَ﴿٥٩﴾﴾ [التوبة: ٥٩]، جیاوازی خستۆتە نێوان (حسب) و (الإيتاء)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿حَسْبِيَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ﴿٣٨﴾﴾ [الزمر: ٣٨]، چۆن تەوکل بۆ بێجگە لەخوا دروست نییە، (حسب)یش بەهەمان شێوەیە.

پێنجەم: وتەی (ومن اتبعك)، ئەوەی ڕێگر بێت لەوەی هاوەڵان بەس بن بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە هاوەڵان شوێنکەوتەی پێغەمبەرن (ﷺ)، چۆن دەکرێت شوێنکەوتوو

بەس بێت بۆ شوێن كەوتراو؟ ئەمە ناگونجێت هەرگیز، ئەوەی ڕاست بێت (معطوف)ە لەسەر پیتی (كاف) لە وتەی: (حسبك) واتە: خوای گەورە بەسە بۆ شوێن كەوتووانت لە ئیمانداركان، تەوكل بخەنە سەر خوا هەمووتان، تۆ و شوێن كەوتووەكانت)[١٣٦].

هۆكاری باسكردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

عبدالله بن جار الله دەفەرموێت: (ئەگەر خوای گەورە بەس بێت بۆ بەندە، واجبە پشت بە كەس نەبەستێت ئیلا بە خوا نەبێت)[١٣٧].

سوودەكانی ئایەتەكە:

١- خطاب بە بانگكردن بۆ ئاگادارکردنەوە و بە ئاگاهاتنە، لەبەر وتەی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ﴾.

٢- ڕێز و شەرەفی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە بانگ كردنی بە شێوەیەكی تایبەت لەنێو هەموو پێغەمبەرەكان، لەبەر وتەی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ﴾.

٣- جێگیركردنی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ).

٤- كیفایەتی خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەكەی و ئیمانداران بە پاراستن و سەرخستن و پشتگیر كردنی، لەبەر وتەی: ﴿حَسْبُكَ اللَّهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾، هەر كەسێک تەوكل نەخاتە سەر خوا، خوای گەورە بەتەمای ئەو شتە جێی دەهێڵێت كە پشتی پێ بەستووە، ئەگەر خوای گەورە بەس بێت واجبە توكل بخەیتە سەری و تەنها پشت بەو ببەستیت.

---

(١٣٦) القول المفيد.

(١٣٧) الجامع الفريد (١٣٦).

٥- فەزلی ئیمان هێنان و شوێن پێغەمبەری خوا کەوتن لەبەر کیفایەتی خوای گەورە بۆیان.

وقوله: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾ [الطلاق: ٣].

واتە: جا ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت ئەوا ئەو زاتەی بەسە بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت، چونکە بەڕاستی خوا کارو فەرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بێگومان خوا بۆ هەموو شتێک نەخشەیەکی دیاریکراوی بڕیارداوە (کە دەبێت پەیڕەو بکرێت).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾: واتە: هەر کەسێک پشت بەخوا ببەستێت.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابەتە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە واجبە توکل بخەیتە سەر خوا، وە توکل خستنە سەر بێجگە لەخوا شیرکە.

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە هەر کەسێک توکل بخاتە سەر بێجگە لەخوا ڕیسوا دەکرێت، چونکە بێجگە لەخوا بۆی بەس نییە[١٣٨].

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە توکل خستنەسەر خوا واجبە.

---

[١٣٨] القول المفيد (٢ / ٢٤٠-٢٤١).

عن ابن عباس رضي الله عنهما قال: ﴿حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ﴾ [آل عمران: ١٧٣]، **قالها إبراهيم (ﷺ) حين ألقي في النار، وقالها محمد (ﷺ) حين قالوا له:** ﴿إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُواْ حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ [ال عمران: ١٧٣] رواه البخاري والنسائي[١٣٩].

واتە: لە ابن عباس دەگێڕنەوە خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت دەفەرموێت: ﴿حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ﴾، کاتێک ئیبراهیم هەڵدرایە ناو ئاگرەوە ئەوەی گوت، محمدیش (ﷺ) هەر وای گوت کاتێ پێیان گوت: (بە تەئکید خەڵکی کۆبوونەوە بۆ جەنگی ئێوە جا کەوابوو لێیان بترسن، ئەمانیش ئیمانیان بەوە زیادی کرد و گوتیان: "خوامان بەسە و هەر ئەو باشترین کەسە کە کارەکانمان بدەینە دەستی، خۆی دەزانێت چی باشە ئەوەمان بۆ دەکات).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

﴿إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ﴾: واتە: بە تەئکید خەڵک کۆبوونەوە بۆ جەنگی ئێوە.

﴿فَاخْشَوْهُمْ﴾: واتە: جا کەواتە لێیان بترسن.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە واجبە پشت بەخوا ببەستریت، وە ئیمانداری تەواو لە کاتی تەنگانەدا توکلی بەدیار دەکەوێت.

---

[١٣٩] أخرجه البخاری (٤٥٦٣،٤٥٦٤)، والنسائي في (الكبرى) (٦/١٥٤ رقم ١٠٤٣٩).

سوودەكانی فەرموودەكە:

١- وتەی ابن عباس مەجالی بیروڕای تێدا نییە و حوكمی ڕەفعی هەیە، ابن عباس لەو كەسانەیە لە نەوەی ئیسرائیلیش ڕیوایەت دەكات لەوانەیە لەوانی وەرگرتبێت، بەڵام بە شێوەیەكی براوە ئەمەی گوتووە و بەراوردی كردووە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)، دوورە لە نەوەی ئیسرائیلی وەرگرتبێت[١٤٠].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە وشەی (حسب) بۆ خوایە بە تەنیا و كەسی تری لەگەڵ نییە، لەبەر وتەی: ﴿حَسْبُنَا اللّهُ﴾، نەیان گوت: (حسبنا الله ورسوله)، بەڵكو گوتیان: حسبنا الله وحده هەروەك چۆن بە تەنیایە بۆ توكل[١٤١].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئیماندار چەندە بەڵاو ناخۆشی بەسەردا زۆرو توند بێت، ئەوا ڕوو لە خوا دەكات و ئیمانی زیاد دەبێت[١٤٢].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیركردنی ناوی (الوكيل) بۆ خوا[١٤٣].

٥- ئەم فەرموودەیە بەرووبوومی تەوكل بۆ سەر خوا بۆمان ڕوون دەردەخات، ئەویش ڕزگار بوونە لە تەنگانە و بەدەست هێنانی ئارامی و سەقامگیرییە.

---

(١٤٠) القول المفيد.

(١٤١) تفسير سورة آل عمران (٤٥٠/٢).

(١٤٢) تفسير سورة آل عمران (٤٤٩/٢).

(١٤٣) تفسير سورة آل عمران (٤٤٩/٢).

باب قول الله تعالى: ﴿أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ ٱللَّهِۚ فَلَا يَأۡمَنُ مَكۡرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ٩٩﴾ [الأعراف: ٩٩]

وقوله: ﴿قَالَ وَمَن يَقۡنَطُ مِن رَّحۡمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ٥٦﴾ [الحجر: ٥٦]

عن ابن عباس رضي الله عنهما، أن رسول الله (ﷺ) سئل عن الكبائر، فقال: (الشرك بالله، واليأس من روح الله، والأمن من مكر الله)[١٤٤].

وعن ابن مسعود رضي الله عنه قال: (أكبر الكبائر: الإشراك بالله، والأمن من مكر الله، والقنوط من رحمة الله، واليأس من روح الله) رواه عبد الرزاق[١٤٥].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير آية الأعراف.

الثانية: تفسير آية الحجر.

الثالثة: شدة الوعيد فيمن أمن مكر الله.

الرابعة: شدة الوعيد في القنوط.

---

[١٤٤] أخرجه البزار (١/٧١ رقم ١٠٦/كشف)، والبيهقي في (شعب الإيمان) (١/٢٧١ رقم ٢٩١).

[١٤٥] أخرجه عبدالرزاق في (المصنف) (١٠/٤٥٩ رقم ١٩٧٠١)، والطبراني في (الكبير) (٩/١٥٦ رقم ٨٧٨٣ و ٨٧٨٤)، والبيهقي في (شعب الإيمان) (٢/٢٠ رقم ١٠٥٠).

باب قول الله تعالى: ﴿أَفَأَمِنُواْ مَكۡرَ ٱللَّهِۚ فَلَا يَأۡمَنُ مَكۡرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ٩٩﴾ [الأعراف: ٩٩]

باسی ئەمین بوون لە فێڵ و پیلانی خواو، نائومێد بوون لە ڕەحمی خوا.

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (مەبەست لەم بابە: ڕوون کردنەوەی کۆکردنەوەی ترسان و ئومێد بوونە بەخوا کە واجبێکە لە واجبەکانی ئیمان، تەوحید تەواو نابێت مەگەر بەمە، کۆنەکردنەوەی ترسان و ئومێد بوون بەخوا نەفی تەواوی تەوحید دەکات، واجبە لەسەر بەندە ترسی لەگەڵ ئومێد بوون بە خوا بێت، هەروەها ئومێدی لەگەڵ ترس بێت، وە ئەمین نەبێت لە فێڵی خوا هەروەک چۆن بێ ئومێد نابێت لە ڕەحمی خوا)[١٤٦].

﴿أَفَأَمِنُواْ مَكۡرَ ٱللَّهِۚ فَلَا يَأۡمَنُ مَكۡرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ٩٩﴾ [الأعراف: ٩٩]

خوای گەورە دەفەرموویت: (ئایا ئەوانە لە فێلی خوا ئەمین و بێ خەم بوون، هیچ کەس لە فێلی خوا ئەمین و بێ خەم نابێ مەگەر قەومێک کە تەواو خەسارەتمەند بن).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿أَفَأَمِنُواْ مَكۡرَ ٱللَّهِۚ﴾: واتە: ئایا ئەوان لە فێڵی خوا ئەمین و بێ خەم دەبن.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

---

[١٤٦] التمهيد لاپەڕە (٣٦٦).

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردوە بۆ ئەوەی حوکمی ئەمین بوون لە مەکری خوا ڕوون بکاتەوە.

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە حەرامە ئەمین بیت لە فێلی خوا، ئەم ڕستەیە لەسەر شێوەی استفهامە، دەلالەت لەسەر ئینکاری و سەرسوڕمان دەکات[١٤٧].

٢- ئەم ئایەیە بەڵگەیە بۆ ئاگاداری وەرگرتن لە نیعمەتی خوای گەورە بۆ بەندە، چونکە جاری وایە بەندە ڕادەکێشێت و هەستی پێ ناکات.

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە موشریکەکان سیفەتیان ئەوە بوو ئەمین بوون لە سزای خوا و نەدەترسان[١٤٨].

٤- نابێت سیفەتی مەکر بدرێتە پاڵ خوای گەورە مەگەر لەو شوێنە بێت کە مەدح بێت، ئەگەر وترا چۆن وەسفی خوای گەورە دەکرێت بە مەکر لەگەڵ ئەمەش ئەوەی دیار بێت زەمکراوە؟

دەوترێ: مەکر لە شوێنی خۆی سوپاس کراوە و بەڵگەیە لەسەر بەهێزی ماکر، هەروەها باڵا دەستە بەسەر بەرامبەرەکەی، لەبەر ئەوە وەسف ناکرێت بە مطلقی نابێت بڵێیت: خوای گەورە ماکیرە، بەڵکو ئەمە لەو شوێنە باس دەکرێت کە مەدح بێت، وەک وتەی خوای گەورە: ﴿وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ﴾ [الأنفال: ٣٠]، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا وَمَكَرۡنَا مَكۡرٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٥٠﴾ [النمل: ٥٠]، وەک وتەی خوای گەورە: ﴿أَفَأَمِنُواْ مَكۡرَ ٱللَّهِۚ﴾، ئەم سیفەتە نەفی ناکرێت بە مطلقی، بەڵکو

---

[١٤٧] القول المفيد.

[١٤٨] التمهيد لاپەڕە (٣٦٦).

لەو شوێنەی مەدحە وەسفی پێ دەکرێت و لەو شوێنەی مەدح نییە وەسفی پێ ناکرێت، هەروەها ناوی لێ نانرێت و نابێت بگوترێ یەکێک لە ناوەکانی خوای گەورە (ماکر)ە.

سەبارەت بە خیانەت نابێت وەسفی خوای گەورەی پێ بکرێت بە مطلقی، چونکە زەمە بە هەموو شێوەیەک، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن يُرِيدُواْ خِيَانَتَكَ فَقَدۡ خَانُواْ ٱللَّهَ مِن قَبۡلُ فَأَمۡكَنَ مِنۡهُمۡۗ﴾ [الأنفال: ٧١]، لەم ئایەتە نەیفەرموو: خیانەتی لەوان کرد.

سەبارەت بە (خداع) ئەویش وەک مەکر وایە و وەسفی خوای گەورەی پێ دەکرێت لەو شوێنەی کە مەدحە[١٤٩].

نابێت وەسفی خوای گەورە بکەیت بە کید، ئیلا ئەگەر بۆ بەرامبەر بێت.

ابن تیمییە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم ناوانە: المكر و الاستهزاء و السخرية ، ئەگەر مەکر بیکەیت بەرامبەر بە کەسێک شایستەی سزا نەبێت ئەوا دەبێتە ستەم بۆی، بەڵام ئەگەر بکەیت بەرامبەر کەسێک تاوانی بەرامبەر کەسێک کردووە ئەوا سزایە بۆی و کردەوەکەی دادپەروەرییە)[١٥٠].

---

[١٤٩] القول المفيد.

[١٥٠] مجموع الفتاوى (١١١/٧).

وقوله: ﴿قَالَ وَمَن يَقۡنَطُ مِن رَّحۡمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ﴾ [الحجر: ٥٦]

واتە : خوای گەورە دەفەرموویێت: (کێ هەیە لە ڕەحمەتی پەروەردگار نائومێد بێت مەگەر ئەو کەسانەی کە تەواو گومڕا بوون).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿قَالَ وَمَن يَقۡنَطُ مِن رَّحۡمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ﴾: ئەم ڕستەیە ئیبراهیم (عليه السلام) گوتی کاتێک فریشتە هاتنە لای لەسەر شێوەی مرۆڤ وەک میوان مەبەستیان ئەوە بوو بچن قەومی لوط لەناو ببەن[١٥١].

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

عبدالله بن جار دەفەرموویێت: (بێ ئومێد بوون لە ڕەحمی خوای گەورە نەفی تەواوی تەوحید دەکات، هەروەک چۆن ئەمین بوون لە مەکری خوای گەورە نەفی تەواوی تەوحید دەکات)[١٥٢].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بێ ئومێد بوون لە ڕەحمی خوای گەورە لە تاوانە گەورەکانە، زانایان دەڵێن گومانی تێدا نیە بێ ئومێد بوون لە ڕەحمی خوا سیفەتی کافرەکان و گومڕابووەکانە، هەروەها سیفەتی کافرەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ناتوانیت بڵێیت هەر کەسێک سیفەتێک لە سیفەتەکانی کافری تێدا بێت کافرە بە هەموو شێوەیەک.

---

[١٥١] القول المفيد.

[١٥٢] الجامع الفريد.

زانایان دەڵێن بێ ئومێد بوون لە ڕەحمی خوای گەورە حاڵەت هەیە تووشی کوفر بوە و حاڵەتیش هەیە تووشی تاوانێک بوە لە تاوانە گەورەکان:

یەکەم: ئەگەر ئومێدی بەڕەحمی خوا نەما و باوەڕی وابوو خوا لێی خۆش نابێت یان لە فلانە کەس خۆش نابێت و ئینکاری ڕەحم و لێ خۆش بوونی خوا بکات ئەمە کوفرە چونکە قورئانی بەدرۆ خستۆتەوە، لە کاتێکدا ڕەحمی خوا هەموو شتێکی گرتۆتەوە.

دووەم: ئەگەر ئومێدی بە ڕەحمی خوا نەما و بە دووری دانا لێ ی خۆش بێت لەبەر گەورەیی تاوانەکە لەکاتێکدا ئینکاری ڕەحم و لێ خۆش بوونی خوا ناکات ئەمە تووشی تاوانێکی گەورە بووە.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (بێ ئومێد بوون لە ڕەحمی خوا دروست نییە چونکە گومانی خراپ بردنە بە خوا لە دوو ڕووەوە:

یەکەم: طعن دانە لە توانای خوای گەورە، چونکە هەر کەسێک بزانێت خوای گەورە باڵا دەستە بەسەر هەموو شتێک ئەوا هیچ شتێک بە دوور نازانێت و بە دووری ناخات لە توانای خوای گەورە.

دووەم: طعن دانە لە ڕەحمی خوای گەورە، چونکە هەر کەسێک بزانێت خوای گەورە ڕەحیمە ئەوا بە دووری نازانێت ڕەحمی پێ بکات، لەبەر ئەوە ئەوەی بێ ئومێد بووە لە ڕەحمی خوای گەورە گومڕایە)[١٥٣].

صالح ال الشیخ خوا بپارێزێت دەفەرموێت: (ئەمە بەڵگەیە سیفەتی ئەوانەی گومڕا بوونە ئەوەیە کە بێ ئومێد بوونە لە ڕەحمی خوای گەورە، هەروەها ماناکەی ئەوە دەگەیەنێت کە سیفەتی تەقوادار و هیدایەت دراوەکان ئەوەیە کە بێ ئومێد نابن لە

---

[١٥٣] قول المفید.

ڕەحمی خوای گەورە، بەڵکو ئومێدیان هەیە بە ڕەحمی خوای گەورە، هەردووک پێکەوە کۆکردنەوەی خوف و رجاء واجبە لە ڕووی شەرعەوە، ترسان عیبادەتە و ئومێد بوون بە ڕەحمی خواش عیبادەتە، کۆبوونەوەیان پێکەوە لە دڵ دا واجبە، دەبێت ئیلا هەردووکیان پێکەوە لە دڵ دا کۆببنەوە تاکو عیبادەت دروست بێت)[١٥٤].

[١٥٤] التمهید لاپەڕە (٣٦٨).

عن ابن عباس رضي الله عنهما، أن رسول الله (ﷺ) سئل عن الكبائر، فقال: (الشرك بالله، واليأس من روح الله، والأمن من مكر الله)[١٥٥].

واتە: لە ابن عباس دەگێڕنەوە خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت دەفەرموویت: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەبارەت بە تاوانە گەورەکان، فەرمووی: (شەریک بۆ خوا بڕیاردان، نائومێد بوون لەوەی کە خوا دەروی خێرت لێ بکاتەوە، وە ئەمین بوون لە فێڵی خوا).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(اليأس من روح الله): (يأس) نەمانی ئومێدە، (الروح) نزیکە لە مانای ڕەحم، واتە: ڕزگار بوون و دەرگای خێر بەسەردا کردنەوە.

(الأمن من مكر الله): واتە: سەرپێچی خوا دەکات لەگەڵ ئەمەش خوای گەورە نیعمەتی لەگەڵ دەکات و ڕایدەکێشێت.

هۆکاری باسکردنی فەرموودەکە لەم بابە:

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ڕووی هێنانەوەی ئەمە فەرموودەیە لەم بابە ئەوەیە: بێ ئومێد بوونی لە ڕەحمی خوای گەورەیە و نەمانی (الرجاء)ە لە دڵ دا، عیبادەتی ڕەجای تەرک کردووە کە لە تاوانە گەورەکانە، هەروەها ئەمین بوون لە مەکری خوا نەمانی ترسە لە دڵدا و لە تاوانە گەورەکانە، نەبوونی ڕەجا لە تاوانە گەورەکانە و نەبوونی ترسیش لە تاوانە گەورەکانە، لە تاوانە گەورەکانە لەڕووی کردەوەی دڵ، کۆبوونەوەی هەردوو تاوان کە نە ترسی لا مابێت و نە ڕەجا گەورەترە

---

[١٥٥] أخرجه البزار (١/٧١ رقم ١٠٦/كشف)، والبيهقي في (شعب الإيمان) (١/٢٧١ رقم ٢٩١).

لە تەرک کردنی ترس بە تەنیا، یان تەرک کردنی ڕەجا بە تەنیا لەبەر ئەوە لەم فەرموودەیە هەردووکی باسکردووە)[١٥٦].

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تاوان دەبەش دەکرێت بۆ دوو بەش، تاوانی گەورە و تاوانی بچووک.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە شیرک لە تاوانە گەورەکانە بە هەموو جۆرەکانییەوە، جا شیرکی گەورە بێت یان بچووک بێت یان شاراوە بێت.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ظاهری فەرموودەکە مطلقە: مەبەست پێی شیرکی گەورە و بچووکە، ئەمە وتەی ڕوون و دیارە، چونکە شیرکی بچووک لە تاوانی گەورە گەورەترە، ابن مسعود دەفەرموێت: (لأن أحلف بالله كاذبا أحب إلي من أن أحلف بغيره صادقا)، لەبەر ئەوە تاوانی شیرک گەورەترە لە تاوانی درۆ، ئەمەش بەڵگەیە شیرک لە تاوانە گەورەکانە بە مطلقی.

شیرک بەخوا ئەمانە لەخۆ دەگرێت، شیرک لە پەروەردگارییەتی و بەندایەتی و ناو و سیفەت دا)[١٥٧].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بێ ئومێد بوون لە ڕەحمی خوای گەورە لە تاوان گەورەکانە.

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەمین بوون لە مەکری خوای گەورە لە تاوانە گەورەکانە.

---

[١٥٦] التمهيد لاپەڕە (٣٦٩-٣٧٠)..

[١٥٧] القول المفيد.

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بانگخواز دەبێت لە شتی گرینگتر دەست پێ بکات، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێک ویستی هاوەڵان فێر بکات بە گرینگترینیان دەستی پێ کرد کە شەریک بۆ خوا بڕیاردانە.

وعن ابن مسعود رضي الله عنه قال: (أكبر الكبائر: الإشراك بالله، والأمن من مكر الله، والقنوط من رحمة الله، واليأس من روح الله) رواه عبد الرزاق[١٥٨].

واتە: لە ابن مسعود دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: (گەورەترینی تاوانە گەورەکان ئەمانەن:

١- شەریک بۆ خوا دانان.

٢- ئەمین بوون لە فێڵی خوا.

٣- نائومێد بوون لە ڕەحمی خوا.

٤- بە دوور زانین و نائومێد بوون لەوەی کە خوا دەرگای خێرت لێ بکاتەوە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(الإشراك بالله): ئەمە گەورەترین تاوانی گەورەیە.

(القنوط من رحمة الله): (قنوط): ئەوەیە ڕەحمی خوای گەورە بە دوور دابنێیت و بەدەست هێنانی شتەکە بەدوور ببینیت.

(والقنوط من رحمة الله، واليأس من روح الله): صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: ((قنوط من رحمة الله)، عامە، چونکە ڕەحم (عام)ترە لە روح، ڕەحم

---

[١٥٨] أخرجه عبدالرزاق في (المصنف) (١٠/٤٥٩ رقم ١٩٧٠١)، والطبراني في (الكبير) (٩/١٥٦ رقم ٨٧٨٣ و ٨٧٨٤)، والبيهقي في (شعب الإيمان) (٢/٢٠ رقم ١٠٥٠).

ڕاکێشانی نیعمەت و لادنی ناخۆشی لەخۆ دەگرێت، ڕوح زۆرینەی جار بۆ ڕزگار بوونە لە بەڵاو ناخۆشی)[١٥٩].

هۆکاری باسکردنی فەرموودەکە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە واجبە موسڵمان ترس و ئومێد بەخوا بوون پێکەوە کۆ بکاتەوە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەڕامە ئەمین بیت لە مەکری خوا و بێ ئومێد بیت لە ڕەحمی خوا، هەردووکیان تەواوی تەوحید کەم دەکەنەوە، هەندێک جار نەفی تەوحید دەکەن[١٦٠].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە لەسەر موسڵمان ترس و ڕجاء پێکەوە کۆ بکاتەوە، نابێت تەنها بترسێت و نابێتیش تەنها ئومیدی هەبێت، بەڵکو دەبێت بترسێت و ئومێدی هەبێت بە بەردەوامی، ئەمە تەوحیدە و ئەمە سیفەتی وەلی یەکانی خوایە[١٦١].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بانگخواز دەبێت لە شتی گرینگتر دەست پێ بکات، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێک ویستی هاوەڵان فێر بکات بە گرینگترینیان دەستی پێ کرد کە شەریک بۆ خوا بڕیاردانە، چونکە شیرک لەهەمووان گەورەترە بۆیە بە شیرک دەستی

---

[١٥٩] التمهيد لاپەڕە (٣٧٠).

[١٦٠] إعانة المستفيد (١٠٥/٢).

[١٦١] إعانة المستفيد (١٠٥/٢).

پێكرد، پاشان دوای ئەمە بە ئەمین بوون لە مەكری خوا و بێ ئومێد بوون بە ڕەحمی خوا دەست پێكرد[١٦٢].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تاوان دوو جۆرن، تاوانی گەورە و تاوانی بچووک.

[١٦٢] إعانة المستفيد (١٠٥/٢).

باب من الإيمان بالله الصبر على أقدار الله

وقول الله تعالى: ﴿وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ﴾ [التغابن: ١١].

قال علقمة: هو الرجل تصيبه المصيبة فيعلم أنها من عند الله، فيرضى ويسلم.

وفي صحيح مسلم عن أبي هريرة رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (اثنتان في الناس هما بهم كفر: الطعن في النسب، والنياحة على الميت)[١٦٣].

ولهما عن ابن مسعود مرفوعا: (ليس منا من ضرب الخدود، وشق الجيوب، ودعا بدعوى الجاهلية)[١٦٤].

وعن أنس رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (إذا أراد الله بعبده الخير عجل له العقوبة في الدنيا، وإذا أراد بعبده الشر أمسك عنه بذنبه حتى يوافى به يوم القيامة)[١٦٥].

وقال النبي (ﷺ): (إن عظم الجزاء مع عظم البلاء، وإن الله تعالى إذا أحب قوما ابتلاهم، فمن رضي فله الرضي، ومن سخط فله السخط) حسنه الترمذي[١٦٦].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير آية التغابن.

الثانية: أن هذا من الإيمان بالله.

---

[١٦٣] أخرجه مسلم (٦٧).

[١٦٤] أخرجه البخارى (١٢٩٤)، ومسلم (١٠٣).

[١٦٥] أخرجه الترمذي (٢٣٩٦)، والحاكم(٤/٦٠٨)، والبيهقي في (الأسماء والصفات) (١/٣٤٠) .

[١٦٦] أخرجه الترمذي (٢٣٩٦)، وابن ماجه (٤٠٣١)، وأبو يعلى في (المسند) (٧ / ٢٤٧ رقم ٤٢٥٣).

الثالثة: الطعن في النسب.

الرابعة: شدة الوعيد فيمن ضرب الخدود وشق الجيوب ودعا بدعوى الجاهلية.

الخامسة: علامة إرادة الله بعبده الخير.

السادسة: إرادة الله به الشر.

السابعة: علامة حب الله للعبد.

الثامنة: تحريم السخط.

التاسعة: ثواب الرضي بالبلاء.

باب من الإيمان بالله الصبر على أقدار الله

لە ئیمان هێنانە بەخوا ئارام گرتن لەسەر قەدەرەکانی خوای گەورە

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دانەری کتاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەم بابەی تایبەت کردووە بە ئارامگرتن لەسەر قەدەری خوا، چونکە پەیوەستە بە تەوحیدی پەروەردگاریەتی، چونکە بەڕێوەبردنی دروستکراوەکان و تقدیر کردن لە پەروەردگاریەتی خوای گەورەیە)[١٦٧].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتاب التوحید: ئارام گرتن لەسەر قەدەرەکانی خوای گەورە لە تەواوکەرەکانی تەوحیدە، وە ئارام نەگرتن لەسەر قەدەرەکانی خوای گەورە لە کەم کەرەکانی تەوحیدە)[١٦٨].

عبدالله بن جار دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتێبی تەوحید: ئارام نەگرتن لەسەر قەدەری خوای گەورە و تۆڕە بوون نەفی تەوحید و ئیمان دەکات)[١٦٩].

وقول الله تعالى: ﴿وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥ﴾ [التغابن: ١١].

---

[١٦٧] القول المفيد (٢/٢٥٩).

[١٦٨] إعانة المستفيد.

[١٦٩] الجامع الفريد لاپەڕە (١٤١).

واتە: خوای گەورە دەفەرموویت: (هەر کەسێک ئیمان بهێنێت بەخوا، ئەوە خوای گەورەی هیدایەتی دڵی دەدات، خواش بەهەموو شتێک زانایە).

قال علقمة: هو الرجل تصيبه المصيبة فيعلم أنها من عند الله، فيرضى ويسلم.

واتە: عەلقەمە دەفەرموویت: ئەوە باسی پیاوێک دەکات هەر بەلا و ناخۆشییەکی بەسەردا دێت، دەزانێت لە لایەن خواوەیە، ئەوجا بە قەدەری خوا ڕازی دەبێت و تەسلیم دەبێت.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ﴾: واتە: خوای گەورە هیدایەتی دڵی دەدات بۆ ئارام گرتن و ناڕازی دەرنەبڕین.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوون بکاتەوە ئارام گرتن لە ئیمانە.

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە هەر کەسێک تووشی هەر بەلا و ناخۆشی یەک بوو، ئەوە با بزانێت لەلایەن خواوەیە و بە ئیزنی خوای گەورەیە، چونکە سەرەتای ئایەتەکە دەفەرموویت: ﴿ما أصاب من مصيبة إلا بإذن الله وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ﴾.

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە هەر کەسێک ئیمانێکی تەواوی بەخوا هەبێت، خوای گەورە هیدایەتی دەدات ئارام بگرێت و ناڕازی بوون دەرنەبڕێت وە هیدایەتی دڵی دەدات بۆ عیبادەتەکان[١٧٠].

٣- ئەمە بەڵگەیە ئیمان پەیوەستە بە دڵ ، ئەگەر دڵ بە هیدایەت هات ئەندامەکانیش بە هیدایەت دێن، لەبەر وتەی پێغەمبەر (ﷺ): (إن فی الجسد مضغة، إذا صلحت صلح الجسد کله، وإذا فسدت فسد الجسد کله، ألا وهي القلب)[١٧١].

٤- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ئارام گرتن لەسەر بەلا و ناخۆشی و ڕازی بوون بە قەدەری خوا لە ئیمانە، چونکە خوای گەورە بە ئیمان وەسفی کردووە[١٧٢].

---

[١٧٠] التمهيد لاپەڕە (٣٧٥-٣٧٦).

[١٧١] القول المفيد.

[١٧٢] إعانة المستفيد.

وفي صحيح مسلم عن أبي هريرة رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (اثنتان في الناس هما بهم كفر: الطعن في النسب، والنياحة على الميت).

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (دوو سیفەت لەناو خەڵکی دەمێننەوە کوفرن: یەکیان: تانە دانە لە نەسەبی خەڵک، دووەمیان: شیوەن کردنە لەسەر مردوو).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(اثنتان في الناس هما بهم كفر): واتە: دوو سیفەت لەناو خەڵکی دەمێننەوە کوفرن، وشەی: (کفر) لێرەی نەناسراوە، دەلالەت لەسەر کوفری گەورە ناکات.

(الطعن في النسب): واتە: تانە دانە لە نەسەبی خەڵک.

(والنياحة على الميت): واتە: شیوەن کردنە لەسەر مردوو.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوون بکاتەوە شیوەن کردن لەسەر مردوو ئارام نەگرتنە لەسەر قەدەری خوای گەورە و کوفرە.

صالح ال اشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ڕووی هێنانەوەی ئەم فەرموودەیە: وتەی: (النياحة على الميت)، چونکە نیاحە پێچەوانەی ئارام گرتنە، ئارام گرتنی واجب خۆ گرتنەوەیە لە لەخۆدان و یەخە دڕاندن و شتی تری وەک ئەمانە، نیاحە بەشێکی کوفرە، چونکە نەفی ئارام گرتن دەکات)[١٧٣].

---

[١٧٣] التمهيد لاپەڕە (٣٧٧).

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەم دوو کردەوەیە کوفری بچووکن، چەند وتە هەیە ڕاسترینیان ئەوەیە ئەم دوو کردەوەیە کردەوەی کافرەکانە و ڕەوشتی سەردەمی نەزانینە.

دووەم: هەندێکی تر دەڵێن ئەمە سەردەکێشێت بۆ کوفر.

سێیەم: هەندێکی تر دەڵێن ئەمە کوفری نیعمەت و چاکەیە.

چوارەم: هەندێکی تر دەڵێن ئەمە باسی ئەو کەسەیە حەڵاڵی دەکات[١٧٤].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم دوو کردەوەیە کوفری بچووکن، چونکە کوفر ئەگەر نەناسراو هات مەبەست پێی کوفری بچووکە، بەڵام ئەگەر ئەلیف و لامی لەسەر بوو، ئەوە مەبەست پێی کوفری گەورەیە)[١٧٥].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە شیوەن کردن لەسەر مردوو حەڕامە و کوفرە، وە ئارام گرتن و ڕازی بوون لەسەر بەلاو ناخۆشی نیشانەی ئیمانە.

زانایان دەڵێن: (النياحة): دەنگ بەرز کردن و گریانە بە دەنگی بەرز و هاوار کردن و لەخۆدان و قژ دەرهێنان و وتنی قسەی هەلەو ئارام نەگرتنە، وە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان[١٧٦].

موسیبەت دوو جۆرە:

---

[١٧٤] شرح صحيح مسم (١/٣٣٤).

[١٧٥] إعانة المستفيد.

[١٧٦] (المجموع) للنووي (٢٨١/٥).

یەكەم: موسیبەتی دونیا، ئەمەیان دروست نییە و حەرامە، هەندێک زانا ئیجماع نەقل دەكەن كە حەرامە[١٧٧].

دووەم: موسیبەتی دین، هەندێک زانا دەڵێن ئەمەیان جیاوازە لە موسیبەتی دونیا و دروستە، بەڵگە:

١ـ ئەو پیاوەی لە ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا لەگەڵ خێزانی خۆی جووت بوو، ڕیوایەتی الدارقطنی هاتووە دەفەرموێت: (ویحثی علی رأسه التراب)، واتە: خۆلی بەسەر سەری خۆیدا دەكرد.

ـ ڕیوایەت هاتووە: (یلطم وجهه)، واتە: لە ڕوخساری خوی دەدا.

ـ ڕیوایەت هاتووە: (هلك الابعد).

ابن حجر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم ڕیوایەتانە دەكەنە بەڵگە ئەم وتە و كردەوانە دروستن بۆ كەسێک تووشی تاوان بووە، جیاوازی دەخەنە نێوان موسیبەتی دین و دونیا، بۆ موسیبەتی دین دروستە لەبەر ئەوەی هەست بە حاڵی دەكرێت زۆر پەشیمان بۆتەوە، لەوانەشە كردەوەی ئەم پیاوە پێش نەهی كردن بووبێت لە لێدان لە ڕوومەت و قژ دەرهێنان لە كاتی موسیبەتدا)[١٧٨].

باشتر وایە خۆت بەدوور بگریت لەم كردەوانە كاتی موسیبەتی دین و دونیا، دەبێت ئارام بگریت لەسەر تاعەت و تاوان و قەدەرەكانی خوای گەورە، واللّٰه أعلم.

---

(١٧٧) (المجموع) (٢٨١/٥).

١٧٨) فتح الباري (١٩٤/٤-١٩٥)، (طبع دار الريان للتراث) القاهره.

زیانەکانی نیاحە:

- هیچ بۆ نائح زیاد ناکات مەگەر خەم و خەفەت و دڵ تەنگی.

- ناڕازی یە بە قەدەری خوای گەورە و پشتی تێکردووە، وە ئارام گرتنی کەمە، هەروەک ئەوە وایە نائحە بلێت: نابێت ئەو کەسە مردبا یان ئاوای کردبا یان هێشتا کات مابوو.

- خەلکی تریش هان دەدات و خەم و خەفەت بلاودەکاتەوە.

- نائحە مردوو ئازار دەدات، چونکە مردوو هەست بە ئازار دەکات هەروەک فەرموودە هاتووە.

- لەگەڵ ئەم هەموو زیانانە قەزاو ئەوەی بەسەری هاتووە لاناچێت بەم نیاحە کردنە.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تانە دان لە نەسەبی خەڵک لە تاوانە گەورەکانە.

ولهما عن ابن مسعود مرفوعا: (ليس منا من ضرب الخدود، وشق الجيوب، ودعا بدعوى الجاهلية).

واتە: لە ابن مسعود دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (ئەو کەسە لەئێمە نییە کە لە کاتی بەلا و ناخۆشی لە ڕوومەتی خۆی دەدات، یان یەخەی خۆی بدڕێنێت و بانگەوازی نەفامی و جاهیلی هەڵبدات).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(ليس منا): واتە: لە ئێمە نییە.

(من ضرب الخدود): واتە: ئەوەی لەڕوومەتی خۆی دەدات.

(وشق الجيوب): واتە: یەخەی خۆی بدڕێنێت.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوون بکاتەوە شیوەن کردن لە تاوانە گەورەکان.

سوودەکانی فەروودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەم کردەوەیە لە تاوانە گەورەکانە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئارام گرتنی تەرک کرد و ناڕازی بوونی بەدیار خست، ئەوە تاوانێکە لە تاوانە گەورەکان، تاوانەکان ئیمان کەم دەکەن، چونکە ئیمان زیاد دەبێت بە گوێڕایەڵی و عیبادەت و کەم

دەبێت بە تاوان، وە کەم بوونی ئیمان تەواوی تەوحید کەم دەکات، بەڵکو تەرک کردنی ئارام گرتن نەفی تەواوی تەوحیدی واجب دەکات[١٧٩] .

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە ئارام بگریت لە کاتی بەلاو ناخۆشی.

---

[١٧٩] التمهيد لاپەڕە (٣٧٨).

وعن أنس رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (إذا أراد الله بعبده الخير عجل له العقوبة في الدنيا، وإذا أراد بعبده الشر أمسك عنه بذنبه حتى يوافى به يوم القيامة).

واتە: لە ئەنەس دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (ئەگەر خوای گەورە خێر و چاکەی بۆ بەندەی خۆی بوێت، سزای تاوانەکانی پەلەی لێ دەکات لە دونیا، واتە لە دونیا زوو سزای دەدات بۆ ئەوەی بە پاکی بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، بەڵام ئەگەر خراپەی بەندەی بوێت، ئەوە لێی دەگەڕێت بە تاوانەکانیەوە بمێنێتەوە، هەتا بەو تاوانانەوە لە ڕۆژی قیامەتدا دەگاتەوە بە پەروەردگاری).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(إذا أراد الله بعبده الخير): واتە: ئەگەر خوای گەورە خێر و چاکەی بۆ بەندەی خۆی بوێت.

(عجل له العقوبة): سزای تاوانەکانی پەلەی لێ دەکات لە دونیا، واتە: لە دونیا زوو سزای دەدات بۆ ئەوەی بە پاکی بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە.

(وإذا أراد بعبده الشر أمسك عنه بذنبه حتى يوافى به يوم القيامة): واتە: بەڵام ئەگەر خراپەی بەندەی بوێت، ئەوە لێی دەگەڕێت بە تاوانەکانیەوە بمێنێتەوە، هەتا بەو تاوانانەوە لە ڕۆژی قیامەتدا دەگاتەوە بە پەروەردگاری.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوون بکاتەوە ئەگەر خوای گەورە خێر و چاکەی بۆ بەندەی خۆی بوێت، سزای تاوانەکانی پەلەی لێ دەکات لە دونیا، کەواتە بەلاو ناخۆشی هەر تووشی مرۆڤ دەبێت جا کەسەکە باش بێت یان خراپ.

سوودەکانی فەروودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگرکردنی سیفەتی ویست بۆ خوای گەورە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەگەر خوای گەورە خێر و چاکەی بۆ بەندەی خۆی بوێت، سزای تاوانەکانی پەلەی لێ دەکات لە دونیا، واتە لە دونیا زوو سزای دەدات بۆ ئەوەی بە پاکی بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، بەڵام ئەگەر خراپەی بەندەی بوێت، ئەوە لێی دەگەڕێت بە تاوانەکانیەوە بمێنێتەوە، هەتا بەو تاوانانەوە لە ڕۆژی قیامەتدا دەگاتەوە بە پەروەردگاری.

زانایان دەڵێن بەڵاو و ناخۆشی هۆکارەکەی دوو شتن:

یەکەم: تاوان هۆکارە بۆ بەڵاو و ناخۆشی، جا تاوانی گەورە بێت یان بچووک یان کوفر و شیرک، خوای گەورە سزایی دەدات وەک سزاییەکی پێشەکی پێش قیامەت.

دووەم: ویستی خوای گەورە بۆ ئەوەی پلەکانی ئیماندار بەرز بکاتەوە بە ئارام گرتن، خوای گەورە پێغەمبەرەکان و پیاوچاکانی تاقیکردۆتەوە بۆ ئەوەی پلەکانیان بەرز بکاتەوە.

ئەو کەسەی تووشی بەڵاو و ناخۆشی بووە ئەم دوو حالەتەیە:

یەکەم: ئەگەر کەسەکە کافر بوو، ناکرێت بەڵایەکە بۆ ئەوە بێت پلەی پێ بەرز ببێتەوە.

دووەم: ئەگەر کەسەکە موسلمان بوو، دوو ئەگەری هەیە:

١- یان کەسەکە موسلمانێکە تاوان بە ئاشکرایی دەکات و فاسقی یەکەی دیارە، لەم حالەتە واگومان دەبردرێت ئەمە سزاییە بۆی و بەهۆی تاوانەکانیەوە بووە، چونکە

لاچوونی تاوان لەپێشترە لە بەرزبوونەوەی پلەكانی، تاوانبار زیاتر پێویستی بە لێخۆش بوونە لە پلە بەرزبوونەوە.

٢- یان كەسەكە موسلمانێكە عبادە و كردەوەی باش دەكات، بەردەوام ڕووی لە خوای گەورەیە، لەم حالەتە وا گومان دەبردرێت بەلایەكە وەک ڕێز و بەرزبوونەوەی پلەكانییەتی.

زانایان دەڵێن ئەو موسلمانەی تووشی بەڵاو و ناخۆشی بووە بەم سێ شتە جیادەكرێنەوە:

١- ئەگەر ناڕازی بوون و ئارامی نەگرت و تووڕەیی لەكەسەكە بەدیاركەوت، گومان مەبە ئەمە كەڕامەتێک بێت لەخواوە بۆ ئەوەی پلەی پێی بەرز ببێتەوە، چونكە خوای گەورە زانیوویەتی ئارام ناگرێت و ڕازی نابێت، نزیكتر ئەوەیە ئەمە عقوبەیە بۆ كەسەكە.

٢- ئەگەر ئارامی گرت و ناڕازی بوونی دەرنەبڕی ، ئەوە نیشانەیە بۆ كەفارەتی تاوان.

٣- ئەگەر ڕازی بوو و دڵ و نەفسی ئارام بوو بەم بەڵاو و ناخۆشی یە هەتا لەسەری لادەچێت، ئەمە نیشانەیە بۆ بەرزبوونەوەی پلەكانی.

وقال النبي (ﷺ): (إن عظم الجزاء مع عظم البلاء، وإن الله تعالى إذا أحب قوما ابتلاهم، فمن رضي فله الرضي، ومن سخط فله السخط) حسنه الترمذي.

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (پاداشتی گەورە لەگەڵ بەڵا و ناخۆشی گەورەیە، بە تەئكید ئەگەر خوای گەورە قەومێكی خۆش ویست تاقییان دەكاتەوە، جا هەر كەسێک

لەگەڵ ئارام گرتندا ڕازی بێت، ئەوە خواش لێی ڕازی دەبێت، وە هەر کەسێکیش ناڕازی بێت، ئەوە خواش لێی ناڕازی دەبێت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(وإن الله تعالى إذا أحب قوما ابتلاهم): واتە: بە تەئکید ئەگەر خوای گەورە قەومێکی خۆش ویست تاقییان دەکاتەوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوون بکاتەوە هەر کەسێک لەگەڵ ئارام گرتندا ڕازی بێت، ئەوە خواش لێی ڕازی دەبێت، وە هەر کەسێکیش ناڕازی بێت، ئەوە خواش لێی ناڕازی دەبێت.

سوودەکانی فەروودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە خوای گەورە سیفەتی خۆشەویستی و ڕازی بوون و تۆڕە بوونی هەیە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک لەگەڵ ئارام گرتندا ڕازی بێت، ئەوە خواش لێی ڕازی دەبێت، وە هەر کەسێکیش ناڕازی بێت، ئەوە خواش لێی ناڕازی دەبێت.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە گەورەی پاداشت لەگەڵ بەلاو ناخۆشی گەورەیە.

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە موسلمان دەبێت ڕازی بێت بە قەدەری خوا، جیاوازی هەیە لەنێوان ڕازی بوون و ئارام گرتن.

(الصبر): واتە: ئارام گرتن، زانایان دەڵێن ئارام گرتن واجبە لەسەر قەدەری خوا و لەسەر ئەوەی تووشی بووە، ئارام گرتن ئەوەیە مرۆڤ نەفسی خۆی بگرێتەوە لە ئەنجام دانی شتێک، یان خۆی بگرێتەوە لە گوتنی قسەی هەلە.

(الرضا): واتە: ڕازی بوون، زانایان دەڵێن ئەمە بەرزترین پلەی ئارام گرتنە، پلەی ئەوانەیە کە دەست پێشخەری لە خێرو چاکە دەکەن، لەبەر ئەوە زانایان دەڵێن ڕازی بوون بە قەدەری خوا سوننەتە واجب نییە، مرۆڤ تاوانبار نابێ ئەگەر ڕازی نەبوو، بەڵام داوای لێکراوە جیهادی نەفسی خۆی بکات، ڕازی بوون ئارام گرتنە و زیاد لە ئارام گرتنیشی تێدایە، ئەوەی ڕازی دەبێت ئارامگرە و لەگەڵ ئەوەش ڕازی بووە بە قەدەری خوا، ئازار و ناخۆشی ناچێژێت پێی.

ابن تيمية ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ڕازی بوون بە موسیبەتەکان سوننەتە، وەک هەژاری و نەخۆشی و سەرشۆڕی، لەسەر یەکێک لە دوو وتەی زانایان واجب نییە، وتراوە: واجبە، ئەوەی ڕاست بێت و واجب بێت ئارام گرتنە)[١٨٠].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەوەی تووشی مرۆڤ دەبێت لە موسیبەتەکان سوننەتە ڕازی ببیت لەسەر وتەی زۆر ئەهلی عیلم واجب نییە، بەڵام واجبە لەسەری ئارام بگرێت لەسەری)[١٨١].

---

[١٨٠] مجموع الفتاوى (٦٨٢/١٠).

[١٨١] مجموع فتاوى ابن عثيمين (٩٢/٢).

(باب ما جاء في الرياء)

وقول الله تعالى: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾ [الكهف: ١١٠]

عن أبي هريرة مرفوعا: (قال الله تعالى: أنا أغنى الشركاء عن الشرك، من عمل عملا أشرك معي فيه غيري تركته وشركه). رواه مسلم[١٨٢].

وعن أبي سعيد مرفوعا: (ألا أخبركم بما هو أخوف عليكم عندي من المسيح الدجال؟) قالوا: بلى يا رسول الله! قال: (الشرك الخفي، يقوم الرجل فيصلي، فيزين صلاته، لما يرى من نظر رجل). رواه أحمد[١٨٣].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير آية الكهف.

الثانية: الأمر العظيم في رد العمل الصالح إذا دخله شيء لغير الله.

الثالثة: ذكر السبب الموجب لذلك، وهو كمال الغنى. الرابعة: أن من الأسباب، أنه تعالى خير الشركاء.

الخامسة: خوف النبي صلى الله عليه وسلم على أصحابه من الرياء.

السادسة: أنه فسر ذلك بأن يصلي المرء لله، لكن يزينها لما يرى من نظر رجل إليه.

---

[١٨٢] أخرجه مسلم (٢٩٨٥).

[١٨٣] أخرجه أحمد (٣/٣٠ رقم ١١٢٥٢)، وابن ماجه (٤٢٠٤)، وابن خزيمة (٢/٦٧ رقم ٩٣٧)، والبيهقي في " شعب الإيمان " (٣/١٤٤ رقم ٣١٤١).

باب ما جاء في الرياء

باسكردنی ڕیا كه شیركه

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دەڵێین: ڕیا شیركی بچووكە؛ چونكە مرۆڤ مەبەستی لە عیبادەتی بۆ بێجگە لەخوایە و هەندێک جار دەگاتە شیركی گەورە، ابن قيم نموونەی هێناوەتەوە بە شیركی بچووک و دەفەرموێت: (وەک ڕیایەکی کەم)، ئەمە بەڵگەیە ڕیای زۆر دەگاتە شیركی گەورە)[١٨٤].

عبدالله بن جار الله دەفەرموێت: (پەیوەندی ئەم بابە بە كتابی تەوحید: ڕیا شیركی بچووكە نەفی تەواوی تەوحید دەكات)[١٨٥].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: ((ڕیا) واتە بینین بە چاو، ئەویش ئەوەیە كردەوە دەكات بۆ ئەوەی ببینرێ كە ئەو كەسە عیبادەتی كردوە جا یان نوێژە، یان قورئان خوێندنەوەیە، یان زیكرە، یان خێرە، یان حەججە، یان جیهاد كردنە، یان جێ بەجێكردنی واجبەكانە، یان خۆ دوورخستنەوەیە لە نەهی یەكان، یان شتی تری وەک ئەمانەیە، نەک بۆ داواكردنی ئەو شتە بێت كە لەلای خوایە بەڵكو لەبەر ئەوەیە بۆ ئەوەی خەڵک ببینێت و سوپاس و مەدحی بكەن لەسەر ئەم كردەوەیە ئەمە ڕیایە، هەروەها دەكرێت ڕیا لە ئەصلی ئیسلامی كەسەكە هەبێت وەک ڕیای دووڕووەكان)[١٨٦].

---

[١٨٤] القول المفيد.

[١٨٥] الجامع الفريد (١٤٥).

[١٨٦] التمهيد لاپەڕە (٣٨٢).

وقول الله تعالى: ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ١١٠﴾ [الكهف: ١١٠]

واته: خوای گەورە دەفەرموویت: (ئەی پێغەمبەر بڵێ: من تەنها مرۆڤێکم وەک ئێوە، جیاوازیمان ئەوەیە من وەحیم بۆ دێت، خوا و پەرستراوی بە حەقی ئێوە یەک پەرستراوە کە (الله)یە، جا هەر کەسێک بە تەمای دیداری خوایە با کردەوەی چاکە بکات و هیچ شەریکێک بۆ خوا بڕیار نەدات).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ﴾: واتە: من تەنها مرۆڤێکم وەک ئێوە.

﴿وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا﴾: ئەم نەهیە عامە و هەموو شیرکێک دەگرێتەوە، (أحدا)، نەناسراوە لە سیاقی نەهی، دەبێتە عام وهەموو تاکێک دەگرێتەوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

صالح ال الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە دیارە ئەویش ئەوەیە ڕیا جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرکی بچووک)[١٨٧].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- پێغەمبەری خوا (ﷺ) مرۆڤێکە وەک هەموو مرۆڤێکی تر، لەبەر وتەی: ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ﴾.

---

[١٨٧] التمهيد لاپەڕە (٣٨٣).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەم ئایەتە بەڵگەیە پێغەمبەر (ﷺ) مرۆڤە و شایستەی ئەوە نییە بپەرستریت، چونکە حالەکەی حصر کردووە بە مرۆڤ)[١٨٨].

٢- جێگیرکردنی پەیامی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، لەبەر وتەی: ﴿يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ﴾.

٣- جێگیرکردنی تەنیایی خوا لە بەندایەتیدا، لەبەر وتەی: ﴿أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ﴾.

٤- لەسەر ئیمانداره ئومێدی بە دیداری خوا و پاداشتەکەی هەبێت، لە سزاکەی بترسێت و خۆی بۆ قیامەت ئامادە بکات و کردەوەی باش ئەنجام بدات، شەریک بۆ خوا بڕیار نەدات، لەبەر وتەی: ﴿فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا﴾.

٥- مەرجی دروستی عیبادەت ئەوەیە دەبێت بە پاکی بۆ خوا بێت و موافقی شەرع بێت، نابێت شەریک بۆ خوا بڕیار بدات ئەگەرنا کردەوەکە پوچ دەبێتەوە، لەبەر وتەی: ﴿فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا﴾.

٦- بینینی خوای گەورە لە بەهەشت، لەبەر وتەی: ﴿فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ﴾.

٧- ئەم ئایەتە وەڵامە بۆ ئەوانەی دەڵێن شیرک تەنها لە عیبادەتی پەیکەرەکانە، دەڵێن ئێمە نزیک دەبینەوە لە خوا بە وەلی و پیاو چاکان، دەڵێن ئەمە وەک عیبادەتی پەیکەر نییە.

---

[١٨٨] القول المفيد.

ئەم وتەیە پووچە، چونکە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا﴾، ئەمە عامە و هەموو شتێک دەگرێتەوە کە لەگەڵ خوا بیپەرستیت، جا چ جنۆکە بێت یان مرۆڤ بێت یان فریشتە بێت یان پێغەمبەر و نێردراو بێت یان پیاو چاک بێت یان هەر کەسێک بێت)[١٨٩].

[١٨٩] إعانة المستفيد (١٢٨/٢).

عن أبي هريرة مرفوعا: (قال الله تعالى: أنا أغنى الشركاء عن الشرك، من عمل عملا أشرك معي فيه غيري تركته وشركه) رواه مسلم.

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: من دەوڵەمەندترین و بێ نیازترینی ئەو کەسانەم کە شەریکم بۆ داندراوە و پێویستم بە هیچ شەریکێک نییە، جا هەر کەسێک کردەوەیەکی باش بکات و لەناو کارەکەیدا کەسێک بکاتە شەریکم ئەوا واز دەهێنم لە خۆی و ئەو کارەشی لێ وەرناگرم).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(عملا): نەناسراو هاتووە لە سیاقی مەرج؛ هەموو کردەوەیەک دەگرێتەوە، واتە: جا نوێژ بێت یان حەج یان جیهاد یان کردەوەی تر.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر پوچی ئەو کردەوەیەی کە شیرکی تێدایە، یەکێک لەو شیرکانەش ڕیایە)[١٩٠].

سوودەکانی فەروودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ دەوڵەمەندی خوای گەورە[١٩١].

---

[١٩٠] الجديد لاپەڕە (٣٢٦).

[١٩١] القول المفيد (٢ / ٢٨٣-٢٨٤).

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ گەورەیی مافی خوای گەورە، دروست نیە کەس شەریک بێت لەگەڵی لە مافی خۆی[١٩٢].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کردەوەیەک ڕیای تێکەڵ ببێت پووچ دەبێتەوە، لەبەر وتەی: (ترکته وشرکه).

عیبادەت ئەگەر ڕیای تێکەڵ بوو ئەوا ئەم سێ حاڵەتانەن:

یەکەم: کەسەکە ئەصڵی عیبادەتەکە بە ڕیا دەست پێ دەکات، وەک کەسێک هەستاوە و نوێژی کردوە بۆ ئەوەی خەڵک ببینن، کەچی مەبەستیشی خوا نیە، ئەمە شیرکە و عیبادەتەکەی پووچە.

دووەم: لەناو عیبادەت تووشی ڕیا دەبێت، واتە سەرەتای کردەوەکەی بە ئیخلاسی کردوە بۆ خوا، پاشان لەناو عیبادەتەکە تووشی ڕیا بووە. ئەگەر عیبادەتەکە کۆتاییەکەی بنیات نەنرا بوو لەسەر سەرەتاکەی، ئەوا سەرەتای عیبادەتەکە دروستە، ئەوەی پووچ بێت کۆتاییەکەیەتی.

نموونە: پیاوێک ١٠٠ ڕیالی لەلایە و ئامادەی کردوە بۆ خێرکردن، ٥٠ ڕیالی بەخشی بە ئیخلاسی، پاشان ٥٠ ڕیالی تری بەخشی بۆ ڕیا، لەم حاڵەتە هی یەکەم دروستە و قبوڵە و هی دووەمیش پووچە.

بەڵام ئەگەر عیبادەتێک بێت کۆتاییەکەی بنیات نرابێت لەسەر سەرەتاکەی، ئەمە دوو حاڵەتە:

---

[١٩٢] القول المفيد (٢ / ٢٨٣-٢٨٤).

أ- ئەگەر ڕیای لادا و پێ ناخۆش بوو، ئەوا كاریگەری لەسەر نیە، لەبەر وتەی پێغەمبەر درود و سەلامی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (إن الله تجاوز على ما حدثت به أنفسها ما لم تعمل أو تتكلم).

نموونە: پیاوێک هەڵدەستێت دوو ڕەكاعەت نوێژ بە ئیخلاسی بۆ خوا دەكات، لە ڕەكاعەتی دووەم هەستی بە ڕیا كرد و هەوڵی لادانی دا، لەم حاڵەتەدا هیچ زیانی پێ ناگەیەنێت و نوێژەكەی دروستە.

ب- دڵخۆشە بەو ڕیایە و لانادات، لەم حالەتە هەموو عیبادەتەكە پووچ دەبێت چونكە كۆتاییەكەی بنیات نراوە لەسەر سەرەتاكەی و پێكەوەن.

نموونە: پیاوێک هەڵدەستێت دوو ڕەكاعەت نوێژ بە ئیخلاسی دەكات، لە ڕەكاعەتی دووەم هەستی بە ڕیا كرد بەوەی كەسێک سەیری دەكات و دڵی پێیی خۆش بو و هەوڵی لادانی نەدا، لەم حاڵەتە هەموو نوێژەكە پووچە، لەبەر ئەوەی هەمووی پێكەوەیە.

سێیەم: دوای تەواو بوون لە عیبادەت بۆی دێت، لەم حاڵەتە هیچ كاریگەری لەسەر نیە، ئیلا ئەگەر عدوان بێت، وەک: منەت كردن و ئازاردان بە خێر كردن[١٩٣].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ڕیا حەڕامە، چونكە پشت گوێ خستنی مرۆڤ و قبوڵ نەبوونی كردەوەی بەڵگەیە لەسەر غەزەب، ئەو شتەی غەزەبی لێ كرابێت حەڕامە[١٩٤].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە كە خوای گەورە قسە دەكات.

---

[١٩٣] القول المفيد.

[١٩٤] القول المفيد (٢ / ٢٨٣-٢٨٤).

وعن أبي سعيد مرفوعا: (ألا أخبركم بما هو أخوف عليكم عندي من المسيح الدجال؟) قالوا: بلى يا رسول الله! قال: (الشرك الخفي، يقوم الرجل فيصلي، فيزين صلاته، لما يرى من نظر رجل). رواه أحمد.

واتە: ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئایا پێتان ڕابگەیەنم چ شتێک مەترسی زیاترە بۆ ئێوە لە مەسیحی دەجال؟ گوتیان: بەڵێ ئەی نێردراوی خوا، فەرمووی: شیرکی شاراوە، ئەمەش ئەوەیە پیاوێک هەڵدەستێت نوێژ دەکات و نوێژەکەی دەڕازێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەبینێ پیاوێ تەماشای دەکات).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(المسيح الدجال): دەجال: چاوی ڕاستی مەسح کراوە و کوێرە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە پێغەمبەر (ﷺ) لە شتێک لە ئێمە ترساوە زیاتر لە فیتنەی مەسیح دەجال ئەویش شیرکە، لەبەر ئەوە دەبێت خۆتی لێ بەدوور بگریت و خۆت بپارێزی)[١٩٥].

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕەحمی پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر بە ئیمانداران و لە ئوممەتی خۆی ترساوە تووشی فیتنە ببن.

---

(١٩٥) الجديد لاپەڕە (٣٢٧).

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ترسناکی ڕیا، چونکە شاراوەیە و لێ ڕزگار بوونی گرانە.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە شیرک دابەش دەکرێت بۆ شیرکی شاراوە و دیار.

٤- هۆکاری گوتنی ئەم فەرموودەیە ئەوە بوو هاوەڵان باسی دەجالیان دەکرد لەنێوان خۆیاندا.

قال أبو سعد: خرجَ علَينا رسولُ اللَّهِ (ﷺ) ونحنُ نتذاكَرُ المسيحَ الدَّجَّالَ فقالَ: (ألا أخبرُكُم بما هوَ أخوَفُ عليكُم عندى منَ المسيحِ الدَّجَّالِ) قالَ: قُلنا: بلَى فقالَ: (الشِّركُ الخفيُّ أن يقومَ الرَّجلُ يصلِّي فيزيِّنُ صلاتَهُ لما يرَى مِن نظرِ رجل).

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە فیتنەی ڕیا ترسناکترە لە فیتنەی دەجال، چونکە:

١- دەجال بە نیشانەکان دەناسرێتەوە، بەڵام ڕیا لە دڵ دایە و شاراوەیە.

٢- دەجال بۆ سەردەمێک دێت بۆ کۆمەڵە کەسانێک، بەڵام ڕیا لە سەرەتایی هاتنی ئیسلامەوە تا دوا ڕۆژ لەگەڵ نەوەکانی ئیسلامدا دەبێت.

عبدالله بن حميد ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (لەگەڵ ئەمە پێغەمبەر (ﷺ) لە ئوممەتی خۆی ترساوە زیاتر لە فیتنەی دەجال، چونکە فیتنەی دەجال دیارە، لەنێوان هەردوو چاوی نووسراوە کافر، سەبارەت بە ڕیا کردەوەیەکی شاراوەیە، کەس نایزانێت مەگەر ئەوە نەبێت کە نەفسی تووشی بوە، خوای گەورەش باڵا دەستە بەسەریدا)[١٩٦].

---

[١٩٦] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٥٣٧).

باب من الشرك إرادة الإنسان بعمله الدنيا

وقول الله تعالى: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ۝١٥ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ۝١٦﴾ [هود: ١٥-١٦]

وفي الصحيح عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (تعس عبد الدينار، تعس عبد الدرهم، تعس عبد الخميصة، تعس عبد الخميلة، إن أعطي رضي، وإن لم يعط سخط، تعس وانتكس وإذا شيك فلا انتقش، طوبى لعبد أخذ بعنان فرسه في سبيل الله، أشعث رأسه، مغبرة قدماه، إن كان في الحراسة كان في الحراسة، وإن كان في الساقة كان في الساقة، إن استأذن لم يؤذن له، وإن شفع لم يشفع)[١٩٧].

فيه مسائل:

الأولى: إرادة الإنسان الدنيا بعمل الآخرة.

الثانية: تفسير آية هود.

الثالثة: تسمية الإنسان المسلم: عبد الدينار والدرهم والخميصة.

الرابعة: تفسير ذلك بأنه إن أعطي رضي، وإن لم يعط سخط.

الخامسة: قوله (تعس وانتكس).

السادسة: قوله: (وإذا شيك فلا انتقش).

---

[١٩٧] أخرجه البخاري (٢٨٨٦-٢٨٨٧).

السابعة: الثناء على المجاهد الموصوف بتلك الصفات.

باب من الشرك إرادة الإنسان بعمله الدنيا

باسی جۆرێک له شیرک ئەویش ئەوەیە مرۆڤ بیەوێت لەبەرامبەر چاکەکانیدا دونیای دەست بکەوێت.

عبدالله بن حمید ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم بابە دووبارە نەبۆتەوە لەگەڵ بابی پێشووتر، بابی پێشووتر باسی ڕیا بوو ئەویش ئەوەیە کردەوە دەکات ظاهرەکەی وادیارە بۆ خوایە، بەڵام ئەو مەبەستەی هەیە کە فلانە کەس مەدحی بکات ئەمەیان کردەوە پووچ دەکات، ئەم بابە باسی ئەوە دەکات کردەوە دەکات نەک بۆ خوا بەڵکو بۆ دونیا، کەواتە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەم دوو بابە، هەردووکیان کردەوە پووچ دەکەن، خاوەنەکەی خەسارەتمەندە چونکە باسمان کرد عیبادەت بنیات نراوە لەسەر دوو بنچینە: ئیخلاس و متابعە.

هەر کەسێك فێری زانست ببێت بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستا یان بۆ ئەوەی پیشەک بە دەست بهێنێت، یان بۆ ئەوەی ببێتە قازی، ئەم کردەوەیە لێی وەرناگیرێت، چونکە مەبەستی خوا نەبوە)[١٩٨].

ناونیشانی ئەم بابە سێ ئەگەری هەیە:

یەکەم: ئەم بابە دووبارە کراوەتەوە لەگەڵ هی پێشووتر، ئەمەش دووەم دانەری کتاب دوو بابی وەک یەک بەدوای یەکتردا بنووسێت.

---

[١٩٨] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٥٤١).

دووەم: بابی پێشووتر تایبەتمەندترە لەم بابە، ڕیا تایبەتە و ئەم بابە عامە، ئەمە لەوانەیە وابێت.

سێیەم: ئەم بابە جۆرێکی سەربەخۆیە لەگەڵ بابی پێشووتر، ئەمە وتەی دیارە، چونکە مرۆڤ لە بابی پێشوو کردەوە دەکات بۆ ڕیا و مەبەستی مەدح کردنی هەیە لە عیبادەت، بۆ ئەوەی پێی بوترێ: ئەمە عابدە، مەبەستی سوودی دونیایی نیە، ئەم بابە مەبەستی مەدح کردنی نییە بۆ عیبادەت بەڵکو خوای گەورە دەپەرستێت بە ئیخلاسی، بەڵام مەبەستی شتێکی دونیایی هەیە؛ وەک: ماڵ و پلە و لەش ساغی بۆ خۆی و ماڵ و مناڵی و شتی تری وەک ئەمانە، ئەمە مەبەستی لەم کردەوەیە سوودی دونیاییە و بێ ئاگایە لە پاداشتی ئاخیرەت، نموونە بۆ ڕوون کردنەوەی کردەوەی مرۆڤ بۆ دونیا:

١- مەبەستی ماڵی هەیە، نموونە کەسێک بانگ بدات بۆ مووچە، یان حەج دەکات بۆ ئەوەی ماڵ بەدەست بهێنێت، واتە: بۆ بازرگانی دەچێت.

٢- مەبەستی پلە و پایەی هەیە، نموونە: کەسێک خۆی فێری زانست بکات بۆ ئەوەی لە کۆلێژ بڕوانامە بەدەست بهێنێت و پلەی پێ بەرز ببێتەوە.

٣- مەبەستی لادانی ئازار و ناخۆشی و ئافاتە، نموونە: کەسێک عیبادەتی خوا بکات بۆ ئەوەی بەم عیبادەت کردنەی خوا خۆشەویست بێت لای دروستکراوەکان و خراپە و ناخۆشی لەسەر لابچێت.

٤- عیبادەتی خوا دەکات بۆ ئەوەی خەڵک بۆ خۆی ڕابکێشێت بۆ خۆشەویستی و ڕێزگرتن.

ئەگەر وترا: ئایا ئەوانە داخل دەبن کە خۆیان فێری زانست دەکەن لە کۆلێژەکان، یان شوێنی تر مەبەستی بڕوانامە و پلە و پایەی هەیە؟

وەڵام: ئەوانە داخل دەبن ئەگەر هیچ مەبەستی شەرعییان نەبووبێت، ئێمە پێیان دەڵێین:

یەکەم: با مەبەستی پلە و پایەی دونیات نەبێت، بەڵکو ئەم بڕوانامەیە بکە هۆکارێک بۆ سوود گەیاندن بە دروستکراوەکان، چونکە کردەوەکان لەم کاتە بنیات نراون لەسەر بڕوانامەکان، خەڵک ناتوانێت بگات بە سوود گەیاندن بە دروستکراوەکان ئیلا بەم هۆکارە نەبێت، بەمە نییەت سەلامەت دەبێت.

دووەم: هەر کەسێک ویستی زانستی هەبێت و ئەمەش نەکرێت مەگەر بە کۆلێژەکان نەبێت، دەچێتە کۆلێژ بۆ ئەم مەبەستە و سەبارەت بە پلە و پایە لای گرینگ نیە ئەمەیان هیچی تێدا نیە.

سێیەم: مرۆڤ ئەگەر هەردوو نیەتی هەبوو، نییەتی دونیا و ئاخیرەتی هەبوو هیچی لەسەر نیە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا ۝٣﴾ [الطلاق: ٢-٣]، هانی تەقوا کردنی خوای داوە بە ڕزگار بوون لە هەموو ناخۆشی یەک، وە هانی داوە بۆ ڕزق و ڕۆزی[١٩٩].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (وتەی: (من الشرك)، واتە: لە جۆرەکانی شیرکە، مەبەست پێی شیرکی بچووکە.

وتەی: (إرادة الإنسان بعمله الدنيا)، ماناکەی: کردەوەیەک دەکات ئەم کردەوەیە هی ئاخیرەتە، ئەو کە دەیکات هیچ مەبەستێکی نیە ئیلا دونیا نەبێت، وەک: جیهاد دەکات

---

[١٩٩] القول المفيد.

بۆ غەنیمە، یان خۆی فێری زانست دەكات بۆ پلە و پایە و پیشە، یان حەج دەكات یان عومرە بۆ بەدەست هێنانی ماڵ، بەم شێوەیە)[٢٠٠].

[٢٠٠] إعانة المستفيد (١٣٥/٢).

وقول الله تعالى: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا وَهُمۡ فِيهَا لَا يُبۡخَسُونَ ١٥ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيۡسَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٦﴾ [هود: ١٥-١٦]

واتە: خوای گەورە دەفەرمووێت: (هەر کەسێك تەنها ژیانی دنیاو ڕازاوەیی و (خۆشگوزەرانی) یەکەی بوێت ئەوا پاداشتی هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە دەدەینەوە لە دونیادا، ئەوانیش تێیدا هیچیان لێکەم ناکرێتەوە، ئا ئەوانە ئەوانەن کە لە ڕۆژی دوایدا جگە لە ئاگری دۆزەخ هیچی تریان بۆ نیە و ئەوەی کە کردیان لە دنیادا پووچەڵ بوەوەو بێ نرخە، هەروەها ئەو کاروکردەوەیەی کە دەیانکرد بەتاڵ و پووچ و بۆشە.)

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ﴾:
جیاوازی هەیە لەسەر ئایەتی سورەتی هود سەبارەت بە کێ دابەزیوە:

١- وتراوە: دابەزیوە سەبارەت بە کافرەکان، چونکە کافر هیچی ناوێت مەگەر ژیانی دونیا، بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە ئایەتەکە باسی پاداشتەکەی کردووە، لەسەر ئەمە ڕووی باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە ئەوەیە ئەگەر کردەوەی کافرەکان مەبەستی دونیایان هەبێت و هەموو کەسێک بەژدار بێت لەگەڵیان لەم شتە، ئەوە بەژدارە لەگەڵیان لە شیرک و کوفریان.

٢- وتراوە: سەبارەت بە ڕیابازەکان دابەزیوە، چونکە کردەوە ناکەن مەگەر بۆ دونیا نەبێت، سوودی نییە بۆیان لە ڕۆژی قیامەت.

٣- وتراوە: دابەزیوە سەبارەت بە کەسێک کە ویستی ماڵی دونیای هەیە بە ئەنجام دانی کردەوەی باش.

ڕستەکە بەڵگەیە لەسەر وتەی یەکەم؛ لەبەر وتەی: ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا فِيهَا وَبَاطِلٌ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾. [هود: ١٦])[٢٠١].

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم ئایەتە سەبارەت بە کافرەکان بووە، ئەوانەی خوای گەورەیان دەپەرست لەبەر دونیا، وەک: دووڕووەکان، عمومەکەی بەڵگەیە دەبێت مرۆڤ خۆی بپارێزێت لە ئەنجام دانی کردەوە بۆ دونیا)[٢٠٢].

صالح آل الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (بە گوێرەی وتەی پێشینەکان چوار جۆری خەڵک هەن کە هەموویان داخلی ئەم هەڕەشەیە دەبن:

جۆری یەکەم: ئەوانەی تووشی ئەم شیرکە بچووکە بوونە ئەوانەن کە کردەوە دەکەن بۆ دونیا: کردەوە دەکات بۆ خوای گەورە بە ئیخلاسی بەڵام مەبەستی پاداشتی دونیای هەیە و ویستی پاداشتی ئاخیرەتی نییە، وەک: نوێژ دەکات بە پاکی بۆ خوای گەورە، بەڵام مەبەستی ئەوەی هەیە لاشەی تەندروست بێت، یا پەیوەندی خزمایەتی دەگەینێت بۆ سوودێکی دونیا.

ئەم جۆری عیبادەتە فەرمان جێ بەجێ دەکات و بە پاکی بۆ خوا دەیکات، بەڵام مەبەستی پاداشتی دونیای هەیە و هیچ مەبەستی ئاخیرەتی نییە، کردەوە ناکات بۆ ئەوەی ڕزگار بێت لە ئاگر و بۆ چوونە بەهەشت، ئەمە داخلی ئەم جۆرە دەبێت و داخلی وتەی

---

(٢٠١) القول المفيد.

(٢٠٢) التعليق المفيد.

خوای گەورە دەبێت: ﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ﴾.

مرۆڤ کاتێک کردەوە دەکات و داوای پاداشت دەکات دوو بەشە:

بەشی یەکەم: کردەوەیەک دەکات مەبەستی دونیایە، هیچ مەبەستی پاداشتی ئاخیرەتی نییە، شەرعیش پاداشتی دونیاشی لەگەڵ باس نەکردووە، وەک: نوێژ و ڕۆژو و شتی تر لە کردەوەی باش، ئەمەیان دروست نییە بۆ مەبەستی دونیا، ئەگەر مەبەستی تەنها دونیا بێت ئەوە تووشی شیرک بووە.

بەشی دووەم: عیبادەتێک دەکات شەرع پاداشتی دونیاشی باسکردووە بۆ هاندان، وەک: گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوک و شتی تر، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من سره أن يبسط له في رزقه وينسأ له في أثره فليصل رحمه)، ئەم جۆرە کردەوەیە ئەگەر بەئیخلاسی بۆ خوا بیکات و تەنها مەبەستی پاداشتی دونیای هەبێت، ئەوە داخلی ئەم هەڕەشەیە دەبێت و جۆرێکە لە شیرک، بەڵام ئەگەر مەبەستی پاداشتی دونیا و ئاخیرەتی هەبێت، لەبەر ئەوە کردەوە دەکات تاوەکو بچێتە بەهەشت و لە ئاگر ڕزگاری ببێت، لەم حاڵەتە هیچی تێدا نییە، چونکە شەرع پاداشتی دونیای باسکردووە وەک هاندان، هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من قتل قتيل فله سلبه).

جۆری دووەم: سەبارەت بەم ئایەتە: ﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ﴾، پێشینەکان دەڵێن: ئەمەش دەکەوێتە ژێر ئەم ئایەتە بەوەی کەسێک کردەوەی باش دەکات بۆ سەروەت و سامان، کردەوە دەکات بۆ بەدەست هێنانی ماڵ، وەک: خوێندن و خۆ فێرکردنی زانستی شەرعی تەنها بۆ پیشە،

مەبەستی لادانی نەزانینی نییە لەسەر نەفسی خۆی، هەروەها مەبەستی فێربوونی فەرمان و نەهییەکانی خوا نییە، وە مەبەستی چوونە بەهەشت و دوورکەوتنەوەی نییە لە ئاگر، یان قورئان لەبەر دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ئیمامی مزگەوت، بۆ ئەوەی مووچە وەربگرێت لە (بيت المال)، مەبەستی تەنها سەروەت و سامانە، ئەمەیان کردەوەی باشی ئەنجام نەداوە، بەڵکو کردەوەی ئەنجام داوە لە ڕووکەشدا باشە بەڵام لەناخەوە بۆ دونیایە.

جۆری سێیەم: ئەهلی ڕیا ئەوانەی کردەوە دەکەن بۆ ڕیا.

جۆری چوارەم: ئەوانەی کردەوەی باش ئەنجام دەدەن لەگەڵ ئەوەش دا تووشی هەڵوەشێنەرێکی ئیسلام دەبن، وەک: کەسێک نوێژ دەکات و زەکات دەدات و خێر دەکات و قورئان دەخوێنێتەوە، بەڵام شیرکی گەورەی لەلایە، ئەمەیان ئەگەر بوترێ: ئیمانداره ئەوە ڕاست نییە، چونکە ئەگەر ڕاستگۆ بوایا خوای گەورەی بە تەنیا دەپەرست)[٢٠٣].

﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ﴾: ئاماژە کردن بۆ ئەوە کە تەنها دونیایان دەویست، چونکە ئاماژە کراوە بە کۆ.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردووە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە هەر کەسێک عیبادەت بکات تەنها بۆ سوودێکی دونیا، ئەوا تووشی شیرک بووە.

سوودەکانی ئایەتەکە:

(٢٠٣) التمهيد لاپەڕە (٣٨٨-٣٩١).

١- هەر کەسێک لە کردەوە تەنها مەبەستی دونیا بێت، ئەوە پاداشتی دونیای پێ دەدرێت و بێ ئەوەی کەم بکرێتەوە، لەبەر وتەی: ﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ﴾، هەروەها دونیا دان بە هەندێک لە خەڵکی بەڵگە نییە لەسەر ڕازی بوونی خوای گەورە لێیان، ئاماژە کردن بۆ ئەوە هەموو کردەوەیەک بە نییەتە.

٢- جێگیرکردنی ویست بۆ مرۆڤ، مرۆڤ ناچار نییە، وەڵامە بۆ جەبریەکان.

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە خوای گەورە سەروەت و سامان دەداتە کافران، ئەوان تیایدا هیچیان لێکەم ناکرێتەوە لەو هەوڵ و کۆششەی داویانە، بەڵام تەنها ئەم خۆشیەی دونیایان بۆ ئەوان هەیە.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (لەبەر ئەوە عومەر گریا کاتێک پێغەمبەری بینی (ﷺ) شوێنەواری فەرشی لەسەر تەنیشتی بەدیار کەوتبوو، گوتی:" بۆچی دەگرییت؟"، گوتی: ئەی نێردراوی خوا! کیسرا و قەیسەر لەناو خۆشی و نازو نیعمەت دا دەژین، تۆش ئەمە حاڵتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (أولئك قوم عجلت لهم طيباتهم)، لە ڕاستیدا زیانە بەسەریان، چونکە ئەگەر گوازرانەوە بۆ دۆزەخ ئەو کات توندترین و گەورەترین سزایان بۆ هەیە لەو خۆشی یەی لە دونیا بردوویانە)[٢٠٤].

٤- ئەم دوو ئایەتە بەڵگەن دونیا دان بە هەندێک لە خەڵکی بەڵگە نیە لەسەر ڕازی بوونی خوای گەورە لێیان.[٢٠٥].

---

[٢٠٤] القول المفيد.

[٢٠٥] إعانة المستفيد(١٤٣/٢).

٥- ئەم دوو ئایەتە بەڵگەن عیبرەت بە شێوەی کردەوەکە نییە، بەڵکو عیبرەت بە نییەتی کەسەکەیە، ئەگەر نییەتی کەسەکە بە پاکی بۆ خوا بێت ئەوا کردەوەکە کردەوەیەکی باشە، ئەگەر نییەتی کەسەکە بۆ خوا نەبێت ئەوا کردەوەکەی پووچە ئەگەرچی شێوەی کردەوەکە باشیش بێت[٢٠٦].

[٢٠٦] إعانة المستفيد (١٤٣/٢).

وفي الصحيح عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (تعس عبد الدينار، تعس عبد الدرهم، تعس عبد الخميصة، تعس عبد الخميلة، إن أعطي رضي، وإن لم يعط سخط، تعس وانتكس وإذا شيك فلا انتقش، طوبى لعبد أخذ بعنان فرسه في سبيل الله، أشعث رأسه، مغبرة قدماه، إن كان في الحراسة كان في الحراسة، وإن كان في الساقة كان في الساقة، إن استأذن لم يؤذن له، وإن شفع لم يشفع)[٢٠٧].

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (دەک بە دەم دا بکەوێت بەندەی دینار، بە دەم دا بکەوێت بەندەی درهەم، بە دەم دا بکەوێت بەندەی پۆشاک، بە دەم دا بکەوێت بەندەی پەتوو، ئەگەر پێی بەخشرا ڕازی دەبێت و بێ دەنگ دەبێت، ئەگەر پێی نەبەخشرا ناڕازی دەبێت، بە دەما بکەوێت و بشکەوێت بە ملدا، وە ئەگەر دڕکی چوو بە گیانیدا کەس نەبێت بۆی دەربێنێتەوە و خۆیشی ناتوانێت، خۆشی بۆ بەندەیەک هەمیشە ئامادەیە و دەستی گرتووە بە جلەوی ئەسپەکەوە و لە جیهاد دایە لە ڕێگەی خوا، هەمیشە سەرقالە و نیشانەکەی ئەوەیە قژ و سەری ئاڵۆزاو و گیانی خۆڵاوی یە، ئەگەر لە پاسەوانی دانرا پاسەوانی یەکەی بەجوانی بەڕێوە دەبات، وە ئەگەر لە کۆتایی سوپاوە دانرا، گوێی ناداتێ هەر کارەکەی خۆی ڕادەپەڕێنێ، ئەگەر ئیزنی خواست لە ئەمیر و کاربەدەستان کە بڕواتە لایان یان قسە بکات ئیزنی نادەن، ئەگەر تکاشی کرد، تکاشی لێ وەرناگیرێت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(تعس): واتە: خەسارەت مەندی و تیاچوون.

---

[٢٠٧] أخرجه البخاري (٢٨٨٦-٢٨٨٧).

(إن أعطي رضي، وإن لم يعط سخط): واتە: ئەگەر پێی بەخشرا ڕازی دەبێت و بێ دەنگ دەبێت، ئەگەر پێی نەبەخشرا ناڕازی دەبێت، دوو ئەگەری هەیە:

١- لەوانەیە پێدانی قەدەری بێت، ئەگەر خوای گەورە پێی دا لە قەدەر، ئەوا دڵی خۆش دەبێت و ڕازی دەبێت و دڵی پێ خۆش دەبێت، ئەگەر پێی نەدرا ناڕازی دەبێت لە قەدەری خوا.

٢- لەوانەیە پێدانی شەرعی بێت، واتە ئەگەر کەسێک بە ڕێگای شەرعی ڕازی بێت، ئەگەر پێی نەدا ناڕازی دەبێت، ئەمە بەڵگەیە ئەم پیاوە بە ماڵ ڕازی دەبێت و تووڕە دەبێت، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی ناوە بە بەندەی ماڵ.

(طوبى): چەند وتە هەیە سەبارەت بە (طوبى):

١- هەندێ زانا دەڵێن: خۆشی بۆ ئەو کەسە، واتە: خۆشترین حاڵ حاڵی ئەو کەسەیە.

٢- هەندێ زانای تر دەڵێن: دارێکە لە بەهەشت.

٣- هەندێ زانای تر دەڵێن: ناوێکە لە ناوەکانی بەهەشت.

(إن كان في الحراسة كان في الحراسة، وإن كان في الساقة كان في الساقة، إن استأذن لم يؤذن له، وإن شفع لم يشفع): ئەم ڕستەیە ئەگەری دوو مانای هەیە:

١- گوێی لێ نییە و لای گرینگ نیە لە کوێ دادەنرێت و بە هەموو شوێنێک ڕازی یە، داوای پلەی بەرز ناکات و کەسێکی خۆ بەکەم زانە.

٢- ئەگەر لە پاسەوانی دابنرێت کارەکەی خۆی دەکات و مافی دەدات، ئەگەر لە کۆتایی سوپاش دانرا هەمان شتە، زانایان دەڵێن هەردوو مانا هەڵدەگرێت، چونکە هەردوو مانا پێچەوانەی یەکتر نین.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە موسڵمان بە دونیا تووشی شیرک دەبێت، وەسفی کەسانێکی کردوە بە بەندەی دینار و درهەم.

سوودەکانی فەروودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە خەڵک دوو جۆرن، جۆری یەکەم خەڵکی دونیا و جۆری دووەم خەڵکی ئاخیرەتن، فەرموودەکە خەڵکی دابەش کردوە بۆ دوو بەش:

یەکەم: کەسێکە هیچ نیازێکی نیە مەگەر دونیا نەبێت، یان بۆ بەدەست هێنانی ماڵ، یان جوان حال و شێوە، دوور کەوتۆتەوە و سەرقاڵ بووە لە عیبادەت و زیکری خوا.

دووەم: کەسێکە گەورەترین مەبەستی ئاخیرەتە، سەرقالە بە جیهاد کردن لە ڕێگای خوا لەگەڵ ئەمەش هەموو واجبەکان جێ بەجێ دەکات[٢٠٨].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە مرۆڤ بە دونیا تووشی شیرکی بچووک دەبێت، زانایان دەڵێن هەوڵ دان بۆ دونیا و شوێن کەوتنی دوو حاڵەتە:

١- کەسێک شوێن دونیا دەکەوێت و پشت لە دین دەکات، هەموو شتێک لە پێناو دونیادا دەکات و هیچ کردەوەیەکی باش ئەنجام نادات، ئەمەیان تووشی کوفری گەورە بووە.

٢- کەسێک کردەوە ئەنجام دەدات و بە یەکجاری پشت لە دین ناکات و شوێن دونیاش کەوتوە، ئەمەیان تووشی شیرکی بچووک بووە.

---

[٢٠٨] القول المفيد.

صالح الفوزان خوا بپارێزێت دەفەرموێت: (پێغەمبەر (ﷺ) ناوی لەو بەندە ناوە کە کردەوە دەکات بۆ دونیا بە بەندەی ئەو شتەی کە هەوڵی بۆ دەدات، ئەمە بەڵگەیە شیرکە، بەڵام بۆ حەقی ئیماندار شیرکی بچووکە و تەوحیدی کەم دەبێت و ئەو کردەوەیەی بچووک دەبێت کە ئەمە مەبەستەی تێکەڵ کردووە)[٢٠٩].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نزمی پلەی کەسێک لای مرۆڤەکان نابێتە بەڵگە کە لای خوای گەورەش پلەی نزمە.

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ فەزڵی خۆ بە دەرنەخستن و فەزڵی کردنی کردەوەی باش بە نهێنی[٢١٠].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نیشانەکانی کردەوە ئەنجام دان بۆ ئاخیرەت ئەمانە:

١- هەمیشە ئامادەیە بۆ جیهاد کردن لەپێناو خوا.

٢- گرینگی بە نەفسی خۆی و خۆشی یەکانی دونیا نادات، لەبەر سەرقاڵی بە جیهاد کردن و کردەوەی باش.

٣- حەزی لە پلە و پایەی دونیا نیە، هەر کارێک پێی ڕابسپێری ئەنجامی دەدات بە پاکی و مافی دەدات.

٤- کەسێکە بەناوبانگ نیە لەناو خەڵک و حەزی لێ نیە خۆی بەدەربخات.

---

[٢٠٩] إعانة المستفيد (١٤٤/٢).

[٢١٠] إعانة المستفيد (١٤٤/٢-١٤٥).

٦- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بەندەی دونیا ئەگەر پێی بەخشرا ڕازی دەبێت و بێ دەنگ دەبێت، ئەگەر پێی نەبەخشرا ناڕازی دەبێت، ئەمە بەڵگەیە ئەم پیاوە بە ماڵ ڕازی دەبێت و تووڕە دەبێت، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی ناوە بە بەندەی ماڵ.

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ لاوازی بەندەی دونیا، کەسێکی لاوازە سەر لە هیچ شتێک دەرناکات.

باب من أطاع العلماء والأمراء في تحريم ما أحل الله أو تحليل ما حرم الله فقد اتخذهم أربابا من دون الله

وقال ابن عباس: يوشك أن تنزل عليكم حجارة من السماء، أقول: قال رسول الله (ﷺ)، وتقولون: قال أبو بكر وعمر؟!

وقال الإمام أحمد: عجبت لقوم عرفوا الإسناد وصحته، يذهبون إلى رأي سفيان، والله تعالى يقول: ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴿٦٣﴾﴾ [النور: ٦٣]، أتدري ما الفتنة؟ الفتنة: الشرك، لعله إذا رد بعض قوله أن يقع في قلبه شيء من الزيغ فيهلك.

عن عدي بن حاتم: أنه سمع النبي (ﷺ) يقرأ هذه الآية: ﴿اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ﴾ الآية. فقلت له: إنا لسنا نعبدهم قال: (أليس يحرمون ما أحل الله فتحرمونه ويحلون ما حرم الله، فتحلونه؟) فقلت: بلى. قال فتلك: عبادتهم) رواه أحمد، والترمذي وحسنه[٢١١].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير آية النور.

الثانية: تفسير آية براءة.

---

[٢١١] أخرجه الترمذي (٣٠٩٤)، والطبراني في (الكبير) (١٧ /٩٢ رقم ٢١٨).

الثالثة: التنبيه على معنى العبادة التي أنكرها عدي.

الرابعة: تمثيل ابن عباس بأبي بكر وعمر، وتمثيل أحمد بسفيان.

الخامسة: تغير الأحوال إلى هذه الغاية، حتى صار عند الأكثر عبادة الرهبان هي أفضل الأعمال، وتسمى الولاية، وعبادة الأحبار هي العلم والفقه ثم تغيرت الحال إلى أن عبد من دون الله من ليس من الصالحين، وعبد بالمعنى الثاني من هو من الجاهلين.

باب من أطاع العلماء والأمراء في تحريم ما أحل الله أو تحليل ما حرم الله فقد اتخذهم أربابا من دون الله

هەر کەسێک گوێڕایەلی زانا و ئەمیر و سەرکردەکان بکات لەوەدا کە شتێک حەرام بکات کە خوا حەڵاڵی کردوە، یان شتێک حەڵاڵ بکات کە خوا حەرامی کردوە، ئەوە ئەوانی کردوە بە خوا و پەرستراوی خۆی بێجگە لە خوا.

زانایان دەڵێن گوێ ڕایەلی کردنی سەربەخۆ تەنها بۆ خوایە و گوێ ڕایەلی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) تابعە بۆ گوێ ڕایەلی خوا، هەروەها گوێ ڕایەلی زانایان دەکرێت لە حەق نەوەك لە باطل. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ﴾ [النساء: ٥٩]، واتە: گوێڕایەلی خوا و گوێڕایەلی پێغەمبەر و زانا وکاربەدەستان بکەن.

صالح ال شیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (﴿وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ﴾، کاری گوێڕایەلی (واتە: أطيعوا) دووبارە نەکردۆتەوە، ابن القيم و بێجگە لە ابن القيم دەڵێن: ئەمە بەڵگەیە کە گوێڕایەلی أولی الامر سەربەخۆ نیە، بەڵکو گوێڕایەڵییان دەکرێت لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر، ئەگەر فەرمانیان بە تاوان کرد گوێڕایەلی دروست کراو ناکرێت لە پێچەوانەی دروستکار)[٢١٢].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (دانەری کتاب دەفەرموێت: (من أطاع العلماء والأمراء)، ئەمە مەرج و وەڵامە، چونکە حەرام کردن و حەڵاڵ کردن مافی

---

[٢١٢] التمهيد لاپەڕە (٣٩٥).

خوای گەورەیە کەس بۆی نیە ببێتە شەریک لەگەڵ خوا، هەر کەسێک شت حەڵاڵ بکات یان حەڕام بکات بە بێ بەڵگەی قورئان و سوننەت ئەوا نەفسی خۆی کردۆتە شەریک لەگەڵ خوا، هەر کەسێک گوێڕایەڵی بکات ئەوا کردوویەتی بە شەریک لەگەڵ خوا لە تشریع.

ئەمەیان پێی دەڵێن شیرکی گوێڕایەڵی، چونکە عیبادەت ماناکەی گوێڕایەلی کردنی خوایە بە جێ بە جێکردنی فەرمانەکان و تەرک کردنی نەهی یەکان)[٢١٣].

[٢١٣] إعانة المستفيد (١٤٧/٢).

وقال ابن عباس: يوشك أن تنزل عليكم حجارة من السماء، أقول: قال رسول الله (ﷺ)، وتقولون: قال أبو بكر وعمر؟!

واتە: ابن عباس دەفەرموویت: نزیکە لە ئاسمانەوە بەرد بباریت بەسەرتاندا، (چونکە دەڵێم: پێغەمبەر (ﷺ) ئاوای فەرموو، ئێوەش ڕەتی دەکەنەوە و دەڵێن: ئەبوبەکرو عومەر ئاوایان گوتوە.

ڕاڤەی وشەکانی ئەم ئەثەرە:

(يوشك): واتە: نزیکە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئەثەرە لەم بابە:

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (چونکە واجبە لەسەر موسڵمان ئەگەر گوێی لە فەرموودەی پێغەمبەر بوو (ﷺ) لە زانست و فقە یان ئەهلی علم ڕوونیان کردەوە، نابێت فەرموودەکە تەرک بکات بۆ وتەی هەر کەسێک)[٢١٤].

سوودەکانی ئەم ئەثەرە:

١- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە بۆ خۆ پاراستن لە شوێن کەوتنی کوێرانە و دەمارگیری کە بنیات نەنراوە لەسەر بنچینەیەکی ڕاست[٢١٥].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەگەر ئەوەی قسە دەکات پێچەوانەی شەرع ئەبوبەکر بێت ئەی چی دەڵێی بۆ کەسانی تر لە هاوەڵان و تابعین، ئەی دەبێت

---

[٢١٤] التمهيد لاپەڕە (٣٩٨).

[٢١٥] القول المفيد.

چۆن بێت بۆ ئەوانەی ئەهلی مەزهەبن، ڕێزگرتنی زانایان و مەزهەب واجبە، بەڵام هەموو زانایان یەک دەنگن هەر کەسێک سوننەتی بۆ ڕوون بووەوە بۆی نیە سوننەت تەرک بکات بۆ وتەی کەسێکی تر)[٢١٦].

٢- هۆکاری گوتنی ئەم وتەیە لەبەر فسخ کردنی حەج بوو بۆ عومرە.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ابن عباس خوا لێی ڕازی بێت ئەم وتەیەی گوت کاتێک خەبەری پێ گەیشت کە ئەبوبەکر و عومەر خوا لە هەردووکیان ڕازی بێ وایان دەبینی نابێت حەج فەسخ بکرێت بۆ عومرە، لە کاتێک دا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردوە بە فسخ کردنی حەج بۆ عومرە بۆ کەسێک قوربانی لەگەڵ خۆی نەهێنابێت)[٢١٧].

٣- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە بۆ فەزڵی ابن عباس و وردی تیگەیشتنی[٢١٨].

٤- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە بۆ واجبی تووڕە بوون لە پێناو خوا و پێغەمبەری خوا[٢١٩].

٥- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە بۆ ترسانی هاوەڵان لە سزای خوا ئەگەر سەرپێچیان کرد.

٦- ئینکاری کردنی بەرامبەر بە توندی هەندێک کات پێچەوانەی حیکمەت نیە.

---

[٢١٦] التمهيد لاپەڕە (٣٩٩).

[٢١٧] القول المفيد.

[٢١٨] الجديد لاپەڕە (٣٣٣).

[٢١٩] الجديد لاپەڕە (٣٣٣).

وقال الإمام أحمد: عجبت لقوم عرفوا الإسناد وصحته، يذهبون إلى رأي سفيان، والله تعالى يقول: ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴿٦٣﴾﴾ [النور: ٦٣]، **أتدري ما الفتنة؟ الفتنة: الشرك، لعله إذا رد بعض قوله أن يقع في قلبه شيء من الزيغ فيهلك.**

واتە: ئیمام ئەحمەد دەفەرمووێت: سەرم سوڕماوە لەو کەسانەی کە شارەزای ئیسنادی فەرموودەن و دەشزانن کام فەرموودە صحیحە، کەچی دەڕۆن شوێن ڕای سوفیانی سەوری دەکەون، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴿٦٣﴾﴾، واتە: (ئەوانەی کە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا دەکەن و لێی لادەدەن با بترسن و خۆیان بپارێزن لەوەی تووشی فیتنە بن یان تووشی سزایەکی بە ئێش بن.)، دەزانن ئەم فیتنەیە چییە؟ ئەم فیتنەیە شیرکە.

ڕاڤەی وشەکانی ئەم ئەثەرە:

(عجبت): واتە: سەرم سوڕماوە.

(يذهبون إلى رأي سفيان): واتە: دەڕۆن شوێن ڕای سوفیانی سەوری دەکەون.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئەثەرە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئەثەرەی باسکردوە چونکە نابێت شوێن هیچ زانایەک بکەویت لە سەرپێچی کردنی خوا و پێغەمبەری خوا.

سوودەکانی ئەم ئەثەرە:

١- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە رەت کردنەوەی وتەی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر وتەی کەسێکی تر ترسی ئەوەی هەیە خوای گەورە سزای بدات.

صالح الفوزان خوا بیپاریزێت دەفەرموێت: (تەرک کردنی فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) و وەرگرتنی وتەی زانایان و کاربەدەستان بە پێجەوانەی وتەی پێغەمبەر بۆ حەڵاڵ کردن و حەڕام کردن هۆکارە بۆ تووش بوون بە فیتنە یان سزای بە ئێش)[٢٢٠].

صالح ال الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم ئەثەرە بەڵگەیە رەت کردنەوەی وتەی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر وتەی کەسێکی تر ترسی ئەوەی هەیە خوای گەورە سزای بدات)[٢٢١].

٢- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە هەر کەسێک گەیشتبێتە پلەی ئیجتهاد و سەنەد بزانێت نابێت تەقلید بکات.

٣- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە هەر کەسێک نەگەیشتبێتە پلەی ئیجتهاد و سەنەد و نەزانێت دەبێت تەقلید بکات بە کەسێک کە جێگای متمانە بێت و شارەزا بێت.

٤- ئەم ئەم ئەثەرە بەڵگەیە صحیحی سەنەد بەڵگەیە لەسەر صحیحی مەتن، بە پێچەوانەی ئەوانەی عەقڵی خۆیان دەکەنە بەڵگە و هەموو شتێک لایان عەقڵە، دەڵێن ئەگەر سەنەد صحیح بوو نابێتە بەڵگە کە مەتنی صحیحە[٢٢٢].

---

[٢٢٠] إعانة المستفيد (١٦٠/٢).

[٢٢١] التمهيد لاپەڕە (٤٠٠).

[٢٢٢] إعانة المستفيد (١٦٢/٢).

عن عدي بن حاتم: أنه سمع النبي (ﷺ) يقرأ هذه الآية: ﴿اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ﴾ الآية. فقلت له: إنا لسنا نعبدهم قال: (أليس يحرمون ما أحل الله فتحرمونه ويحلون ما حرم الله، فتحلونه؟) فقلت: بلى. قال فتلك: عبادتهم) رواه أحمد، والترمذي وحسنه[٢٢٣].

واتە: لە عەدی کوڕی حاتەم دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ئەم ئایەتەی دەخوێند: ﴿اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ﴾، منیش گوتم: ئێمە نەمان پەرستوون، فەرمووی: (ئەی ئەوە نیە ئەوەی خوا حەڵالی کردوە ئەمان هاتوون حەرامیان کرد، ئێوەش یەکسەر بە حەرامتان دادەنا، ئەوەشی کە خوا حەرامی کردوە ئەوان حەڵاڵیان دەکرد، ئێوەش یەکسەر بە حەڵاڵتان دادەنا؟ منیش گوتم: بەڵێ وایە. فەرمووی: دەی ئەوە پەرستنی ئەوانە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(فقلت له: إنا لسنا نعبدهم): واتە: منیش گوتم: ئێمە نەمان پەرستوون.

(قال فتلك عبادتهم): واتە: فەرمووی: دەی ئەوە پەرستنی ئەوانە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە گوێڕایەڵی کردنی زانایان لە پێچەانەی شەرعدا بە شیرک حساب دەکرێت.

---

[٢٢٣] أخرجه الترمذي (٣٠٩٤)، والطبراني في "الكبير"(١٧ /٩٢ رقم ٢١٨).

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە گوێڕایەڵی بە مانای عیبادەت دێت، کەواتە گوێڕایەڵی کردنی زانایان بە پێچەوانەی شەرع شیرکە.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە گوێڕایەڵی بە مانای عیبادەت دێت)[٢٢٤].

صالح الفوزان خوا بپارێزێت دەفەرموێت: (فەرموودەی عەدی خوا لێی ڕازی بێت بەڵگەیە عیبادەت تەنها لە ڕکوع و سوجدە و دوعادا نیە، بەڵکو گوێڕایەڵی فەرمان و تەرک کردنی نەهی لێکراوەکانیش دەگرێتەوە)[٢٢٥].

گوێ ڕایەڵی کردنی زانایان ئەم چوار حاڵەتەیە:

حاڵەتی یەکەم: ئەگەر گوێ ڕایەڵی زانا بکات لە حەڕام کردنی حەڵاڵێك یان حەڵاڵ کردنی حەڕامێک و باوەڕی وابێت گوێ ڕایەڵی کردنی دروستە و بە قسەی ئەو حەڵاڵ حەڕام دەبێت، ئەمە شیرکی گەورەیە و شیرکە لە گوێ ڕایەڵی کردندا.

حاڵەتی دووەم: ئەگەر گوێ ڕایەڵی زانا بکات لە حەڕام کردن و حەڵاڵ کردن ئەگەر حەڕامەکەش حەڕام بێت یان حەڵاڵەکەش حەڵاڵ بێت هەر تووشی شیرکی گەورە بووە، چونکە زانای کردۆتە خوای خۆی لە دین و گوێ ڕایەڵی سەربەخۆی بۆ زانا داناوە.

---

[٢٢٤] القول المفيد.

[٢٢٥] إعانة المستفيد (١٦١/٢).

حاڵەتی سێیەم: ئەگەر گوێ ڕایەڵی زانا بكات لە حەرام كردنی حەڵاڵێك یان حەڵاڵ كردنی حەرامێك و بزانێت زانایەكە هەڵەیە بەڵام شوێن ئارەزووی خۆی بكەوێ و گوێ ڕایەڵی بكات ئەمە تەنها تاوانبارە، هەروەها هەندێ زانا دەڵێن تووشی شیركی بچووك بووە.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەگەر ئەوەی گوێڕایەڵییان دەكات باوەڕی وابێت حەرامە و دان بەوەدا دەنێت كە ئەمە هەڵەیە، بەڵام گوێڕایەڵیان دەكات لەبەر هەواو ئارەزووی خۆی كەچی دان بەوەدا دەنێت كە تاوانە، ئەمە شیركی بچووكە)[٢٢٦].

حاڵەتی چوارەم: ئەگەر گوێ ڕایەڵی زانا بكات لە حەڵاڵ كردنی حەرام یان حەرام كردنی حەڵاڵ، هەروەها نەزانێت فلانە شت حەڵاڵە یان حەرامە و گومانی وایە ڕاست دەكات، ئەمەیان عوزری هەیە و تاوانبار نابێت.

كەسانێك دەڵێن یان باوەڕیان وایە وتە و فەتوای فلان پیاو چاك یان زانا ئەگەر لە قورئان و سوننەت بەهێزتر نەبێت ئەوا یەكسانە، گومانی تێدایە نیە ئەمانە كافرن ئەگەر شەو شەونوێژ بكەن و ڕۆژیش بە ڕۆژوو بن و بە ئەندازەی چیای ئوحدیش ماڵ ببەخشن خوای گەورە لێیان خۆش نابێت، موسڵمانان لەم سەردەمەدا زۆرینەیان سەرسامن بە بانگخوازەكان بە سەرسام بوونێكی كوێرانە بێ ئەوەی لێیان بكۆڵنەوەو بپرسن ئەوەی دەیڵێن ڕاستە یان نا؟! بەڵگەی هەیە یان نا؟! هەر كەسێك بانگخوازێكی دیاركردووە و بە شان و بالیدا دەڵێت و كردوویەتی بە زانا كەچی ئاستی ئەو بانگخوازە لە ئاستی قوتابی دایە نەك مامۆستا، بەڵكو هەیە لە ئاستی قوتابیشدا نیە، زۆرینەی ئەو بانگخوازانەی گومڕا دەبن خەڵكی نەزانن گومڕایان دەكەن، چونكە بە شان و بەژنیان دا دەڵێن و پلەیەكیان بۆ داناون كەچی لەو پلەیەدا نین، لە لایەكی ترەوە كەسانێك

---

[٢٢٦] اعانة المستفيد (١٦٠/٢).

دینداری به خزمایەتی و حزبایەتی دەکەن، دین لە مەلای خزمی خۆی نەبێت لە کەسی تری وەرناگرێت یان لە حزبی خۆی نەبێت وەریناگرێت و دەڵێن ئەمە زانای سەردەمە، ئەوەی زانراو بێت خەڵکی عەوام کە شارەزاییان نیە لە دین و ناتوانن ئاستی مامۆستای ئایینی دیار بکەن، چونکە شارەزا نین.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە شوێن کەوتنی زانایان و بەندە چاکەکان پێچەوانی شەرعی خوا، کردنە بە خوا[٢٢٧].

---

[٢٢٧] القول المفيد.

باب قول الله تعالى:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا﴾ { النساء: ٦٠}.

وقوله: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾ { البقره: ١١}.

وقوله: ﴿وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا﴾ {الاعراف: ٥٦}.

وقوله: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾ {المائده: ٥٠}.

عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يؤمن أحدكم حتى يكون هواه تبعا لما جئت به) قال النووي: حديث صحيح، رويناه في كتاب "الحجة" بإسناد صحيح[٢٢٨].

وقال الشعبي: كان بين رجل من المنافقين ورجل من اليهود خصومة؛ فقال اليهودي: نتحاكم إلى محمد ـ لأنه عرف أنه لا يأخذ الرشوة ـ وقال المنافق: نتحاكم إلى اليهود ـ لعلمه أنهم يأخذون الرشوة – فاتفقا أن يأتيا كاهنا في جهينة فيتحاكما إليه، فنزلت: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ) الآية[٢٢٩].

---

[٢٢٨] أخرجه ابن أبي عاصم في (السنة) والبيهقي في (المدخل الى السنن الكبرى) (لاپەڕە ١٨٨ ڕقم ٢٠٩) والهرة في (ذم الكلام و أهله) (١٦٩/٢).

[٢٢٩] أخرجه المروزي في (تعظيم قدر الصلاة) (٦٥٨/٢ رقم ٧١١)، والطبراني(١٥٢/٥).

وقيل: نزلت في رجلين اختصما، فقال أحدهما: نترافع إلى النبي (ﷺ)، وقال الآخر: إلى كعب بن الأشرف، ثم ترافعا إلى عمر، فذكر له أحدهما القصة. فقال للذي لم يرض برسول الله (ﷺ): أكذلك؟ قال: نعم، فضربه بالسيف فقتله[٢٣٠].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير آية النساء وما فيها من الإعانة على فهم الطاغوت.

الثانية: تفسير آية البقرة: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ﴾.

الثالثة: تفسير آية الأعراف ﴿وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا﴾.

الرابعة: تفسير: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾.

الخامسة: ما قاله الشعبي في سبب نزول الآية الأولى.

السادسة: تفسير الإيمان الصادق والكاذب.

السابعة: قصة عمر مع المنافق.

الثامنة: كون الإيمان لا يحصل لأحد حتى يكون هواه تبعا لما جاء به الرسول.

---

[٢٣٠] أخرجه الثعلبي في "تفسيره"(٣٣٧/٣)عن ابن عباس من قوله، وأخرجه الطبري في " التفسير"، عن مجاهد من
قوله (١٥٤/٥), وكذا ابن أبي حاتم في " تفسيره" (٩٩١/٣ رقم ٥٥٤٨)، وانظر: " فتح الباري" (٣٧/٥)

باب قول الله تعالى:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا﴾ { النساء: ٦٠}.

واتە: ئایا نەتڕوانیوەتە ئەو (دووڕووانەی) لافی ئەوە لێ دەدەن گوایە بەڕاستی باوەڕیان هێناوە بەوەی کە بۆ تۆ ڕەوانەکراوە و بەوەش کە پێش تۆ ڕەوانەکراوە (بۆ پێغەمبەران)! کەچی دەیانەوێت ڕووبکەنە زۆردارو جادووگەرو خوانەناسان تا دادوەریان لە نێواندا بکەن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، لەکاتێکدا بە ڕاستی فەرمانیان پێدراوە کە باوەڕیان بە (تاغوت) نەبێت، شەیتانیش دەیەوێت گومڕایان بکات بەگومڕاییەکی دوورو بێ سنوور.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم بابە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ بابی پێشوو؛ چونکە بابی پێشتر ئەوەی باسکردووە حوکمی ئەو کەسەی گوێرایەلی زانا و کاربەدەستان دەکات لە حەڵاڵ کردنی شتێک کە خوا حەرامی کردوە یان حەرام کردنی شتێک کە خوا حەڵاڵی کردوە، ئەمەیان ئینکاری ئەو کەسە دەکات کە بێجگە لە خوا و پێغەمبەر دەکاتە حاکم بۆ کێشەکان یان هەر شتێکی تر)[٢٣١].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم بابە لە جنسی بابی پێشوە، هەردووکیان باسی گۆڕینی شەرعی خوا دەکەن، بەڵام ئەم بابە تایبەتە بە حوکم کردن بۆ کێشەکان، بابی پێشووتر باسی حەرام کردن و حەڵاڵ کردنە بە شێوەیەکی گشتی)[٢٣٢].

---

[٢٣١] القول المفيد.

[٢٣٢] إعانة المستفيد.

صالح ال الشيخ خوا بیپاریزێت دەفەرموویت: (یەکخواپەرستی لە گوێڕایەڵی خوا و تحقیقی وشەی: (لا إله إلا الله محمدا رسول الله) نایێتەدی ئیلا بە حوکم کردن بەوە نەبێت کە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دابەزیوە، وازهێنان لەوەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دابەزیوە بە حوکمی جاهلی، یان بە حوکمی یاسا، یان بە حوکمێک کە پێچەوانەی حوکمی خوا بێت، ئەمە کوفری گەورەیە و هەڵوەشێنەری وشەی: (لا إله إلا الله محمدا رسول الله))[٢٣٣].

هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە:

لە موجاهد دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویت: (کێشە کەوتە نێوان پیاوێکی دووڕوو و پیاوێکی جولەکە، دووڕووەکە گوتی: با بڕۆین بۆ لای کەعبی کوڕی ئەشرەف بۆ ئەوەی دادوەری بکات لەنێوانمان، جولەکەکە گوتی: بڕۆین بۆلای محمد، خوای گەورە فەرمووی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُودًا﴾)[٢٣٤].

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى﴾: استفهام مەبەست پێی دان پێنان و سەیری حاڵیانە، خطاب بۆ پێغەمبەرە درود و سەلامی خوای لێ بێت.

---

[٢٣٣] التمهيد لاپەڕە (٤٠٥).

(٢٣٤) أخرجه الطبري في (جامع البيان) (١٩٤/٧)، وابن أبي حاتم في (تفسيره) (٩٩١/٣-٩٩٣).

﴿يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ﴾: تاغوت مەبەست پێی هەموو حوكمێكە كە پێچەوانەی حوكمی خوا و پێغەمبەر بێت، یان هەموو حاكمێكە كە حوكم بكات بە حوكمی بێجگە لە خوا و پێغەمبەر.

﴿وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ﴾: شەیتان مەبەست پێی جنسە، شەیتانی جنۆكە و مرۆڤ دەگرێتەوە.

هۆكاری باسكردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ڕووی باسكردنی ئەم ئایەتە لەم بابە ڕوون و ئاشكرایە، حوكم كردن بە شەریعەت وشەریعەت كردنە حاكم بۆ هەموو شتێك لە تەوحیدی خوای گەورەیە، هەروەها تەرك كردنی ئەمە شیركە بەخوا و سیفەتی دووڕووەكانە)[٢٣٥].

سوودەكانی ئایەتەكە:

١- سەیری حاڵی دووڕووەكان و ئینكاری كردنیان لەوەی لەسەری دەڕۆن و تناقضیان، لەبەر وتەی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾.

٢- درۆی دووڕووەكان كە بانگەشەی ئیمان دەكەن، هەروەها تناقضیان، بانگەشەی ئەوە دەكەن ئیمانمان هێناوە بەوەی خوای گەورە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دایبەزاندووە و بۆ ئەوانی پێش پێغەمبەریش، لەگەڵ ئەمەش دەیانەوێت ڕوو بكەنە زۆردارو جادووگەرو

---

[٢٣٥] إعانة المستفيد (١٧٦/٢).

خوانەناسان تا دادوەری لە نێواندا بکەن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، لەبەر وتەی: ﴿يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ﴾.

٣- واجبی ئیمان هێنان بەوەی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دابەزیوە و بۆ ئەوانەی پێش پێغەمبەریش، لەبەر وتەی: ﴿أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ﴾.

٤- جێگیرکردنی دابەزاندنی قورئان لەلایەن خوای گەورە و هەروەها کتێبەکانی پێشووتریش، لەبەر وتەی: ﴿بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ﴾، هەروەها وتەی: ﴿تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ﴾.

٥- جێگیرکردنی بەرزی خوای گەورە بەسەر دروستکراوەکانی، لەبەر وتەی: ﴿أُنْزِلَ﴾، هەروەها وتەی: ﴿تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ﴾، دابەزاندن لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە.

٦- شەرەف و ڕێزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خطاب بۆی و جێگیرکردنی پەیامی.

٧- ڕووکردنە حوکمی جگە لە قورئان و حوکمی تاغوت، لەبەر وتەی: ﴿يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ﴾.

ئەگەر ویستی ڕووکردنە جگە لە حوکمی خوا لەدین دەرچوون بێت، ئەوە ڕووکردنە حوکمی جگە لەقورئان لەپێشترە لەدین دەربچیت، بۆیە ئایەتی دواتر فەرمووی: ﴿فَلَا

وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾ (٢٣٦)

صالح الفوزان خوا بیپاریزێت دەفەرموویت: (ئەم ئایەتە بەڵگەیە ویستی ڕووکردنە بێجگە لە حوکمی خوا و پێغەمبەر نەفی ئیمان دەکات، ئەی ئەگەر بە کردەوە بیکات دەبێت چۆن بێت؟ ئەگەر بە کردەوە ڕووبکاتە بێجگە لە حوکمی خوا و پێغەمبەر؟، ئەگەر لە دڵەوە ئەم شتەی لا دروست بێت، ئەگەر چی بە کردەوەش نەکات ئیماندار نیە)(٢٣٧).

٨- ڕووکردنە حوکمی جگە لە قورئان و حوکمی تاغوت کوفرە پەنا بەخوا، لەبەر وتەی: ﴿وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ﴾.

٩- عوزر بۆ ئەوانە نییە کە ڕوو دەکەن تاغوتەکان و ئیمانی پێ دەهێنن، چونکە فەرمانیان پێ کراوە کوفر بە تاغوت بکەن.

١٠- شوێن کەوتنی تاغوتەکان گومڕا بوونێکە لە شەیتانەوە، لەبەر وتەی: ﴿وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾.

١١- واجبی هۆشداری وەرگرتن و خۆپاراستن لە شەیتان و ویستی شەیتان بۆ گومڕا کردن و تووشی کوفرکردن، لەبەر وتەی: ﴿وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾.

١٢- شەیتان ڕازی نابێت و قەناعەتی نایەت هەتا خەڵک گومڕا دەکات بەگومڕاییەکی دوورو بێ سنوور، هەتا تووشی کوفری دەکات، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو بۆ مرۆڤ دێت، لە تاوانی بچووک دەست پێ دەکات بۆ تاوانی گەورە، پاشان بۆ کوفر.

---

(٢٣٦) (تفسير ابن عثيمين- سورة النساء) (٤٧٤/١).

(٢٣٧) إعانة المستفيد (١٦٧/٢).

١٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە واجبە حوکم بکرێت بە شەرعی خوا، نابێت حوکم بکرێت بە شتی تر هەرچیەک بێت، ئەمە بنچینەیە و هەموو یەک دەنگن لەسەری[٢٣٨].

١٤- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ سەیری حاڵیان، ئەمەش وەردەگیرێت لە استفهام لە وتەی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى﴾، مەبەست لەمە سەرسوڕمانی حاڵیانە[٢٣٩].

١٥- ئەم ئایەتە بەڵگەیە شەیتان ویستی هەیە[٢٤٠].

وقوله: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُواْ فِي ٱلْأَرْضِ قَالُوٓاْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾ { البقره: ١١}.

واتە: ئەگەر بەو دووڕووانە گوترا خراپە و فەساد مەنێنەوە لەسەر زەوی، دەڵێن: ئێمە هەر خۆمان چاکسازین.

---

[٢٣٨] التعليق المفيد.

[٢٣٩] تفسير سورة النساء (٤٧١/١).

[٢٤٠] تفسير سورة النساء (٤٧٥/١).

ڕاڤەی وشەكانی ئایەتەكە:

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ لَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ قَالُوٓاْ إِنَّمَا نَحۡنُ مُصۡلِحُونَ﴾ واتە: ئەوانە كاتێک پێیان دەوترێت تۆی گوناهو تاوان و خراپەكاری مەچێنن لە زەویدا، ئەوەی پێی دەوترێ دیار نەكراوە، لەبەر ئەوەیە تا هەموو كەسێک بگرێتەوە، واتە هەر كەسێک بەو دووڕووانە بڵێت، ماناكەی: ئەگەر پێیان بگوترێ كوفر مەكەن لە زەویدا و پشتگیری كافرەكان مەكەن و خەڵک لە ئیمان دەرمەخەن[٢٤١].

هۆكاری باسكردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (حوكم كردن بە بێجگە لەوەی خوا دایبەزاندووە گەورەترین هۆكاری فەسادە لەسەر زەوی)[٢٤٢].

سوودەكانی ئایەتەكە:

١- حەڕامی تۆی گوناهو تاوان و خراپەكاری چاندن لە زەویدا، نیفاقیش گەورەترین فەسادە لەسەر زەوی، لەبەر وتەی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ لَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾.

٢- مردنی هەستی دووڕووەكان، كوێر بوونی چاویان و كوێر بوونی دڵیان، كە ئەمە گەورەترین بەڵایە، لەبەر وتەی: ﴿وَلَٰكِن لَّا يَشۡعُرُونَ ١٢﴾.

٣- دەبێت خۆت بپارێزی لە سیفەتی دووڕووەكان، چونكە هەر سیفەتێكی كافر و دووڕوو لە قورئان باسكرابێت ئاماژەیە بۆ ئەوە ئیماندار خۆی لەم سیفەتانە بپارێزی، ئەوان بانگەشەی

---

(٢٤١) الجامع لأحكام القرآن (٣٠٦/١).

(٢٤٢) القول المفيد.

ئەوەیان دەکرد کە ئیماندارن، کەچی درۆ دەکەن، بانگەشەی ئەوە دەکەن چاکە لە زەویدا دەڕوێنن کەچی خراپە دەڕوێنن.

٤- ئەم ئایەتە بەڵگەیە گەورەترین بەڵا ئەوەیە خراپە جوان بووبێت بۆ مرۆڤ هەتا وای ببینێت خۆی چاکەکارە[٢٤٣].

٥- هەر کەسێک بانگەشەی شتێک بکات مەرج نییە بانگەشەکەی ڕاست بێت، چونکە ئەوان گوتیان: ﴿إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾، خوای گەورە فەرمووی: ﴿أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ﴾[٢٤٤].

٦- مرۆڤ تاقی دەکرێتەوە بە خراپە چاندن لەسەر زەوی، هەروەها خراپەکەش لێی شاراوە دەبێت، لەبەر وتەی: ﴿وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ﴾[٢٤٥].

٧- ئەم ئایەتە بەڵگەیە حوکم کردن بە کتابی خوا لە چاکە کردنە لەسەر زەوی، وە حوکم کردن بە بێجگە لە کتابی خوا لە خراپە کردنە لەسەر زەوی، ئەمەش ڕووی باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە[٢٤٦].

---

(٢٤٣) تفسير ابن عثيمين (٢٠٩/١).

(٢٤٤) تفسير ابن عثيمين (٢١٠/١).

(٢٤٥) تفسير ابن عثيمين (٢١٠/١).

(٢٤٦) إعانة المستفيد (١٧٧/٢).

وقوله: ﴿وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا﴾ { الاعراف: ٥٦}.

واتە: لەگەڵ ئەوەشدا خراپە و فەساد مەنێنەوە لەسەر زەوی پاش ئەوەی سەر زەوی چاک کرا.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا﴾: واتە: پاش ئەوەی سەر زەوی چاک کرا بە ناردنی پێغەمبەر و وەحی و ئیمان.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ڕووی باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە ئەوەیە: حوکم کردن بەوەی خوای گەورەی دایبەزاندووە لە چاکەکردنە، حوکم کردن بە بێجگە لە حوکمی خوا خراپە کردنە)[٢٤٧].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- خراپە کردن پاش چاکە گەورەترە لەوەی مرۆڤ خراپە بکات پێش چاکە، ئەگەر چی داواکراوە چاکە بکرێت دوای خراپە[٢٤٨].

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە چاک بوونی زەوی بە شوێن کەوتنی شەرعی خوایە و حوکم کردنە بە شەرعی خوا، هەروەها خراپە کردن لەسەر زەوی سەرپێچی کردنی فەرمانی خوایە و حوکم کردنە بە حوکمی بێجگە لە شەرعی خوا.[٢٤٩].

---

[٢٤٧] القول المفيد.

[٢٤٨] القول المفيد.

[٢٤٩] التعليق المفيد.

وقوله: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾ {المائده: ٥٠}.

واته: ئایا ئەوانە حوکمی جاهیلی و نەفامییان دەوێت و لە حوکمی خوا لادەدەن، ئەی جا کێ هەیە حوکمی جوانتر بێت لە حوکمی خوا.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿يَبْغُونَ﴾: واتە: داوا دەکەن و دەیانەوێت.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردوە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە باشترین حوکم حوکمی خوایە و لادان لە حوکمی خوا کردەوەی دووڕووەکانە و کوفرە.

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە دووڕوو حەز ناکەن لە حوکمی جاهیلی نقل بین بۆ حوکمی خوا، بەڵکو حەز دەکەن لەسەر حوکمی جاهیلی بمێننەوە.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم دووڕووانەی بانگەشەی ئیسلامیان دەکرد دەیانویست حوکمی جاهیلی بکرێت، حوکمی خوای گەورەیان نەدەویست، نەیاندەویست لە حوکمی جاهیلی نقل بین بۆ حوکمی خوا، بەڵکو دەیان ویست لەسەر حوکمی جاهیلی بمێننەوە، ئەمە مەزهەبی دووڕووەکانە بە بەردەوامی، وە مەزهەبی ئەوانەشە کە شوێنیان دەکەون)[٢٥٠].

---

[٢٥٠] إعانة المستفيد (١٧٨/٢).

زانایان دەڵێن حوکمی بێجگە لەخوا ئەم چوارانە دەگرێتەوە:

یەکەم: (المشرع): ئەو کەسەی قانونێک دادەنێت پێچەوانەی شەرعی خوا، ئەمە کافرە، کوفرەکەشی دیارە چونکە نەفسی خۆی کردۆتە تاغوت و بانگی خەڵک دەکات تا گوێڕایەلی بکەن.

دووەم: (حاکم): ئەو حاکمەی لەسەر قانونی مشرع دەروات کە پێچەوانەی شەرعی خوایە، دەڵێن ئەم چوار حاڵەتەیە:

(١) یاسای مشرع لای حاکم باشتر بێت لە خوا، ئەمە کافرە.

(٢) یاسای مشرع لای حاکم وەک حوکمی خوا بێت، ئەمە کافرە.

(٣) حوکم کردن بە یاسای مشرع لای حاکم حەڵاڵە، ئەمە کوفرە.

(٤) حوکم کردن بە یاسای مشرع لای حاکم حەڕامە و دەزانێت حوکمی خوا باشترین حوکمە و

هیچ حوکمێک وەک حوکمی خوا نیە، بەڵام ناچارە لەگەڵ واقع دەڕوات و خۆی پێ تاوانبارە، لەم حاڵەتە وتەی ڕاست ئەوەیە تووشی کوفری بچووک بوە.

حاکم کاتێک خەڵک پابەند دەکات بە یاسای پێچەوانەی شەرع دوو حاڵەتە:

(آ) جارێک یان دوو جار یان زیاتر حوکم دەکات بە یاسا و دەزانێت تاوانبارە و باشترین حوکم حوکمی خوایە، ئەمە تووشی کوفری بچووک بووە.

(ب) حاکمێک هەرگیز حوکم بە شەرعی خوا ناکات، بەردوام حوکم بە شەرعی بێجگە لەخوا دەکات و خەڵک پابەند دەکات بە شەرعی بێجگە لەخوا، دەڵێین کافرە وەک کوفری ئەو کەسەی یاسای داناوە.

هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون کافر نابێت هەتا حەڵاڵی نەکات، چونکە خۆی دەزانێت تاوانبارە و وتەی یەکەم کە دەڵێت کافرە ئەمە وتەی ڕاستە، کە ئەمە وتەی محمد ئیبراهیمە لە نامیلکەی (تحکیم القوانین).

سێیەم: ئەوانەی کێشەی خۆیان دەبەنە لای حاکم بۆ ئەوەی حوکم لەنێوانیان بکات، ئەمە تەفسیلی تیدایە:

(١) ئەگەر حوکمی بێجگە لەخوا هەڵبژێرێت و پێی باشتر بێت ئەوە کافرە.

(٢) ئەگەر بە حوکمی بێجگە لەخوا ڕازی نەبێت، بەڵام ناچار کراوە لەسەر ئەمە، هەروەک لە هەندێک وڵات ئەمە هەیە ئەمە کوفر نیە.

چوارەم: حاڵی وڵات ئەگەر حوکم بە بێجگە لە شەرع بکات، محمد ئیبراهیم دەفەرمووێ: ئەگەر حوکم کردن بە قانون واجب کرابێت ئەوا لەم حاڵەتە:

(١) ئەگەر حوکم کردن بەو قانونە شاراوە بێت و کەم بێت، لەم حاڵەتە وڵاتەکە وڵاتی ئیسلامە.

(٢) ئەگەر حوکم کردن بەو قانونە دیار بێت و بڵاوبێت، لەم حاڵەتە وڵاتەکە وڵاتی کوفرە.

عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يؤمن أحدكم حتى يكون هواه تبعا لما جئت به) قال النووي: حديث صحيح، رويناه في كتاب "الحجة" بإسناد صحيح[٢٥١].

واتە: لە عبدالله بن عمرو دەگێڕنەوە خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (یەکێ لە ئێوە ئیمانی نییە واتە: (ئیمانی تەواو نییە)، هەتا وای لێ دێت ئارەزووەکانی شوێن ئەوە دەکەون کە من هێناومە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(لا يؤمن أحدكم): واتە: ئیمانی تەواو نیە، نەک ئیمانی نەبێت و کافر بێت.

(حتى يكون هواه تبعا لما جئت به): واتە: هەتا وای لێ دێت ئارەزووەکانی شوێن ئەوە دەکەون کە من هێناومە.

(هواه): وشەی هەوا بەزۆری بۆ گومڕایی بەکاردێت، نەک هەوای ئیمان.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە چونکە واجبە ئیماندار شوێن ئەوە بکەوێت کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەری ناردوە (ﷺ).

سوودەکانی فەرموودەکە:

---

[٢٥١] أخرجه ابن أبي عاصم في "السنة" والبيهقي في "المدخل الى السنن الكبرى" (لاپەڕە ١٨٨ ڕقم ٢٠٩) والهروي في "ذم الكلام و أهله" (١٦٩/٢).

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئیماندار ئیمانی تەواو نابێت هەتا وای لێ دێت ئارەزووەکانی شوێن ئەوە دەکەون کە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی.

عبدالله بن حميد ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئيمام النووی و کەسانی تری وەک ئيمام النووی دەڵێن: ئەمە نەفی یە هی تەواوی ئیمانە، واتە ئیمانی تەواو نیە نەک کافر بێت)[٢٥٢].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە ئیماندار شوێن ئەوە بکەوێت کە خوای گەورە بۆ پیغەمبەری ناردووە.

---

[٢٥٢] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٥٦٨).

وقال الشعبي: كان بين رجل من المنافقين ورجل من اليهود خصومة؛ فقال اليهودي: نتحاكم إلى محمد ـ لأنه عرف أنه لا يأخذ الرشوة ـ وقال المنافق: نتحاكم إلى اليهود ـ لعلمه أنهم يأخذون الرشوة – فاتفقا أن يأتيا كاهنا في جهينة فيتحاكما إليه، فنزلت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ﴾ **الآية**[٢٥٣].

واتە: شەعبی دەفەرموویت: لە بەینی پیاوێکی دووڕوو و پیاوێکی جوولەکە ناکۆکی ڕوویدا، جوولەکەکە گوتی: دەڕۆین بۆ لای محمد، با حوکم بدات لە نێوانمان، چونکە دەیزانی بەرتیل وەرناگرێت، دووڕووەکەش گوتی: دەڕۆین بۆ لای پیاوێکی جوولەکە، چونکە دەیزانی بەرتیل وەردەگرێت، پاشان ڕێککەوتن بچن بۆ لای کاهینێ لە جوهەینە و داوای لێ بکەن حوکم بکات لەنێوانیان، پاشان ئەو ئایەتە دابەزی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ﴾.

وقيل: نزلت في رجلين اختصما، فقال أحدهما: نترافع إلى النبي (ﷺ)، وقال الآخر: إلى كعب بن الأشرف، ثم ترافعا إلى عمر، فذكر له أحدهما القصة. فقال للذي لم يرض برسول الله (ﷺ): أكذلك؟ قال: نعم، فضربه بالسيف فقتله[٢٥٤].

واتە: وتراوە: ئەو ئایەتە لە بارەی دوو پیاوەوە دابەزیوە کە کێشەیان لە بەیندا پەیدا بوو بوو، یەکێکیان گوتی: کێشەکەمان دەبەین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەی تریش گوتی: دەیبەین بۆ لای کەعبی کوڕی ئەشڕەف، پاشان هەردووکیان کێشەکەیان بردەوە بۆ

---

[٢٥٣] أخرجه المروزي في (تعظيم قدر الصلاة) (٦٥٨/٢ رقم ٧١١)، والطبراني (١٥٢/٥).

[٢٥٤] أخرجه الثعلبي في "تفسيره"(٣٣٧/٣)عن ابن عباس من قوله, وأخرجه الطبري في (التفسير)، عن مجاهد من قوله (١٥٤/٥), وكذا ابن أبي حاتم في (تفسيره) (٩٩١/٣ رقم ٥٥٤٨)، وانظر: (فتح الباري) (٣٧/٥).

لای عومەری کوڕی خەتاب، یەکێکیان بەسەر هاتەکەی بۆ گێڕایەوە، عومەریش بەوەیانی گوت کە بە حوکمی خوا ڕازی نەبوو بوو، جا بەڕاست مەسەلەکە ئاوابوو؟ گوتی: بەڵێ، عومەریش بە شمشێرەکەی لێی دا و کوشتی.

ڕاڤەی وشەکانی دوو ئەثەرەکە:

(نتحاكم إلى محمد): نەی گوت پێغەمبەر یان نێردراو، چونکە ئەوان ئیمانیان بە پەیامی پێغەمبەر نەبووە دوورد و سەلامی خوای لێ بێت.

(إلى كعب بن الأشرف): پیاوێکی جوولەکە بوو لە گەورەکانی بنی النضر بوو.

هۆکاری باسکردنی ئەم دوو ئەثەرە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم دوو چیرۆکەی باسکردوە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە واجبە حوکم بە شەرعی خوا بکرێت، هەر کەسێک بە حوکمی خوا ڕازی نەبیت کافرە و دەبێت بکوژرێت.

سوودەکانی دوو ئەثەرەکە:

١- ئەم چیرۆکە بەڵگەیە هەر کەسێک بە حوکمی پێغەمبەری خوا ڕازی نەبێت کافرە و دەبێت بکوژرێت، لەبەر ئەوە عومەر کوشتی خوا لێی ڕازی بێت. ئەگەر بگوترێ چۆن عومەر دەیکوژێت کەچی کارەکە بۆ پێشەوای ئیماندارانە کە پێغەمبەرە (ﷺ)؟

وەڵام: ئەوەی دیار بێت عومەر نەفسی خۆی پێ نەگیراوە، لەبەر بەهێزی غیرەتی کوشتی، چونکە زانیوویەتی ئەمە هەڵگەڕانەوەیە لە دین و پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێت: (هەر کەسێک دینی خۆی گۆڕی بیکوژن)[٢٥٥].

٢- ئەم چیرۆکە بەڵگەیە لەسەر خراپی دووڕوو، چونکە لە ڕووکەش دا خۆی بە موسڵمان دادەنێت کەچی دەڵێت: دەڕۆین بۆ لای پیاوێکی جوولەکە، چونکە دەیزانی بەرتیل وەردەگرێت.

---

[٢٥٥] القول المفيد.

باب من جحد شيئا من الأسماء والصفات

وقول الله تعالى: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَـنِ﴾ {الرعد:٣٠}.

وفي صحيح البخاري قال علي: (حدثوا الناس بما يعرفون، أتريدون أن يكذب الله ورسوله؟)[٢٥٦].

وروى عبد الرزاق عن معمر عن ابن طاوس عن أبيه عن ابن عباس: أنه رأى رجلا انتفض ـ لما سمع حديثا عن النبي (ﷺ) في الصفات، استنكارا لذلك ـ فقال: (ما فرق هؤلاء؟ يجدون رقة عند محكمه، ويهلكون عند متشابهه) انتهى[٢٥٧].

ولما سمعت قريش رسول الله (ﷺ) يذكر: (الرحمن) أنكروا ذلك. فأنزل الله فيهم: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَـنِ﴾[٢٥٨].

فيه مسائل:

الأولى: عدم الإيمان بجحد شيء من الأسماء والصفات.

الثانية: تفسير آية الرعد.

الثالثة: ترك التحديث بما لا يفهم السامع.

الرابعة: ذكر العلة أنه يفضي إلى تكذيب الله ورسوله، ولو لم يتعمد المنكر.

الخامسة: كلام ابن عباس لمن استنكر شيئا من ذلك، وأنه هلك.

---

[٢٥٦] أخرجه البخاري(١٢٧).

[٢٥٧] أخرجه عبدالرزاق في (جامع معمر) الملحق بالمصنف(٤٢٣/١١ رقم ٢٠٨٩٥) وابن أبي شيبة (٥٦٦/٧ رقم ٣٧٩٠٢) وابن أبي عاصم في (السنة) (٢١٢/١ رقم ٤٨٥).

[٢٥٨] أخرجه ابن جرير في (التفسير) (١٥٠/١٣) عن قتادة قال: ذكر لنا ...

باب من جحد شيئا من الأسماء والصفات

باس كردنی ئەوەی هەر كەسێک ئینكاری شتێک بكات لە ناو و سیفەتەكانی خوا.

صالح آل الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (دانەری كتاب لەبەرئەوە ئەم بابەی باسكردوە بۆ ئەوەی ڕوونی بكاتەوە بە گەورە دانانی ناو و سیفەت لە تەواوی تەوحیدە و ئینكاری كردنی ناو سیفەتیش نەفی ئەسلی تەوحید دەكات، ئەو كەسەی ئینكاری ناوێک لە ناوەكانی خوا دەكات كە خوای گەورە لە نەفسی خۆی ناوە، یان پێغەمبەر (ﷺ) باسی كردوە ئەوا كافرە بە خوا، هەروەک خوای گەورە سەبارەت بە موشریكەكان دەفەرموێت: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَـٰنِ﴾)[٢٥٩].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئینكاری كردن دوو جۆرە:

یەكەم: ئینكاری كردنی بە درۆخستنەوە، ئەمەیان كوفرە بێگومان ئەگەر كەسێک ئینكاری ناوێكی خوا بكات یان سیفەتێک كە بە قورئان و سوننەت جێگیر بووە وەک ئەوەی بڵێیت: خوای گەورە دەستی نیە یان خوای گەورە لەسەر عەرش نیە یان چاوی نیە ئەمە كافرە بە یەک دەنگی هەموو موسڵمانان، چونكە بە بەدرۆخستنەوەی خەبەری پێغەمبەری خوا لە دین دەردەچێت بە یەک دەنگی هەموو زانایان.

دووەم: ئینكاری كردنی تەئویل (لێكدانەوە)، ئەویش ئەوەیە ئینكاری ناكات بەڵام تەئویل بۆ مانایەكە دەكات كە پێجەوانەی ڕووكەشی دەقەكەیە، ئەمەش دوو جۆرە:

١- لێكدانەوەی بۆ دەكات لە زمانی عەرەبی ئەم لێكدانەوەیە هەیە، ئەمەیان كوفر نییە.

---

[٢٥٩] التمهيد لاپەڕە (٤١٥).

٢- لێکدانەوەی بۆ دەکات لە زمانی عەرەبی ئەم لێکدانەوەیە نییە، ئەمەیان کوفرە، چونکە ئەگەر لێکدانەوە نەبێت ئەوا لە ڕاستیدا بەدرۆ خستنەوەیە، وەک ئەوەی بڵێت: وتەی خوای گەورە کاتێک دەفەرموێت: ﴿تَجْرِى بِأَعْيُنِنَا﴾ [القمر: ١٤]، واتە: (تجري بأرضنا)، ئەمەیان کوفرە، چونکە نەفی دەکات بە نەفی یەکی مطلق و بەدرۆی خستۆتەوە.

ئەگەر سەبارەت بە وتەی خوای گەورە: ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾ [المائدة: ٦٤]، بڵێت: مەبەست لە هەردوو دەست ئاسمان و زەوی یە ئەمەش کوفرە، چونکە لە زمانی عەرەبی ئەم مانایە هەڵناگرێت، ئینکاری کردوە و بەدرۆی خستۆتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێت مەبەست لە دەست نیعمەت و هێزە ئەوا کافر نابێت، چونکە لە زمانی عەرەبی دا بەمانای نیعمەت دێت)[٢٦٠].

---

[٢٦٠] القول الفيد.

وقول الله تعالى: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَـٰنِ﴾ {الرعد:٣٠}.

خوای گەورە دەفەرموویت: (ئەوان کافر بوون و ئینکاریان لەوە دەکرد کە خوا ناوی (الرحمن)، بێت).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَهُمْ﴾: واتە: کافرەکانی قورەیش.

﴿يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَـٰنِ﴾: واتە: کوفریان بەو ناوە کردووە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردووە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە ئینکاری کردنی ناوەکانی خوای گەورە کوفرە.

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە هەر کەسێک ئینکاری ناوێک لە ناوەکانی خوا بکات کافر دەبێت لەبەر وتەی: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَـٰنِ﴾، چونکە خوا و پێغەمبەری (ﷺ) بە درۆ خستۆتەوە و ئەمەش کوفرە، ئەمە رووی باسکردنی ئەم ئایەتەیە لەم بابە[٢٦١].

٢- هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوە بوو کافرانی قورەیش ئینکاری ناوی (الرحمن) یان دەکرد.

---

[٢٦١] القول المفيد.

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ئیمان هێنان بە ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە لە تەوحیدە و مەزهەبی ئەهلی سوننەیە.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئیمان هێنان بە ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە مەزهەبی ئەهلی سوننە و جەماعەیە لە هاوەڵان و تابعییەکان و شوین کەوتووەکانیان هەتا ڕۆژی قیامەت، ئەهلی سوننە ئیمانیان بە ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە هەیە کە لە خۆی ناوە یان ئەوانەی پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردوە ئیمانیان پێی هەیە بێ (تحریف و تعطیل و تکییف و تمثیل)، ئەهلی سوننە جێگیری دەکەن و ئیمانیان پێی هەیە و ماناکەی جێگیر دەکەن، بەڵام چۆنییەتی یەکەی کەس نازانێت ئیلا خوا نەبێت.

سەبارەت بە گروپە گومڕاکان جەهمی و موعتەزیلە و ئەشاعرە و هاوشێوەکانیان ئینکاری ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە دەکەن، لەوانەیە هەیە ئینکاری ناو و سیفەتەکان دەکات ئەمە مەزهەبی جەهمی یەکانە، لەبەر ئەوە زۆر لە زانایانی ئەهلی سوننە دەڵێن کافرن، ابن القیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (النونیە) دا دەفەرموێت:

ولقد كفر كفرهم خمسون في عشر من العلماء في البلدان

واتە: پێنج سەد زانای ئەم ئومەتە جەهمی یەکانیان کافر کردووە، چونکە ئینکاری ناو و سیفەت دەکەن، موعتەزیلە ناوەکان بۆ خوای گەورە جێگیر دەکەن بەڵام ئینکاری ماناکەی دەکەن، ناویان بۆ جێگیر کردووە بە ڕووتی، هیچ مانای نییە.

ئەشاعرەکان هەندێک ناو و سیفەت بۆ خوای گەورە جێگیر دەکەن، ئینکاری زۆر لە سیفەتەکان دەکەن، حەوت سیفەت بۆ خوای گەورە جێگیر دەکەن و هەندێکی تریان

چوارده سیفەت جێگیر دەكەن و سیفەتەكانی تر ئینكاری دەكەن، هەموو ئەمانە دەستەی گومڕان و لە گومڕاییدا لێک جیاوازن)[٢٦٢].

٤- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ سەیری حاڵی موشریكەكان، چونكە ئەوان ئینكاری ناوی (الرحمان)یان دەكرد، ئەوەی نەفس و دڵی بەندە پێی خۆش بێت ڕەحمی خوای گەورەیە.

---

[٢٦٢] إعانة المستفيد (١٩٥/٢).

وفي صحيح البخاري قال علي: (حدثوا الناس بما يعرفون، أتريدون أن يكذب الله ورسوله؟)[٢٦٣].

واتە: عەلی خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: (فەرموودە بۆ خەڵک باس بکەن کە لێی تێبگەن و عەقڵیان تەحەمول بکات، ئایا دەتانەوێت سەرەنجام وا لەو خەڵکە بکەن کە وتەی خوا و پێغەمبەرەکەی بە درۆ بخەنەوە).

ڕاڤەی وشەکانی ئەثەرەکە:

(حدثوا الناس بما يعرفون): واتە: فەرموودە بۆ خەڵک باس بکەن کە لێی تێبگەن و عەقڵیان تەحەمول بکات.

(أتريدون أن يكذب الله ورسوله؟): واتە: ئایا دەتانەوێت سەرەنجام وا لەو خەڵکە بکەن کە وتەی خوا و پێغەمبەرەکەی بە درۆ بخەنەوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئەثەرە لەم بابە:

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم ئەثەرە لە بابی سیفەتەکان: مناسبەی دیارە، چونکە هەندێک سیفەت هەن خەڵکی عەوام تەحەمولی ناکەن و تێناگەن ئەگەر پێیان بڵێی ئاثەواری خراپ بەسەریاندا دێت، وەک: فەرموودەی هاتنە خوارەوە بۆ ئاسمانەکانی دونیا لەگەڵ جێگیرکردنی بەرزی، ئەگەر بە کەسی عەوام بڵێیت دێتە ئاسمانی دونیا و لەگەڵ ئەوەش لەسەر عەرشە ئەو وا تێدەگات ئەگەر بێتە ئاسمانی

---

[٢٦٣] أخرجه البخاري (١٢٧).

دونیا ئەوا ئاسمان بەسەریەوە دەبێت و عەرش چۆل دەبێت، ئەو كاتە دەبێت ئەوە ڕوون بكرێتەوە كە خوای گەورە دێتە ئاسمانی دونیا وەك دابەزینی دروستكراوەكان نیە)[٢٦٤].

سوودەكانی ئەثەرەكە:

١- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە لەسەر حیكمەت لە بانگەوازی كردن، دەبێت بانگخواز سەیری عەقڵی خەڵك بكات و بۆ هەر كەسێك پلەیەك دابنێت[٢٦٥].

٢- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە فێركردنی خەڵك دەبێت هەنگاو و بە هەنگاو بێت، لە شتی بچووك دەست پێ دەكەیت پاشان نقل دەبیت بۆ شتی گەورە، ئەمە ڕێگای ڕاستە بۆ فێركردن، سەبارەت بەوەی لە بابەتە گەورەكان دەست پێ بكەیت بۆ كەسێك كە لە قۆناغی سەرەتا دا بێت، ئەمە هەڵەیە لە فێركردن[٢٦٦].

---

[٢٦٤] القول المفيد.

[٢٦٥] القول المفيد.

[٢٦٦] إعانة المستفيد (١٩٩/٢-٢٠٠).

وروى عبد الرزاق عن معمر عن ابن طاوس عن أبيه عن ابن عباس: أنه رأى رجلا انتفض ـ لما سمع حديثا عن النبي (ﷺ) في الصفات، استنكارا لذلك ـ فقال: (ما فرق هؤلاء؟ يجدون رقة عند محكمه، ويهلكون عند متشابهه) انتهى.

واته: ابن عباس خوا لێی ڕازی بێت پیاوێکی بینی کاتێ گوێ بیستی فەرموودەیەکی پێغەمبەر بوو (ﷺ) لەبارەی سیفەتەکانی خواوە، ئەو پیاوە کەوتە لەرزین و ڕاپەڕی (وەک ئەوەی ئینکاری لێ بکات و بە ناشەرعی بزانێت).

ابن عباس گوتی: بۆچی ئەوانە دەترسن کاتێک باسی ئەو سیفەتانەی خوا دەکرێت کە ماناکانیان لا ڕوونە، نەرم دەنوێنن و باوەڕی پێ دەکەن، ئەو سیفەتانەش کە چۆنیەتییەکەی لایان ڕوون نییە و عەقلیان قبول ناکات، بە هیلاک دەچن).

ولما سمعت قريش رسول الله (ﷺ) يذكر: (الرحمن) أنكروا ذلك. فأنزل الله فيهم: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَـٰنِ﴾.

واته: کاتێک قورەیش گوێ بیستی پێغەمبەری خوا بوون (ﷺ) کە ناوی (الرحمان)ی دەهێنا ئینکاریان لێکرد، خواش لەبارەی ئەوانەوە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَـٰنِ﴾.

ڕاڤەی وشەکانی ئەثەرەکە:

(انتفض): واته: لاشەی لارزی.

(رقة): واته: نەرمی نواندن و قبوڵ کردن.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئەثەرە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە ئینکاری کردنی ناوەکانی خوای گەورە کوفرە.

سوودەکانی ئەئەرەکە:

١- ئەهلی خراپە شوێن متشابهەکان و دەکەون واز لە موحکەمەکان دەهێنن[٢٦٧].

٢- ئەم ئەئەرە بەڵگەیە واجبە ئینکاری خراپە بکرێت، چونکە ابن عباس خوای لێی ڕازی بێت ئینکاری ئەو پیاوەی کرد[٢٦٨].

---

[٢٦٧] إعانة المستفيد (٢/٢٠٠).

[٢٦٨] إعانة المستفيد (٢/٢٠٠).

باب قول الله تعالى:

﴿فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ {البقرة:٢٢}.

قال ابن عباس في الآية: الأنداد: هو الشرك أخفى من دبيب النمل على صفاة سوداء في ظلمة الليل؛ وهو أن تقول: والله، وحياتك يا فلان وحياتي، وتقول: لولا كليبة هذا لأتانا اللصوص، ولولا البط في الدار لأتانا اللصوص، وقول الرجل لصاحبه: ما شاء الله وشئت، وقول الرجل: لولا الله وفلان. لا تجعل فيها فلانا هذا كله به شرك)[٢٦٩].

وعن عمر بن الخطاب رضي الله عنه: أن رسول الله (ﷺ) قال: (من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك) رواه الترمذي وحسنه، وصححه الحاكم[٢٧٠].

وقال ابن مسعود: لأن أحلف بالله كاذبا أحب إلي من أن أحلف بغيره صادقا[٢٧١].

وعن حذيفة رضي الله عنه، عن النبي (ﷺ) قال: (لا تقولوا: ما شاء الله وشاء فلان، ولكن قولوا: ما شاء الله ثم شاء فلان)[٢٧٢].

---

[٢٦٩] رواه ابن أبي حاتم.أخرجه ابن أبي حاتم (٦٢/١ رقم ٢٢٩).

[٢٧٠] أخرجه الترمذي (١٥٣٥)، والحاكم(١٨/١) و (٢٩٧/٤)، وأحمد (٩٢/٢ رقم ٥٣٧٥)، وأبو داود (٣٢٥١) من
حديث عبدالله بن عمر, وفي الموضع الأول عند أحمد جعله عن عمررضي الله عنهما.

[٢٧١] أخرجه عبد الرزاق في (المصنف) (٤٦٩/٨ رقم ١٥٩٢٩)، وابن أبي شيبة (٧٩/٣ رقم١٢٢٨١)، والطبراني في (الكبير) (١٨٣/٩ رقم ٨٩٠٢).

[٢٧٢] رواه أبو داود بسند صحيح. أخرجه أبو داود (٤٩٨٠)، وأحمد (٣٨٤/٥ رقم ٢٣٢٦٥).

وجاء عن إبراهيم النخعي، أنه يكره أن يقول: أعوذ بالله وبك، ويجوز أن يقول: بالله ثم بك. قال: ويقول: لولا الله ثم فلان، ولا تقولوا: لولا الله وفلان[٢٧٣].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير آية البقرة في الأنداد.

الثانية: أن الصحابة رضي الله عنهم يفسرون الآية النازلة في الشرك الأكبر بأنها تعم الأصغر.

الثالثة: أن الحلف بغير الله شرك.

الرابعة: أنه إذا حلف بغير الله صادقا، فهو أكبر من اليمين الغموس.

الخامسة: الفرق بين الواو وثم في اللفظ.

---

[٢٧٣] أخرجه ابن أبى الدنيا فى كتاب (الصمت) (٣٤٤).

باب قول الله تعالى:

﴿فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ {البقرة:٢٢}.

واتە: جا کەواتە هاوتا بۆ خوا دامەنێن لە پەرستنەکانتاندا، لە حاڵێکدا ئێوەش دەزانن کە خوا هاوتای نیە.

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم بابە باسی هەندێک جۆری شیرک دەکات کە وتەن، واتە هەندێک وتە هەن گوتنیان شیرکە، (تندید) ماناکەی ئەوەیە بێجگە لەخوا بکەیتە هاوتا لەگەڵ خوا، هاوتا بەوە دەبێت نیعمەت بدەیتە پاڵ بێجگە لەخوا و بەوە دەبێت سوێند بە بێجگە لە خوا بخۆیت و بڵێیت: ئەگەر خوا ویستی و فلانە کەسیش ویستی، هەروەها وتەکانی تری وەک ئەمانە.ئەم بابە باسی ڕوون کردنەوەی هاوتا دەکات لە قسە کردن دا، هاوتا مەبەست پێی شیرکی بچووکە لە قسە کردن دا، نەک هاوتای تەواو بێت و شیرکی گەورە بێت)[٢٧٤].

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿أَندَاداً﴾: واتە: هاوتا، نەکیرە هاتووە لە سیاقی نەهی هەموو جۆرەکانی شیرک دەگرێتەوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

ئەم ئایەتە بەڵگەیە دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە تاوەکو ئاماژە بۆ ئەوە بکات نابێت شیرک بۆ خوا بڕیار بدەیت، لەوانە شیرکی بچووک لە قسە کردن دا.

---

[٢٧٤] التمهيد لاپەڕە (٤٣٠-٤٣١).

سوودەكانی ئایەتەكە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە نابێت شەریک بۆ خوا بڕیار بدەیت، جا شیركی گەورە بێت یان بچووک.

قەرعاوی دەفەرموێت: (ئایەتەكە بەڵگەیە واجبە خۆت بەدوور بگریت لە شیركی دیار و شاراوە، شیركی شاراوە وەک ئەوەیە بڵێیت: ئەگەر پاسەوان نەبوایا دز دەهاتە سەرمان)[٢٧٥].

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە كە موشریكەكان دانیان بە تەوحیدی پەروەردگاریەتی دادەنا و دەیانزانی نابێت شەریک بۆ خوا دابنرێت لە بەندایەتی كردنیشدا، چونكە ئەگەر بڵێی ئەوان نەزان بوون بەوەی نابێت شیرک بۆ خوا بڕیار بدەی لە بەندایەتی كردن دا، ئەوا ئەوان عوزریان هەبووە بە نەزانین.

عبدالرحمن بن ناصر السعدی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (وتەی: ﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، خوای گەورە شەریک و هاوتای نییە لە دروست كردن و ڕزق و بەڕێوە بردن و بەندایەتی كردن دا.

چۆن خوای تر دەپەرستن لەگەڵ ئەوەی ئێوە زانستتان هەیە؟ ئەمە سەیرترین شتە كە جێگای سەرسوڕمان بێت و ئەو پەڕی كەم عەقڵی و ساویلكەییە)[٢٧٦].

---

[٢٧٥] الجديد لاپەڕە ٢٦٤(٢٦٤).

[٢٧٦] تيسير الكريم الرحمن (٢٠/١).

ابن الجوزی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (وتەی: ﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، شەش وتە هەیە:

١- واتە: ئێوە دەزانن خوای گەورە ئاسمانی دروسکردوە و بارانی باراندووە، واتە ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە لەم ئایەتە باسکراوە، ئەمە لە ابن عباس و قەتادە و موقاتل نەقل کراوە.

٢- ئێوە دەزانن لە کتابی ئێوەدا نییە تەورات و ئینجیل، هەروەها ئەمەش لە ابن عباس نەقل کراوە.

٣- ئێوە دەزانن خوای گەورە هیچ شەریکی نییە، ئەمە لە موجاهد نەقل کراوە.

٤- زانین لێرە بە مانای عەقڵ دێت ئەمە لە ابن قوتەیبە نەقل کراوە.

٥- ئێوە دەزانن کەس ناتوانێت ئەم کردەوانە بکات بێجگە لەخوا نەبێت، مامۆستای ئێمە عەلی بن عبیدالله باسی کردووە.

٦- ئێوە دەزانن ئەمە بەردە، گوێم لێ بووە لە باوکی محمد بن خشاب)[٢٧٧].

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە تەوحید گەورەترین شتە فەرمانی پێ کرابێت، چونکە یەکەم بانگ کردنە لە قورئانی پیرۆز، بانگی مرۆڤ دەکات خوا بپەرستن و هیچ شەریکی بۆ بڕیار نەدەن.

---

[٢٧٧] زاد المسير (٤٢/١).

قال ابن عباس في الآية: الأنداد: هو الشرك أخفى من دبيب النمل على صفاة سوداء في ظلمة الليل؛ وهو أن تقول: والله، وحياتك يا فلان وحياتي، وتقول: لولا كليبة هذا لأتانا اللصوص، ولولا البط في الدار لأتانا اللصوص، وقول الرجل لصاحبه: ما شاء الله وشئت، وقول الرجل: لولا الله وفلان. لا تجعل فيها فلانا هذا كله به شرك) رواه ابن أبي حاتم.

ابن عباس خوا لێی ڕازی بێت سەبارەت بەم ئایەتە دەفەرموویت: الأنداد: هاوتا، شەریک بۆ دانانە، ئەوەش شاراوەترە لە تەپەی قاچی مێروولەیەک لەسەر بەردێکی سافی ڕەش لە شەوەزەنگدا، ئەوەش ئەم چوار نموونانە دەگرێتەوە، کە بڵێیت:

١- سوێند بەخوا و ژیانی تۆ ئەی فڵان، یان سوێند بە ژیانی خۆم.

٢- یان بڵێیت: ئەگەر سەگەکە نەبوایا دزەکان دەهاتنە سەرمان، ئەگەر مراوی یەکە لەم ماڵە نەبوایا، دزەکان دەهاتنە سەرمان.

٣- یان ئەوەش کە پیاوێک بە هاوەڵەکەی بڵێت: ئەگەر خوا ویستی و تۆش ویستت.

٤- یان وتەی پیاوێک کە دەڵێت: ئەگەر خوا و فڵان کەس نەبوونایە.

نەکەی ناوی فڵان بخەیتە ڕیزی ناوی خواوە، ئەمانە هەمووی شەریک دانانی پێوەیە.

ڕاڤەی وشەکانی ئەثەرەکە:

(دبيب النمل): واتە: تەپەی قاچی مێروولەیەک.

(على صفاة سوداء): واتە: لەسەر بەردێکی سافی ڕەش، ئەگەر بەردەکە سپی بوایا دیار دەبوو.

(ظلمة الليل): واتە: لە شەوەزەنگدا، واتە شەوێکی زۆر تاریک.

(لولا كلبية): واتە: ئەگەر سەگەکە نەبوایا، کلیبە بچووک کراوەوەی سەگە.

(ولولا البط): واتە: ئەگەر مراوی یەکە لەم ماڵەوە نەبوایا، چونکە مراوی دەنگ بەرز دەکاتەوە و خاوەنی ماڵ بەئاگادێنێت.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئەثەرە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئەثەرەی باسکردووە بۆ ئەوەی هەندێک لە جۆرەکانی شیرکی بچووک لە وتەدا ڕوون بکاتەوە.

سوودەکانی ئەثەرەکە:

١- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە هەموو ئەم وتانەی ابن عباس باسی کردووە کە بەسەر زمانی خەڵکدا دێن شیرکن بەڵام شیرکی بچووکن، پێیان دەڵێن شیرک لە وتەدا، ئەگەر چی بەدڵ مەبەستی نەبێت، ئەمەیان لە هاوتا دانانە بۆ خوا[٢٧٨].

٢- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە پێشینەکان ئەو ئایەتانەی سەبارەت بە شیرکی گەورە دابەزیون دەیان کردنە بەڵگە بۆ شیرکی بچووک، ابن عباس ئەم ئایەتەی کردۆتە بەڵگە چونکە شیرکی بچووک مرۆڤ ڕادەکێشێت بۆ شیرکی گەورە[٢٧٩].

---

[٢٧٨] إعانة المستفيد (٢/٢٢٠).

[٢٧٩] إعانة المستفيد (٢/٢٢٠).

٣- ئەمە بەڵگەیە بۆ خۆ دورخستنەوە لە شیرک لە هەموو ڕوویەکەوە بە قسە و نییەت و کردەوە[٢٨٠].

٤- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە سوێند خواردن بەم شێوەیە: (والله و حياتك)، واتە: سوێند بەخوا و ژیانی تۆ ئەی فڵان، ئەمە شیرکە لە دوو ڕووەوە:

١- سوێندی خواردووە بە بێجگە لەخوا، سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا شیرکە.

٢- کەسەکەی کردۆتە شەریک لەگەڵ خوا بە گوتنی پیتی (الواو)، چونکە دەلالەت لەسەر یەکسانی دەکات جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرک.

٥- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە کە گوتنی: (ما شاء الله وشئت)، شیرکە، واتە: ئەگەر خوا ویستی و تۆش ویستت، گوتنی: (ما شاء الله وشئت)، دوو حاڵەتی هەیە:

١- ئەگەر باوەڕی وابێت کەسەکە یەکسانە لەگەڵ خوا لە ویست و بەڕێوەبردندا، ئەوا شیرکی گەورەیە.

٢- ئەگەر ئەم بیروباوەڕەی نەبێت و باوەڕی وابێت خوای گەورە لە سەرووی هەموو شتێکە، ئەوا شیرکی بچووکە و گوتنی: (لولا الله وفلان)یش هەمان شتە.

---

[٢٨٠] إعانة المستفيد (٢٢٠/٢).

وعن عمر بن الخطاب رضي الله عنه: أن رسول الله (ﷺ) قال: (من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك) رواه الترمذي وحسنه، وصححه الحاكم.

واتە: لە عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەر کەسێک سوێند بخوات بە بێجگە لە خوا ئەوا کوفری کردوە یان شەریکی بۆ خوا داناوە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(عن عمر): ئەوەی ڕاست بێت لە ابن عمر دەگێڕنەوە نەک عمر[٢٨١].

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا شیرکە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

---

[٢٨١] تيسير العزيز الحميد لاپەڕە (٤٤٣-٤٤٦).

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە سوێند خواردن بە بێجگە لە خوا شیركی بچووكە ئەگەر باوەڕی وابێت سوێند پێ خوراو یەكسانە لەگەڵ خوا لە بەگەورە دانان ئەوە شیركی گەورەیە، ئەگەر نا سوێند خواردن بە بێجگە لە خوا شیركی بچووكە[٢٨٢].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (سوێند: تەئكید كردنەوەی قسەیە بە بەگەورە دانراوێك لەنێوان قسەكەر و كەسی بەرامبەر بە یەكێك لەم سێ پیتانەی سوێند خواردن: (الواو یان الباء یان التاء)، واجبە قسە تەئكید نەكرێتەوە ئیلا بە خوا، چونكە بەگەورە دانراوی ڕاستەقینە تەنها خوایە، سەبارەت بە مرۆڤ لەو بەگەورە دانراوانە نیە كە سوێندی پێ بخورێت، بەڵێ هەندێك جار بە گەورەی دابنێ كە شیاوی بێت، سەبارەت بە بەگەورە دانانێك كە بگاتە سنووری سوێند پێ خواردن ئەمە تەنها بۆ خوایە.

سوێند خواردنێكی تریش هەیە بە بێجگە لەخوا ئەویش شیركە، ئەویش ئەوەیە سوێند دەخوات بە بێجگە لەخوا و هیچ مەبەستی لە دڵدا نییە، وەك ئەوەی كەسێك بەردەوام سوێند خواردن بە پێغەمبەر لەسەر زاریەتی، یان سوێند خواردن بە كەعبە، یان ئەمانەت، یان وەلی، یان شتی تر، ئەمەیان مەبەستی حەقیقەتی سوێندی نیە بەڵكو لەسەر زاریەتی وەك لەغو، ئەمە شیركە، چونكە بەگەورە دانانی بێجگە لەخوای تێدایە)[٢٨٣].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا حەرامە، هەموو زانایان یەك دەنگن لەسەر مەكروهی سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا، بەڵام جیاوازی لە حەرامی دایە، دوو وتە هەیە:

---

[٢٨٢] القول المفيد (٢/٢١٤).

[٢٨٣] التمهيد لاپەڕە (٤٣٢-٤٣٣).

یەکەم: هەندێ زانا بۆ ئەوە چوون سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا مەکروهە نەک حەرامە، کە ئەمە وتەی زۆرێک لە شافعی یەکانە، هەروەها وتەی بەناوبانگی مالکی یەکانیشە، بەڵگە:

١- چەند فەرموودەی ڕوون و ئاشکرا هاتوون سوێندی خواردووە بە مرۆڤ، لەوانە:

(أ) عن طَلْحَةَ بْن عُبَيْدِ اللهِ قال: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللهِ (ﷺ) مِنْ أَهْلِ نَجْدٍ ثَائِرُ الرَّأْسِ نَسْمَعُ دَوِيَّ صَوْتِهِ وَلَا نَفْقَهُ مَا يَقُولُ حَتَّى دَنَا مِنْ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) فَإِذَا هُوَ يَسْأَلُ عَنِ الْإِسْلَامِ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُنَّ قَالَ: لَا إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ وَصِيَامُ شَهْرِ رَمَضَانَ فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ فَقَالَ: لَا إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ وَذَكَرَ لَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) الزَّكَاةَ فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا قَالَ: لَا إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ قَالَ: فَأَدْبَرَ الرَّجُلُ وَهُوَ يَقُولُ: وَاللهِ! لَا أَزِيدُ عَلَى هَذَا وَلَا أَنْقُصُ مِنْهُ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): أَفْلَحَ وَأَبِيهِ إِنْ صَدَقَ أَوْ دَخَلَ الْجَنَّةَ وَأَبِيهِ إِنْ صَدَقَ[٢٨٤].

(ب) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ! أَيُّ الصَّدَقَةِ أَعْظَمُ أَجْرًا فَقَالَ: أَمَا وَأَبِيكَ لَتُنَبَّأَنَّهُ: أَنْ تَصَدَّقَ وَأَنْتَ صَحِيحٌ شَحِيحٌ تَخْشَى الْفَقْرَ وتَأْمُلُ الْبَقَاءَ وَلَا تُمْهِلَ حَتَّى إِذَا بَلَغَتْ الْحُلْقُومَ قُلْتَ: لِفُلَانٍ كَذَا وَلِفُلَانٍ كَذَا وَقَدْ كَانَ لِفُلَانٍ[٢٨٥].

---

[٢٨٤] رواه مسلم (١١).

[٢٨٥] رواه مسلم (١٠٣٢).

(ج) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: "قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ! مَنْ أَحَقُّ بِحُسْنِ الصُّحْبَةِ قَالَ: أُمُّكَ ثُمَّ أُمُّكَ ثُمَّ أُمُّكَ ثُمَّ أَبُوكَ ثُمَّ أَدْنَاكَ أَدْنَاكَ[٢٨٦].

ثم ساق رواية بعدها، فيها زيادة: "فَقَالَ: نَعَمْ وَأَبِيكَ لَتُنَبَّأَنَّ.

(٢) خوای گەورە لە قورئان دا لە چەند شوێنێک سوێندی خواردووە بە دروستکراوەکان، ئەمە بەڵگەیە دروستە سویند بە بێجگە لەخوا بخۆیت.

دووەم: هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا حەڕامە، کە ئەمە وتەی حەنەفی و ظاهری و حەنابلە و ابن تیمیە و ابن القیم وابن باز و ابن عثیمین و شێخ ئەلبانی یە، بەڵگە:

١- وەسف کردنی سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا بە شیرک بەڵگەیە حەڕامە و لە تاوانە گەورەکانە، سەبارەت بە وتەی: (وَأَبِيهِ) و (وأَبِيكَ)، زانایان دەڵێن:

یەکەم: هەندێ زانا بۆ ئەوە چوون ئەم دەقانە لاوازن، وتراوە ئەم دەقە محفوظ نیە، ڕیوایەت هاتووە فەرموودەی مالک و بێجگە لە مالک لە ڕێگای أبي سهيل باسی ئەمەی نەکردوە، وقد روي عن إسمعيل بن جعفر هذا الحديث وفيه: (أفلح والله إن صدق)، (أو دخل الجنة والله إن صدق)، ئەمە لەپێشترە لە ڕیوایەتی: (وأبيه)، ئەم دەقە مونکەرە و دەگەڕێندرێتەوە بۆ فەرموودەی ڕاست[٢٨٧].

ئەلبانیش ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەم دەقانەی بەلاواز داناوە لە کتابی (السلسلة الضعيفة) (٧٦٨-٧٥٠/١٠).

---

[٢٨٦] رواه مسلم (٢٥٤٨).

[٢٨٧] التمهيد (٣٦٧/١٤).

دووەم: هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون ئەم فەرموودەیە منسوخە، سەرەتا سوێند خواردن بە بێجگە لە خوا ڕێگەپێدراو بوو، پاشان فەرموودە جێگیر بوو نەهی کرد لە سوێند خواردن بە بە بێجگە لەخوا، پاڵ پشتیش بۆ ئەمە:

لە صحیح مسلم دا جێگیر بووە: (وكانت قريش تحلف بآبائها)، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سوێند خواردن بە باوک و باپیر لایان ناسراو بووە،

أ- وتەی: (وَأَبِيهِ)ش هەمان شتە.

ب- وتەی: (ألا إن الله ينهاكم أن تحلفوا بابائكم).

ج- وتەی عمر: (فوالله ما حلفت بها منذ سمعت رسول الله (ﷺ) نهى عنها).

ابن بازیش ئەم وتەیەی ترجیح کردووە لە ڕاڤەی بلوغ المرام.

سێیەم: ئەمە سوێند نەبوە، بەڵکو قسەی سەر زار بوە بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکیان هەبێت، وەک ئەم وتانە: ويحك، وويلك، وثكلتك أمك، هیچ مەبەستیان نەبوو.

خطابی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (وتەی (أفلح وأبيه)، ئەم وشەیە وشەی سەر زار بو و زۆر بەرکاریان دەهێنا بۆ بەرامبەر)[٢٨٨].

ئیمام النووي ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (وتەی (أفلح وأبيه)، سوێند نیە، بەڵکو وتەیەکە عەرەب بەکاریان دەهێنا وەک عادەت و داخلی قسەکردنیان دەکرد بێ

---

[٢٨٨] معالم السنن (١٢١/١).

ئەوەی مەبەستی سوێندیان هەبێت، نەهی جێگیر بووە بۆ ئەو کەسە کە مەبەستی سوێند خواردنی هەیە، چونکە بەگەورە دانانی سوێند پێ خوراوی تێدایە)[٢٨٩].

چوارەم: هەندێک دەڵێن ئەمە تایبەت بوو بە پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام ئەمە جێگای تێڕوانینە، چونکە تایبەت کردن بە پێغەمبەر پێویستی بە بەڵگەیە.

پێنجەم: هەندێ زانا دەڵێن ئەم دەقە حذفی مضافی تێدایە، تەقدیرەکەی: (أَفْلَحَ وَرب أَبِيهِ إِنْ صَدَقَ)، بەڵام ئەمەش جێگای تێڕوانینە، چونکە ئەمە کێشە دروست دەکات ئەصڵ وایە حذف نیە و وتەکە لەسەر ڕووکەشی خۆیەتی، ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) ئەو مەبەستەی هەبوایا بە ڕوونی دەیگوت.

سەبارەت بەوەی خوای گەورە لە قورئان دا لە چەند شوێنێک سوێندی خواردوە بە دروستکراوەکان، ئەمە نابێتە بەڵگە دروست بێت سوێند بخۆیت بە بێجگە لەخوا، چونکە:

- ئەمە تایبەتە بەخوا، بەندە بۆی نییە شوێن خوای گەورە بکەوێت لەم سوێند خواردنە، خوای گەورە بە ئارەزووی خۆیەتی چ دەکات و حوکم بە چ دەدات و سوێند بە چی دەخوات.

میمون بن مهران دەفەرموێت: (خوای گەورە سوێند دەخوات بە هەر دروستکراوێکی خۆی بیبەوێت، کەس بۆی نییە سوێند بخوات ئیلا بەخوا نەبێت)[٢٩٠].

هەندێک دەڵێن ئەوەی لە قورئان باسکراوە حذف ی تێدایە، تەقدیرەکەی: (ورب الليل ورب النهار ورب الشمس)، بەڵام ئەم وەڵامە لاوازە لەبەر دوو شت:

---

[٢٨٩] شرح صحيح مسلم (١٦٨/١).
[٢٩٠] الاعلام (٢٦١/٩).

أ- ئەصل وایە تەقدیر نیە.

ب- ئەگەر تەقدیر هاتەدی مەبەستی سوێندەکە فەراموش دەبێت.

ابن تیمیة ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دەقی ڕوون و ئاشکرا جێگیر بووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە نابێت سوێند بخۆیت بە هیچ یەکێک لە دروستکراوەکان، هیچ جیاوازی نییە لەنێوان فریشتە و پێغەمبەرەکان و پیاو چاکان و کەسانی تر)[٢٩١].

ابن عبد البر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (هەموو زانایان یەک دەنگن لەسەر ئەوەی سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا مەکروهە و نەهی لێی کراوە)[٢٩٢].

ابن تیمیة ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (سەبارەت بە سوێند خواردن بە دروستکراوەکان، وەک: سوێند خواردن بە کەعبە یان گۆڕ یان نیعمەتی کاربەدەستان یان شمشێر یان بە جاهی دروستکراوەکان، نەم زانیوە جیاوازی هەبێت لەنێوان زانایان لەسەر مەکروهی ئەم سوێند خواردنانە و نەهیان لێی کراوە)[٢٩٣].

ابن القیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (یەکێک لە تاوانە گەورەکان سوێند خواردنە بە بێجگە لەخوا، هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من حلف بغير الله، فقد أشرك))[٢٩٤].

---

[٢٩١] مجموع الفتاوى (٢١٩/١).
[٢٩٢] التمهيد (٣٦٧/١٤).
[٢٩٣] مجموع الفتاوى (٢٤٣/٣٥).
[٢٩٤] إعلام الموقعين (٥٧١/٦-٥٧٢).

وقال ابن مسعود: لأن أحلف بالله كاذبا أحب إلي من أن أحلف بغيره صادقا.

واتە: ابن مسعود خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویێت: (ئەگەر سوێند بخۆم بە خوا بە درۆوە، لام باشترە یان خۆشەویستترە لەوەی سوێند بخۆم بە بێجگە لەخوا بە ڕاست).

ڕاڤەی وشەكانی ئەثەرەكە:

(لأن أحلف بالله كاذبا): واتە: ئەگەر سوێند بە درۆوە بە خواوە بخۆم.

(أحب إلي من أن أحلف بغيره صادقا): هەردووكیان لای ابن مسعود شتی خراپن و خۆشەویست نین، بەڵام مەبەستی ئەوەیە یەكێک گەورەترە و خراپترە لەوەی تر.

هۆكاری باسكردنی ئەم ئەثەرە لەم بابە:

دانەری كتاب لەبەر ئەوە ئەم ئەثەرەی باسكردوە بۆ ئەوەی ڕوونی بكاتەوە سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا شیركە و لە تاوانە گەورەكانە.

سوودەكانی ئەثەرەكە:

١- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا بە ڕاستگۆیی گەورەترە لە

سوێند خواردن به خوا به درۆ، چونکه سوێند خواردن به بێجگه لەخوا شیرکه، بەڵام سوێند خواردن به خوا به درۆ تاوانه.

٢- ئەم ئەثەره بەڵگەیه شیرکی بچووک گەورەتره له تاوانی گەوره، چونکه سوێند خواردن به بێجگه لەخوا شیرکی بچووکه و سوێند خواردن به خوا به درۆ له تاوانه گەورەکانه.

٣- ئەم ئەثەره بەڵگەیه سویند خواردن به بێجگه لەخوا حەڕامه، که ئەمه وتەی راسته.

٤- ئەم ئەثەره بەڵگەیه سوێند خواردن بەخوا به درۆ حەڕامه له دوو ڕووەوه:

١- درۆی کردووه و درۆش حەڕامه.

٢- سوێند خواردن بەخوای تێدایه، سوێند بەگەوره دانانه بەڵام به درۆ به کەم دانانی خوای گەورەی تێدایه.

٥- ئەم ئەثەره ئاماژەیه بۆ ئەوەی که شیرکی بچووک لێ خۆش بوونی بۆ نیه له ڕۆژی قیامەت دا ئەگەر تەوبەی نەکردبێت، بەڵکو دەبێت هەر سزا بدرێت ئینجا له دۆزەخ دەردەهێنرێت.

وعن حذيفة رضي الله عنه، عن النبي (ﷺ) قال: (لا تقولوا: ما شاء الله وشاء فلان، ولكن قولوا: ما شاء الله ثم شاء فلان) رواه أبو داود بسند صحيح.

واتە: لە حوزەیفە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (مەڵێن خوا ویستی و فڵان ویستی، بەڵکو بڵێن: خوا ویستی پاشان فڵان ویستی).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(لا تقولوا): واتە: مەڵێن، لا: ناهیە.

(ما شاء الله وشاء فلان): واتە: خوا ویستی و فڵان ویستی.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

لەبەر ئەوە باسکراوە بۆ ئەوەی حوکمی گوتنی: ما شاء الله وشاء فلان ڕوون بکاتەوە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە مرۆڤ ویستی هەیە و وەڵامە بۆ جەبری یەکان کە دەڵێن: مرۆڤ ویستی نیە و هەر کردەوەیەک کە دەیکات هیچی بە دەست نیە و ناچارە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەو کەسەی دەرگا لە خەڵک دادەخات بە حەڕام کردنی شتێک، دەبێت دەرگایەکی تر یان ڕیگای تریان بۆی باس بکات کە پێچەوانەی شەرع نەبێت و ڕێگەپێدراو بێت.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە گوتنی: (ما شاء الله وشاء فلان)، دروست نیە، ئەوەی دروست بێت بەم شیوەیە: (ما شاء الله ثم شاء فلان).

وجاء عن إبراهيم النخعي، أنه يكره أن يقول: أعوذ بالله وبك، ويجوز أن يقول: بالله ثم بك، قال: ويقول: لولا الله ثم فلان، ولا تقولوا: لولا الله وفلان.

واتە: ئیبراهیمی نەخەعی بە مەکروهی زانیوە (واتە: بە حەڕامی زانیوە، چونکە پێشینەکان وشەی مەکروهیان بەکاردەهێنا بۆ حەڕام کە پیاوێک بڵێت: پەنا بەخوا و بە تۆ، وا بە دروستی زانیوە کە بڵێت: پەنا بەخوا پاشان بە تۆ، دەبێت بڵێیت: ئەگەر خوا پاشان فلان نەبوایە، وە نابێت بڵێیت: ئەگەر خوا و فلان نەبونایە.

ڕاڤەی وشەکانی ئەثەرەکە:

(أنه يكره): واتە: بە مەکروهی زانیوە.

(أعوذ بالله وبك): واتە: پەنا بەخوا و بە تۆ.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئەثەرە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئەثەرەی باسکردووە بۆ ئەوەی هەندێک جۆری شیرک لە وتەدا ڕوون بکاتەوە.

سوودەکانی ئەثەرەکە:

١- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە گوتنی: (أعوذ بالله وبك)، دروست نییە، بەڵکو دەبێت بڵێیت: (أعوذ بالله ثم بك)، ئەمە لە تەواوی تەوحیدە، واجبە موسڵمان سوور بێت لەسەر تەواوی تەوحید و خۆ دورخستنەوە لە شیرک.

٢- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە گوتنی: (لولا الله وفلان)، دروست نیە، بەڵکو دەبێت بڵێیت: (لولا الله ثم فلان).

باب ما جاء فيمن لم يقنع بالحلف بالله

عن ابن عمر رضي الله عنهما، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا تحلفوا بآبائكم، من حلف بالله فليصدق، ومن حلف له بالله فليرض. ومن لم يرض فليس من الله)، رواه ابن ماجه بسند حسن[٢٩٥].

فيه مسائل:

الأولى: النهي عن الحلف بالآباء.

الثانية: الأمر للمحلوف له بالله أن يرضى.

الثالثة: وعيد من لم يرض.

---

[٢٩٥] أخرجه ابن ماجه (٢١٠١).

باب ما جاء فيمن لم يقنع بالحلف بالله

لەبارەی هەر کەسێکەوە کە قەناعەت نەکات بە سوێند خواردن بە الله لەکاتێکدا کە هەڕەشەیەکی لێکراوە

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید ئەوەیە قەناعەت کردن بە سوێند خواردن لە بە گەورە دانانی خوایە، چونکە ئەوەی سوێند بەخوا دەخوات تەئکید دەکاتەوە بە سوێند خواردن و بە گەورە دانانی سوێند پێ خوراو، کەواتە لەبەر گەورەیی سوێند پێ خوراو ئەو کەسە بەڕاست دادەنێیت کە سوێند دەخوات، کەواتە ڕازی نەبوون بە سوێند و بە کەم دانانی گەورەیی خوای تێدایە، ئەمەش نەفی تەواوی تەوحید دەکات.

قەناعەت کردن بە سوێند خواردن بەخوا لەم دوو شتە زیاتر نیە:

یەکەم: لەڕووی شەرعەوە واجبە ڕازی ببیت بە سوێند خواردن بە خوا ئەگەر ئاراستەی کەسی بەرامبەر کرا، واجبە ڕازی ببیت بەم سوێندە لە حوکمی شەرعی.

دووەم: لە ڕووی بەرجەستەوە، ئەگەر ئەو کەسەی سوێند دەخوات کەسێک بێت جێگای متمانە بێت و ڕاستگۆ بێت، ئەوا تۆ دەبێت ڕازی ببیت بەو سوێندە، ئەگەر ڕاستگۆ نەبێت و جیگای متمانە نەبێت ئەوا بۆت هەیە ڕازی بوون بە سوێندەکەی ڕەت بکەیتەوە، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) بە موحەیسە و حوەیسەی گوت: (تبرئكم يهود بخمسين يمينا)، گوتیان: ئێمە چۆن ڕازی دەبین بە سوێندی جوولەکان ئەی نێردراوی خوا، پێغەمبەر (ﷺ) دانی بەمە نا).[٢٩٦]

---

[٢٩٦] القول المفيد لاپەڕە (٢/٤٠٣).

عبدالله بن جار دەفەرموویت: (قەناعەت نەکردن بە سوێند خواردن بەخوا و ڕازی نەبوون پێی نەفی تەواوی تەوحید دەکات، چونکە بە کەم دانانی خوای تێدایە)[٢٩٧].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (کاتێک باسی ئەوە کرا بە گەورە دانانی خوا کە لە دڵی ئیماندا واجبە، ڕازی بوون بە وتەی خوای گەورە بە سوێند داواکراوە و فەرمان پێکراوە، هەر کەسێک قەناعەت نەکات بە سوێند خواردن بە خوا، ئەوا گەورەیی و خوا و شەرعی خوای لە دەست چووە.

واجبە قەناعەت بە کەسێک بکەیت ئەگەر سویندی بەخوا خوارد بۆت وەک بەگەورە دانانی خوای گەورە، هەروەک فەرموودە هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (عیسا پیاوێکی بینی دزی دەکرد و بە کەسەکەی گوت: تۆ دزی دەکەیت؟ کەسەکە گوتی: نەخێر سوێند بەو پەرستراوەی کە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لە ئەو، عیسا گوتی: ئیمانم بەخوا هێناوە و چاوەکانم درۆی کرد)[٢٩٨].

واجبە لەسەر بەندە ئەگەر کەسێک سوێندی بۆ خوارد بە خوا ڕازی بێت، چونکە ئەمە بەگەورە دانانی خوای تێدایە)[٢٩٩].

---

[٢٩٧] الجامع الفريد لاپەڕە (١٦٣)

[٢٩٨] أخرجه البخاری (٣٤٤٤)، ومسلم (٢٣٦٨).

[٢٩٩] التمهيد لاپەڕە (٤٣٦)

عن ابن عمر رضي الله عنهما، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا تحلفوا بآبائكم، من حلف بالله فليصدق، ومن حلف له بالله فليرض. ومن لم يرض فليس من الله)، رواه ابن ماجه بسند حسن.

واتە: لە ابن عمر دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سوێند مەخۆن بە باوک و باپیرانتان، هەر کەس سوێندی خوارد بە خوا با ڕاستگۆ بێت، وە هەر کەس سوێندیان بۆ خوارد بەخوا با ڕازی بێت، هەر کەسیش ڕازی نەبێت بە سوێند خواردن بەخوا، ئەوە خوا لەو کەسە و کردەوەکەشی بەرییە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(لا تحلفوا بآبائكم): واتە: سوێند مەخۆن بە باوک و باپیرانتان، باوک و باپیر دەگرێتەوە بەرەو سەرەوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە واجبە قەناعەت بکەیت بە سوێند خواردن بە خوا.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەرامە سوێند بخۆیت بە بێجگە لە خوا، لەبەر وتەی: (لا تحلفوا بآبائكم)[٣٠٠].

---

[٣٠٠] إعانة المستفيد (٢٢٩/٢).

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە ڕاستگۆ بیت لە سوێند خواردن و درۆ نەکەیت، چونکە ڕاستگۆیی لە سوێند خواردن بە گەورە دانانی خوایە و بەگەورە دانانی بەڵێنیەتی [٣٠١].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە قەناعەت بکەیت بە سوێند خواردن بە خوا.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (سەبارەت بەو کەسەی کە سوێندی بۆ خوراوە، ئایا واجبە کەسی بەرامبەر بە ڕاست دابنێت؟ ئەم بابەتە لەم پێنج حاڵەتە زیاتر نیە:

یەکەم: دەزانێت درۆ دەکات، کەس نەی گوتووە دەبێت بەڕاستی دابنێی.

دووەم: بەزۆری بۆ ئەوە دەچێت درۆ دەکات، ئەمەش بەهەمان شێوە واجب نییە بە ڕاستی دابنێی.

سێیەم: نیوە گومانی بۆ ئەوە دەچێت ڕاست دەکات وە نیوەی تر بۆ ئەوە دەچێت درۆ دەکات، ئەمەیان واجبە بە ڕاستی دابنێیت.

چوارەم: بەزۆری بۆ ئەوە دەچێت ڕاست دەکات، ئەمەیان واجبە بە ڕاستی دابنێیت.

پێنجەم: دەزانێت ڕاستگۆیە و ڕاست دەکات، ئەمەیان واجبە بە ڕاستی دابنێیت)[٣٠٢].

---

[٣٠١] إعانة المستفيد (٢/٢٢٩).

[٣٠٢] القول المفيد (٢/٤٠٦-٤٠٧).

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە قەناعەت بکەیت بە سوێند خواردن بە خوا، وە حەرامە قەناعەتت نەبێت بە سویند خواردن بە خوا، چونکە ئەمە لە بە گەورە دانانی خوایە و متمانە کردنە بە سوێند خواردن پێی)[٣٠٣].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک قەناعەت نەکات بە سوێند خواردن بە خوا ئەوا تووشی تاوانێکی گەورە بووە، چونکە دەفەرموویت: (ليس من الله).

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (هەر کەسێک ڕازی نەبێت بە سوێند خواردن بەخوا، دەفەرموویت: (فليس من الله)، بەڵگەیە ئەم کردەوەیە لە تاوانە گەورەکانە)[٣٠٤].

---

[٣٠٣] إعانة المستفيد (٢٢٩/٢).

[٣٠٤] التمهيد لاپەڕە (٤٣٨).

باب قول: ما شاء الله وشئت

عن قتيلة، أن يهوديا أتى النبي صلى الله عليه وسلم فقال: إنكم تشركون، تقولون ما شاء الله وشئت، وتقولون: والكعبة، فأمرهم النبي (ﷺ) إذا أرادوا أن يحلفوا أن يقولوا: (ورب الكعبة، وأن يقولوا: ما شاء ثم شئت) رواه النسائي وصححه[٣٠٥].

وله أيضا عن ابن عباس رضي الله عنهما: أن رجلا قال للنبي (ﷺ): ما شاء الله وشئت، فقال: (أجعلتني لله ندا؟ ما شاء الله وحده)[٣٠٦].

ولابن ماجه عن الطفيل أخي عائشة لأمها قال: رأيت كأني أتيت على نفر من اليهود، فقلت: إنكم لأنتم القوم، لولا أنكم تقولون: عزير ابن الله. قالوا: وإنكم لأنتم القوم لولا أنكم تقولون: ما شاء الله وشاء محمد. ثم مررت بنفر من النصارى فقلت: إنكم لأنتم القوم، لولا أنكم تقولون: المسيح ابن الله، قالوا: وإنكم لأنتم القوم، لولا أنكم تقولون: ما شاء الله وشاء محمد. فلما أصبحت أخبرت بها من أخبرت، ثم أتيت النبي (ﷺ) فأخبرته. قال: (هل أخبرت بها أحدا؟) قلت: نعم. قال: فحمد الله وأثنى عليه، ثم قال: (أما بعد؛ فإن طفيلاً رأى رؤيا، أخبر بها من أخبر منكم، وإنكم قلتم كلمة كان يمنعني كذا وكذا أن أنهاكم عنها. فلا تقولوا: ما شاء الله وشاء محمد، ولكن قولوا: ما شاء الله وحده)[٣٠٧].

فيه مسائل:

الأولى: معرفة اليهود بالشرك الأصغر.

---

[٣٠٥] أخرجه النسائي في "الكبرى" (٢٤٥/٦ رقم ١٠٨٢٥).

[٣٠٦] أخرجه النسائي في "الكبرى" (٢٤٥/٦ رقم ١٠٨٢٢).

[٣٠٧] أخرجه ابن ماجه (٢١١٨).

الثانية: فهم الإنسان إذا كان له هوى.

الثالثة: قوله (ﷺ): (أ جعلتني لله ندا؟) فكيف بمن قال: يا أكرم الخلق ما لي من ألوذ به سواك .... والبيتين بعده.

الرابعة: أن هذا ليس من الشرك الأكبر، لقوله (يمنعني كذا وكذا).

الخامسة: أن الرؤيا الصالحة من أقسام الوحي.السادسة: أنها قد تكون سببا لشرع بعض الأحكام.

باب قول: ما شاء الله وشئت

باسكردنی گوتنی: خوا بییەوێت و تۆش بتەوێت.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (دانەری کتاب دەیەوێت حوکمی وتەی: (ما شاء الله وشئت) روون بکاتەوە، چونکە دەبێت بڵێیت: پاشان فلانە کەس، ئەمە داواکراوی تەوحید و ئیخلاسە و تەواوی تەوحید و دوور کەوتنەوە لە شیرکی تێدایە، حوکمی ئەمە دروست نیە)[٣٠٨].

صالح ال الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم بابەتە پێشتر قسەمان لەسەر کرد: (باب قول الله تعالی: ﴿فَلَا تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة: ٢٢]، وتەی: (ما شاء الله وشئت)، شیرکە لە وتەدا و شیرکە لە ویستندا، ئەمە شیرکی بچووکە)[٣٠٩].

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (وتەی: (ما شاء الله وشئت)، شیرکی بچووکە یان شیرکی گەورەیە، چونکە ئەگەر باوەڕی وابێت معطوف یەکسان بێت بە خوا ئەوا شیرکی گەورەیە، ئەگەر باوەڕیشی وابێت یەکسان نیە لەگەڵ خوا و لە ژێرەوەیەتی ئەوا شیرکە لە وتەدا و شیرکی بچووکە، هەندێک لە ئەهلی عیلم دەڵێن: ضوابطی شیرکی بچووک ئەوەیە هەر شتێک هۆکار بێت بۆ شیرکی گەورە ئەوا شیرکی بچووکە)[٣١٠].

---

[٣٠٨] التعلیق المفید لاپەڕە (٢١٥).

[٣٠٩] التمهید لاپەڕە (٤٤٠).

[٣١٠] القول المفید (٤٠٨/٢).

عن قتيلة، أن يهوديا أتى النبي (ﷺ) فقال: إنكم تشركون، تقولون ما شاء الله وشئت، وتقولون: والكعبة، فأمرهم النبي (ﷺ) إذا أرادوا أن يحلفوا أن يقولوا: (ورب الكعبة، وأن يقولوا: ما شاء ثم شئت) رواه النسائي وصححه.

واتە: قوتەیلەی ئەنساری کچی سەیفی دەفەرموویت: گەورە زانایەکی جوولەکە هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: ئێوە شەریك بۆ خوا دادەنێن، دەڵێن: خوا ویستی و تۆ ویستت، هەروەها دەڵێن: سوێند بە کەعبە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی دا بە موسڵمانان ئەگەر سوێندیان خوارد بڵێن: (سوێند بە خوای کەعبە، هەروەها بڵێن خوا ویستی و پاشان تۆ ویستت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(إنكم تشركون): واتە: ئێوە شەریك بۆ خوا دادەنێن.

(والكعبة): واتە: سوێند بە کەعبە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیەی لەبەر ئەوە لەم بابە باسکردوە چونکە وتەی: (ماشاء الله وشئت)، شیرکی بجووکە)[٣١١].

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- پێغەمبەر (ﷺ) ئینکاری جوولەکەکەی نەکرد لەگەڵ ئەوەش مەبەستیان زەم و لۆمە کردنی پێغەمبەر و هاوەڵان بوو)[٣١٢].

---

[٣١١] الجديد لاپەڕە (٣٧٣).

[٣١٢] القول المفيد (٢/٤٠٩-٤١٠).

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ گەڕانەوە بۆ حەق ئەگەر چی ئەوەی ئاگاداریشت دەکاتەوە ئەهلی حەق نەبێت[٣١٣].

٣- ئەمە بەڵگەیە دەبێت کاتی گۆڕین دا شتێک بگۆڕدرێ بە شتێکی نزیك لەو شتە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بڵێن سوێند بە خوای کەعبە، نەی فەرموو بڵێن سوێند بە خوا، هەروەها فەرمانی کرد بڵێن: (ما شآء الله، ثم شئت)[٣١٤].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی ویست بۆ خوای گەورە.

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە مرۆڤ ویستی هەیە بە پێجەوانەی وتەی جەبری یەکان.

٦- پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمانانی ئاگادار نەکردەوە لەسەر ئەم کردەوەیە و لەوانەیە نەیزانی بێت دروست نیە، یان لەوانەیە تاقیکردنەوەیەک بێت بۆ جوولەکەکان.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دەوترێ: چۆن پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمانانی ئاگادار نەکردەوە لەسەر ئەم کردەوەیە کەچی ئەم جوولەکەیە ئاگاداری کردنەوە؟

وەڵام: دەکرێت پێغەمبەر (ﷺ) گوێی لێ نەبووبێت و نەیزانی بێت، بەڵام دەوترێ: خوا دەزانێت؛ چۆن دانیان پێنا؟ کێشە دەمێنێتەوە، بەڵام وەڵام دەدرێتەوە بەوەی ئەمە شیرکی بچووک بووە نەک شیرکی گەورە، کەواتە حیکمەتەکە تاقیکردنەوە بووە لە خواوە بۆ

---

[٣١٣] القول المفيدا (٤٠٩/٢-٤١٠).

[٣١٤] القول المفيد (٤٠٩/٢-٤١٠).

جوولەكەكان ئەوان ڕەخنە لە موسڵمانان دەگرن لەسەر ئەم وتەیە كە شیركی بچووكە، لەگەڵ ئەمەش خۆیان تووشی شیركی گەورە بوون و بە عەیبی نابینن)[٣١٥].

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە جوولەكەكان ڕاستی دەزانن، چونكە ئەگەر شیركی بچووك بزانن ئەوا شیركی گەورە لە پێشترە بزانرێت.

٨- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە سوێند خواردن بە بێجگە لەخوا شیركە.

---

[٣١٥] القول المفيد (٢/٤٠٩-٤١٠).

وله أيضا عن ابن عباس رضي الله عنهما: أن رجلا قال للنبي (ﷺ): ما شاء الله وشئت، فقال: (أ جعلتني لله ندا؟ ما شاء الله وحده).

واته: له ابن عباس دەگێڕنەوە خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت دەفەرموێت: پیاوێک بە پێغەمبەری گوت: خوا ویستی و تۆش ویستت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئایا منت کرد بە هاوتای خوا؟ بەڵکو بڵێ خوا ویستی بە تەنها).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(أن رجلا قال للنبي (ﷺ)): واتە: پیاوێک بە پێغەمبەری گوت، ئەوەی دیار بێت ئەمەی بە پێغەمبەر گوت وەک بە گەورە دانان.

(أجعلتني لله ندا؟): واتە: ئایا منت کرد بە هاوتای خوا.

(ما شاء الله وحده): واتە: بەڵکو بڵێ خوا ویستی بە تەنها، پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنموویی کرد بۆ گوتنی ئەم وتەیە تا دەرگای تووش بوون بە شیرک دابخات، نەیفەرموو بڵێ: (ماشاء الله ثم شئت).

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە وتەی: (ماشاء الله وشئت)، شیرکی بچووکە)[٣١٦].

سوودەکانی فەرموودەکە:

---

[٣١٦] الجديد لاپەڕە (٣٧٤).

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بەگەورە دانانی پێغەمبەر (ﷺ) بە وتە دەلالەت لەسەر یەکسان کردنی دەکات لەگەڵ خالق و شیرکە، ئەگەر باوەڕی وابێت یەکسانن ئەوا شیرکی گەورەیە، ئەگەر ئەم باوەرەشی وانەبێت ئەوا شیرکی بچووکە[٣١٧].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئینکاری کردن لە خراپە، لەبەر وتەی: (أجعلتني لله ندا؟)، لەگەڵ ئەمەش ئەمەی کردووە وەک بەگەورە دانان بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، لەسەر ئەمە ئەگەر کەسێک بۆ تۆ خۆی نزم کردەوە لە کاتی سەلام کردن واجبە لەسەرت ئینکاری بکەیت[٣١٨].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە جوانی بانگەواز کردن ئەوەیە باسی شتێکی ڕێگەپێدراو بکەیت ئەگەر باسی حەرامێکت کرد، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێک ڕێگری کرد لە گوتنی: (ماشاء الله وشئت)، ڕێنموویی کرد بۆ شتێکی ڕێگەپێدراو، ئەویش وتەی: (ماشاء الله وحده)[٣١٩].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ داخستنی دەرگاکانی تووش بوون بە شیرک، پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنموویی کرد بۆ: (ماشاء الله وحده)، پێی نەفەرموو بڵێ: (ماشاء الله، ثم شئت).

---

[٣١٧] القول المفيد (٢/٤١١-٤١٢).

[٣١٨] القول المفيد (٢/٤١١-٤١٢).

[٣١٩] القول المفيد (٢/٤١١-٤١٢).

ولابن ماجه عن الطفيل أخي عائشة لأمها قال: رأيت كأني أتيت على نفر من اليهود، فقلت: إنكم لأنتم القوم، لولا أنكم تقولون: عزير ابن الله. قالوا: وإنكم لأنتم القوم لولا أنكم تقولون: ما شاء الله وشاء محمد. ثم مررت بنفر من النصارى فقلت: إنكم لأنتم القوم، لولا أنكم تقولون: المسيح ابن الله، قالوا: وإنكم لأنتم القوم، لولا أنكم تقولون: ما شاء الله وشاء محمد. فلما أصبحت أخبرت بها من أخبرت، ثم أتيت النبي (ﷺ) فأخبرته. قال: (هل أخبرت بها أحدا؟) قلت: نعم. قال: فحمد الله وأثنى عليه، ثم قال: (أما بعد؛ فإن طفيلا رأى رؤيا، أخبر بها من أخبر منكم، وإنكم قلتم كلمة كان يمنعني كذا وكذا أن أنهاكم عنها. فلا تقولوا: ما شاء الله وشاء محمد، ولكن قولوا: ما شاء الله وحده).

واتە: لە توفەیل دەگێڕنەوە کە برای عائیشەیە لە دایکەوە گوتی: لە خەودا بینیم بەلای کۆمەڵێک جوولەکەدا تێپەڕیم و گوتم: ئێوە قەومێکی باشن ئەگەر نەتان گوتایە عوزێر کوڕی خوایە، ئەوانیش گوتیان: ئێوەش قەومێکی باشن ئەگەر نەتان گوتایە خوا ویستی و محمد ویستی.

پاشان بەلای کۆمەڵێک گاوردا تێپەڕیم و پێیانم گوت: ئێوە قەومێکی باشن ئەگەر نەتان گوتایە مەسیح کوڕی خوایە، ئەوانیش گوتیان ئێوە قەومێکی باشن ئەگەر نەتان گوتایە خوا ویستی و محمد ویستی.

جا کاتێک ڕۆژ بووەوە، ئەو خەوەم بۆ چەند کەسێک گێڕایەوە، پاشان چووم بۆ لای پێغەمبەر درود و سەلامی خوای لێ بێت وە خەوەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش گوتی: ئایا بۆ کەست گێڕاوەتەوە؟ گوتم: بەڵێ، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان فەرمووی: (توفەیل خەوێکی بینیووە بۆ چەند کەسێکتانی گێڕاوەتەوە، ئێوەش وشەیەکتان دەگوت، شتێکی ئاوا و ئاوا ڕێگری لێکردم کە لێتانی حەرام بکەم،

(واتە: شەرمی کردووە بە بێ ئیزنی خوا حەڕامی بکات)، ئیتر مەڵێن: خوا ویستی و محمد ویستی، بەڵکو بڵێن خوا هەر خۆی ویستی).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(رأيت): واتە: لە خەودا بینیم.

(على نفر): نفر: لە سێ کەسەوە بۆ نۆ کەس پێی دەڵێن: نفر.

(عزير): پیاوێکی باش بوە و جوولەکەکان دەیان گوت کوڕی خوایە، ئەمەش درۆیە و کوفرێکی ڕوون و ئاشکرایە، هەندێک دەڵێن پێغەمبەر بووە و هەندێکی تر دەڵێن زانایەک بوە لە زاناکانیان.

(المسيح): واتە: عیسای کوڕی مەریەم، مسیح بەمانای ماسح دێت، واتە: لەسەر وەزنی (فعیل)ە بە مانای فاعل دێت، چونکە کوێری زگماک و پێست بەڵەکاوی مەسح دەکرد و چاک دەبوەوە بە ئیزنی خوا.

(كان يمنعني كذا وكذا): واتە: شتێکی ئاوا و ئاوا ڕێگری لێکردم کە لێتانی حەڕام بکەم، واتە: شەرمی کردوە بە بێ ئیزنی خوا حەڕامی بکات، هەروەک ڕیوایەتی طبرانی لە (المعجم الكبير)دا (٨٢١٤) هاتووە و ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردوە بۆ ئەوەی حوکمی (ماشاء الله و وشئت)، ڕوون بکاتەوە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕاستی خەون، بەشێکە لە (٦٤) بەشی پێغەمبەرایەتی.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کە خەون حەقە، لەبەر ئەوە نابێت درۆ بکرێت لە خەون گێرانەوەدا، فەرموودە هاتووە وەعیدی باسکردوە لەسەری)[٣٢٠].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ قبووڵ کردنی حەق ئەگەر چی ئەوەی بۆتی هێناوە دوژمنیش بێت، چونکە حەق شتی بزر بووی ئیماندارە، گەرانەوە بۆ حەق فەزڵ و پلەو پایەیە[٣٢١].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروست نیە زیادەڕەوی بکەیت لە پێغەمبەردا و دروست نیە بیکەیتە شەریک لەگەڵ خوا لە دوعا و دوعا کردن لە کاتی تەنگانە و شتی تر، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردوە بڵێیت: (ماشاء الله وشاء محمد)، ئەی چێ دەڵێیت بۆ شتی توندتر لە زیادەڕەوی کردن[٣٢٢].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی ویست بۆ خوای گەورە.

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە سوننەتە وتار بە سوپاس و مەدح کردنی خوای گەورە دەست پێ بکەیت.

---

[٣٢٠] إعانة المستفيد (٢/٢٣٩).

[٣٢١] إعانة المستفيد (٢/٢٣٩).

[٣٢٢] إعانة المستفيد (٢/٢٤٠).

باب من سب الدهر فقد آذى الله

وقول الله تعالى: ﴿وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ﴾ {الجاثيه:٢٤}.

في الصحيح عن أبي هريرة، عن النبي (ﷺ) قال: (قال الله تعالى: يؤذيني ابن آدم، يسب الدهر، وأنا الدهر، أقلب الليل والنهار)[٣٢٣].

وفي رواية: (لا تسبوا الدهر، فإن الله هو الدهر)[٣٢٤].

فيه مسائل:

الأولى: النهي عن سب الدهر.

الثانية: تسميته أذى لله.

الثالثة: التأمل في قوله: (فإن الله هو الدهر).

الرابعة: أنه قد يكون سابا ولو لم يقصده بقلبه.

---

[٣٢٣] أخرجه البخاري (٤٨٢٦)، ومسلم (٢٢٤٦).

[٣٢٤] أخرجه (٥/٢٢٤٦).

باب من سب الدهر فقد آذى الله

هەر کەسێک جنێو بدات بە زەمانە ئەزیەتی خوای گەورەی داوە.

دانەری کتاب لەبەر دوو شت ئەم بابەی باسکردوە لە کتابی تەوحید:

١- ئەمەش داخلی وتەی خوای گەورە دەبێت: ﴿فَلَا تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا﴾.

٢- ئەم وتەیە نەهی لێکراوە و پێچەوانەی تەوحیدە.

سلیمان ال الشیخ ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید دیارە، چونکە جنێودان بە زەمانە شیرکی تێدایە و دواتر باسی دەکەین إن شاء الله)[٣٢٥].

صالح ال الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (مناسبەی باسکردنی ئەم بابە لە کتابی تەوحیدا دیارە ئەوەیە، جنێودان بە کات لەو وشانەیە کە دروست نین، لێ ڕزگار بوونی واجبە و بەکارهێنانی نەفی تەواوی تەوحید دەکات)[٣٢٦].

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ((السب): جنێودان و زەم کردن و وشەی تری هاوشیوەی ئەمانەیە، الدهر: کات و زەمانە.

جنێودان و زەم کردنی کات دابەش دەبێت بۆ سێ بەش:

یەکەم: مەبەست پێی تەنها خەبەرە و بێ ئەوەی لەومەی بکات، ئەمەیان دروستە، وەک ئەوەی بڵێیت ئێمە ماندوو بووین لەبەر توندی گەرمایی ئەم ڕۆژە یان ساردی ئەم ڕۆژە

---

[٣٢٥] التیسیر العزیز الحمید (٤٥٧).

[٣٢٦] التمهید لاپەڕە (٤٤٥).

یان قسەی تری وەک ئەمانە، چونکە هەموو کردەوەیەک مەرج تیایدا نییەتە، ئەم وتەیە هیچی تێدا نیە و گونجاوە، لەوانە وتەی لوط (عليه السلام): ﴿هَٰذَا يَوۡمٌ عَصِيبٞ ٧٧﴾ [هود: ٧٧].

دووەم: جنێو دەدات بە کات لەسەر ئەوەی کات بکەرە، وەک ئەوەی باوەڕی وابێت کات خۆی کاروبارەکان وەردەگێڕێت بۆ خێر و شەڕ، ئەمەیان شیرکی گەورەیە چونکە باوەڕی وایە دروستکارێک لەگەڵ خوا هەیە، چونکە ڕووداوەکان دراونەتە پاڵ بێجگە لەخوا، هەرکەسێک باوەڕی وابێت لەگەڵ خوا دروستکارێکی تر هەیە ئەوا کافرە، هەروەک چۆن ئەگەر کەسێک باوەڕی وابێت لەگەڵ خوا خوایەکی تر هەیە و شایستەی ئەوەیە بپەرستریت ئەوا کافرە.

سێیەم: جنێو بە کات دەدات نەک لەبەر ئەوەی باوەری وایە کات کارایە بەڵکو باوەڕی وایە خوای گەورە هەر خۆی کارایە بەڵام لەبەر شتە ناخۆشەکان جنێو دەدات، ئەمەیان حەرامە و ناگاتە پلەی شیرک، ئەمەیان لە بێ عەقڵی و ساویلکەیی و گومڕاییە لە دیندا، چونکە لە ڕاستیدا جنێوەکە بۆ خوا دەگەڕێتەوە، چونکە خوای گەورە کات بەڕێوە دەبات)[٣٢٧].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (حەرامە جنێو بە زەمانە بدەیت، جنێودان بە زەمانە دوو جۆرە:

یەکەم: هەیە کوفر و شیرکی گەورەیە، ئەگەر باوەڕی وابێت زەمانە خۆی کارایە، زەمانە خۆی بەڵاو ناخۆشی دەهێنێت و لەبەر ئەمە زەمی بکات، ئەمەیان شیرکی گەورەیە چونکە شەریکی داناوە لەگەڵ خوا.

---

[٣٢٧] القول المفيد (٢/٤٢٢-٤٢٣).

دووەم: باوەڕی وایە بکەر (کارا) خوای گەورەیە بەڵام خراپە دەداتە پاڵ زەمانە یان زەم کردن دەداتە پاڵ زەمانە لە بابەتی ئاسانکاری کردن لە وتەدا، ئەمەیان حەڕامە و بە شیرکی بچووک دادەنرێت، هەتا ئەگەر چی هیچ مەبەستێکیشی نەبێت و بەڵکو تەنها سەر زارەکی بێت، بە شیرك دادەنرێت لە وتەدا)[٣٢٨].

وەسف کردنی شەڕ دانە پاڵ هۆکار بە شیرکی بچووک جێگای تێڕوانینە، چونکە وەک ئەدەب جوان نییە شەڕ بدەیتە پاڵ خوا، والله أعلم.

---

[٣٢٨] إعانة المستفيد (٢٤٧/٢).

وقول الله تعالى: ﴿وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ﴾ {الجاثيه:٢٤}.

خوای گەورە دەفەرموویت: (موشریکەکان گوتیان ژیانمان تەنها ژیانی دونیایە، دەمرین و دەژین و ژیان بەسەر دەبەین، کەس لەناومان نابات تەنها زەمانە نەبێت، ئەوان لەو بارەوە هیچ زانستێکیان لەلا نییە نە کەم و نە زۆر، تەنها ئەوەیە کە ئەوان مەزەنە دەکەن و هەرچی لەو بارەوە دەیڵێن وەهم و خەیاڵە).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ﴾: واتە: کەس لەناومان نابات تەنها زەمانە نەبێت، واتە: لەناو چوونی ئێمە بە فەرمانی خوا و توانای خوا نەبووە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (مناسبەی باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە ئەوەیە: لەم ئایەتەدا ڕووداوەکانی داوەتە پاڵ کات، هەر کەسێک ڕووداوەکان بداتە پاڵ کات ئەوە جنێویشی پێی دەدات ئەگەر تووشی شتێکی ناخۆش بوو)[٣٢٩].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە شت دانە پاڵ زەمانە سیفەتی موشریکەکان و دوژمنانی تەوحیدە، نەفی کردن و دانە پاڵ خوای گەورە سیفەتی یەک خوا پەرستانە.

---

[٣٢٩] القول المفيد (٢/٤٢٥-٤٢٦).

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویێت: (ئەم ئایەتە دیارە شت دانە پاڵ زەمانە سیفەتی موشریکەکان و دوژمانی تەوحیدە، نەفی کردن و دانە پاڵ خوای گەورە سیفەتی یەک خوا پەرستانە، بەهیلاک چوون نادەنە پاڵ زەمانە بەڵکو خوای گەورە مرۆڤ دەژێنێت و دەی مرێنێت)[٣٣٠].

٢- ئەم ئایەتە بەلگەیە ئەم موشریکانە ئینکاری قیامەت و زیندوو بوونەوەیان دەکرد.

---

[٣٣٠] التمهيد لاپەڕە (٤٤٦).

في الصحيح عن أبي هريرة، عن النبي (ﷺ) قال: (قال الله تعالى: يؤذيني ابن آدم، يسب الدهر، وأنا الدهر، أقلب الليل والنهار)[٣٣١].

وفي رواية: (لا تسبوا الدهر، فإن الله هو الدهر)[٣٣٢].

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (خوای گەورە فەرمووی: نەوەی ئادەم ئەزیەتم دەدەن بەوەی کە جنێو بە زەمانە دەدەن، زەمانەش خۆمم کە شەو ڕۆژ بەسەر یەکدا دەهێنم).

ڕیوایەتی تر هاتووە دەفەرموێت: (جنێو مەدەن بە زەمانە، چونکە خوا هەر خۆی زەمانەیە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(يؤذيني ابن آدم): واتە: نەوەی ئادەم ئەزیەتم دەدات.

(وأنا الدهر): واتە: من زەمانەم، واتە زەمانەش خۆمم کە شەو ڕۆژ بەسەر یەکدا دەهێنم.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردوە بۆ ئەوەی حوکمی جنێودان بە زەمانە ڕوون بکاتەوە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکرنی ئەزیەت دان بۆ خوای گەورە.

---

[٣٣١] أخرجه البخاري (٤٨٢٦)، ومسلم (٢٢٤٦).

[٣٣٢] أخرجه (٥/٢٢٤٦).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکرنی ئەزیەت دان بۆ خوای گەورە دەبێت ئێمەش جێگیری بکەین، چونکە خوای گەورە بۆ نەفسی خۆی جێگیری کردووە، بەڵام وەک ئەزیەت دانی دروستکراوەکان نیە، بە بەڵگەی وتەی خوای گەورە: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ [الشورى: ١١]، لەم ئایەتە نەفی پێش جێگیرکردنی خستووە)[٣٣٣].

صالح الفوزان خوا بێپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەزیەت دەدرێت بە کردەوە خراپەکانی بەندە، بەڵام زیانی پێ ناگات بەمە)[٣٣٤].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دهر ناوی خوای گەورە نیە، لێرە ڕستەکە محذوفی تێدایە تەقدیرەکەی: من خۆم بەڕێوەی دەبەم و شەو ڕۆژ بەسەر یەکدا دەهێنم، شەو و ڕۆژ هەردووکیان کاتن، لە ڕووی عەقڵەوە ناکرێت دروستکاری بکەر خۆی دروستکراوی بەرکار بێت، بەمە هەڵەی ئەوانە بەدیار دەکەوێت کە دەڵێن: الدهر ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە، وەک ابن حزم ڕەحمەتی خوای لێ بێت کە دەفەرموویت: (الدهر لە ناوەکانی خوای گەورەیە)، ئەم غافلی یە لە تێگەیشتنی ئەم فەرموودەیە...

کەواتە نەفی ناوی دهر دەکەین بۆ خوا لەبەر دوو ڕوو:

یەکەم: سیاقی فەرموودەکە قبوڵ ناکات ئەم مانایە هەڵبگرێت.

دووەم: ناوەکانی خوای گەورە هەموویان جوانن و مانایان هەیە، دهر ناوێکی جامدە و هیچ مانایەک هەڵناگرێت ئیلا ئەوە نەبێت کە ناوی کاتە[٣٣٥].

---

[٣٣٣] القول المفيد (٢/٤٢٧-٤٢٩).

[٣٣٤] إعانة المستفيد (٢/٢٤٧).

[٣٣٥] القول المفيد (٢/٤٢٩-٤٣٠).

صالح الفوزان خوا بێپارێزێت دەفەرموویت: (دهر له ناوەكانی خوای گەورە نیە، فەرموودەكە هەندێكی هەندێكی تر تەفسیر دەكات، هەر كەسێك بڵێت دهر ناوی خوای گەورەیە ئەوە بە هەڵە داچووە)[٣٣٦].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە جنێودان بە زەمانە حەرامە، زانایان دەڵێن جنێودان بە كات و زەم كردن ئەم چوار حاڵەتانەن:

یەكەم: ئەگەر مەبەست پێی خوای گەورە بێت، ئەمەیان كوفرە و لە دین دەردەچێت.

دووەم: ئەگەر مەبەست پێی تەنها خەبەر بێت و بێ ئەوەی لەومەی بكات ئەمەیان دروستە.

سێیەم: ئەگەر جنێو بدات بە كات لەسەر ئەوەی كات بكەرە وەك ئەوەیە باوەڕی وابێت كاتی خۆی كاروبارەكان وەردەگێڕێت بۆ خێر و شەڕ، ئەمەیان شیركی گەورەیە.

چوارەم: جنێو بە كات دەدات نەك لەبەر ئەوە كە باوەڕی وایە بكەرە، بەڵكو باوەڕی وایە خوا هەر خۆی بكەرە بەڵام جنێو دەدات لەبەر شتە ناخۆشەكان، ئەمەیان حەرامە.

---

[٣٣٦] إعانة المستفيد (٢/٢٤٧).

باب التسمي بقاضي القضاة ونحوه

فى الصحيح عن أبي هريرة رضي الله عنه، عن النبي (ﷺ) قال: (إن أخنع اسم عند الله: رجل تسمى ملك الأملاك، لا مالك إلا الله).[٣٣٧]

قال سفيان: مثل (شاهان شاه).

وفي رواية: (أغيظ رجل على الله يوم القيامة وأخبثه)[٣٣٨].

قوله (أخنع) يعني أوضع.

فيه مسائل:

الأولى: النهي عن التسمي بملك الأملاك.

الثانية: أن ما في معناه مثله، كما قال سفيان.

الثالثة: التفطن للتغليظ في هذا ونحوه، مع القطع بأن القلب لم يقصد معناه.

الرابعة: التفطن أن هذا لإجلال الله سبحانه.

---

[٣٣٧] أخرجه البخاري (٦٢٠٦)، ومسلم (٢١٤٣).

[٣٣٨] أخرجه مسلم (٢١/٢١٤٣).

باب التسمي بقاضي القضاة ونحوه

باسی ناونان بە قازی قازی یەکان و هاوشیوەکانی

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (مناسبەی باسکردنی ئەم بابە لە کتابی تەوحید ئەوەیە: هەر کەسێک ئەم ناوە لە خۆی بنێت ئەوا نەفسی خۆی کردۆتە شەریک لەگەڵ خوا لە شتێک دا کە کەس شایستە نیە ئیلا خوا نەبێت، چونکە شایستەی ئەوە نیە قازی قازی یەکان بێت یان حاکمی حاکمەکان بێت یان مەلیکی مەلیکەکان بێت، ئیلا خوای گەورە نەبێت کە شاییستەی ئەمەیە، خوای گەورە قازی سەرووی قازی یەکانە، حوکم هەموو هی خۆیەتی و هەموو کارەکان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە هەروەک لە قورئان باسکراوە.

ئەگەر گوترا: ئەگەر قازی حصر کرا بە کۆمەڵێکی دیاریکراو، یان شارێکی دیاریکراو، یان کاتێکی دیاری کراو، وەک: قازی قازی یەکان لە فقهـ، یان قازی قازی یەکان لە مەملەکەتی عەرەبی سعودی، یان قازی قازی یەکانی میسر و شام یان شتی تری هاوشێوەی ئەمانە؟

وەڵام: ئەمە دروستە چونکە مقید کراوە، ئەوەی زانراو بێت قەزای خوای گەورە مقید ناکرێت، ئەو کاتە نابێتە شەریک لەگەڵ خوای گەورە، لەسەر ئەوەش باشتر وایە ئەم ناوانە بەکارنەهێنرێت ئەگەر چی دروستیشن، چونکە زۆر جار مرۆڤ سەرسام دەبێت بە نەفسی خۆی و حەق وەرناگرێت ئەگەر پێچەوانەی وتەی بوو، ئەم بابەتە گەورەیە و ترسناکە ئەگەر مرۆڤ گەیشتە ئەو ڕادەییەی ڕای خۆی وا ببینێت واجب کراوە بەسەر کەسانی تر، ئەمە ترسناکی یەکی گەورەیە، لەگەڵ ئەمەش دروستە بەڵام نابێت مرۆڤ هیچ ناوێک یان وەسفێک لە خۆی بنێت، ئەگەر مقید کرا بە کات یان شوێن یان شتی تر دەڵێین دروستە، بەڵام باشتر وایە ئەمە نەکات.

ناونان بە (شيخ الإسلام) وەک ئەوەی بڵێیت: شيخ الإسلام ابن تيميه يان شيخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب، واتە مەبەست پێی مطلق بێت و بگەڕێتەوە بۆ ئیسلام ئەمەیان دروست نیە، چونکە ئەبو بکر خوا لێی ڕازی بێت لەپێشترە بۆ ئەم وەسفە، چونکە باشترین دروست کراوە لە پاش پێغەمبەران، بەڵام ئەگەر مەبەست پێی وەسف کردن بێت بە نوێکەرەوەی ئیسلام و پاشماوەی باشی هەبووبێت و ڕۆڵێکی چاکی هەبووبێت بۆ پارێزگاری کردن لە دین ئەوا هیچی تێدا نیە و دروستە)[٣٣٩].

هەروەها دەفەرموێت: (لەقەبی شيخ الإسلام بە مطلقی دروست نیە، واتە شيخ بە مطلقی بۆ ئیسلام دەگەڕێتەوە و نابێت کەسی پێ وەسف بکرێت، چونکە کەس معصوم و پارێزراو نیە لە هەڵە لەوەی کە بۆ ئیسلام دەیڵێت ئیلا پێغەمبەران نەبن. بەلام ئەگەر مەبەست بە شيخ الإسلام کەسێک بێت کە گەورە بێت لە ناو ئیسلام و ڕۆلی هەبێت و دینی نوێ کردبێتەوە لە شیرک و بیدعە و وە ڕاسگۆ بێت ئەوا دروستە وەسفی بکەیت بەم لەقەبە)[٣٤٠].

---

[٣٣٩] القول المفيد.

[٣٤٠] مجموع فتاوى و رسائل الشيخ محمد صالح العثيمين المجلد الثالث - باب المناهي اللفظية.

فى الصحيح عن أبي هريرة رضي الله عنه، عن النبي (ﷺ) قال: (إن أخنع اسم عند الله: رجل تسمى ملك الأملاك، لا مالك إلا الله).

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بە تەئکید سوکترین و بێ ڕێزترین ناو لای خوای گەورە ئەوەیە پیاوێک ناو لە خۆی بنێت مەلیکی مەلیکەکان، چونکە هیچ کەسێک بە تەواوی خاوەنی هیچ شتێک نیە جگە لەخوا).

قال سفيان: مثل (شاهان شاه).

سوفیان دەفەرموێت: (وەک شاهان شاهـ).

وفي رواية: (أغيظ رجل على الله يوم القيامة وأخبثه).

واتە: ڕیوایەت هاتووە دەفەرموێت: (تووڕەیی و غەزەبی خوا لە ڕۆژی قیامەت دا لەسەر ئەو کەسە زۆر سەختە و ناوەکەشی لە ناوی هەموو خەڵکی پیسترە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(إن أخنع اسم عند الله): واتە: بە تەئکید سوکترین و بێ ڕێزترین ناوە لای خوای گەورە.

(رجل تسمى ملك الأملاك): واتە: پیاوێک ناو لەخۆی بنێت مەلیکی مەلیکەکان.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموویت: (فەرموودەکە ڕێگری کردنە لە ناونان بە مەلیکی مەلیکەکان و شتی تری هاوشیوەی ئەمانە، چونکە شەریک دانانە لەگەڵ خوا لە پەروەردگارییەتی دا)[٣٤١].

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەڕامە ناوی مەلیکی مەلیکەکان لە خۆت بنێیت[٣٤٢].

صالح ال الشيخ خوا بپارێزێت دەفەرموویت: (لەناو وڵاتانی موسڵمانان ناوی قازی قازی یەکان و شتی تر بڵاوبوونەتەوە لە قەڕنی چوارەمی هیجری، واجبە لەسەر بەندە خۆی بپارێزێت لەم ناوە و بەسەر زاریدا نەیەت و ڕازی نەبێت بەمە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی سیفەتی غەزەب بۆ خوای گەورە[٣٤٣].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ حیکمەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە فێرکردن، چونکە کاتێک باسی سوکترین و بێ ڕێزترین ناوی کرد لای خوای گەورە ئاماژەی بۆ عیلەتەکەش کرد، ئەویش ئەوەیە گوتی: (لا مالك الا الله)، ئەمە لەجوانترینی شێوازی فێرکردن و دەربڕینە[٣٤٤].

---

[٣٤١] الجديد لاپەڕە (٣٨٤).

[٣٤٢] الجديد لاپەڕە (٣٨٤)

[٣٤٣] القول المفيد (٣/١٠-١١).

[٣٤٤] القول المفيد (٣/١٠-١١).

باب احترام أسماء الله وتغيير الاسم لأجل ذلك

عن أبي شريح: أنه كان يكنى أبا الحكم؛ فقال له النبي (ﷺ): (إن الله هو الحكم، وإليه الحكم) فقال: إن قومي إذا اختلفوا في شيء أتوني، فحكمت بينهم، فرضي كلا الفريقين فقال: (ما أحسن هذا فمالك من الولد؟) قلت: شريح، ومسلم، وعبد الله. قال:(فمن أكبرهم؟) قلت: شريح، قال: (فأنت أبو شريح)، رواه أبو داود وغيره[٣٤٥].

فيه مسائل:

الأولى: احترام أسماء الله وصفاته ولو لم يقصد معناه.

الثانية: تغيير الاسم لأجل ذلك.

الثالثة: اختيار أكبر الأبناء للكنية.

---

[٣٤٥] أخرجه أبوداود (٤٩٥٥)، والنسائى (٥٣٨٧)، وابن حبان (٢٥٧/٢ رقم ٥٠٤).

باب احترام أسماء الله وتغيير الاسم لأجل ذلك

باسی ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوای گەورە و گۆڕینی ناویش لەپێناو ئەوەدا واجبە.

هەرناوێک تایبەت بێت بەخوا حەرامە ئەو ناوە لە خۆت بنێیت یان لە منالی بنێیت، وەک: (خالق و قدوس)، یان ناوێک کە شیاوی کەس نەبێت ئیلا خوا نەبێ، وەک (مالك الملوك)، ئەمەیان هەموو زانایان یەک دەنگن لەسەری.

ابن القیم ڕەحمەتی خوای ئ بێت دەفەرموویت: (ئەم ناوانە تایبەتن بەخوا: (الله والرحمن والحكم والأحد، والصمد، والخالق، والرزاق، والجبار، والمتكبر، والأول، والآخر، والباطن، وعلام الغيوب))[٣٤٦].

ابن باز ڕەحمەتی خوای لئ بێت دەفەرموویت: (دانەری کتاب دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە واجبە ڕێز لە ناوەکانی خوای گەورە بگریت و خۆت بپارێزی لە بەکەم دانانی، یان بەکەمی دابنێیت، یان هەندێک ناو لەخۆت بنێیت کە تایبەت بێت بە خوای گەورە، لەبەر ئەوە ناو دەبێت بگۆڕدرێت لەبەر ڕێز و گەورەیی خوا، ناوەکان دوو جۆرن:

١- هەندێک ناو هەن نابێت کەس لەخۆی بنێت بێجگە لەخوا، وەک:)الرحمن، والخالق، ورب العالمين) و ناوی تر.

٢- هەندێک ناوی تر هەن دروستە لەخۆتی بنێیت)[٣٤٧].

---

[٣٤٦] تحفة المودود لاپەڕە (٩٨).

[٣٤٧] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٢٣).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (واتە: واجبە ڕێز لە ناوەكانی خوای گەورە بگیرێت، چونكە ڕێزگرتن لە ناوەكانی خوای گەورە لە بەگەورە دانانی خوایە و نابێت كەس ناوی خوا لە خۆی بنێت لەوانەی كە تایبەتن بە خوا، ناوەكانی خوای گەورە دابەش دەكرێن بۆ دوو بەش:

یەكەم: هەندێک ناو هەن بۆ كەس دروست نیە ئەم ناوانە لەخۆی بنێت بێجگە لەخوا، ئەگەر ئەم ناوانە لەخۆی بنێ واجبە بیگۆڕێ، وەک:)الله، الرحمان، رب العالمين) و ناوی تری وەک ئەمانە.

دووەم: هەندێک ناوی تر هەن دروستە كەسانی تر لەخۆیان بنێن، وەک: (الرحيم والسميع والبصير))[٣٤٨].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم ڕێزگرتنە لە ناوەكانی خوای گەورە حاڵەت هەیە سوننەتە و هەیە واجبە، ناوەكانی خوای گەورە دەبێت ڕێزی لێ بیگریت، واتە: دەبێت ئیهانە نەكرێن، وە سوننەتە ڕێزیان لێ بگریت وەک ئەدەب و نابێت بێجگە لەخوا پێی وەسف بكرێت، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بە گەورە دانانی شعائیری خوای گەورە)[٣٤٩].

---

[٣٤٨] القول المفيد (٣/١٥-٢٣).

[٣٤٩] التمهيد لاپەڕە (٤٥٢).

عن أبي شريح: أنه كان يكنى أبا الحكم؛ فقال له النبي (ﷺ): (إن الله هو الحكم، وإليه الحكم) فقال: إن قومي إذا اختلفوا في شيء أتوني، فحكمت بينهم، فرضي كلا الفريقين فقال: (ما أحسن هذا فمالك من الولد؟) قلت: شريح، ومسلم، وعبد الله. قال:(فمن أكبرهم؟) قلت: شريح، قال: (فأنت أبو شريح)، رواه أبو داود وغيره.

واتە: لە باوکی شورەیح دەگێڕنەوە: کە بە کونییەی (ابو الحکم) بانگ دەکرا، جا لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: (خوا هەر خۆی حەکەمە، هەرچی حوکمیشە بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە).

ئەبو شورەیح گوتی: (ئەگەر قەومەکەم لە هەر شتێکدا ناکۆکیان تێ بکەوتایە دەهاتن بۆ لام، منیش لەنێوانیادا حوکمم دەدا واتە سوڵحم دەکرد لەنێوانیان، هەردوو لاش ڕازی دەبوون بەو سولحە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەمە چەند جوانە! ئەی چەند منالت هەیە؟ گوتم: شورەیح و موسلیم و عبدالله.

فەرمووی: کامەیان گەورەکەیە؟، گوتم شورەیح، فەرمووی: (کەواتە تۆ ئەبو شورەیحیت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(إن قومي إذا اختلفوا في شيء أتوني): ئەمە هۆکاری ناونان بوو بە ئەبو الحکم.

(ما أحسن هذا): ئەمە بۆ سوڵح کردن دەگەڕێتەوە نەک بۆ ناوەکە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردوە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە نابێت لێکچوون هەبێت لەنێوان ناوەکانی خوا و ناوەکانی بەندە، چونکە ئەمە شیرکە لە ناو و سیفەتدا لەگەڵ خوای گەورە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوای گەورە و بە گەورە دانانی و گۆڕینی ناو لەبەر گەورەیی خوا، پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ناوەی گۆڕی لەبەر دوو شت:

١- (الحكم) خوای گەورەیە، ئەگەر بڵێی: (يا ابا الحكم)، وەک ئەوە وایە بڵێی: (يا ابا الله).

٢- ئەگەر ئەم ناوە بکەیتە کونیە بۆ ئەم پیاوە ئەوە بەشێکت پێداوە لە سیفەت، بەمەش مطابقی ناوی خوای گەورە دەبێت، لەم حاڵەتە تەنها ناو نیە بەڵکو ماناشە، بەمە دەبێتە شەریک لەگەڵ خوای گەورە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی گۆڕی)[٣٥٠].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوای گەورە و بە گەورە دانانی، هەروەها گۆڕینی ناو لەبەر گەورەیی خوا، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی (أبی الحكم) ی گۆڕی بۆ (أبی شريح) وەک ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوای گەورە)[٣٥١].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ فێرکردنی نەزان، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئەبو شورەیحی فێرکرد و ڕوونی کردەوە کە کونییەکەی هەڵە بوو[٣٥٢].

---

[٣٥٠] القول المفيد (٣/٢٥-٢٩).
[٣٥١] إعانة المستفيد (٢/٢٥٩).
[٣٥٢] إعانة المستفيد (٢/٢٥٩).

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە مرۆڤ ئەگەر مەنعی شتێکی خراپی کرد دەبێت جێگرەوەیەکی بۆ بدۆزێتەوە کە گونجاو بێت، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێک ڕێگری کرد لە کونییەی (أبی الحکم) بەدیلی بۆ دانا کە (أبی شریح) بوو)[٣٥٣].

قەرعاوی دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ واجبی ئینکاری کردنی خراپە)[٣٥٤].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ سوڵح کردن لەنێوان خەڵک ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانیان، هەروەها سوڵح بنیات نراوە لەسەر ڕازی بوونی هەردوولا نەک ناچار کردنی هەردوولا بێت، چونکە ئەبو شورەیح دەڵێت: (فرضي كلا الفريقين)، ئەوەی سوڵح دەکات خەڵک پابەند ناکات بەڵکو ڕێگە چارەیەکی بە سوودیان پێشکەش دەکات، ئەگەر قبوڵ کرا سوپاس بۆ خوا، ئەگەر نا بۆ کتابی خوا و سوننەتی پێغەمبەری خوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە بنبڕ بکرێت، سەبارەت بەو کەسەی خەڵک پابەند دەکات بە حوکمی بێجگە لەخوا ئەوا تاغوتە)[٣٥٥].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کونییە بە ناوی گەورەترین منداڵ دادەنرێت، وە دروستە بە ناوی کچیش دابنرێت.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کونییە بە ناوی گەورەترین منداڵ دادەنرێت)[٣٥٦].

---

[٣٥٣] إعانة المستفيد (٢٥٩/٢).

[٣٥٤] الجديد لاپەڕە (٣٨٦).

[٣٥٥] اعانة المستفيد (٢٦٠/٢).

[٣٥٦] إعانة المستفيد (٢٦٠/٢).

قەرعاوی دەفەرموویت: (دروستە کونییە بەناوی کچ دابنرێت، چونکە وشەی (ولد) بۆ نێر و مێ بەکاردێت)[٣٥٧].

زانایانی اللجنة الدائمة دەڵێن: (باشتر وایە مرۆڤ کونیە لەخۆی بنێت بە منداڵی گەورە، جا زیندوو بێت یان مردوو بێت و بەم کونییەیە بانگ بکرێت، بەڵام ئەگەر یەکێک کونیە لەخۆیێ بنێت بە ناوی منداڵێکی بچووکتر و بەمەش بانگ بکرێت ئەوا هیچی تێدا نیە و تاوانبار نابێت، ئەگەر چی منداڵی گەورە زیندوو بێت یان مردوو)[٣٥٨].

ئیمام النووی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (باسکردنی ئەوە کە دروستە پیاو کونییە لەخۆی بنێت بە باوکی فلانە کچ و فلانە کوڕ، وە ئافرەتیش کونییە لەخۆی بنێت دایکی فلانە کوڕ و دایکی فلانە کچ.

بزانە هەموو ئەمانە حجری تێدا نییە، کۆمەڵێک لە پێشینەکانی ئەم ئوممەتە لە هاوەڵان و تابعی یەکان و ئەوانەی دواتر کونییەیان لەخۆ ناوە بە (باوکی فلانە کچ)، لەوانە عوثمان خوا لێی ڕازی بێت سێ کونییەی هەبوو: أبو عمرو و وأبو عبد الله و وأبو ليلى، وە أبو الدرداء خێزانیشی أم الدرداء الكبرى بوو)[٣٥٩].

٦- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی ناوی (الحكم) بۆ خوای گەورە[٣٦٠].

---

[٣٥٧] الجديد لاپەڕە (٣٨٦).

[٣٥٨] فتاوى اللجنة الدائمة (٤٨٧/١١).

[٣٥٩] الأذكار لاپەڕە (٢٩٦).

[٣٦٠] القول المفيد (٢٣/٣-٢٥).

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە سوننەتە عوزر لە موسڵمان وەربگریت ئەگەر عوزرەکە ڕووی هەبوو[٣٦١].

[٣٦١] الجديد لاپەڕە (٣٨٦).

باب من هزل بشيء فيه ذكر الله أو القرآن أو الرسول

وقول الله تعالي: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ﴾ {التوبة:٦٥}.

عن ابن عمر، ومحمد بن كعب، وزيد بن أسلم، وقتادة – دخل حديث بعضهم في بعض - : أنه قال رجل في غزوة تبوك: ما رأينا مثل قرائنا هؤلاء، أرغب بطونا، ولا أكذب ألسنا، ولا أجبن عند اللقاء ـ يعني رسول الله (ﷺ) وأصحابه القراء ـ فقال له عوف بن مالك: كذبت، ولكنك منافق، لأخبرن رسول الله (ﷺ). فذهب عوف إلى رسول الله (ﷺ) ليخبره فوجد القرآن قد سبقه. فجاء ذلك الرجل إلى رسول الله (ﷺ) وقد ارتحل وركب ناقته، فقال: يا رسول الله! إنما كنا نخوض ونتحدث حديث الركب، نقطع به عنا الطريق.

فقال ابن عمر: كأني أنظر إليه متعلقا بنسعة ناقة رسول الله (ﷺ)، وإن الحجارة تنكب رجليه – وهو يقول: إنما كنا نخوض ونلعب – فيقول له رسول الله (ﷺ): ﴿أَبِاللّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُنَ﴾ ما يتلفت إليه وما يزيده عليه[٣٦٢].

فيه مسائل:

الأولى: وهي العظيمة: أن من هزل بهذا فهو كافر.

الثانية: أن هذا هو تفسير الآية فيمن فعل ذلك كائناً من كان.

الثالثة: الفرق بين النميمة والنصيحة لله ولرسوله.

---

[٣٦٢] أخرجه ابن جرير في (التفسير) (١٠/١٧٢-١٧٣).

الرابعة: الفرق بين العفو الذي يحبه الله وبين الغلظة على أعداء الله.

الخامسة: أن من الأعذار ما لا ينبغي أن يقبل.

باب من هزل بشيء فيه ذكر الله أو القرآن أو الرسول

هەر کەسێک گاڵتە بە هەر شتێک بکات کە ناوی خوا یان قورئان یان هەر پێغەمبەرێکی تێدا بێت ئەوا کافر بوە.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم بابە باسی حوکمی ئەوانە دەکات کە گاڵتە بەخوا و قورئان و پێغەمبەر دەکەن، حوکمەکەیان ئەوەیە هەڵگەڕاونەتەوە لە ئیسلام ئەگەر موسڵمان بن، گاڵتە کردن بە دین هەڵگەڕانەوە و کوفرە)[٣٦٣].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (تەوحیدی پاک لە دڵدا، بەڵکو ئەسلی تەوحید و گاڵتەکردن بە خوا و پێغەمبەر و قورئان پێکەوە کۆنابنەوە، چونکە گاڵتەکردن پێچەوانەیەتی، لەبەر ئەوە هەندێک لە ئەهلی عیلم دەڵێن: کافر دوو جۆرن: هەیە پشتی لە دین کردووە و دژی دەوەستێت، وەک ئەوانەی خوای گەورە لەدەربارياندا دەفەرموێت: ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ فَهُمْ مُعْرِضُونَ﴾ { الانبياء:٢٤}، دژی دین دەوەستن و بە هەموو جۆرێک قسە دەکەن بۆ کوژاندنەوەی ڕووناکی خوای گەورە، لەوانە گاڵتە کردن بە دین و شتی تر.

تەوحید ملکەچ بوون و قبوڵ کردن و بەگەورە دانانی خوای گەورەیە، گاڵتە کردن بە خوا یان قورئان یان پێغەمبەر پێچەوانەیەتی و نەفی ئەسڵی تەوحید دەکات، لەبەر ئەوە کوفری گەورەیە بە خوا و ناکرێت گاڵتە کردن بەخوا و پێغەمبەر و قورئان لە دڵی یەکخواپەرستێک دەربچێت، دەبێت ئیلا دووڕوو یان کافر بێت.

مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید دا دیارە: گاڵتە کردن بە خوا و پێغەمبەر و قورئان نەفی ئەسلی تەوحید دەکات، کوفرە و لە دین دەردەچێت)[٣٦٤].

---

[٣٦٣] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٢٥).

[٣٦٤] التمهيد لاپەڕە (٤٥٦-٤٥٧).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەوەی دیار بێت ئەم بابە مەبەست پێی زیکری خوا واتە ئەحکامی شەرعی یان گاڵتە کردن بە قورئان یان بە پێغەمبەرە، مەبەست بە (الرسول) لێرە اسم جنسە، هەموو پێغەمبەرێک دەگرێتەوە، تەنها مەبەست پێی محمد نیە، کەواتە (ال) بۆ جنسە نەک بۆ عهد بێت، وتەی (من هزل) گاڵتە دەکات و یاری پێ دەکات و پێی وایە جدی نیە، هەر کەسێک گاڵتە بە ئایەتەکانی خوا بکات جا ئایەتی شەرعی بێت یان کەونی ئەوا کافرە، چونکە گاڵتە کردن بە دین نەفی دین دەکات بە نەفی کردنێکی گەورە، کەوابوو چۆن گاڵتە بە شتێک دەکات کە ئیمانی پێ هێناوە ئەوەی ئیمانی بە شتێک هێنابێت دەبێت ئیلا لە دڵی خۆیدا بە گەورەی دابنێت.

کوفر دوو جۆرە: کوفری پشت لە دین کردن و کوفری لە دژ وەستان، ئەوەی گاڵتە بەدین بکات تووشی کوفری لە دژ وەستان بووە، ئەمە گەورەترە لەوەی کەسێک سوجدە بۆ پەیکەرێک ببات، ئەم بابەتە زۆر ترسناکە هەندێک جار وشەیەک خاوەنەکەی تووشی بەڵا و بەهیلاک چوون دەبات و هەستی پێ ناکات، مرۆڤ قسەیەک دەکات لای هیچ نیە و گوێی پێ نادات کەچی بەهۆی ئەم قسەوە چەند لەناو ئاگر دەمێنێتەوە، هەر کەسێک گاڵتە بە نوێژ بکات ئەگەر چی نویژی سوننەتیش بێت یان زەکات یان ڕۆژوو یان حەج ئەوا کافرە بە یەک دەنگی هەموو موسڵمانان، هەروەها ئەوەی گاڵتە بە ئایەتی کەونی بکات وەک ئەوەی بڵێت: بوونی گەرما لە ڕۆژەکانی هاویندا کەم ئەقڵی و ساویلکەییە، یان بوونی سەرما لە ڕۆژەکانی زستاندا کەم ئەقڵی و ساویلکەییە، ئەمە کوفرە و پێی لە دین دەردەچێت، چونکە خوای گەورە کردەوەکانی بنیات نراوە لەسەر حیکمەت و ئێمە ناتوانین بگەین بە هەمووان)[٣٦٥].

وقول الله تعالي: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ﴾ {التوبة:٦٥}.

واتە: خوای گەورە دەفەرموویێت: (ئەگەر پرسیار بکەیت لەو دووڕووانە دەڵێن: ئێمە گاڵتەمان کردوە و مەبەستمان تەنها کات بەسەر بردن بوو، مەبەستمان گاڵتە پێکردن و سوکایەتی نەبوو، تۆش بڵێ: ئایا بەخوا و بە ئایەت و نیشانەکانی و بە پێغەمبەرەکانی گاڵتەجاڕی و سوکایەتی دەکەن، هیچ عوزرێک مەهێننەوە و لێتان قبوڵ ناکرێت، ئێوە کافر بوون دوای ئەوەی کە ئیماندار بوون.

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ﴾: خطاب بۆ پێغەمبەرە، واتە ئەی محمد ئەگەر پرسیار لەو دووڕووانە بکەیت.

﴿لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ﴾: واتە دەڵێن: ئێمە گاڵتەمان کردوە و مەبەستمان تەنها کات بەسەر بردن بوو، مەبەستمان گاڵتە پێکردن و سوکایەتی نەبوو.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموویێت: (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر کوفری ئەو کەسەی کە گاڵتە دەکات بە خوا و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکانی)[٣٦٦].

سوودەکانی ئایەتەکە:

---

[٣٦٥] القول المفيد (٣/٣٠-٣٦).

[٣٦٦] الجديد لاپەڕە (٣٨٩).

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ ڕوونکردنەوەی زانستی خوای گەورە بەوەی کە چ ڕوودەدات لە داهاتوودا، لەبەر وتەی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ﴾.

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە گاڵتە کردن بەخوا و ئایەتەکانی و پێغەمبەرانی کوفرە و لەدین دەردەچیت پێی، چونکە ئەسڵی دین بنیات نراوە لەسەر بە گەورە دانانی خوا و دینەکەیی و پێغەمبەرەکەی، گاڵتە کردن بەم شتانە نەفی ئەسڵی تەوحید دەکات و لە توندترینی هەڵوەشێنەرەوەکانە،[٣٦٧].

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم ئایەتە بەڵگەیە گاڵتە کردن بەخوا و ئایەتەکان و پێغەمبەر لە گەورەترینی کوفرە، بە بەڵگەی استفهام و توبیخ)[٣٦٨].

پرسیار لە عبد العزیز بن باز کراوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئایا ئەو کەسەی گاڵتە بەدین دەکات، گاڵتە بە ڕیش دەکات یان کەسێک کە جل و بەرگی کورت بێت، ئایا بە کوفر حساب دەکرێت؟

لە وەڵام دا دەفەرموێت: (ئەمەیان حاڵەت لە بۆ حاڵەت جیاوازە:

١- ئەگەر مەبەستی گاڵتە کردن بێت بە دین ئەوا هەڵگەڕانەوەیە لەدین، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ۝٦٥ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ [التوبة: ٦٥-٦٦]

٢- بەڵام ئەگەر گاڵتە بە کەسێک بکات بە خودی کەسەکە بەهۆی ڕیش یان جل و بەرگ کورت کردن گاڵتەی پێ دەکات لە هەندێک شت توندی کردووە و هەندێک

---

[٣٦٧] تیسیر الکریم الرحمن لاپەڕە (٢٥٥).

[٣٦٨] القول المفید (٣/٣٦-٣٨).

شتی تر شلی کردووە، وە دەزانێت ئەمەش دینە و مەبەستی گاڵتە کردن بەدین نیە بەڵکو مەبەستی گاڵتە کردنە بە خودی کەسەکە لەبەر جل و بەرگ کورت کردنەکە یان هۆکاری تر، بەڵام ئەگەر مەبەستی گاڵتە کردن بە دین و بەکەم دانانی بێت ئەوا هەڵگەڕانەوەیە لەدین)[٣٦٩].

ابن حزم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دەق هاتووە بە صحیحی هەر کەسێک گاڵتە بەخوا بکات یان بە فریشتەیەک لە فریشتەکان یان بە پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرەکان یان بە ئایەتێک لە ئایەتەکانی قورئان یان واجبێک لە واجبەکانی دین دوای ئەوەی پێی گەیشتبێت و بۆی ڕوون بووبێتەوە ئەوا کافر دەبێت)[٣٧٠].

زانایانی اللجنه الدائمة دەڵێن: (یەکەم: بانگەوازی کردن بۆ دینی خوا دەبێت بە حیکمەت و ئامۆژگاری باش و بەشێوەی جوان بێت و بە جوانی گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ [النحل:١٢٥].

دووەم: دەبێت بانگخواز ئەوەی بانگەواز بۆ دینی خوا دەکات شارەزا بێت بە فەرمان و نەهی، هەیە سوورە لەسەر خێر و چاکە و حەز دەکات سوود بە خەڵک بگەیەنێت بەڵام نەزانینی لەلایە، حەڵاڵ حەڕام دەکات و حەڕام حەڵاڵ دەکات و وا گومان دەبات لەسەر هیدایەتیشە.

سێیەم: جنێودان بە دین و گاڵتە کردن بە شتێک لە قورئان و سوننەت، وە گاڵتە کردن بەوانەی دەستیان گرتووە بە قورئان و سوننەتەوە گرتووە و جێ بەجێی دەکەن، وەک

---

[٣٦٩] فتاوى الشيخ ابن باز (٢٨ / ٣٦٦،٣٦٥).

[٣٧٠] الفصل في الملل والأهواء والنحل (٣/١٤٢).

ڕیش و حیجاب، ئەمەیان کوفرە، ئەگەر موکەلەف ئەمەی کرد دەبێت ئەم کوفرە بۆ ڕوون بکرێتەوە، ئەگەر هەر سوور بوو لەسەر کردەوەی خۆی دوای زانست ئەوا کافرە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ ٦٥ لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ﴾ [التوبة: ٦٥-٦٦])[٣٧١].

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە دووڕووەکان تووشی کوفر بوون ئەگەر چی دووڕوو لە بنەڕەتدا کافر بوون، بەڵام دەکرێت جارێکی تر کوفرەکەیان نوێ بووبێتەوە بە کوفر لەسەر کوفر، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ﴾ [التوبة: ٣٧]

٤- ئەم ئایەتە بەڵگەیە دووڕووەکان تووشی کوفر بوون دوای ئەوەی کە ئیمانیان هێنابوو، مەبەستی ئەوە نیە دووڕوو ئیمانداره بەڵکو ماناکەی بەم شیوەیەیە:

- ئێوە کافر بوون دوای ئەوەی ئیمانتان بەدیارخستبوو.

- کوفری ئێوە بەدیار کەوت بۆ ئیمانداران دوای ئەوەی ئێوە لای ئەوان موسڵمان بوون.

٥- لەگەڵ ئەوەش توندترین و گەورەترین کوفر گاڵتە کردنە بە خوا و دینی خوا و پێغەمبەران، بەڵام تەوبەی بۆ هەیە ئەگەر بگەڕێتەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنۡ نَّعۡفُ عَن طَآئِفَةٖ مِّنكُمۡ نُعَذِّبۡ طَآئِفَةَۢ بِأَنَّهُمۡ كَانُواْ مُجۡرِمِينَ﴾.

---

[٣٧١] مجموع فتاوى اللجنة الدائمة بالسعودية - المجلد الخامس عشر (العقيدة).

عن ابن عمر، ومحمد بن كعب، وزيد بن أسلم، وقتادة – دخل حديث بعضهم في بعض - : أنه قال رجل في غزوة تبوك: ما رأينا مثل قرائنا هؤلاء، أرغب بطونا، ولا أكذب ألسنا، ولا أجبن عند اللقاء ـ يعني رسول الله (ﷺ) وأصحابه القراء ـ فقال له عوف بن مالك: كذبت، ولكنك منافق، لأخبرن رسول الله (ﷺ). فذهب عوف إلى رسول الله (ﷺ) ليخبره فوجد القرآن قد سبقه. فجاء ذلك الرجل إلى رسول الله (ﷺ) وقد ارتحل وركب ناقته، فقال: يا رسول الله! إنما كنا نخوض ونتحدث حديث الركب، نقطع به عنا الطريق.

فقال ابن عمر: كأني أنظر إليه متعلقا بنسعة ناقة رسول الله (ﷺ)، وإن الحجارة تنكب رجليه – وهو يقول: إنما كنا نخوض ونلعب – فيقول له رسول الله (ﷺ): ﴿أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُنَ﴾ **ما يتلفت إليه وما يزيده عليه**[٣٧٢].

واتە: ابن عمر و محمد بن كعب و زيد بن أسلم و قتادة دەگێڕنەوە كە كۆی فەرموودەكان بەم جۆرەیە: لە غەزای تەبوكدا پیاوێک گوتی: كەسمان نەبینیوە وەک ئەم قورئان خوێنانە ورگ زل و درۆزن و ترسنۆک بن لە جەنگدا، مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی بوو، عەوفی كوڕی مالیک كە لەو مەجلیسە ئامادەبوو پێی گوت: درۆت كرد بەڵكو تۆ دووڕوویت، سوێند بەخوا دەڕۆم بۆ پێغەمبەری خوای دەگێڕمەوە.

---

[٣٧٢] أخرجه ابن جرير في (التفسير) (١٠/١٧٢-١٧٣).

ئینجا عەوف چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە، دەبینێ پێش ئەوەی بگاتە ئەوێ قورئان دابەزیوە.

ئەوجا پیاوەکە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتە دەبینێ پێغەمبەری خوا شوێنەکەی جی هێشتووە و سواری وشترەکەی بوە.

پیاوەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە ئەو قسانەمان تەنها بۆ خۆشی و گاڵتە کردووە، ماندوو بوونی ڕێگەمانی پێ لەبیر دەبەینەوە.

ابن عمر دەفەرموێت: لەبەر چاومە ئەو پیاوە خۆی بە قایشی ژێر سکی وشتری پێغەمبەرەوە هەڵواسی بوو، بەدەم ڕێوە قاچی لە بەردەڵان هەڵدەکەوت و دەیگوت: ئێمە تەنها کاتمان بەو گوتانە بەسەر بردوە و گاڵتەمان کردوە واتە بە ڕاستمان نەبوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) لە وەڵام دا ئەو ئایەتەی خوێندەوە: (ئایا بەخوا و بە ئایەت و بە نیشانەکانی و بە پێغەمبەرەکانی گاڵتەجاڕی و سوکایەتی دەکەن، هیچ عوزرێک مەهێننەوە و لێتان قبوڵ ناکرێت، ئێوە کافر بوون دوای ئەوە کە ئیماندار بوون، پێغەمبەر (ﷺ) نە لای کردەوە بەلایاندا و نە لەوە زیاتری پێیان گوت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(عن ابن عمر، ومحمد بن كعب، وزيد بن أسلم، وقتادة): سێیان تابعین و ابن عمر صحابی یە، کەواتە ڕیوایەتی ابن عمر مەرفوعە و ئەوانی تر مرسلن.

(قرائنا هؤلاء): واتە: وەک ئەم قورئان خوێنانە، مەبەست پێی پێغەمبەر و هاوەڵان بوو.

(بنسعة ناقة): واتە: خۆی بە قایشی ژێر سکی وشتری پێغەمبەرەوە هەڵواسی بوو.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە گاڵتە کردن بە خوا و پێغەمبەری خوا و دینی خوا کوفرە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک گاڵتە بەخوا و پێغەمبەری خوا و قورئان بکات هەڵگەڕاوەتەوە لە ئیسلام و نەفی تەوحید دەکات، ئەمە رووی باسکردنی ئەم فەرموودەیەیە لەم بابە لەبەر ئەوە دانەری کتاب ئەمەی باسکردوە)[٣٧٣].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە ئینکاری خراپە بکرێت، چونکە عەوفی کوڕی مالک خوا لێی ڕازی بێت ئینکاری کرد و پێغەمبەریش (ﷺ) دانی پێنا لەسەر ئەمە)[٣٧٤].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک ئینکاری کوفرو شیرک نەکات کافرە، واجبە لەسەر ئیماندار ئەگەر گوێی لە گاڵتە کردن بوو بە دین یان شتێکی بینی کە گاڵتە کردن بێت بە دین، دەبێت بە توندی ئینکاری بکەر بکات، ئەگەر نەیتوانی دەبێت شوێنەکە جێ بهێڵێت، چونکە خوا دەفەرموێت: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا﴾ {النساء:١٤٠}.

سەبارەت بە زەردەخەنە و پێکەنین لە کاتی گوێ لێ بوونی گاڵتە کردن بە دین خاوەنەکەی شەریکە لە تاوان و ڕازی بوون و قبوڵ کردنی ئەم کوفرە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ﴾، سەبارەت بەوەی ئەگەر ڕازی نەبێت و قبووڵی

---

[٣٧٣] اعانة المستفيد (٢٦٥/٢).

[٣٧٤] إعانة المستفيد (٢٦٦/٢).

نەکات ئەوا تووشی تاوانێکی گەورە بووە و بەڵگەیە گەورەیی شەعائیری دینی خوای وەک پێویست لە دڵدا جێگیر نەبوە، واجبە لەسەر ئیماندار شەعائیری دینی خوا وئایەتەکان بە گەورە دابنێت، هەروەک خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَمَنْ يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ﴾.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (هەر کەسێک ئینکاری کوفرو شیرک نەکات کافرە، چونکە ئەوەی قسەی کرد لەم مەجلیسە یەک کەس بوو، خوای گەورە ئەم کردەوەیەی داوەتە پاڵ هەمووان و دەفەرموویت: ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ. لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾، چونکە ئەوەی ڕازی یە وەک بکەر وایە، ئەمەش ترسناکییەکی گەورەیە)[٣٧٥].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕێزگرتن لە ئەهلی عیلم و گاڵتە پێ نەکردنیان، باس کردنی بانگخوازو زانایان بە خراپە و گاڵتە پێ کردنیان کەمترین شتی ئەوەیە بڵێین یەکێکە لە تاوانە گەورەکان و حاڵەت هەیە گاڵتە پێ کردنیان دەگاتە کوفر پەنا بەخوا.

حاڵەتی کوفر: هەر کەسێک گاڵتە بە زانایان بکات و بە خراپی باسیان بکات لەبەر ئەوەی ئیمانی هێناوە و بانگەواز بۆ حەق و دین دەکات، ئەوا تووشی کوفر بووە، چونکە گاڵتە پێ کردن و بە خراپە باس کردنیان بۆ دین دەگەڕێتەوە، گاڵتە بە دین دەکات نەک بە خودی کەسەکە، هەروەک چۆن ئەگەر کەسێک ئیمانداریک بکوژێت لەبەر ئەوەی ئیمانی هێناوە بەم کوشتنە تووشی کوفر بووە، زانایان دەڵێن هیچ موسڵمانێک بە کوشتن کافر نابێت ئیلا لە دوو حاڵەت نەبێت:

---

[٣٧٥] إعانة المستفيد (٢/٢٦٦).

حاڵەتی یەکەم: کەسێک کەسێکی موسڵمان دەکوژێ و کوشتنی بەحەڵاڵ دەزانێ، ئەو کات حەڵاڵ کردنی هەر حەڕامێک یان حەڕام کردنی هەر حەڵاڵێک بێ بەڵگە یان بێ تاویل کوفرە.

حاڵەتی دووەم: کەسێک کەسێک دەکوژێ لەبەر ئیمان، چونکە ئیمانی هێناوە.

ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (گۆشتی زانایان ژەهراوییە هەرکەسێک بۆنی بکات نەخۆش دەکەوێت و هەر کەسێک بیخوات دەمرێت).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لا تسبوا الديك فإنه يوقظ للصلاة). رواه ابو داود.

واتە: (جنێو بە کەڵەباب مەدەن، چونکە خەڵک بەئاگا دێنێت بۆ نوێژی بەیانی).

ئەی چۆن دەبێت جنێو بە زانایان بدەیت کە میراتگری پێغەمبەرانن و بانگەوازی خەڵک دەکەن بۆ ڕێگای ڕاست و خەڵک بەئاگا دێنن بۆ هەموو نوێژەکان و هەموو دەرگاکانی خێر و چاکە؟! بەداخەوە ئەوانەی ئەمڕۆ جنێو بە زانایانی ئەهلی سوننە دەدەن و کافریان دەکەن، هەر ئەمانەن موسڵمانانیش کافر دەکەن و خوێنیان دەڕێژن و دینیان لە پێش چاوی خەڵک ناشرین کردووە و پیشەیان بۆتە باسکردنی خەڵک، دەڵێن گرینگترین شت بیروباوەڕە کەچی لە بیروباوەڕیشدا شارەزا نین، بیروباوەڕێکی پووچ و دوور لە بەزەیی و دڕندانەیان هەیە پەنا بەخوا.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕێزگرتن لە ئەهلی عیلم و گاڵتە پێ نەکردنیان، چونکە دووڕووەکان گوتیان: (کەسمان نەبینیوە وەک ئەم قورئان خوێنانە)، مەبەست پێی زانایەکان بوو، زانایان میراتگری پێغەمبەرانن و پێشەنگن بۆ خەڵک، ئەگەر تانە و تەشەر لە زانایان بدەن ئەوا خەلەل دەکەوێتە کۆمەڵگای ئیسلامی و پلە و پایەی زانایان کەم دەبێتەوە و ئاڵۆزی دروست دەبێت.

گوێمان لێ دەبێت هەندێک بانگخوازی خراپ دەڵێن: (ئەمانە زانای حەیز و نیفاسن، ئەمانە زانای بەکرێ گیراوی کاربەدەستانن)، شتی تری وەک ئەمانە دەڵێن, زانایان هیچ تاوانیان نیە لای ئەو فاسقانە ئیلا ئەوە نەبێت یەک نین لەگەڵ مەنهەجە خراپەکەیان)[٣٧٦].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ موعجیزەیەک لە موعجیزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە جۆرێک وەحی پێی گەیشت پێش ئەوەی عەوفی کوری مالک بگات بە پێغەمبەر، ئەمەش بەراست دانەری ئەم وتەی خوای گەورەیە: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ۝٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ۝٤﴾ [النجم: ٣-٤][٣٧٧].

٦- زەم کردن و جنێودان بە هاوەڵان کوفرە، زانایان دەڵێن جنێو دان بە هاوەڵان ئەم پێنج حاڵەتەیە:

یەکەم: ئەگەر جنێو بە هەندێک لە هاوەڵان بدات و طعن لە دینداری یەکەی و عەدالەتی بدات، ئەگەر ئەو هاوەڵانە لەوانە بن کە بە متواتری دەق لەسەر فەزڵ و باشی یەکانیان هاتبێت، ئەوە کوفر و نیفاق و سنور بەزاندنە، وە ئەو زانایانەی دەڵێن کافر نابێت هەموویان یەک دەنگن کە دەبێت سزا بدرێت و تەمبێ بکرێت، نابێت چاوپۆشی لێی بکرێت و عەفو بکرێت بە هیچ شێوەیەک

دووەم: ئەگەر جنێو بە هەندێک لە هاوەڵان بدات و طعن لە دین و عەدالەتیان بدات، ئەگەر ئەو هاوەڵانە لەوانە نەبوون کە بە متواتری دەق لەسەر فەزڵ و باشی یەکانیان هاتبێت، زۆربەی زانایان دەڵێن کوفر نیە.

---

[٣٧٦] إعانة المستفيد (٢/٢٦٦-٢٦٧).

[٣٧٧] إعانة المستفيد (٢/٢٦٧).

محمدی بن عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەگەر ئەو هاوەڵە لەوانە نەبوو کە بە متواتری دەق نقل کرا بێت بۆ فەزڵ و باشییەکەی، ئەوەی دیار بێت جنێو پێدانی فاسقی یە، مەگەر جنێو پێی بدات لەبەر ئەوەی هاوەڵایەتی پێغەمبەری خوای کردووە، ئەوە کوفرە).

سێیەم: ئەگەر کەسێک جنێو بە هەندێک لە هاوەڵان بدات و بەحەڵاڵی بزانێت ئەوا کوفرە، چونکە حەڵاڵ کردنی هەر حەڕامێک و حەڕام کردنی هەر حەڵاڵێک بێ بەڵگە و شوێن هەواو ئارەزوو کەوتن کوفر .

چوارەم: کەسێک جنێو بە هەندێک یان هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر بدات لەبەر ئەوەی هاوەڵایەتی پێغەمبەریان کردووە ئەمە کوفرە.

پێنجەم: ئەگەر کەسێک جنێو بە هەندێک هاوەڵان بدات و طعن لە دین و عەدالەتی نادات، وەک ئەوەی وەسفی بکات بە ترسنۆک و بەخیل و کەم زانست و کەم زوهد، ئەمەیان کوفر نیە بەڵام دەبێت سزا بدرێت و تەمبێ بکرێت

ابن تیمییە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (بەڵام ئەگەر جنێویان پێ بدات لە دین و عەدالەتی نەبێت، وەک وەسف کردنی هەندێکیان بە بەخیلی و ترسنۆکی و کەم زانستی و کەم زوهدی، ... هتد، ئەوا شایستەی سزا دان و تەمبێ کردنە، حوکمی کوفر نادەین بەسەری)[٣٧٨].

---

[٣٧٨] الصارم المسلول لاپەڕە (٥٨٦-٥٨٧).

هەیتەمی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بە جنێودان بە هەندێک لە هاوەڵان، سەبارەت بەوەی جنێو بە هەموو هاوەڵان دەدات، گومانی نیە لە کوفرەکەی (واتە: ئەوەی جنێو بە هەموو هاوەڵان دەدات))[٣٧٩].

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (هەر کەسێک سنوور ببەزێنێت و بڵێت: هاوەڵان هەموویان هەڵگەراونەتەوە ئیلا یازدە تا بیست کەس نەبێت، یان زۆرینەیان کافرن، ئەمەیان کوفرەکەی گومانی تێدا نیە، چونکە دەقی قورئانی بەدرۆ خستۆتەوە کە خوای گەورە لە چەندین جێگا مەدحیان دەکات)[٣٨٠].

---

[٣٧٩] الصواعق المحرقه لاپەڕە (٣٧٩).

[٣٨٠] القول المفيد (٤٣/٣).

باب ما جاء في قول الله تعالى:

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِن بَعْدِ ضَرَّاء مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَذَا لِي﴾ {فصلت:٥٠}.

قال مجاهد: هذا بعملي وأنا محقوق به. وقال ابن عباس: يريد من عندي.

وقوله: ﴿قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِي﴾ قال قتادة: على علم مني بوجوه المكاسب. وقال آخرون: على علم من الله أني له أهل. وهذا معنى قول مجاهد: أوتيته على شرف.

وعن أبي هريرة رضي الله عنه أنه سمع رسول الله (ﷺ) يقول: (إن ثلاثة من بني إسرائيل: أبرص، وأقرع، وأعمى. فأراد الله أن يبتليهم، فبعث إليهم ملكا، فأتى الأبرص، فقال: أي شيء أحب إليك؟ قال: لون حسن، وجلد حسن، ويذهب عني الذي قد قذرني الناس به قال: فمسحه، فذهب عنه قذره، وأعطي لونا حسنا وجلدا حسنا.

قال: فأي المال أحب إليك؟ قال: الإبل أو البقر ـ شك إسحاق ـ فأعطي ناقة عشراء، وقال: بارك الله لك فيها.

قال: فأتى الأقرع، فقال أي شيء أحب إليك قال: شعر حسن، ويذهب عني الذي قد قذرني الناس به فمسحه، فذهب عنه، وأعطي شعرا حسنا، فقال: أي المال أحب إليك؟ قال: البقر، أو الإبل، فأعطي بقرة حاملا، قال: بارك الله لك فيها.

فأتى الأعمى، فقال: أي شيء أحب إليك؟ قال: أن يرد الله إلي بصري؛ فأبصر به الناس، فمسحه، فرد الله إليه بصره، قال: فأي المال أحب إليك؟ قال: الغنم، فأعطي شاة والدا؛ فأنتج هذان وولد هذا، فكان لهذا وادٍ من الإبل، ولهذا وادٍ من البقر، ولهذا واد من الغنم.

قال: ثم إنه أتى الأبرص في صورته وهيئته، فقال: رجل مسكين، قد انقطعت بي الحبال في سفري، فلا بلاغ لي اليوم إلا بالله ثم بك، أسألك بالذي أعطاك اللون الحسن، والجلد الحسن، والمال، بعيرا أتبلغ به في سفري، فقال: الحقوق كثيرة.

فقال له: كأني أعرفك، ألم تكن أبرص يقذرك الناس، فقيرا، فأعطاك الله عز وجل المال؟ فقال: إنما ورثت هذا المال كابرا عن كابر، فقال: إن كنت كاذبا فصيرك الله إلى ما كنت.

قال: وأتى الأقرع في صورته، فقال له مثل ما قال لهذا، ورد عليه مثل ما رد عليه هذا، فقال: إن كنت كاذبا فصيرك الله إلى ما كنت.

وأتى الأعمى في صورته، فقال: رجل مسكين وابن سبيل، قد انقطعت بي الحبال في سفري، فلا بلاغ لي اليوم إلا بالله ثم بك. أسألك بالذي رد عليك بصرك شاة أتبلغ بها في سفري، فقال: كنت أعمى فرد الله إلي بصري، فخذ ما شئت ودع ما شئت، فوالله لا أجهدك اليوم بشيء أخذته لله. فقال: أمسك مالك، فإنما ابتليتم فقد رضي الله عنك، وسخط على صاحبيك) أخرجاه[٣٨١].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير الآية.

الثانية: ما معنى: ﴿لَيَقُولَنَّ هَذَا لِي﴾.

---

[٣٨١] أخرجه البخارى (٣٤٦٤)، ومسلم (٢٩٦٤).

الثالثة: ما معنى قوله: ﴿أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِى﴾.

الرابعة: ما في هذه القصة العجيبة من العبر العظيمة

باب ما جاء في قول الله تعالى:

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِن بَعْدِ ضَرَّاء مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَذَا لِي﴾ {فصلت:٥٠}.

تەفسیری ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموویت: (سوێند بە خوا ئەگەر ئادەمیزاد خێرو خۆشی بەسەردا بڕێژین و پێ بچێژین لە دوای ئەو تەنگانەیەی کە تووشی هاتبوو، بە متمانەیەکی زۆرەوە دەڵێت: ئەمە بە ڕەنجی شانی خۆم پەیدام کردووە و خوا خۆشی دەویم، وا بزانم قیامەت زۆر دوورە و ڕەنگە هەر نەشبێت، خۆ ئەگەر بمگێڕنەوە بۆ لای پەروەردگارم، ئەوا دڵنیام کە خۆشی و ناز و نیعمەتم لای ئەو بۆ ئامادەیە، بێگومان ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون ئەو کارو کردەوە ناشیرینانەیان دەخەینە ڕوو و هەواڵیان پێ دەدەین، هەروەها سزای سەخت و دژوارو ناخۆشیان پێ دەچێژین لە ناو دۆزەخدا).

دانەری کتاب بۆ ئەم ئایەتە سێ تەفسیری باسکردووە.

قال مجاهد: هذا بعملي وأنا محقوق به.

واتە: موجاهد دەفەرموویت: (هَذَا لِي)، واتە: ئەمە بەهۆی کار و کاسبی و شارەزایی و کردەوەی خۆمەوە دەستم کەوتووە، خۆشم شایستەی ئەو نیعمەتانەم.

وقال ابن عباس: يريد من عندي.

ابن عباس دەفەرموویت: (هَذَا لِي)، واتە: ئەمانە بەهۆی کردەوەی خۆم بە دەستم هێناوە و تیایدا ماندوو بووم.

وقوله: ﴿قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِي﴾، قال قتادة: على علم مني بوجوه المكاسب. وقال آخرون: على علم من الله أني له أهل. وهذا معنى قول مجاهد: أوتيته على شرف.

واتە: خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِي﴾، قەتادە لەبارەی تەفسیری ئەو ئایەتەوە دەفەرموویت: خوا لەبەر ئەوە ئەو سەروەت و سامانەی پێم داوە چونکە دەزانم چۆن کاسبی دەکەم.

هەندێک لە پێشینان گوتویانە واتە کە ئەم نیعمەتانەم پێدراوە لەبەر ئەوەیە کە خوا عیلمی هەبووە کە من شایستەی ئەم شتانەم، ئەمەش هەمان مانای تەفسیرەکەی موجاهیدە کە دەفەرموویت: لەبەر ئەوە پێم دراوە کە من خاوەنی پلە و پایەی بەرز و ڕێزدارم.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (مرۆڤ ئەگەر نیعمەت بداتە پاڵ کردەوە و کەسابەتی خۆی، ئەوا ئەمەیان جۆرێک لە جۆرەکانی شیرکی تێدایە لە پەروەردگاریەتیدا، ئەگەر بیداتە پاڵ خوا بەڵام بڵێت من شایستەی ئەوەم ئەوەی خوا بەمنی داوە فەزڵێکی سافی تێدا نیە، بەڵکو منیش شایستەی ئەوەم ئەمەیان جۆرێک لە جۆرەکانی خۆ بەگەورە دانان و بەرز زانینی تێدایە لە لایەنی عبودییەت)[٣٨٢].

صالح ال الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم بابە وەک بابەکانی پێشووترە بۆ ڕوونکردنەوەی بەگەورە دانانی خوای گەورە لە وتەدا و دەبێت نیعمەت بدرێتە پاڵ خوای گەورە و سوپاسی بکرێت، بەندە دەڵێت خوای گەورە نیعمەتی لەگەڵم کردووە بە فڵانە شت، درۆکردن لەم بابەتە یان قسەکردن سەبارەت بە شتێک کە موافقی حەقیقەت نەبێت، یان پێچەوانەی ئەوە بێت کە خوای گەورە نیعمەتی لەگەڵت کردووە، ئەمە سەردەکێشێت بۆ بە هیلاک چوون و خوای گەورە نیعمەتت لەسەر لادەدات بەهۆی ئەم وتەیە.

---

[٣٨٢] القول المفيد.

واجبە لەسەر بەندە خۆی بپاریزێت لەم وتانە بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە خوا یان بە ناو و سیفەتەکان یان کردەوە و نیعمەتەکانی یان دادپەروەری و حیکەمەتەکانییەوە هەیە، خۆپاراستن لەم شتانە لە تەواوی تەوحیدە، چونکە خۆپاراستن لەم شتانە نایێتە دی مەگەر لە دڵێک خوای بە گەورە دانابێت و بەردەوام ڕووی لەو بێت، دەزانێت خوای گەورە باڵادەستە بەسەری و خاوەنی فەزڵ و چاکەیە، ئەو شایستەیە بە گەورە دابنرێت و لەسەرووی هەمووان بێت، هەروەها زیاتر لە هەموو خۆشویستراوەکان خۆشت بوێت و بە گەورەی دابنێت بەسەرهەموو بە گەورە دانراوەکان)[٣٨٣].

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ﴾: ضمیر بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە و مەبەست پێی جنسە، وتراوە مەبەست پێی کافرە، بەڵام ئەوەی دیار بێت مەبەست پێی جنسە.

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِنَّا﴾: لەم ئایەتە بە (الإذاقة) دەری بڕیوە نەک (الإيتاء)، چونکە بەهێزترە بۆ سوود وەرگرتن لە شتەکە.

﴿منا﴾: دراوەتە پاڵ خوای گەورە، لەبەر ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لە خواوەیە و لەبەر تەواوی منەتی خوای گەورە بەسەر بەندەکانی.

﴿لَيَقُولَنَّ هَذَا لِي﴾: ئەمە کوفرە بە نیعمەتەکانی خوای گەورە و سەرسام بوونە بە نەفس.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

---

[٣٨٣] التمهيد لاپەڕە (٤٦٣-٤٦٤).

قەرعاوی دەفەرموویت: (ئایەتەكە بەڵگەیە نیعمەت دانە پاڵ بێجگە لەخوا كوفرە و شیركە لە پەروەردگاریەتیدا)[٣٨٤].

سوودەكانی ئایەتەكە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە نیعمەت دانە پاڵ بێجگە لەخوا زەمكراوە، واجبە لەسەر بەندە هەموو نیعمەتەكان بداتە پاڵ خوای گەورە و هەست بەوە بكات خۆی شایستەی هیچ نیە، بەڵكو تەنها خوا شایستەی بەندایەتی كردن و سوپاس كردن و بەگەورە دانانە، بەندە هەژارە و تاوانبارە ئەگەر چی پلەی چەند بەرز بێت، سەیری حالی ئەبوبەكر بكە پێغەمبەر (ﷺ) چۆن فێری كرد لە كۆتایی نوێژدا ئەم دوعایە بكات: (اللهم إني ظلمت نفسي ظلما كثيرا، ولايغفر الذنوب إلا أنت، فاغفر لي)، ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) ئەبوبەكری فێری ئەم دوعایە كردبێت بۆ ئەوەی بیڵێت، ئەی دەبێت حاڵی ئێمەی هەژار چۆن بێت، چۆن دەبێت گومان ببەیت بەسەر خوا كە شایستەی فڵانە شتی[٣٨٥].

وعن أبي هريرة رضي الله عنه أنه سمع رسول الله (ﷺ) يقول: (إن ثلاثة من بني إسرائيل: أبرص، وأقرع، وأعمى. فأراد الله أن يبتليهم، فبعث إليهم ملكاً، فأتى الأبرص، فقال: أي شيء أحب إليك؟

---

[٣٨٤] الجديد لاپەڕە (٣٩٤).

[٣٨٥] التمهيد لاپەڕە (٤٦٥-٤٦٦).

قال: لون حسن، وجلد حسن، ويذهب عني الذي قد قذرني الناس به قال: فمسحه، فذهب عنه قذره، وأعطي لونا حسنا وجلدا حسنا، قال: فأي المال أحب إليك؟

قال: الإبـل أو البقر ـ شك إسحاق ـ فأعطي ناقة عشراء، وقال: بارك الله لك فيها.

قال: فأتى الأقرع، فقال أي شيء أحب إليك قال: شعر حسن، ويذهب عني الذي قد قذرني الناس به فمسحه، فذهب عنه، وأعطي شعرا حسنا، فقال: أي المال أحب إليك؟ قال: البقر، أو الإبل، فأعطي بقرة حاملا، قال: بارك الله لك فيها.

فأتى الأعمى، فقال: أي شيء أحب إليك؟ قال: أن يرد الله إلي بصري؛ فأبصر به الناس، فمسحه، فرد الله إليه بصره، قال: فأي المال أحب إليك؟

قال: الغنم، فأعطي شاة والدا؛ فأنتج هذان وولد هذا، فكان لهذا وادٍ من الإبل، ولهذا واد من البقر، ولهذا واد من الغنم، قال: ثم إنه أتى الأبرص في صورته وهيئته. فقال: رجل مسكين، قد انقطعت بي الحبال في سفري، فلا بلاغ لي اليوم إلا بالله ثم بك، أسألك بالذي أعطاك اللون الحسن، والجلد الحسن، والمال، بعيرا أتبلغ به في سفري، فقال: الحقوق كثيرة.

فقال له: كأني أعرفك، ألم تكن أبرص يقذرك الناس، فقيرا، فأعطاك الله عز وجل المال؟ فقال: إنما ورثت هذا المال كابرا عن كابر، فقال: إن كنت كاذباً فصيّرك الله إلى ما كنت.

قال: وأتى الأقرع في صورته، فقال له مثل ما قال لهذا، ورد عليه مثل ما رد عليه هذا، فقال: إن كنت كاذبا فصيرك الله إلى ما كنت.

وأتى الأعمى في صورته، فقال: رجل مسكين وابن سبيل، قد انقطعت بي الحبال في سفري، فلا بلاغ لي اليوم إلا بالله ثم بك. أسألك بالذي رد عليك بصرك شاة أتبلغ بها

في سفري، فقال: كنت أعمى فرد الله إلي بصري، فخذ ما شئت ودع ما شئت، فوالله لا أجهدك اليوم بشيء أخذته لله. فقال: أمسك مالك، فإنما ابتليتم فقد رضي الله عنك، وسخط على صاحبيك) أخرجاه.

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) فەرمووی: (سێ کەس هەبوون لەناو نەوەکانی ئیسرائیلدا، بەڵەکێک و کەچەڵێک و کوێرێک.

خوای گەورە ویستی تاقیان بکاتەوە، لەبەر ئەوە فریشتەیەکی نارد بۆ لایان "لە شێوەی مرۆڤدا"، چوو بۆ لای بەڵەکەکە و گوتی: حەز لە چ شتێک دەکەیت، گوتی: ڕەنگی جوان و پێستێکی جوان، ئەم نەخۆشیەشم پێوە نەمێنێت کە خەڵکی بەهۆیەوە قێزم لێ دەکەنەوە.

فەرمووی ئەوجا فریشتەکە دەستی هێنا بە گیانیدا و بەڵەکییەکەی نەما و پێستێکی جوانیشی پێدرا، ئینجا فریشتەکە گوتی: پاشان حەزت لە چ جۆرە ماڵێکە؟

ئەویش گوتی: وشتر یان مانگا (ئیسحاق راوی فەرموودەکە گومانی هەبوو کامەی گوت)، ئینجا وشترێکی ئاوسی پێدرا، فریشتەکە گوتی: خوا بەرەکەتی تێ بکات بۆت.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئیجا چوو بۆ لای پیاوە کەچەڵەکە و پێی گوت: چ شتێکت پێ خۆشە؟

ئەویش گوتی: قژێکی جوان، ئەم نەخۆشیەشم پێوە نەمێنێت کە بە هۆیەوە خەڵکی بێزم لێ دەکەنەوە، فەرمووی: ئەوجا فریشتەکە دەستی هێنا بە سەریدا و نەخۆشیە پیسەکەی نەما و قژێکی جوانی پێدرا، پاشان فریشتەکە گوتی: ئەی چ ماڵێکت پێ خۆشە پێت بدرێت؟

گوتی: مانگا یان وشتر، مانگایەکی ئاوسی پێدرا و فریشتەکەش گوتی: خوا بەرەکەتی تێ بخات.

پاشان چووە لای کوێرەکە و گوتی: چ شتێکت پێ خۆشە؟

گوتی: خوا هەردوو چاوەکانم پێ بداتەوە و دروستکراوەکانی پێ ببینم، ئەویش دەستی بە چاوەکانیدا هێنا و چاک بوەوە، فریشتەکە گوتی: ئەی چ مالێکت پێ خۆشە پێت بدرێت؟

گوتی: مەڕ، ئیجا مەڕی ئاوسی پێدرا.

پاشان وشتر و مانگا و مەڕەکان کەوتنە زاوزێ، یەکێکیان بوو بە خاوەنی دۆڵێک وشتر، ئەوی تریان بوو بە خاوەنی دۆڵێک مانگا، ئەوەی تریان بوو بە خاوەنی دۆڵێک مەڕ.

پاشان فریشتەکە ڕۆیشتەوە بۆ لای پیاوە بەڵەکەکە لە شێوە و شکلی جاران، گوتی: پیاوێکی هەژار و ڕێبوارم و دوورە وڵاتم ناتوانم بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم، مەگەر خوا یارمەتیم بدات پاشان تۆش یارمەتیم بدەیت.

لەبەر ئەو خوایەی کە ڕەنگی جوان و ماڵ و سامانی پێداویت، داوات لێ دەکەم وشترێکم پێ بدەیت با پێی بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم.

لەوەڵامدا گوتی: حەق و حقوقی زۆرم لەسەرە، جا هەر کەسێک بێت و پێی ببەخشم خۆم هیچم بۆ نامێنێتەوە، ئەویش گوتی: ڕێک دەتناسمەوە، ئەرێ تۆ بەڵەکە نەبوویت خەڵکی بێزیان لێت دەکردەوە ئەرێ هەژار نەبوویت خوا ماڵ و سامانی بەتۆ بەخشی؟ ئەویش گوتی: نەخێر ئەم ماڵ و سامانە لە باب و باپیرانمەوە کە گەورە و بەرێز بوون پشتا و پشت بۆم ماوەتەوە.

فریشتەکە گوتی: ئەگەر درۆ بکەیت لە پێشدا چۆن بوویت، دەک خوا وات لێ بکاتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوجا چوو بۆ لای کەچەڵەکە چی بەو گوت هەمان چیرۆک و باسیشی لەگەڵ ئەمیشدا دامەزراند، ئەمیش هەروەک ئەو وەڵامی دایەوە و بە ئەمیشی گوت: ئەگەر درۆ بکەیت لەمەوبەر چۆن بوویت دەک خوای گەورە ئاوات لێ بکاتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: پاشان چوو بۆلای چاو کوێرەکە لە شێوەی پیاوێکی کوێردا و گوتی: پیاوێکی هەژار و ڕێبوارم و دوورە ولاتم، ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ ولاتی خۆم، مەگەر خوا یارمەتیم بدات پاشان تۆش یارمەتیم بدەیت، لەبەر ئەو خوایەی کە چاوتی پێ دایەوە مەڕێکم پێبدە، تا لە سەفەرمدا سەرفی بکەم و بگەڕێمەوە شوێنی خۆم.

پیاوەکە گوتی: من کوێر بووم خوا چاوی دایەوە پێم جا تۆش هەر چیت دەوێت بیبە، سوێند بەخوا هەرچی ببەیت چ کەم و چ زۆر دەستت ناگرم، ئەمەشم تەنها بۆ ڕەزامەندی خوایە.

فریشتەکەش گوتی: دەست بگرە بە ماڵی خۆتەوە، ئێوە تاقی کرانەوە ئەوا خوا لەتۆ ڕازی بوو، لە دوو هاوەڵەکەشت تووڕە بوو.

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(أبرص): واتە: گەروگۆلێک.

(وأقرع): واتە: کەچەێک.

(وأعمى): واتە: کوێرێک.

(شعر حسن): واتە: قژێکی جوان، تەنها داوای قژی نەکرد بەڵکو داوای قژێکی جوانی کرد.

(شاة والدا): واته: نزیکه لەدایک بێت، ئەوانی تر حامل بوون.

(كابر عن كابر): ئەم دەقە دوو ئەگەری هەیە:

١- ئەم ماڵ و سامانە لە باب و باپیرانمەوە پشتا و پشت بۆم ماوەتەوە.

٢- لەوانەیە مەبەستی پێ معنوي بێت، واتە ئێمە کەسانی بە شەرەف و گەورە بووین لە ئەسڵدا ئەم ماڵەمان هەبوو.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە نیعمەت دانە پاڵ خوای گەورە لە تەوحیدە و نیعمەت دانە پاڵ بێجگە لەخوا کوفرە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروستە چیرۆکی نەوەی ئیسرائیل بگێڕیتەوە بۆ ئەوەی پەند و ئامۆژگاری لێی وەربگرین ئەگەر پێچەوانەی شەرع نەبێت.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (پێغەمبەر (ﷺ) چیرۆکی نەوەی ئیسرائیلمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگرین، ئەمە یەکێکە لە بەڵگەی ئەوانەی کە دەڵێن شەرعی پێشتر شەرعە بۆ ئێمەش تا ئەگەر پێچەوانەی شەرعی ئێمە نەبێت، بێگومان ئەمە قاعیدەیەکی ڕاستە)[٣٨٦].

---

[٣٨٦] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕوونكردنەوەی توانای خوای گەورە بە چاك بوونەوەی بەڵەك و كوێر و كەچەڵ بە یەك مەسحی فریشتە)[٣٨٧].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە فریشتەكان شێوەی خۆیان دەگۆڕن هەتا خۆیان دەخەنە سەر شێوەی مرۆڤ، لەبەر وتەی: (فأتى الأبرص على صورته)، هەروەها كەچەڵ و كوێریش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەمە بەدەست خۆیان نیە بەڵكو بە فەرمانی خوای گەورە شێوەی خۆیان دەگۆڕن[٣٨٨] .

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە فریشتەكان لاشەن نەك تەنها ڕوح بن یان تەنها هێزبن[٣٨٩].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ڕازی بوون بە قەدەری خوای گەورە سوننەتە نەك واجب بێت.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجب نیە ڕازی ببیت بە قەزای خوای گەورە، چونكە ئەوەی ئەمانە تووشی ببوون گوتیان: ئێمە فڵان و فڵان شتمان پێ خۆشە، بەڵگەیە ڕازی نەبوون.

مرۆڤەكان لە كاتی بەڵاو ناخۆشی دا چوار مقامن (پلەن):

- ناڕازی بوون دەردەبڕین و لەخۆدان و بێ شەرعی كردن، ئەمە حەڕامە.

- ئارام گرتن، ئەمە واجبە.

---

[٣٨٧] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

[٣٨٨] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

[٣٨٩] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

- ڕازی بوون، ئەمەیان سوننەتە.

- سوپاس کردنی خوای گەورە، ئەمە باشترین شتە)[٣٩٠].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروستە دوعا بکەیت پەیوەست بکەیت (واتە: دوعا بکەیت بە (معلقی)، لەبەر وتەی: (إن كنت كاذبا فصيرك الله إلى ما كنت)، لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنْ الْكَاذِبِينَ﴾ {النور:٧}، ﴿وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنْ الصَّادِقِينَ﴾ {النور:٩} هەروەها لە دوعای ئیستیخارە دەفەرموێت: (اللهم إن كنت تعلم...).[٣٩١]

﴿منا﴾:

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی میرات وەرگرتن لە یەکتری لەناو ئوممەتەکانی پێشتر، لەبەر وتەی (ورثته كابرا عن كابر)[٣٩٢].

٨- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی سیفەتی ڕازی بوون و تورە بوون و ویست بۆ خوای گەورە، ئەهلی سوننە ئەمانە جێگیر دەکەن بۆ خوای گەورە لەسەر ئەو مانایەی کە شایستە و شیاو بێت بۆ خوا لەسەر حەقیقەت[٣٩٣] .

٩- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هاوڕێیەتی وەک مشاکلە بەکاردێت مەرج نیە مەبەست پێی هاوڕێیەتی کردنی بێت، لەبەر وتەی: (خوای گەورە لە هەردوو هاوڕێکەت تورە بوو)،

---

[٣٩٠] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

[٣٩١] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

[٣٩٢] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

[٣٩٣] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

هاوڕێ لێرە مەبەست پێی کەسێکە حاڵی وەک حاڵی بێت خوای گەورە نیعمەتی لەگەڵ کردبێت لە تەنگانەدا[٣٩٤].

١٠- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تمثیل دروستە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ تمثیلی حاڵێک دەکات کە چی لە راستیدا لەو حاڵەدا نییە، بەڵام زانایانی ئێستا هەموویان یەک دەنگن کە حەڕامە فلیم لەسەر پێغەمبەران دروست بکرێت جا چ فلیمەکە ڕاستی بێت یان کارتۆن، هەروەها بەتایبەتی پێغەمبەری خۆمان کە باشترینیانە، چونکە فلیم لەسەر دروست کردنیان و ڕۆلی پێغەمبەر دیتن دەبێتە هۆی بەکەم دانانی پێغەمبەران و نەمانی هەیبەتی پێغەمبەران بەتایبەتی ئەگەر فلیمەکە کارتۆن بێت، یەکێک لە بنچینە گرینگەکانی ئەهلی سوننە ئەوەیە پێغەمبەران بە گەورە دادەنێن بەڵام نەک سنوور ببەزێنن بکەن بەخوا، کە هاوەڵان پێغەمبەریان بە گەورە داناوە و ڕێزیانی لێ گرتووە

هەموو زانایان یەک دەنگن حەڕامە ڕۆلی پێغەمبەران ببینی و فلیم لەسەریان دروست بکەیت، ئەگەر دەرگا بکرێتەوە ئەمانە ڕاناوەستن لەسەر خوای گەورەش فلیم دروست دەکەن.

سەبارەت بە فلیم دروستکردن لەسەر هاوەڵان و ڕۆڵی هاوەڵان دیتن ئەمەش حەڕامە دەبێتە هۆی بەکەم دانان و گاڵتە پێ کردن و وە سەردەکێشیت بۆ ئەوەی فیلم لەسەر پێغەمبەریش دروست بکەن، ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن هەنگاو هەنگاو دێنە پێش ئەگەری زۆری هەیە دەستی کوفریان لەپشت بێت هەروەها ئەوانەی ئەم کارە دەکەن خۆیان تووشی کوفر بوون بە فەرمانی کافرەکان دەجوڵێنەوە و دژایەتی موسڵمانان دەکەن کە شیعەن.

---

[٣٩٤] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

زانایان اللجنة الدائمة دەڵێن: (تمثیلی هاوەڵان یان یەکێک لە هاوەڵان دروست نیە، چونکە بە کەم دانانی هاوەڵانە و زیانی زیاتری لە دوایە)[٣٩٥].

سەبارەت بە تمثیل بەشێوەیەکی گشتی هەندێک دەڵێن دروست نییە و حەڕامە کە ئەمە وتەی ابن بازە، وە هەندێک دەڵێن دروستە، بەڵام ئەوانەی دەڵێن دروستە مەرج دادەنێن.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دروستە تمثیل بکرێت بەڵام بە مەرج:

١- نابێت درۆی تێدا بێت، ئەگەر درۆی تێدا بوو نابێت.

٢- نابێت ڕۆلی کەسێک ببینی کە حەقی ڕێز گرتنی هەیە، وەک هاوەڵان و زانایان و ئەوانی تری وەک ئەمانە.

٣- دەبێت تەمثیلیەکە سوودی هەبێت و چارەسەری کێشەکان بکات یان هەر سوودێکی تری وەک ئەمە.

٤- نابێت ژن ڕۆڵی پیاو ببینێ و وە پیاو ڕۆلی ژن ببینێت، چونکە لەعنەت کراوە بە خۆ چواندن بە ژن، هەروەها پێچەوانەش ژن خۆی بچوێنێت بە پیاو.

٥- هەروەها نابێت ڕۆلی ئاژەل ببینیت، چونکە خوای گەورە باسی خۆ چواندنی ئاژەل نەکردووە ئیلا بە زەمکردن نەبێت وە هەروەها نابێت ڕۆلی پێغەمبەریش ببینێت.

٦- هەروەها نابێت ڕۆلی کافر ببینیت، کوفریان دووبارە بکاتەوە).

---

[٣٩٥] فتاوی اللجنه الدائمه (٧١٢/١).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تمثيل دروستە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ تمثيلی حاڵێک دەکات کە چی لە راستیدا لەو حاڵەدا نیە، وەک ئەوەی خۆی دەخاتە سەر شێوەی هەژارێک کەچی دەوڵەمەندە و شتی تری وەک ئەمانە، ئەگەر مەسڵەحەتی تێدا بێت و بییەوێت مرۆڤێک تاقی بکاتەوە ئەوا بۆ دروستە و هیچی تێدا نیە)[٣٩٦].

١١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ فەزڵی وەرع و زوهد، خاوەنەکەی ڕادەکێشیت بۆ شتێکی سوپاسکراو، چونکە کەسە کوێرەکە زاهد بوو لە دونیا و شوکرانی نیعمەتەکانی خوای گەورەی دەکرد[٣٩٧].

١٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە شوکری هەر نیعمەتێک بە گوێرەی نیعمەتەکەیەتی، شوکری نیعمەتی ماڵ بەخشینە لە ڕێگای خوای گەورە، شوکری نیعمەتی زانست بەخشین و وەڵام دانەوەی پرسیارە ئەگەر کەسێک پرسیاری لێکرد[٣٩٨].

١٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نیعمەت دانە پاڵ خوای گەورە تەوحیدە و نیعمەت دانە پاڵ بێجگە لەخوا شیرکە، بەڵام ئەگەر باوەری وا بێت بێجگە لەخوا ئەو نیعمەتەی هێناوەتە دی و پێی داوە ئەوا شیرکی گەورەیە، وە ئەگەر باوەڕی وابێت بێجگە لەخوا هۆکارن و خوای گەورە خاوەنی نیعمەتە، بەڵام دەیداتە پاڵ هۆکار ئەمە شیرکی بچووکە، چونکە دروست نییە نیعمەت بدەیتە پاڵ هۆکار، هەتا ئەگەر چی هۆکارەکان ڕاستیش بن[٣٩٩].

---

[٣٩٦] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

[٣٩٧] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

[٣٩٨] القول المفيد (٣/٦٥-٧٠).

[٣٩٩] إعانة المستفيد (٢/٢٧٦).

١٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە خۆشی و ناخۆشی و بەڵا و تاقیکردنەوە لە خواوەیە[٤٠٠].

١٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە پاداشت لە جنسی کردەوەیە، خوای گەورە ڕازی بوو لەو کەسە کوێرەیە بەهۆی چاکەکەی، وە توڕەش بوو لە دوو هاوەڵەکەی بەهۆی نەدانی مافی هەژارەکان)[٤٠١].

١٦- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ دەرکردنی حەقی واجب لە زەکات دان و خواردن دان بە برسی و جل و بەرگ بۆ کەسێک پێویستی پێیەتی، شتی تری وەک ئەمانە لە حەقی واجب و سوننەت، وە بەخیلی کردن لە مافەکانی ماڵ کوفرە بە نیعمەت[٤٠٢].

---

[٤٠٠] إعانة المستفيد (٢/٢٧٦).
[٤٠١] إعانة المستفيد (٢/٢٧٧).
[٤٠٢] إعانة المستفيد (٢/٢٧٧).

باب قول الله تعالى:

﴿فَلَمَّا آتَاهُمَا صَالِحاً جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا﴾ {الاعراف:١٩٠}

قال ابن حزم: اتفقوا على تحريم كل اسم معبد لغير الله؛ كعبد عمر، وعبد الكعبة، وما أشبه ذلك، حاشا عبد المطلب[٤٠٣].

وعن ابن عباس رضي الله عنه في الآية قال: لما تغشاها آدم حملت، فأتاهما إبليس فقال: إني صاحبكما الذي أخرجتكما من الجنة لتطيعاني أو لأجعلن له قرني أيل، فيخرج من بطنك فيشقه، ولأفعلن ولأفعلن ـ يخوفهما ـ سمياه عبد الحارث، فأبيا أن يطيعاه، فخرج ميتا، ثم حملت، فأتاهما، فقال مثل قوله، فأبيا أن يطيعاه، فخرج ميتا، ثم حملت، فأتاهما، فذكر لهما فأدركهما حب الولد، فسمياه عبد الحارث فذلك قوله تعالى: (جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا) رواه ابن أبي حاتم[٤٠٤].

وله بسند صحيح عن قتادة قال: شركاء في طاعته، ولم يكن في عبادته.

وله بسند صحيح عن مجاهد في قوله: ﴿لئن آتيتنا صالحا﴾ قال: أشفقا ألا يكون إنسانا، وذكر معناه عن الحسن وسعيد وغيرهما[٤٠٥].

فيه مسائل:

---

[٤٠٣] مراتب الإجماع لاپەڕە (١٥٤).

[٤٠٤] في (تفسيره) (١٦٣٤/٥ رقم ٨٦٥٤)، ونحوه ابن جرير في "تفسير"(١٤٦/٩).

[٤٠٥] ابن أبي حاتم في (تفسيره) (١٦٣٤/٥ رقم ٨٦٤٨).

الأولى: تحريم كل اسم معبد لغير الله.

الثانية: تفسير الآية.

الثالثة: أن هذا الشرك في مجرد تسمية لم تقصد حقيقتها.

الرابعة: أن هبة الله للرجل البنت السوية من النعم.

الخامسة: ذكر السلف الفرق بين الشرك في الطاعة، والشرك في العبادة.

باب قول الله تعالى:

﴿فَلَمَّا آتَاهُمَا صَالِحاً جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا﴾ {الاعراف:١٩٠}

باسكردنی تەفسیری وتەی خوای گەورە كە دەفەرموویت: (كاتێك خوای گەورە منالی ساغ و سەلامەتی پێیاندا، ئەو دایك و باوكە لە منالەكەیاندا شەریكیان بۆ خوا دانا، خواش بەرز و بلندە لەو شەریكایەتییەی كە بۆ خوایان داناوە).

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (دانەری كتاب دەیەوێت ڕوونی بكاتەوە ناونان بە بەندەی فلانە شت یان فلانە كەس بێجگە لەخوا حەرامە، نابێت ناو كەس بكرێتە بەندەی بێجگە لەخوا، نابێت بگوترێ: (عبد النبي) یان (عبد الكعبة) یان (عبد الحسين) و ناوی تری هاوشێوەی ئەمانە، بەڵكو بەناوكردنی بەندە تەنها بۆ خوایە، وەك: (عبد الرحمان) و (عبد الله) و ...)[٤٠٦].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (خوای گەورە ئەگەر نیعمەتی لەگەڵ بەندەی خۆی كرد بە منال پێدان، وە منالەكە سەلامەت بێت، دەبێت سوپاسی خوای گەورە بكات لەسەر ئەم نیعمەتە، وە منال كردنە بەندە بۆ بێجگە لەخوا پێچەوانەی شوكرە، پێچەوانەی ئەوەیە كە خاوەنی نیعمەتی منال تەنها خوایە، هەندێك حالەت دەگاتە شیركی گەورە)[٤٠٧].

ڕاڤەی وشەكانی ئایەتەكە:

﴿فَلَمَّا آتَاهُمَا صَالِحاً﴾: صلاح لێرە ئەگەری دوو مانا هەیە:

---

[٤٠٦] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٣٣).

[٤٠٧] التمهيد لاپەڕە (٤٧٠).

١- ساغ و سەلامەت لە لاشەدا.

٢- باش بێت لە دین.

زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان مانای یەکەم باس دەکەن، بەڵام وتەی ڕاست هەردوو مانا هەڵدەگرێت.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم ئایەتە لەسەر وتەی ابن عباس بەڵگەیە ناونان لە کەسێک بە بەندەی بێجگە لەخوا شیرکە)[٤٠٨].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە نابێت شەریک بۆ خوا دابنرێت لە منالدا، ئەگەر وترا: ئەو منالەی خوای گەورە پێیانیدا یەک منال بوو، چۆن لەگەڵ ئەم منالە شەریک دانرا؟

وەڵام: لەسەر ئەمە دەڵێین سێ روو هەیە:

ڕووی یەکەم: هەردووکیان باوەڕیان وابوو ئەوەی ئەو منالەی پێداوە فلانە وەلی بوو و فلانە پیاو چاک بوو، ئەمە شیرکی گەورەیە، چونکە دراوەتە پاڵ دروستکراوەکان.

ئەمە ئێستا لە هەندێک ئوممەتی ئیسلامی دەبینرێت، ئافرەت ئەگەر منالی نەبێت دەچێتە لای گۆڕی فلانە وەلی، ئەوان دەڵێن وەلی یە - خواش زاناترە وەلی یە یان نە - دەڵێن: ئەی فلانە گەورە و وەلی منالم پێ بدە.

---

[٤٠٨] الجدید.

ڕووی دووەم: سەلامەتی مناڵ و پاراستنی دەداتە پاڵ دکتۆرەکان، نموونە دەڵێت: مناڵەکە سەلامەت بوو لە ژان، چونکە قابلیەتی ئافرەت باش بوو، لێرە نیعمەت دراوەتە پاڵ بێجگە لەخوا، ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرک ناگات بە شیرکی گەورە، چونکە نیعمەتی داوەتە پاڵ هۆکار و لەبیری کرد کە ئەوەی هۆکاری بۆی داناوە و ئاسانی کردووە خوایە.

ڕووی سێیەم: شەریک بۆ خوا بڕیار نادات لە ڕووی پەروەردگاریەتی، بەڵکو باوەڕی وایە ئەم مناڵە بە سەلامەتی لەدایک بووە بە و ڕەحمی خوای گەورە، بەڵام شەریک بۆ خوا بڕیار دەدات لە ڕووی عبودییەت، خۆشەویستی مناڵ پێش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) دەخات و لایدەدات لە گوێڕایەلی خوا و پێغەمبەر (ﷺ))[٤٠٩].

---

[٤٠٩] القول المفيد.

قال ابن حزم: اتفقوا على تحريم كل اسم معبد لغير الله؛ كعبد عمر، وعبد الكعبة، وما أشبه ذلك، حاشا عبد المطلب.

واتە: ابن حزم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (هەموو زانایان یەک دەنگن لەسەر حەرامی ناونان بە بەندەی فلانە شت یان کەس بێجگە لەخوا، وەک: (عبد عمر، وعبد الكعبة)، و ناوی تری هاوشێوەی ئەمانە، بێجگە لە ناوی (عبد المطلب) نەبێت هەموو زانایان لەسەر حەڕام کردنی یەک دەنگن نین).

بێجگە لە (عبد المطلب) لەم نەهی دەرهێنراوە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دانی بەم ناوە نا و نەی گۆڕی، لە هاوەڵان ئەم ناوە هەبووە: (عبد المطلب بن ربيعة)، چونکە ئەسل تێیدا بەندایەتی یە لە بەندە (واتە: ئەو بەندانەی کرین و فرۆشتنی پێ دەکرا)، پێیان دەگوت: (عبد المطلب)، ناوی (شيبة بن هاشم) بووە، چونکە گومانیان برد عەبدی المطلبە لەبەر گۆرانی ڕوخساری لەبەر سەفەر، المطلب مامی بووە، ئەم ناوە دانی پێنرا لەناو ئیسلام پێچەوانەی ناوەکانی تر[٤١٠].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (سەبارەت بە (عبد المطلب) جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان، هەندێک ئەهلی علم دەڵێن: ناکرێت ئەم ناوە حەڕام بێت و پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی: أنا النبي لا كذب أنا ابن عبد المطلب".

پێغەمبەر (ﷺ) شت حەڕام ناکات، دروستە ناوی (عبد المطلب) دابنرێت، ئەمە دان پێنانی ابن حزمە، بەڵام وتەی ڕاست ناوی (عبد المطلب) دروست نییە، دروست نییە بۆ کەس ناوی منالی خۆی بکاتە (عبد المطلب)، سەبارەت بە وتەی پێغەمبەر (ﷺ): (أنا ابن عبد المطلب)، ئەمە لە بابی خەبەر دانە نەک دان پێنان بێت، پێغەمبەر (ﷺ) خەبەری داوە

---

[٤١٠] التعليق المفيد.

باپیرێکی هەبووە ناوی عبد المطلب بووە، جێگیر نەبووە ناوی نابێت بە (عبد المطلب)، یان ڕێگەی دابێت بە یەکێک لە هاوەڵان بۆ ئەم ناوە، وە هەروەها دانی نەناوە بەم ناوە، قسە لەسەر حوکمە نەک خەبەر، جیاوازی هەیە لەنێوان خەبەر و دانان و دان پێدانان، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (إنما بنو هاشم وبنو عبد مناف شيء واحد)، وە ناوی (عبد مناف) دروست نییە.

زانایان دەڵێن: ئەوەی کوفر دەگێڕێتەوە و باس دەکات کافر نییە، پێغەمبەر (ﷺ) قسەی لەسەر شتێک کردووە ڕوویداوە و چووە، ئەوەی ڕاست بێت دروست نییە کەس بکرێتە بەندەی بێجگە لەخوا بە مطلقی نە (عبد المطلب) و نە ناوی تر، کەواتە ناونان بە بەندەی بێجگە لەخوا شیرکە)[٤١١].

صالح الفوزان خوا بیپاریزێت دەفەرموویت: (دوای ئیسلام بۆ کەس دروست نییە ئەم ناوانە لەخۆی بنێت هەتا ناوی عبدالمطلبیش، سەبارەت بە شتێک چووبێت و باسی بکەیت وەک حیکایەت هیچی تێدا نییە، پیغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (أنا النبی لا كذب أنا ابن عبد المطلب)، ئەمە لە ناحیەیەک.

ناحیەی دووەم: دەڵێن عبد المطلب ناوی باپیری پێغەمبەر نییە، بەڵکو ناوی: (شيبة) الحمد، بەڵام پێی گوتراوە: (عبد المطلب) چونکە مامی المطلب بن عبد مناف هات لەگەڵ خۆی هێنا لە منالی خالی خۆی بنی نجار لە مەدینە بچووکتر بوو، ڕەنگی گۆردرا بۆ ڕەنگی ڕەش بەهۆی سەفەرەوە، گومانیان برد ئەمە بەندەی المطلبە، گوتیان: عبد المطلب)[٤١٢].

---

[٤١١] القول المفيد (٣/٨١-٨٢).

[٤١٢] إعانة المستفيد (٢/٢٨١-٢٨٢).

وتەی ڕاست دروست نییە ناوی (عبد المطلب) لەکەس بنرێت و حەرامە، والله أعلم.

وعن ابن عباس رضي الله عنه في الآية قال: لما تغشاها آدم حملت، فأتاهما إبليس فقال: إني صاحبكما الذي أخرجتكما من الجنة لتطيعاني أو لأجعلن له قرني أيل، فيخرج من بطنك فيشقه، ولأفعلن ولأفعلن ـ يخوفهما ـ سمياه عبد الحارث، فأبيا أن يطيعاه، فخرج ميتا، ثم حملت، فأتاهما، فقال مثل قوله، فأبيا أن يطيعاه، فخرج ميتا، ثم حملت، فأتاهما، فذكر لهما فأدركهما حب الولد، فسمياه عبد الحارث فذلك قوله تعالى: (جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا) رواه ابن أبي حاتم[٤١٣].

واتە: لە ابن عباس دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت سەبارە بە تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرموێت: کاتێک ئادەم حەوای داپۆشی سکی پڕ بوو، شەیتان بۆ لایان و گوتی: من هاوڕێکەی خۆتانم ئەوەی کە لە بەهەشتدا بەدەرکردندا، والله یان دەبێت بە قسەم بکەن یان دوو شاخی بزنە کێوی بۆ منالەکەتان دروست دەکەم، ئەوجا دێتە دەر سکی دایکی هەڵدەدرێت، هەر دەیگۆت وا دەکەم و وا دەکەم، بەردەوام هەردووکیان دەترساند، گوتی: ناوی بنێن (عبد الحارث)، گوتی ئەگەر وا بکەن منیش وازتان لێ دەهێنم، ئەوانیش بە قسەیان نەکرد و منالەکەیان بە مردووی هاتەدەر.

پاشان سکی کردەوە ئەوجا هاتەوە بۆ لایان، دیسان هەمان وتەی بۆیان دووبارە کردەوە، ئەوانیش خۆشەویستی منالیان چووە دڵیانەوە، بۆیە منالەکەیان ناونا بە (عبدالحارث)، ئەمەش تەفسیری ئەو ئایەتە دەکات: (جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا).

وله بسند صحيح عن قتادة قال: شركاء في طاعته، ولم يكن في عبادته.

---

[٤١٣] في "تفسيره" (١٦٣٤/٥ رقم ٨٦٥٤)، ونحوه ابن جرير في "تفسير"(١٤٦/٩).

واتە: قەتادە لەبارەی تەفسیری ئەو ئایەتەوە دەڵێت: ئەو شیرکە لەوەدا بووە کە بە گوێی شەیتانیان کردووە نەک عیبادەتی بکەن.

وله بسند صحيح عن مجاهد في قوله: (لئن آتيتنا صالحا) قال: أشفقا ألا يكون إنساناً، وذكر معناه عن الحسن وسعيد وغيرهما[٤١٤].

واتە: موجاهد لەبارەی وتەی خوای گەورە: (لئن آتيتنا صالحا) دەڵێت: دەترسان منالەکەیان مرۆڤ دەرنەچێت، لە حەسەنی بەسڕی و سەعید و بێجگە لەمانە هەمان مانا گێڕدراوەتەوە.

ڕاڤەی وشەکانی ئەثەرەکە:

(وذكر معناه عن الحسن وسعيد وغيرهما): بەڵام ئەوەی ڕاست بێت حەسەن دەڵێت: ئایاتەکە باسی ئادەم و حەوا نییە، بەڵکو مەبەست پێی موشریکەکانی نەوەی ئادەمە هەروەک ابن كثير لە تەفسیری خۆی باسیکردووە، دەفەرموێت: (ئێمە لەسەر مەزهەبی حەسەنی بەسڕین ڕەحمەتی خوای لێ بێت، مەبەستی ئایەتەکە ئادەم و حەوا نییە، بەڵکو مەبەست پێی موشریکەکانی نەوەی ئادەمن)[٤١٥].

هۆکاری باسکردنی ئەم ئەثەرە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئەثەرەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوون بکاتەوە ناو نان لەمناڵ بە بەندەی فلانە کەس شیرکە.

---

[٤١٤] ابن أبي حاتم في "تفسيره" (١٦٣٤/٥ رقم ٨٦٤٨).

[٤١٥] تفسير ابن كثير (٢٧٥/٢).

سوودەکانی ئەئەرەکە:

١- جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بەم چیرۆکە، دوو وتە هەیە:

یەکەم: زۆربەی زانایان بۆ ئەوە چوون ئەم چیرۆکە ڕاستە، مەبەست پێی شیرکە لە گوێڕایەلی، وە شیرکەکەش شیرکی بچووکە.

دووەم: هەندێک زانا بۆ ئەوە چوون ئەم چیرکە هیچ ئەسل و ئەساسی نییە، کە ئەمە وتەی ڕاستە، والله أعلم.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم چیرۆکە پووچە لە چەند ڕوویەکەوە:

ڕووی یەکەم: هیچ خەبەری ڕاست لەم بارەوە لە پێغەمبەرەوە نقل نەکراوە، ئەمە لەو خەبەرانەیە نابێت وەربگیرێت ئیلا بە وەحی نەبێت، ابن حزم سەبارەت بەم چیرۆکە دەفەرموێت: ئەم ڕیوایەتە خورافی یە و درۆیە و هەلبەستراوە.

ڕووی دووەم: ئەگەر ئەم چیرۆکە سەبارەت بە ئادەم و حەوا بوایا، ئەوە حاڵیان یان ئەوە دەبوو تەوبەیان دەکرد لە شیرک، یان لەسەری دەمردن، ئەگەر بڵێین: لەسەر ئەم تاوانە مردوون، ئەوە ئەم وتەیە گەورەترە لە وتەی هەندێک زندیق کە دەڵێن:

إذا ما ذكرنا آدما وفعاله وتزويجه بنتيه بالخنا

علمنا بأن الخلق من نسل فاجر وأن جميع الناس من عنصر الزنا

هەر کەسێک بڵێت یەکێک لە پێغەمبەرەکان لەسەر شیرک مردووە ئەوە بوختانێکی گەورەی کردووە، ئەگەر تەوبەیان کردبێت لە شیرک، ئەوە لەگەڵ حیکمەتی و دادپەروەری خوای گەورە ناگونجێت باسی هەڵەیان بکات و باسی تەوبەیان نەکات،

ناكرێت خوای گەورە باسی هەڵەی ئادەم و حەوا بكات و تەوبەشیان كردبێت باسی تەوبەیان نەكات، خوای گەورە كاتێك باسی هەڵەی هەندێك پێغەمبەران دەكات باسی تەوبەشیان دەكات، هەروەك باسی چیرۆكی ئادەم دەكات كاتێك لە دار دەخۆن خۆی و خێزانی، پاشان تەوبە دەكەن.

ڕووی سێیەم: پێغەمبەرەكان معصومن لە شیرك بە یەك دەنگی هەموو زانایان.

ڕووی چوارەم: فەرموودە جێگیر بوو خەڵك دێن بۆ لای ئادەم و داوای شەفاعەتی لێ دەكەن، ئادەمیش داوای لێبوردن دەكات چونكە لە داری بەهەشتی خواردووە و سەرپێچی خوای گەورەی كردووە، ئەگەر تووشی شیرك ببوایا ئەوە لەم حالەتە باسی شیركی دەكرد، چونكە شیرك گەورەترین تاوانە.

ڕووی پێنجەم: لەم چیرۆكە باسی ئەوە دەكات شەیتان دێتە لایان، دەڵێت: (من هاوڕێكەی خۆتانم ئەوەی كە لە بەهەشتدا بەدەركردندا)، ئەگەر یەكێك بییەوێت كەسێك هەڵبخەلەتێنێت ئەم قسەیە ناكات، بەڵكو شتێك دەڵێت نزیك بێت بۆ قبول كردن و فریودانیان، ئەگەر بڵێت: (من هاوڕێكەی خۆتانم ئەوەی كە لە بەهەشتدا بەدەركردندا)، ئەوە ئادەم و حەوا دەزانن ئەوان دوژمنیانە و وتەی وەرناگرن و بەگوێی ناكەن.

ڕووی شەشەم: لەم چیرۆكە دەڵێت: (والله یان دەبێت بە قسەم بكەن یان دوو شاخی بزنە كێوی بۆ منداڵەكەتان دروست دەكەم)، یان ئەوەتا بەڕاستیان داناوە كە ئەمە مومكینە لەم چیرۆكە، ئەمەش شیركە لە پەروەردگاریەتیدا، چونكە كەس توانای بەسەر ئەمە نییە مەگەر خوا نەبێ، یان ئەوەتا بە ڕاستی دادەنێن، لەم حالەتە ناكریت وتەی وەربگرن بزانن ئەم شتە مومكین نییە.

ڕووی حەوتەم: وتەی خوای گەورە دەفەرموویێت: (فتعالى الله عما يشركون)، زەمیرەکە کۆیە، ئەگەر ئادەم و حەوا بوایا دەیگوت: عما يشركان.

ئەم ڕوویانەی باسمان کرد بەڵگەن لەسەر پووچی ئەم چیرۆکە لە بنەڕەتدا، نابێت باوەڕت وابێت ئادەم و حەوا تووشی شیرک بووینە بەر هەر حاڵێک لە حالەکان، پێغەمبەران هەموویان پارێزراو بوونە لە شیرک بە یەک دەنگی هەموو زانایان، لەسەر ئەمە تەفسیری ئایەتەکە باسی نەوەی ئادەمە ئەوانەی تووشی شیرک بووینە بەراستی، لەوانە هەندێکیان موشریکن و هەندێکی تر یەکخواپەرستن)[٤١٦].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویێت: (وتەی یەکەم راستترە لەبەر چەند ڕوویەک:

یەکەم: زەمیرەکان هەموویان بۆ دوو کەسە.

دووەم: ئەوەی ابن عباس تەفسیری کردووە بە چەند ڕێگا هاتووە، تەفسیرەکە ڕاستە بە کۆی ڕێگاکان.

سێیەم: زۆربەی زانایان لەسەر ئەم وتەیەن، هەروەک شەوکانی فەرموویەتی.

چوارەم: ئەمە وتەی ئیمام ئەبو جەعفەر ابن جریرە شێخی ڕاڤەکارانی قورئان، بە جۆرێک دەفەرموویێت: (لەپێشترین دوو وتە وتەی یەکەمە، وە دانەری ئەم کتابەش ئەمەی هەڵبژاردووە و لەم بابە باسیکردووە.

سەبارەت بە وتەی ئەوانی تر کە دەڵێن: ئەمە شیاو نییە بۆ ئادەم، دەڵێین: ئەمە شیرکی گەورە نییە، بەڵکو شیرکی بچووکە، شیرکە لە گوێڕایەلی و وتەدا، نەک لە مانا و مەبەست و نییەتدا، دەکرێت پێغەمبەران تووشی هەندێک تاوان ببن و خوای گەورە

---

[٤١٦] القول المفيد (٨٤/٣).

گەلەیی لێیان بكات لەسەری، پاشان تەوبە بكەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، معصومی بۆ پێغەمبەران بۆ تاوانی گەورەیە، وە بەردەوام بوون لەسەر تاوانی بچووک، هەروەک شیخ الإسلام ابن تیمییە باسیكردووە)[٤١٧].

[٤١٧] إعانة المستفيد (٢/٢٨٤-٢٨٦).

باب قول الله تعالى:

﴿وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآيِهِ﴾ {الأعراف:١٨٠}.

ذكر ابن أبي حاتم عن ابن عباس رضي الله عنهما ﴿يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآيِهِ﴾ يشركون[٤١٨].

وعنه: سموا اللات من الإله، والعزى من العزيز[٤١٩].

وعن الأعمش: يدخلون فيها ما ليس منها[٤٢٠].

فيه مسائل:

الأولى: إثبات الأسماء.

الثانية: كونها حسنى.

الثالثة: الأمر بدعائه بها.

الرابعة: ترك من عارض من الجاهلين الملحدين.

الخامسة: تفسير الإلحاد فيها.

---

[٤١٨] أخرجه ابن أبي حاتم في (تفسيره) (١٦٢٣/٥ رقم ٨٥٨٣) بلفظ: (التكذيب)، أما لفظ: (يشركون) فهو عند ابن أبي حاتم عن قتادة.

[٤١٩] أخرجه ابن أبي حاتم في (تفسيره) كما في (الدرالمنثور) (٦١٦/٣).

[٤٢٠] أخرجه ابن أبي حاتم في (تفسيره) (١٦٥/٢ رقم ٨٥٨٧).

السادسة: وعيد من ألحد.

باب قول الله تعالى:

﴿وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآيِهِ﴾ {الأعراف:١٨٠}.

بابی باسکردنی وتەی خوای گەورە کە دەفەرموویت: (تەنها خوا خاوەنی ناوە هەرە جوانەکانە، جا کەواتە ئێوەش هەر بەو ناوانەوە لەخوا بپارێنەوە و عیبادەتی بۆ بکەن، واز لەوانە بێنن و دوور بکەونەوە کە لە بارەی ناوەکانی خواوە لایان داوە، ئەوانە بە تەئکید سزای ئەو کردەوانەیان وەردەگرن کە ئەنجامیان نەداوە).

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەم بابە پەیوەندی بە ناو و سیفەتەوە هەیە؛ چونکە ئەم کتابە هەرسێ جۆری تەوحیدی تێدایە: تەوحیدی بەندایەتی کردن و پەروەردگاریەتی و ناو و سیفەت.

تەوحیدی ناو و سیفەت ئەوەیە خوای گەورە بە تەنیا دابنێیت بەوەی جیگیر بووە لە سیفەتی کەمال لەسەر ڕووی حەقیقی، بێ (تمثیل و تکییف و تعطیل)؛ چونکە ئەگەر (تعطیل)ی بکەیت واتە جێگیرت نەکرد، وە ئەگەر (تمثیل)ی بکەیت واتە بە تەنیات دانەنا، تەوحید لە نەفی و إثبات پێک دێت، واتە: جێگیرکردنی حوکمە و نەفی کردنی ئەوانی ترە بێجگە لەخوا، نموونە: ئەگەر بڵێیت: (زید قائم)، واتە: زەید وەستاوە بە پێوە، لەم حالەتە زەیدت بە تەنیا دانەنا بۆ وەستان بە پێوە و ئەگەر بڵێیت: زید غیر قائم، بە پێوە وەستانت بۆ جێگیر نەکرد، ئەگەر بڵێیت: (لا قائم إلا زید)، واتە زەیدت بە تەنیا دانا بۆ وەستان بە پێوە، ئەگەر بڵێیت: (لا إله إلا الله)، خوای گەورەت بە تەنیا دانا لە بەندایەتی کردندا، ئەگەر ناو و سیفەتت بۆ خوای گەورە جێگیرکرد بێ ئەوە بچوویتنی

بە ناو و سیفەتەكانی خوای گەورە، ئەوە ئەمە تەوحیدە لەناو و سیفەتدا، ئەگەر نەفی ناو و سیفەت بكەیت ئەمە (تعطیل)ە، ئەگەر بچوویتی ئەمە شیركە)[٤٢١].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (دانەری كتاب ئەم بابەی باسكردووە لە كتابی تەوحید بۆ ئەوەی روون بكاتەوە واجبە ناو و سیفەت بۆ خوای گەورە جێگیر بكەیت، بۆ ئەوەی تەوەسلی رێگەپێدراوە و قەدەغە كراو ڕوون بكاتەوە، چونكە بابەتی تەوەسل زۆر كەس تێیدا گومڕا بوون لە كۆنەوە)[٤٢٢].

صالح آل الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم بابە باسی بەگەورە دانانی ناوەكانی خوای گەورە دەكات، بەگەورە دانانی ناوەكانی خوای گەورە ئەوەیە لانەدەیت لە ناو وسیفەتەكانی و بەو ناوانەوە لەخوا بپاڕێیتەوە و عیبادەتی بۆ بكەیت)[٤٢٣].

عبدالله بن جار الله دەفەرموویت: (مەبەست لەم بابە وەڵام دانەوەی ئەوانەیە كە تەوەسل بە مردووەكان دەكەن، بەڵكو ئەوەی رێگەپێدراوە تەوەسول كردنە بە ناو و سیفەتەكانی خوای گەورە و كردەوی باش)[٤٢٤].

ڕاڤەی وشەكانی ئایەتەكە:

﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ﴾: لام بۆ (استحقاق)ە، واتە: ناوەكانی خوای گەورە جوانن و لە جوانی دا گەیشتونەتە كۆتایی، خوا هەر خۆی شایستەی ئەم ناوانەیە.

---

[٤٢١] القول المفيد (٣/٩٠).
[٤٢٢] إعانة المستفيد (٢/٢٨٩-٣٩٠).
[٤٢٣] التمهيد لاپەڕە (٤٧٨).
[٤٢٤] الجامع الفريد لاپەڕە (١٨٥).

﴿فَادْعُوهُ بِهَا﴾: واتە: ئەگەر ئێوە زانیتان تەنها خوا شایستەی ئەم ناوانەیە و ئیمانیشتان بەو ناوانە هێنا ئەوا بەو ناوانەوە لەخوا بپارێنەوە و عیبادەتی بۆ بکەن.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

عبدالله بن جار الله دەفەرموویت: (لادان لەناو و سیفەتەکانی خوای گەورە و نەفی کردنی، نەفی تەوحید و ئیمان دەکات)[٤٢٥].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ناوەکانی خوای گەورە جوانن و فەرمانمان پێکراوە بە پارانەوە بەو ناوانە[٤٢٦].

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ تەوەسول کردن بە ناوەکانی خوای گەورە، تەوەسول دوو بەشە: تەوەسولی قەدەغەکراو: ئەویش ئەمەیە تەوەسول دەکات بە جاهی دروستکراو یان حەقی دروستکراو یان پلەی دروستکراو یان زاتی دروستکراو ئەمەیان یان شیرکە یان بیدعیە و هۆکارە بۆ تووش بوون بە شیرک.

تەوەسولی ڕێگەپێدراو: ئەویش ئەوەیە کتاب و سوننەت باسیکردووە و فەرمانی پێکردووە، لەوانە ئەم ئایەتەی دانەری کتاب لەم بابە باسیکردووە: ﴿وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا﴾، تەوەسولی ڕێگەپێدراو چەند جۆرێکە:

---

[٤٢٥] الجامع الفريد لاپەڕە (١٨٥).

[٤٢٦] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٦٦٠)، لعبدالله بن حميد.

جۆری یەکەم: تەوەسول کردن بە ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە، دەڵێیت: (یا رحمن ارحمني)، (یا غفور اغفر لي)، (یا تواب تب علي)، (یا غنی اغنني)، بەم شێوەیە لە دوعاکەتدا ئەو ناوە باس دەکەیت کە گونجاوە لەگەڵ داواکەت.

جۆری دووەم: تەوەسول دەکەیت بۆ لای خوای گەورە بە دوعای پیاوچاکان، ئەگەر پیاو چاکێک لە پیاوچاکان هەبێت زیندوویەکی ئامادەبوو پێی دەڵێیت: (ادع الله لي أن يغفر لي)، یان (أن يرزقنی)، یان (أن يشفني)، ئەگەر وشکە ساڵی بێت و داوا لە پیاو چاکێک بکرێت بۆ ئەوەی دوعای باران بارین بکات، ئەمە دروستە.

جۆری سێیەم: تەوەسول کردنە بە کردەوەی باش، وەک نموونەی هاوەڵانی ئەشکەوت ئەوانەی دەرگای ئەشکەوتیان بەسەردا داخرا.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ تەوەسولی ڕێگەپێدراو، ئەویش تەوەسول کردنە بە ناوەکانی خوای گەورە و سیفەتەکانی.

تەوەسولی قەدەغە کراو ئەوەیە کەسێک بکەیتە واستە لە دوعا کردن دا لەنێوان دوعاکەر و خوای گەورە وەک ئەوەی بڵێیت: داوات لێ دەکەم بە پێغەمبەری خۆت یان داوات لێ دەکەم بە جاهی پێغەمبەری خۆت یان داوات لێ دەکەم بە پلەی "لەبەر خاتری" پێغەمبەری خۆت و قسەی تری وەک ئەمانە[٤٢٧].

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر نەهی کردن لە لادان لە ناوەکانی خوای گەورە، لادان لە ناوەکانی خوای گەورە چەند جۆرێکە:

یەکەم: ئینکاری هەندێک ناو یان سیفەتەکانی خوای گەورە دەکات.

---

[٤٢٧] إعانة المستفيد (٢/٢٩٢-٢٩٤).

دووەم: هەندێک ناو بۆ خوای گەورە دادەنێت کەچی خوای گەورە ئەم ناوانەی بۆ خۆی جێگیر نەکردووە.

سێیەم: ناو یان سیفەتی خوای گەورە دەچوویێنی بە ناو و سیفەتەکانی دروستکراوان.

چوارەم: لە ناوەکانی خوای گەورەوە ناو لە بتەکان بنێیت.

٤- ئەم ئایەتە بەڵگەیە ناوەکانی خوای گەورە تەوقیفین، دروست نیە شتێک جێگیر بکەیت لە کتابی خوای گەورە و لە سوننەتی پیغەمبەر باس نەکرابێت.

عبدالله بن حمید ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویێت: (ناوەکانی خوای گەورە تەوقیفین، بۆ کەس دروست نیە زیاد و کەمی بکات، ئەوەی لە قورئان و سوننەت دا هاتووە جێگیری دەکەین، ئەگەرنا جێگیری ناکەین)[٤٢٨].

---

[٤٢٨] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٦٦٠).

ذكر ابن أبي حاتم عن ابن عباس رضي الله عنهما ﴿يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ﴾ يشركون[٤٢٩].

ابن عباس خوا لە هەردووكيان ڕازى بێت سەبارەت بە وتەى خواى گەورە: ﴿يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ﴾ دەفەرموويێت: لە ناوەكانى خوادا شەريک بۆ خوا دادەنێن.

وعنه: سموا اللات من الإله، والعزى من العزيز.

هەروەها دەفەرموويێت: لە ناوى (الإله) ەوە بتەكەيان ناونا لات، وە لە (العزيز) ەوە بتەكەيان ناونا عوزا.

وعن الأعمش: يدخلون فيها ما ليس منها.

لە ئەعمەشەوە دەگێڕنەوە گوتويەتى: هەندێک ناو دەخەنە ڕيزى ناوەكانى خواوە كە ناوەكانى خوا نين.

---

[٤٢٩] أخرجه ابن أبي حاتم في (تفسيره) (١٦٢٣/٥ رقم ٨٥٨٣) بلفظ: (التكذيب)، أما لفظ: (يشركون) فهو عند ابن أبي حاتم عن قتادة.

باب لا يقال: السلام على الله

في الصحيح عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: كنا إذا كنا مع النبي (ﷺ) في الصلاة قلنا: السلام على الله من عباده، السلام على فلان، فقال النبي (ﷺ): (لا تقولوا السلام على الله، فإن الله هو السلام)[٤٣٠].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير السلام.

الثانية: أنه تحية.

الثالثة: أنها لا تصلح لله.

الرابعة: العلة في ذلك.

الخامسة: تعليمهم التحية التي تصلح لله.

---

[٤٣٠] أخرجه البخاري (٨٣٥)، ومسلم (٤٠٢).

باب لا يقال: السلام على الله

نابێت بگوترێ سەلام لە خوای گەورە.

عبدالله بن حميد ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (خوای گەورەیە بەندەکان دەپارێزێت و سەلامەتیان دەکات، بەندە سەلامەت کراوە، ناکرێت بڵێیت: (السلام على الله)، کێیە خوای گەورە سەلامەت دەکات؟! خوای گەورە پێویستی بە کەس نیە سەلامی لێ بکات و سەلامەتی بکات، بەڵکو هەر خۆیەتی دروستکراوەکان دەپارێزێت و سەلامەتیان دەکات، دەوڵەمەندە و هەموو شتێکی بەدەستە)[٤٣١].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دانەری کتاب ئەم بابەی باسکردووە بە شێوەی نەفی لەوانەیە بۆ کەڕاهەت و حەڕامی بێت، بەڵام فەرموودە کردنە بەڵگە دەلالەت لەسەر حەڕامی دەکات، سەلام چەندین مانای هەیە:

١- بە مانای سەلام دێت، هەروەک دەگوترێ سەلام لە فلانە کەس بکە، بیژێنە بە سەلام.

٢- بە مانای سەلامەت بوون لە هەموو ئافاتێک و کەم و کوڕییەک دێت، وەک وتەی: (السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته).

٣- سەلام ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ﴾ [الحشر: ٢٣].

وتەی: (نابێت بگوترێ سەلام لە خوای گەورە)، واتە: مەڵێ: (السلام عليك يا رب)، لەبەر هۆکارانە:

أ- دوعای لەم چەشنە گومانی کەم و کوڕی (نقص) بۆ دەبرێت بۆ مافی خوای گەورە، واتە: دوعا دەکەیت نەفسی سەلامەت بێت، نابێت دوعا بکرێت مەگەر بۆ کەسێک شیاوی بێت، خوای گەورە پاک و بێگەردە و دوورە لە سیفەتی کەم و کوڕی (نقص).

---

[٤٣١] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٦٦٨).

ب- ئەگەر دوعات کرد بە سەلام لە خوای گەورە ئەوا پێچەوانەی ڕاستیت کردووە، چونکە خوای گەورە داوای لێ دەکەیت و لێی دەپاڕێتەوە نەک بۆی بپاڕێتەوە، خوای گەورە دەوڵەمەندە و پێویستی بە ئێمە نیە، بەڵکو مەدح دەکرێت بە سیفەتی تەواو وەک غفور و سمیع و علیم ...

مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید دیارە؛ چونکە سیفەتەکانی خوای گەورە تەواون هەروەک چۆن ناوەکانی خوای گەورە تەواو و جوانن.

مناسبەی ئەم بابە لەگەڵ بابی پێشووتر دیارە؛ بابەتی پێشووتر باسی جێگیرکردنی ناوە جوانەکانی خوای گەورە دەکات کە سیفەتیش لەخۆ دەگرێتەوە، بابەتی ئەم بابە باسی سەلامەتی سیفەتەکانی خوای گەورە دەکات لە هەموو کەم و کوڕییەک، ئەمەش کمال لەخۆ دەگرێتەوە، کەواتە کمال تەواو نابێت ئیلا بە جێگیر کردنی سیفەتی تەواو و نەفی کردنی دژەکەی نەبێت)[٤٣٢].

صالح ال الشیخ خوا بپارێزێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید: وەک ئەدەب لەگەڵ خوای گەورە ئەمە نەگوترێ بەرامبەر بە خوا، نەگوترێ: السلام علی الله، چونکە ئەمە کەم و کورتی یە لە تەوحید لەخۆدا بەدی هێنان بە پوختی، تەوحید لەخۆدا بەدی هێنانی واجب ئەوەیە ئەم وشەیە نەگوترێ، چونکە خوای گەورە دەوڵەمەندە لە بەندەکانی و دروستکراوەکان هەموویان هەژارن بۆ السلام)[٤٣٣].

---

[٤٣٢] القول المفید (٣/١٠٣-١٠٤).

[٤٣٣] التمهید لاپەڕە (٤٨٤-٤٨٥).

في الصحيح عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: كنا إذا كنا مع النبي (ﷺ) في الصلاة قلنا: السلام على الله من عباده، السلام على فلان، فقال النبي (ﷺ): (لا تقولوا السلام على الله، فإن الله هو السلام).

واتە: لە ابن مسعود دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: گەر لەگەڵ پێغەمبەر بووینایە لە نوێژدا دەمانگوت: سەلام لەخوا لەلایەن بەندەکانیەوە، سەلام لە فلان و فلان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (مەڵێن سەلام لە خوا، چونکە خوای گەورە هەر خۆی سەلامە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(كنا إذا كنا مع النبي (ﷺ) في الصلاة): لێرە مەبەست پێی نوێژی واجبە، چونکە نوێژی واجب بە کۆمەڵ دەکرێت، کەم جار نوێژی سوننەت بە کۆمەڵ کراوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە وتەی (سەلام لەخوا بێت) حەرامە)[٤٣٤].

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەرامە بڵێیت سەلام لەخوا بێت، ئەمە نەهی یە لە پێغەمبەرەوە سەبارەت بەم وشەیە، نەهی دەلالەت لەسەر حەرامی دەکات[٤٣٥].

---

[٤٣٤] الجديد لاپەڕە (٤٠٩).

[٤٣٥] إعانة المستفيد (٣٠٠/٢).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەم نەهی یە بۆ حەڕامی یە، سەلام پێویستی بە سەلام نیە، خوای گەورە خۆی سەلامە و سەلامەتە لە هەموو کەم و کوڕییەک)[٤٣٦].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم نەهی یە بۆ حەڕامی یە، بۆ کەس دروست نییە بڵێت: (السلام على الله))[٤٣٧].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروستە سەلام لە فریشتە بکەیت، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لێ نەکرد، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) خەبەری بە عائیشە دا بەوەی جبریل سەلامی لێ دەکات، ئەویش گوتی: (وعليه السلام))[٤٣٨].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری نەهی یەکە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێک گوتی: (لا تقولوا: السلام على الله)، ماناکەی ڕوونکردەوە کە بۆچی نەهی کرد، فەرمووی: (خوا خۆی سەلامە)، کەواتە ڕوونکردنەوەی حوکمی تێدایە بە عیلەتەوە، چونکە ئەمە باشترە بۆ جێگیر بوون لە مێشکی گوێگر)[٤٣٩].

---

[٤٣٦] القول المفيد (١٠٧/٣).

[٤٣٧] التمهيد لاپەڕە (٤٨٦).

[٤٣٨] القول المفيد (١٠٧/٣).

[٤٣٩] إعانة المستفيد (٣٠١/٢).

باب قول: اللهم اغفر لي إن شئت

في الصحيح عن أبي هريرة رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يقل أحدكم: اللهم اغفر لي إن شئت، اللهم ارحمني إن شئت، ليعزم المسألة، فإن الله لا مكره له)[٤٤٠].

ولمسلم: (وليعظم الرغبة، فإن الله لا يتعاظمه شيء أعطاه)[٤٤١].

فيه مسائل:

الأولى: النهي عن الاستثناء في الدعاء.

الثانية: بيان العلة في ذلك.

الثالثة: قوله: (ليعزم المسألة).

الرابعة: إعظام الرغبة.

الخامسة: التعليل لهذا الأمر.

---

[٤٤٠] متفق عليه: أخرجه البخاري (٦٣٣٩)، ومسلم (٢٦٧٩).

[٤٤١] رواه مسلم (٢٦٧٩).

باب قول: اللهم اغفر لي إن شئت

بابی باسکردنی وتەی: خوایە لێم خۆش ببە ئەگەر دەتەوێت.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە بە کتابی تەوحیدەوە لە دوو ڕووەوەیە:

١- هەر کەسێک دوعا بەم شیوەیە بکات، وا هەست دەکرێت خوای گەورە ناچار کراوە و هەڵنەستاوە بە تەواوی پەروەرگاریەتی، چونکە لە تەواوی پەروەردگاریەتی ئەوەیە ناچار ناکرێت، بەڵکو پرسیاری لێ ناکرێت لەوەی کە خوای گەورە دەیکات، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ﴿٢٣﴾﴾ [الأنبياء: ٢٣]

٢- لە ڕووی بەندایەتی هەست بەوە دەکرێت دەوڵەمەندە لە خوای خۆی، ئەمەش نەقسە لە تەوحیدی مرۆڤ، جا چ لە ڕووی پەروەردگاریەتی بێت یان بەندایەتی بێت یان ناو و سیفەت، لەبەر ئەوە دانەری کتاب لەو بابە باسیکردووە کە پەیوەندی بە ناو و سیفەتەکانەوە هەیە)[٤٤٢].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (تەوحید ئەوەیە بەندە خوای گەورە بە تەنیا دابنێت و زەلیل بێت بەرامبەر بە خوا و خۆشی بوێت بەوپەڕی خۆشەویستی، بگەڕێتەوە بۆ لای خوا بەزەلیلی و بە هەژاری خۆی بەدیارخات، خوای گەورە دەوڵەمەندە و پێویستی بە کەس نیە،

وتەی (اللهم اغفر لي إن شئت)، ماناکەی ئەوە دەگەیەنێت کەسەکە دەوڵەمەندە لەوەی لێی خۆش بێت، هەروەک چۆن کەسێکی بە عیززەت یان خۆ بەگەورە زان یان

---

[٤٤٢] القول المفيد (٣/١١٤-١١٥).

كەسێكی تر كە نایەوێت خۆی بۆ زەلیل بكات دەڵێت: فلانە شت بكە ئەگەر بتەوێ، واتە: ئەگەر فلانە شت بكەیت شتێكی باشە، ئەگەرنا زۆریت لێ نەكراوە، ئەم وتەیە نەفی حاجەتی خۆی دەكات، لەبەر ئەوە تەحقیقی تەوحیدی تێدا نیە، نەفی ئەوە دەكات كە واجبە لەسەر بەندە لە لایەنی پەروەرگاریەتی دا هەژاری خۆی و پێویستی خۆی بۆ خوای خۆی بە دەربخات، دەوڵەمەند نیە لە لێ خۆش بوون و عەفو و كەرەم و فەزڵ و نیعمەتی خوای گەورە، وتەی (اللهم اغفر لي إن شئت)، وەك ئەوەیە بڵێت من محتاج نیم، ئەگەر ویستت لێم خۆش بە ئەگەر نەتویست من محتاج نیم، ئەمە كردەوەی ئەوانەیە كە خۆیان بە گەورە دادەنێن و پشت لە خوا دەكەن، لەبەر ئەمە ئەم قسەیە حەڕام كراوە)[٤٤٣].

---

[٤٤٣] التمهيد لاپەڕە (٤٨٨-٤٨٩).

في الصحيح عن أبي هريرة رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يقل أحدكم: اللهم اغفر لي إن شئت، اللهم ارحمني إن شئت، ليعزم المسألة، فإن الله لا مكره له).

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (با هیچ کەستان نەڵێت: خوایە لێم خۆش بە ئەگەر دەتەوێت، خودایە ڕەحمم پێ بکە ئەگەر دەتەوێت، با دوعا و پاڕانەوە بە گەرمی و عەزمەوە بکات، چونکە خودا لە هیچ کارێک دا ناچار ناکرێت).

ولمسلم: (وليعظم الرغبة، فإن الله لا يتعاظمه شيء أعطاه).

واتە ڕیوایەتی موسلیم دەفەرموێت: (با لە دوعاکەیدا داوای شتی گەورە بکات هەڵبەتە هەر شتێک کە خودا بیبەخشێت لە لای گەورە و گران نیە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(اللهم): واتە: ئەی خوایە.

(اغفر لي): واتە: لێم خۆش بە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە حەڕامە دوعا بکرێت بە ویستن، واتە بڵێیت: "خوایە لێم خۆش بە ئەگەر ویستت"، چونکە هەست بە زەلیل بوونی تەواوی بەندە ناکرێت بەرامبەر بەخوا، ئەمەش نەفی تەوحید دەکات)[٤٤٤].

سوودەکانی فەرموودەکە:

---

[٤٤٤] الجديد لاپەڕە (٤١١).

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نەهی کراوە لەوەی بڵێیت: (اللهم اغفر لي إن شئت)، ئەم نەهی یە بۆ حەرامی یە.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (لەبەر سێ هۆ ڕێگری کراوە:

١- وا هەست دەکرێت کە خوای گەورە ناچارکراوە کەچی وا نیە.

٢- وا هەست دەکرێت کە ئەمە شتێکی گەورەیە و داوایەکی گرانە لەسەر خوای گەورە و لە توانایدا نیە کەچی وا نیە.

٣- وا هەست دەکرێت کە مرۆڤ دەوڵەمەندە لە خوا و پێویستی پێی نیە، کە ئەمە شیاو نیە و لە ڕەوشت نیە)[٤٤٥].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم دوعا کردنە دروست نیە ئەگەر بە شێوەی خطاب بێت، بەڵام دوعایەک خطابی تێدا نەبێت و پەیوەست کرا بێت بە ویستن دروستە.

وتەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەو کەسەی کە سەردانی کردبوو و تووشی نەخۆشی تا ببوو هەروەک بخاری ڕیوایەتی کردوە و بێجگە لە بوخاریش: (طهور إن شاء الله)، ئەمەیان دوعای تێدا نییە و بەڵکو خەبەرە، وتی: دەبێتە پاککەرەوە ئەگەر خوا ویستی لێ بێت، ئەمەیان دوعا نیە بەلکو خەبەرە)[٤٤٦].

---

[٤٤٥] القول المفيد (١١٥/٣).

[٤٤٦] التمهيد لاپەڕە (٤٩٠).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: وتەی دوعاکار کە دەڵێت خوایە لێم خۆش بە ئەگەر بتەوێت، خوایە ڕەحمم پێ بکە ئەگەر بتەوێت، ئەمەیان حەڕامە و پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردووە، بەڵام وتنی: (إن شاء الله) پلەی نزم ترە و نابێت.

بەڵام گوتەی پێغەمبەر (ﷺ) (لابأس طهور إن شاء الله)، ئەمەیان لە بابەتی ئومێدە (رجاء)، چونکە نەخۆش هەیە نەخۆشیەکەی بۆ دەبێتە پاککەرەوە و تاوانی دەڕوات، هەیە بۆی نابێتە پاککەرەوە ئەگەر نەخۆشەکە ئارام نەگرێت و دڵی پڕ بێت لە تووڕەیی و ناڕازی بوون بوو لە خوا، ئەمەیان نەخۆشیەکەی بۆ نابێتە پاککەرەوە، کەواتە (إن شاء الله) لە بابەتی ئومێدە، واتە داوا لە خوا دەکەم بۆت ببێتە پاککەرەوە ئەگەر ئارام بگریت و داوای پاداشت لە خوا بکەیت)[٤٤٧].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕوونکردنەوەی عیللەتی نەهی کردن لە دوعا کردن بەم شێوەیە، ئەویش ئەوەیە خوای گەورە ناچار ناکرێت هەتا بڵێیت: (إن شاء الله).

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر تەواوی دەوڵەمەندی خوای گەورە، خەزێنەکانی کەم نابێت لەگەڵ زۆری ماڵ دان بە بەندەکانی و قبوڵ کردنی داواکانیان.

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ پاڕانەوە بە گەرمی و عەزمەوە.

---

[٤٤٧] لقاءات الباب المفتوح.

باب لا يقول: عبدي وأمتي

في الصحيح عن أبي هريرة رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يقل أحدكم: أطعم ربك، وضىء ربك، وليقل: سيدي ومولاي، ولا يقل: عبدي وأمتي، وليقل: فتاي وفتاتي، وغلامي)[٤٤٨].

فيه مسائل:

الأولى: النهي عن قول: عبدي وأمتي.

الثانية: لا يقول العبد: ربي، ولا يقال له: أطعم ربك.

الثالثة: تعليم الأول قول: فتاي وفتاتي وغلامي.

الرابعة: تعليم الثاني قول: سيدي ومولاي.

الخامسة: التنبيه للمراد، وهو تحقيق التوحيد حتى في الألفاظ.

---

[٤٤٨] أخرجه البخاري (٢٥٥٢)، ومسلم (٢٢٤٩).

باب لا يقول: عبدي وأمتي

نابێت بگوترێ عەبدی من و کەنیزەکی من

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (دانەری کتاب ئەم بابەی باسکردوە وەک بابی پێشووتر بۆ ئەوەی ڕێزگرتن لەناو و سیفەتەکانی خوای گەورە ڕوون بکاتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو دەرگایانەش دابخات کە مرۆڤ ڕادەکیشێت بۆ شیرک، لەوانە خۆ دوورخستنەوە لەم وشەیە، چونکە مانای شیرکی تێدایە ئەگەر چی قسەکەر هیچ مەبەستێکیشی نەبێت)[٤٤٩].

صالح ال الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم بابە لەگەڵ بابەکانی پێشووتر و دواتر هەموویان باسی بەگەورە دانانی پەروەردگاریەتی خوا و ناو و سیفەتەکانی دەکەن، چونکە بە گەورە دانانی ئەمانە لە تەواوی تەوحیدە، تەحقیقی تەوحید نایێتەدی مەگەر بە بەگەورە دانانی خوای گەورە لە پەروەردگاریەتی و بەندایەتی و ناو و سیفەتەکانی دا.

تەحقیقی تەوحید نایێتەدی مەگەر بە خۆ پاراستن لەو وشانەی کە بێ ڕەوشتی یە لەگەڵ پەروەردگاریەتی خوا، یان لەگەڵ ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە، لەبەر ئەوە دانەری کتاب ئەم بابەی باسکردوە و دەفەرموێت: (باب: لا يقول: عبدي وأمتي))[٤٥٠].

---

[٤٤٩] إعانة المستفيد (٣٠٣/٢).

[٤٥٠] التمهيد لاپەڕە (٤٩١).

في الصحيح عن أبي هريرة رضي الله عنه، أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يقل أحدكم: أطعم ربك، وضىء ربك، وليقل: سيدي ومولاي، ولا يقل: عبدي وأمتي، وليقل: فتاي وفتاتي، وغلامي).

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (با هیچ یەکێک لە ئێوە نەڵێت: خواردن بدە بە ڕەببی خۆت یان ئاوی دەست نوێژ بێنە بۆ ڕەببی خۆت، بەڵکو با بەندەکە بڵێت گەورەم، ئێوەش با کەستان نەڵێت بەندەی من، یان کەنیزەکی من، بەڵکو لە جێگای ئەوە با بڵێت کارکەرەکەم یان خزمەتکارەکەم).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(عبدي): واتە: بەندەی من.

(أمتي): واتە: کەنیزەکی من.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردووە تاوەکو حوکمی گوتنی (عبدي وأمتي) ڕوون بکاتەوە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نەهی کراوە لە گوتنی: بەندەی من یان کەنیزەکی من.

عبدالله بن حميد ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بە وتەی: (هذا عبدي)، وتراوە حەڕامە، چونکە نەهی یەکە دەلالەت لەسەر حەڕام بوون دەکات، مرۆڤ فەرمانی پێکراوە بە پاراستنی لایەنی تەوحید، چونکە

فەرموودەکە دەفەرموویت: (لا يقل أحدكم: عبدي)، وتراوە: مەکروهە، دروستە بەڵام باشتر وایە تەرکی بکەیت، ابن مفلح لە فروع بۆ ئەوە چووە حەرامە)[٤٥١].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (سەبارەت بە حوکمی گوتنی: (بەندەی من یان کەنیزەکی من)، دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

یەکەم: بەندە دەدەیتە پاڵ کەسێکی تر، وەک ئەوەی بڵێیت: بەندەی فلان یان کەنیزەکی فلان، ئەمەیان دروستە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَأَنكِحُوا الأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمْ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ {النور:٣٢}، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (ليس على المسلم في عبده ولا فرسه صدقة)[٤٥٢].

دووەم: بەندە دەدەیتە پاڵ نەفسی خۆت، ئەمەش دوو شێوەیە:

١- بەشێوەی خەبەر بەندە بدەیتە پاڵ نەفسی خۆت، نموونە: خواردنم دا بە بەندەی خۆم، جل و بەرگم بۆ بەندەی خۆم کڕی، بەندەی خۆم ئازاد کرد، ئەگەر ئەمە بڵێت بەندەکەی یان کەنیزەکەکەی ئامادە نەبێت، لەم حاڵەتە هیچی تێدا نییە، ئەگەر ئەمە بڵێت بە ئامادەبوونی بەندەی یان کەنیزەکەکەی، ئەگەر مەفسەدەتی لێ بکەوێتەوە وەک پەیوەست بوون بە بەندە یان گەورەکە ئەو کات ڕێگری دەکرێت ئەگەرنا ڕێگری ناکرێت، چونکە ئەوەی وا دەڵێت مەبەستی بەندایەتی نیە کە زەلیلی لەگەڵە، بەڵکو مەبەست پێی بەندایەتی موڵکە.

---

[٤٥١] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٦٧٤-٦٧٥).

[٤٥٢] أخرجه البخاري في (٤٥٤/١)، ومسلم في (٦٧٥/٢)، من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

٢- بە شێوەی بانگکردن ئەم قسەیە دەکات و گەورەکەی دەڵێت ئەی بەندەی من، ئەمەیان نەهی لێی کراوە، جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بەم نەهی یە، ئایا بۆ کەراهەتە یان حەڕامی یە، وتەی ڕاست تەفسیلی تێدایە کەمترین حاڵەت کەڕاهەتە)[٤٥٣].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم خطابە بۆ سەییدە و نابێت بڵێت بەندەی من یان کەنیزەکەکەی من، چونکە هەموویان بەندەی خوان ئافرەتانی ئێمەش بەندەی خوان، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لا تمنعوا إماء الله مساجد الله)، سەید نەهی لێیکراوە ئەمە بڵێت، چونکە ئەگەر بڵێت بەندەی من و کەنیزەکەکەی من، ئەوا خۆی چوواندووە بە خوا ئەگەر چی تەنها ڕووکەشی قسەکەیە، چونکە خوای گەورە وەک خطاب دەفەرموێت: (عبدي استطعمتك فلم تطعمني)، ئەگەر سەیید مەبەستی لە وتەی: (عبدي) مملوك بێت، ئەوا نەهی لە بابی کەڕاهەتە لە قسە و گومانی هاوبەشی تێدایە، پێشتر حوکمەکەمان باسکرد)[٤٥٤].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە (رب) دانە پاڵ بێجگە لەخوا بە ضمیری مخاطب مەکروهە.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (بزانە (رب) دانە پاڵ بێجگە لەخوا دابەش دەکرێت بۆ چەند بەشێک:

بەشی یەکەم: (رب) دەدرێتە پاڵ ضمیری مخاطب، وەک: (أطعم ربك، وضئ ربك)، ئەمە مەکروهە لەبەر دوو قەدەغە کراو:

---

[٤٥٣] القول المفيد (١٢٨/٣-١٢٩).

[٤٥٤] القول المفيد (١٢٥/٣).

١- لەڕووی صیغەوە؛ چونکە گومانی مانای خراپە سەبارەت بە وشەی (رب)، چونکە وشەی (رب) لە ناوەکانی خوای گەورەیە، خوای گەورە خواردن دەدات نەک خواردنی پێ بدرێت، گومانی تێدا نییە (رب) لێرە (رب العالمین)، نییە ئەوەی خواردن دەدات نەک خواردنی پێ بدرێت، بەڵام لە بابی ئەدەبی قسەیە.

٢- لەڕووی ماناوە بەندە یان کەنیزەک هەست بە زەلیلی دەکات، چونکە ئەگەر گەورە (واتە: خاوەنەکەی) رب بێت، ئەوە بەندە یان کەنیزەک (مربوب)ە، واتە (پەروەردەکراوە).

بەشی دووەم: (رب) دەدرێتە پاڵ ضمیری غائب، ئەمەیان هیچی تێدا نیە، وەک وتەی پێغەمبەر (ﷺ) باسی نیشانەکانی قیامەت دەکات: (أن تلد الأمة ربتها)، سەبارەت بە وشەی: (ربتها)، هیچ کێشەی تێدا نیە لەبەر (تاء التأنیث)، هیچ هاوبەشی نیە لەگەڵ خوا، چونکە (الله) پێی ناگوترێ مەگەر (رب) بێت، فەرموودەی شتی بزر بوو: (حتی یجد ربها)، هەندێک لە ئەهلی علم دەڵێن: فەرموودەی ئاژەڵی بزر بوو عیبادەت و زەلیلی پێی ناکرێت وەک مرۆڤ نیە، ئەوەی ڕاست بێت هیچ جیاوازی نیە، چونکە ئاژەڵ عیبادەتی خوا دەکات بە عیبادەت کردنێکی تایبەت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَى أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِنْ النَّاسِ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ وَمَنْ يُهِنْ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُكْرِمٍ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ﴾، سەبارەت بە خەڵک دەفەرموێت: ﴿وَكَثِيرٌ مِنْ النَّاسِ﴾ ﴿وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ﴾ {العذاب:١٨}، لەسەر ئەمە دروستە بڵێیت: (أطعم الرقیق ربه)، وە وشەی تری هاوشێوەی ئەمە.

بەشی سێیەم: (رب) دەدرێتە پاڵ ضمیری متکلم، بەندە دەڵێت: ئەمە ڕەببی منە، ئایا ئەمە دروستە؟

لەوانەیە یەکێک بڵێت: ئەمە دروستە، چونکە ئەمە لە بەندە بۆ سەیدەکەیەتی، خوای گەورە سەبارەت بە هاوەڵی یوسف دەفەرموێت: ﴿إن ربي أحسن مثواي﴾ {يوسف:٢٣}، واتە: سەیدی، چونکە قەدەغە کراو لە وتەی: (ربي) زەلیلی بەندەیە، ئەمە نەفی یە، چونکە خۆی دەڵێت: (هذا ربي).

بەشی چوارەم: دەدرێتە پاڵ ناوێکی ظاهر، ظاهری فەرموودەکە وادیارە دروستە، ئەمە وتەی ڕاستە ئەگەر هیچ قەدەغە کراوێک نەبێت ئەگەر هەبوو ڕێگری دەکرێت، نموونە: ئەگەر گوێگر وا گومان ببات سەید ڕەببی حەقیقی یە و خالقە)[٤٥٥].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە فەرمان هەندێک جار بۆ (إباحة) دێت، لەبەر وتەی (وليقل: سيدي ومولاي)، زانایان دەڵێن فەرمان ئەگەر هات بەرامبەر شتێکی قەدەغە کراو ئەوا بۆ (إباحة)یە، لێرە فەرمان بەرامبەر شتێکی قەدەغە کراوە، وەک وتەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وإذا حللتم فاصطادوا﴾ {المائدة:٢})[٤٥٦].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دینی ئیسلام بەرفراوانی تێدایە، هەر شتێک مرۆڤ پێویستی پێی هەبێت بەرفراوانی تێدایە، حوکم نادرێت بەسەر خەڵک قسە بە هیچ شتێک مەکە یان فڵانە شت مەکە ئیلا دەرگایەک کراوەتەوە بەرامبەری، ئەمەش لە تەواوی شەریعەتە[٤٥٧].

---

[٤٥٥] القول المفيد (١٢٢/٣-١٢٣).

[٤٥٦] القول المفيد (١٢٩/٣).

[٤٥٧] القول المفيد (١٢٩/٣).

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ (سد الذرائع)، هەر شتێک سەر بکێشێت بۆ شتێکی قەدەغە کراو ڕێگری کراوە، ئەمە قاعیدەیەکی گەورەیە، لای أصولی یەکان پێی دەڵێن: (قاعدة سد الذرائع)[٤٥٨].

٦- ئەگەر (سيدة) بۆ ئافرەت بەکار نەهێنرێت باشترە، چونکە وەرگێڕانی ڕاستی یەکانە.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (لەناو خەڵک واباوە وشەی سيدة بۆ ئافرەت بەکاردێت، نموونە دەڵێن: ئەمە تایبەتە بە پیاوان، ئەمەش تایبەتە بە ئافرەتان، بەڵام ئەمە وەرگێرانی ڕاستی یەکانە، چونکە (سادة) پیاوەکانن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وألفيا سيدها لدا الباب﴾، وە دەفەرموێت: ﴿الرجال قوامون على النساء﴾ {النساء:٣٤}، وە پیغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إن النساء عوان عندكم)، واتە: وەک ئەسیر وان لە لاتان، سەبارەت بە پیاو دەفەرموێت: (راع في أهله مسئول عن رعيته)[٤٥٩].

---

[٤٥٨] إعانة المستفيد (٣٠٩/٢).

[٤٥٩] القول المفيد (١٢٦/٣).

باب لا يرد من سأل بالله

عن ابن عمر رضي الله عنهما قال: قال رسول الله (ﷺ): (من استعاذ بالله فأعيذوه، ومن سأل بالله فأعطوه، ومن دعاكم فأجيبوه، ومن صنع إليكم معروفا فكافئوه، فإن لم تجدوا ما تكافئونه فادعوا له حتى ترون أنكم قد كافأتموه). رواه أبو داود والنسائي بسند صحيح[٤٦٠].

فيه مسائل:

الأولى: إعاذة من استعاذ بالله.

الثانية: إعطاء من سأل بالله.

الثالثة: إجابة الدعوة.

الرابعة: المكافأة على الصنيعة.

الخامسة: أن الدعاء مكافأة لمن لم يقدر إلا عليه.

السادسة: قوله: (حتى ترون أنكم قد كافأتموه).

---

[٤٦٠] أخرجه أبو داود (١٦٧٢)، والنسائي (٨٢/٥)، وفي (الكبرى) (٢٣٤٨)، وأحمد (٦٨/٢، وصححه العلامة الألباني رحمه الله في "الصحيحة" (٢٥٤).

باب لا يرد من سأل الله

هەر کەسێک بەناوی خواوە داوای شتێکی کرد نابێت ڕەت بکرێتەوە

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دانەری کتاب ئەم بابەی باسکردووە لەبەر بەگەورە دانانی خوای گەورە بەوەی هەر کەسێک بە ناوی خواوە داوای کرد پێی ببەخشن، فەرموودەی ابن عمر وشەی پوخت و پڕ مانای تێدایە دراوە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ))[٤٦١].

صالح ال الشيخ خوا بپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم بابە لەگەڵ بابی پێشووتر و دواتر هەروەک باسمان کرد هەموویان باسی بەگەورە دانانی خوای گەورە دەکەن لە پەروەردگاریەتی و ناو و سیفەتدا، چونکە بەگەورە دانانی ئەمە لە تەواوی تەوحید و تەحقیقی تەوحیدە، هەر کەسێک داوا بکات بە خوا ئەوا بە کەسێکی گەورە داوای کردووە، هەرکەسێک پەنای گرت بە خوا ئەوا پەنای گرتووە بە کەسێکی گەورە، بەڵکو پەنای گرتووە بە کەسێک کە مالکی هەمووانە و هەموو کارەکان بە دەست خۆیەتی و بەڕێوەیان دەبات، چۆن ڕەت دەکرێتەوە کە مالکی هەموو شتێکە، لەبەر ئەوە لە بەگەورە دانانی خوا و واجبی بەگەورە دانان ئەوەیە کەس ڕەت نەکەیتەوە ئەگەر بەناوی خواوە داوای کرد، ئەگەر کەسێکیش بەناوی خواوە داوای کرد و خوای گەورەی کردە وەسیلە نابێت ڕەت بکرێتەوە، ئەوەی گەورەیی خوای لە دڵ دایە دڵی دەلەرزێت ئەگەر باسی خوای گەورە کرا لەلای، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ

---

[٤٦١] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٤٥).

إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ {الأنفال:٢}، تەنها بە باسكردنی خوای گەورە دڵی دەلەرزێت لەبەر ئەوەی زانستی بە خوای گەورە هەیە، ئەگەر یەكێك بەناوی خواوە داوای شتێكی كرد ئەوا دڵی یەكخواپەرست ڕەتی ناكاتەوە، چونكە خوا بەگەورە دادەنێت و كەس ڕەت ناكاتەوە ئەگەر كەسەكە خوا بكاتە وەسیلە بۆ داوای خۆی)[٤٦٢].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم بابە بەگەورە دانانی خوای گەورەی تێدایە و ئەمە لە تەواوی تەوحیدە، سەبارەت بەوەی ئەگەر كەسێك داوا بكات بەناوی خواوە بێ ڕەوشتی تێدایە سەبارەت بە مافی خوای گەورە، هەروەها ڕەت كردنەوەی نەقسی تەوحیدی تێدایە)[٤٦٣].

---

[٤٦٢] التمهيد لاپەڕە (٤٩٥-٤٩٦).

[٤٦٣] إعانة المستفيد (٣١١/٢).

عن ابن عمر رضي الله عنهما قال: قال رسول الله (ﷺ): (من استعاذ بالله فأعيذوه، ومن سأل بالله فأعطوه، ومن دعاكم فأجيبوه، ومن صنع إليكم معروفا فكافئوه، فإن لم تجدوا ما تكافئونه فادعوا له حتى ترون أنكم قد كافأتموه). رواه أبو داود والنسائي بسند صحيح.

واتە: لە ابن عمر دەگێڕنەوە خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەر کەسێک پەنای گرت بە خوا پەنای بدەن، وە هەر کەسێکیش داوای کرد بەناوی خواوە پێی ببەخشن، وە هەر کەسێکیش دەعوەتی کردن بڕۆن بە دەم دەعوەتەکەیەوە، وە هەر کەسێکیش هەر چاکەیەکی لەگەڵتاندا کرد ئێوەش پاداشتی بدەنەوە، ئەگەر نەتان بوو یان نەتان توانی ئەوا ئەوەندە دوعای بۆ بکەن هەتا وا دەزانن کە پاداشتان داوەتەوە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(من سأل بالله): واتە: هەر کەسک داوای کرد بەناوی خواوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە واجبە هەر کەسێک داوای کرد بەناوی خواوە پێی ببەخشن، وە حەرامە ئەو کەسە ڕەت بکەیتەوە کە بەناوی خواوە داوا دەکات، ئەمە نەفی بەگەورە دانانی خوای گەورە و نەفی تەوحید دەکات)[٤٦٤].

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە ئەگەر کەسێک داوای شتێکی کرد بەناوی خواوە، دەبێت پێی ببەخشی ئەگەر داواکردنەکە تاوان نەبێت، یان زیانی لەسەر لێپرسراوێک

---

[٤٦٤] الجديد لاپەڕە (٤١٦-٤١٧).

نەبێت، چونکە بە پێ بەخشینی حاجەتی کەسەکە جێ بەجێ دەبێت و خوای گەورە بە گەورە دانرا، مەرج نیە داوا بکات بە ناوی الله، بەڵکو بە هەر ناوێکی تری خوای گەورە داوا بکات هەمان شتە، هەروەک فریشتە هاتە لای ئەو سێ کەسانەی کوێر و کەچەڵ و بەلەک گوتی (أسألك بالذي أعطاك كذا و كذا)[٤٦٥].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە وەڵام دانەوەی دەعوەت واجبە، زانایان دەڵێن وەڵام دانەوەی دەعوەت دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: دەعوەتی ژن گواستنەوە، جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بە حوکمی وەڵام دانەوەی وەلیمە، سێ وتە هەیە:

یەکەم: زۆربەی زانایان بۆ ئەوە چوون وەڵام دانەوەی دەعوەتی وەلیمە واجبە، بەڵکو هەندێک زانا ئیجماع نقڵ دەکەن.

دووەم: هەندێک زانای تر بۆ ئەوە چوون وەڵام دانەوەی وەلیمە سوننەتە، کە ئەمە وتەی هەندێک لە شافعی و حەنابلەیە.

شەوکانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەوەی دیار بێت واجبە وەڵامی دەعوەتی وەلیمە بدرێتەوە، لەبەر جێگیر بوونی فەرمان بۆ وەڵام دانەوە، بێ ئەوەی هیچ دەقێک هاتبێت لە واجب لایبدات بۆ سوننەت و لەبەر ئەوەی هەر کەسێک وەڵام نەداتەوە سەرپێچی خوا و پێغەمبەری کردووە)[٤٦٦].

---

[٤٦٥] القول المفيد (١٣٥/٣-١٣٦).

[٤٦٦] نيل الأوطار (٢٠٢/٦).

ابن عبدالبر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (نەم زانیوە جیاوازی هەبێت لەنێوان زانایان سەبارەت بە وەڵام دانەوەی وەلیمە بۆ کەسێک کە دەعوەت کرا بێت ئەگەر دەعوەتەکە هیچ خراپە و بێ شەرعیەکی تێیدا نەبێت)[٤٦٧].

وەڵام دانەوەی دەعوەتی ژن گواستنەوە واجبە، کە ئەمە ڕاستە و وتەی زۆربەی زانایانە، وەڵام دانەوەی دەعوەتی وەلیمە مافی مرۆڤەکانە، لەسەر ئەمە وەڵام دانەوەی وەلیمە لادەچێت لەسەر ئەو کەسەی دەعوەت کراوە ئەگەر ئیزنی وەرگرت و داوای اعتزاری کرد لە خاوەنی دەعوەت.

جۆری دووەم: دەعوەتی بێجگە لە ژن گوستنەوە، جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بە دەعوەتە. دوو وتە هەیە:

یەکەم: زۆربەی زانایان بۆ ئەوە چوون وەڵام دانەوەی دەعوەتی بێجگە لە وەلیمە سوننەتە، سەرخەسی ئیجماع نقل دەکات،

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەوەی واجبی دەعوەت تایبەت بکات بە دەعوەتی وەلیمە ئەوا هیچ بەڵگەی بە دەستەوە نیە، چونکە وەلیمە خواردنی دڵ خۆشی یە، دەعوەتی ژن گواستنەوە و دەعوەتی تر دەگرێتەوە، پیغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (من لم يجب الدعوة)، نەی فەرموو هەر کەسێک وەڵامی دەعوەتی ژن گواستنەوە نەداتەوە)[٤٦٨].

---

[٤٦٧] التمهيد (١٧٠/١٠).

[٤٦٨] التعليق المفيد.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: ئایا وەڵام دانەوەی دەعوەتی بێجگە لە وەلیمە واجبە یان نا؟

دەڵێین: جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان، ظاهری بۆ ئەوە چوون واجبە وەڵامی دەعوەت بدەیتەوە، ئەگەر ئەو مەرجانەی باسمان کرد تیایدا بوون.

زۆربەی زانایان بۆ ئەوە چوون واجب نیە بەڵکو سوننەتە، بە پێچەوانەی وەلیمەی ژن گواستنەوە، ئەمە وتەی ڕاستە چونکە مەشەقەتە لەسەر خەڵک، ئەگەر واجبی بکەین لەسەر هەر کەسێک کە بانگ بکرێت ئەوا دەبێت کاتی خۆی هەموو تەرخان بکات بۆ دەعوەتەکان)[٤٦٩].

وتەی ڕاست وەڵام دانەوەی دەعوەتی بێجگە لە ژن گواستنەوە سوننەتە، والله أعلم.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک پەنای گرت بە خوا واجبە پەنای بدەن[٤٧٠].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک هەر چاکەیەکی کرد لەگەڵتاندا ئێوەش پاداشتی بدەنەوە.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک هەر چاکەیەکی کرد لەگەڵتاندا ئێوەش پاداشتی بدەنەوە، ئەگەر نەتان بوو یان نەتان توانی ئەوا ئەوەندە دوعای بۆ بکەن هەتا وا دەزانن کە پاداشتان داوەتەوە)[٤٧١].

---

[٤٦٩] فتح ذي الجلال والإكرام (٣٧٨/١١).

[٤٧٠] إعانة المستفيد (٣١٣/٢-٣١٤).

[٤٧١] إعانة المستفيد (٣١٣/٢-٣١٤).

باب لا يسأل بوجه الله إلا الجنة

عن جابر رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (لا يسأل بوجه الله إلا الجنة). رواه أبو داود[٤٧٢].

فيه مسائل:

الأولى: النهي عن أن يسأل بوجه الله إلا غاية المطالب.

الثانية: إثبات صفة الوجه.

---

[٤٧٢] أخرجه أبو داود (١٦٧١).

باب لا يسأل بوجه الله إلا الجنة

داوا لەخوا ناکرێت بە ڕوخساری خوا مەگەر بۆ بەهەشت نەبێت

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید ئەوەیە: بەگەورە دانانی ڕوخساری خوای گەورەی تێدایە، بەجۆرێک داوای پێ ناکرێت ئیلا بەهەشت نەبێت)[٤٧٣].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید دیارە ئەویش ئەوەیە بە گەورە دانانی سیفەتە زاتی و فعلییەکانی خوای گەورە لە تەحقیقی تەوحید و لە تەواوی ڕەوشتە بەرامبەر بە خوای گەورە و بە گەورە دانانیەتی، بەگەورە دانانی خوا و ناو و سیفەتەکانی بە زۆر شتە، لەوانە داوا نەکرێت بە ڕوخساری خوا یان سیفەتەکانی خوا مەگەر بۆ داواکارییەکی گەورە نەبێت کە بەهەشتە)[٤٧٤].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (دانەری کتاب ئەم بابەی لە کتابی تەوحید باسکردوە چونکە بە گەورە دانانی سیفەتەکانی خوای گەورە لە بەگەورە دانانی خوای گەورەیە، وە بەگەورە دانانی ناو و سیفەتەکانی خوا لە تەوحیدە، سەبارەت بە گەورە دانەنانی نەقسە لە تەوحید چونکە بەکەم دانانی خوای تێدایە)[٤٧٥].

---

[٤٧٣] القول المفيد (١٤٤/٣).

[٤٧٤] التمهيد لاپەڕە (٤٩٩).

[٤٧٥] إعانة المستفيد (٣١٧/٢).

عن جابر رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (لا يسأل بوجه الله إلا الجنة). رواه أبو داود.

واتە: لە جابر دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (داوا لەخوا ناكرێت بە ڕوخساری مەگەر بۆ بەهەشت نەبێت، واتە: كە بە ڕوخساری خوا داوا لەخوا كرا نابێت جگە لە بەهەشت داوای شتی تر بكرێت).

ڕاڤەی وشەكانی فەرموودەكە و ماناكەی:

(لا يسأل بوجه الله إلا الجنة): جیاوزی هەیە لە مەبەستی ئەم فەرموودەیە، بۆ ئەمەش دوو وتە هەیە:

وتەی یەكەم: كەس با داوا لە دروستكراوەكان نەكات بە ڕوخساری خوا، ئەگەر ویستت داوا لە دروستكراوەكان بكەیت ئەوا داوایان لێ مەكە بە ڕوخساری خوا، چونكە داوا ناكرێت بە روخساری خوا مەگەر بۆ بەهەشت نەبێت، دروستكراوەكان ناتوانن بەهەشتت پێ بدەن، كەواتە نابێت بە هیچ شێوەیەك داوایان لی بكەیت بە ڕوخساری خوا، ئەوەی دیار بێت دانەری كتاب ئەم مانایەی لا پەسەندە، بۆیە ئەم بابەی بەدوای (باب لا يرد من سأل بالله) باسكردووە.

دووەم: ئەگەر داوات لەخوا كرد و داوای بەهەشت و چوونە بەهەشتت كرد، هیچی تێدا نیە بە ڕوخساری خوای گەورە داوا بكەیت، ئەگەر شتێكی دونیاییت داوا كرد بە ڕوخساری خوا داوا مەكە، چونكە ڕوخساری خوای گەورە لەوە گەورەترە شتی دونیایی پێ داوا بكەیت، ئاخیرەت داوا دەكرێت بە ڕوخساری خوا وەك: داوات لێ دەكەم بە ڕوخساری خۆت لە ئاگر ڕزگارم بكەیت،...

ئەگەر بگوترێ هەردوو مانا هەڵدەگرێت، ئەوەی ڕووی هەیە بۆ بەهێزی)[٤٧٦].

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوون بکاتەوە باش نییە داوای بێجگە لە بەهەشت بە ڕوخساری خوا بکەیت.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەگەر بە ڕوخساری خوا داوا لەخوا کرا نابێت جگە لە بەهەشت داوای شتی تر بکرێت.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی ڕوخسار بۆ خوای گەورە، ئەمە جێگیر بووە بە قورئان و سوننەت و یەک دەنگی پێشینەکان، قورئان:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلاَّ وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ {القصص:٨٨}.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ﴾ {الرعد:٢٢}. ئایەتەکان زۆرن

سەبارەت بە جێگیرکردنی ڕوخسار بۆ خوای گەورە، سەبارەت بە فەرموودە فەرموودەی پێشووتر: (أعوذ بوجهك).

---

[٤٧٦] القول المفيد (١٤٥/٣).

ئەهلی تعطیل دەڵێن (الوجه) دەلەلات لەسەر زات دەكات یان ڕوو یان پاداشت، دەڵێن: ئەگەر ڕوخسارمان بۆ جێگیركرد دەبێت لاشەشی هەبێت، لاشەكانیش وەك یەكتر وان تمثیل دروست دەبێت، خوای گەورە هاوشێوەی نیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ليس كمثله شيء﴾ {الشورى:١١}، جێگیركردنی مثل بەدرۆخستنەوەی قورئانە، ئێوە ئەهلی سوننە دەڵێن: هەر كەسێك باوەڕی وابێت خوای گەورە هاوشێوەی هەیە كافرە، ئێمە پێیان دەڵێین:

یەكەم: ئێوە دەڵێن مانای لاشەش لەخۆ دەگرێت و كەچی ڕادەكەن لێی:

أ- ئەگەر مەبەستان ئەوە بێت لاشە لێكدراوە لە ئێسك و دەمار و خوێن بە جۆرێك هەر ئەندامێك پێویستی بە ئەندامی تر هەیە؟ ئەوا ئێمەش هەمان وتەی ئێوە دەڵێین و نەفی ڕوخسار دەكەین.

ب- ئەگەر مەبەستان بە لاشە زاتێكی حەقیقی و وەسف كراو بێت بە سیفەتی تەواو، ئەوا هیچ قەدەغە كراوی تێدا نیە، خوای گەورە وەسفی نەفسی خۆی دەكات بە (صمد)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قل هو الله أحد الله صمد﴾ { الإخلاص:١-٢}، ابن عباس خوا لە هەردووكیان رازی بێت دەفەرموێت: (الصمد): ئەوەیە كە بۆشایی نیە، واتە گەدەی نیە.

دووەم: وتەی ئێوە كە دەڵێن لاشەكان وەك یەكتر وان ئەمە درۆیە، ئایا لاشەی ورچ وەك لاشەی مێروله وایە؟ لەنێوانیاندا جیاوازییەكی زۆر هەیە لە قەبارە و نەرمی و شتی تر)[٤٧٧].

---

[٤٧٧] القول المفيد (١٤٥/٣).

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کە تەوەسول بە سیفات دەکرێت نەک داوا لە سیفەتەکان بکرێت، زانایان دەڵێن وتنی: (یا وجه الله) دوو ئەگەری هەیە:

یەکەم: ئەگەر مەبەست پێی زات بێت ئەوا دروستە.

دووەم: ئەگەر مەبەست پێی زات نەبێت بەڵکو مەبەست پێی وجە (ڕوخسار) بێت ئەوا دروست نیە.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دروست نیە بۆ هیچ موسڵمانێک داوا لە سیفەتەکانی خوا بکات لەلای هەموو زانایان، وەک ئەوەی بڵێی: (یا وجه الله)، یان (یا علم الله) فلانە شتم بۆ بکە و داوام قبوڵ بکە، بەڵکو داوا لەخوا دەکرێت بە ناوە جوانەکانی و دەگوترێ: (یا رحمن)، سیفەتەکان تەوەسولیان پێ دەکرێت، ابن تیمییە دانی بەمە ناوە و یەک دەنگی زانایان هەیە لەسەر ئەمە)[٤٧٨].

پرسیار لە عبدالرحمن ناصر البراك کراوە بەوەی: حوکمی ئەو کەسە چییە ئەگەر سەرسام بوو بە شتێک و بڵێت: (یا وجه الله)؟

لە وەڵام دا دەفەرموێت: (نەخێر هەڵەیە، با بڵێ: (یا الله)، ئەمە دوعایە ڕێگەپێدراو و باسکراوە و مانای زانراوە).

---

[٤٧٨] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٤٦).

باب ما جاء في اللو

وقول الله تعالى: ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا﴾ {آل عمران:١٥٤}.

وقوله: ﴿الَّذِينَ قَالُواْ لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا﴾ {آل عمران:١٦٨}.

في الصحيح عن أبي هريرة أن رسول الله (ﷺ) قال: (احرص على ما ينفعك، واستعن بالله ولا تعجزن، وإن أصابك شيء فلا تقل لو أني فعلت لكان كذا وكذا؛ ولكن قل: قدر الله وما شاء فعل، فإن لو تفتح عمل الشيطان)[٤٧٩].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير الآيتين في آل عمران.

الثانية: النهي الصريح عن قول: لو، إذا أصابك شيء.

الثالثة: تعليل المسألة بأن ذلك يفتح عمل الشيطان.

الرابعة: الإرشاد إلى الكلام الحسن.

الخامسة: الأمر بالحرص على ما ينفع مع الاستعانة بالله.

السادسة: النهي عن ضد ذلك وهو العجز.

---

[٤٧٩] أخرجه مسلم (٢٦٦٤).

باب ما جاء في اللو

باسی بەکارهێنانی وشەی (ئەگەر) بۆ ڕابردوو

صالح آل الشيخ خوا بتپاریزێت دەفەرموێت: (دڵی ئیمانداری یەکخواپەرست تەحقیقی تەوحیدی نەکردووە هەتا نەزانێت هەموو شتێک لەژێر قەزا وقەدەری خوای گەورەیە دایە، ئەوەی دەیکاتە ۆکارێکە لە هۆکارەکان کە خوای گەورە هەمووی تقدیر کردووە لە ڕابردوودا بۆ دروستکراوەکان، چەند هەوڵ بدات و کردەوە بکات ناتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەم قەدەری خوای گەورە، ئەگەر دڵ خوای گەورەی بە گەورە دانا لە تەسەڕوفات ئەوا تووشی ئەگەر و تەمەننی نابێت دوای ڕوودانی شتەکە، ئەگەر فلانە شتی کردبا ئەوا ڕووی نەدەدا ئەمە هەڵەیە و نابێت، بەڵکو واجبە بزانێت کە قەدەری خوای گەورەیە جێ بەجێ بووە، پێش ئەوەی کردەوەکە بکرێت لە قەدەر هەمووی نووسراوە و دەبێت ئیلا ببێت، بەندە ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و بیگۆڕێ، ئەگەر وشەی "لو" و "لیت" و وشەکانی تری هاوشێوەی ئەمانەی بەکارهێنا کە دەلالەت لە سەر پەشیمان بوونەوە و خەم و خەفەت خواردن دەکەن ئەوا دڵ لاواز دەبێت و پەیوەست دەبێت بە هۆکارەوە)[٤٨٠].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دانەری کتاب ئەم بابەی بە کراوەیی باسکردووە بێ ئەوەی بە شێوەیەکی بڕاوە حوکم بەسەر شتێک بدا، چونکە "لو" بەکاردێت لە چەند ڕوویەک:

یەکەم: بەکاردەهێنرێت وەک ڕەخنە گرتن لە شەرع، ئەمەیان حەرامە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا﴾ {آل عمران:١٦٨}، لە غەزوەی ئوحود کاتێک لە ڕێگا دواکەوتن عبدالله بن أبي و هاوەڵانی کە سێیەکی جەیش دەبوون، کاتێک حەفتا پیاو لە موسڵمانان شەهید بوون دووڕووەکان ڕەخنەیان لە تەشریعی پیغەمبەر گرت و گوتیان: ئەگەر بە گوێی ئێمەیان بکردایا ئەوا دەگەڕانەوە وەک ئێمە و نەدەکوژران، ئێمە وامان دەبینی خێر لە شەرعی محمد دایە، ئەمەیان حەرامە و دەگاتە کوفر.

[٤٨٠] التمهيد لاپەڕە (٥٠٢-٥٠٣).

دووەم: بەکاردەهێنرێت وەک ڕەخنە گرتن لە قەدەر، ئەمەشیان حەڕامە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَكُونُوا كَالَّذِينَ كَفَرُوا وَقَالُوا لإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُوا فِي الأَرْضِ أَوْ كَانُوا غُزًّى لَوْ كَانُوا عِنْدَنَا مَا مَاتُوا وَمَا قُتِلُوا لِيَجْعَلَ اللَّهُ ذَلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ وَاللَّهُ يُحْيِ وَيُمِيتُ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ {آل عمران:١٥٦}، ئەگەر ئەوان مابوانەوە نەدەکوژران، ئەوان ڕەخنەیان دەگرت لە قەدەری خوای گەورە.

سێیەم: بەکاردەهێنرێت بۆ پەشیمان بوونەوە و خەم و خەفەت خواردن، ئەمەشیان حەڕامە، چونکە شتێک دەرگای پەشیمان بوونەوەت بۆ بکاتەوە ئەوا نەهی لێ کراوە، چونکە پەشیمان بوونەوە نەفس تووشی خەم و خەفەت و دڵ تەنگی دەکات، خوای گەورە دەیەوێت دڵ خۆش و ئارام بیت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (احرص على ما ينفعك، واستعن بالله ولا تعجزن، وإن أصابك شيء فلا تقل لو أني فعلت لكان كذا وكذا؛ ولكن قل: قدر الله وما شاء فعل، فإن لو تفتح عمل الشيطان).

نموونە: پیاوێک سوور بوو لەسەر کڕینی شتێک و گومانی برد قازانج دەکات، دواتر زەرەری کرد، ئەگەر نەم کڕیبا تووشی زەرەر نەدەبووم، ئەمەیان پەشیمان بوونەوە و خەم خواردنە، ئەمە زۆر ڕوودەدات و نەهی لێ کراوە.

چوارەم: بەکاردەهێنرێت بۆ کردنە بەڵگەی قەدەر لەسەر تاوان، وەک وتەی موشریکەکان: ﴿لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا﴾ {الأنعام:١٤٨}، وە وتەیان: ﴿وَقَالُوا لَوْ شَاءَ الرَّحْمَنُ مَا عَبَدْنَاهُمْ﴾ {الزخرف:٢٠}، ئەمەیان باطلە.

پێنجەم: بەكاردەهێنرێت بۆ ئاوات خواست و خۆزگە، حوكمەكەی بەگوێرەی ئاوات خواستنەكەیە، ئەگەر خێر بێت ئەوە خێرە و ئەگەر شەڕیش بێت ئەوە شەڕە، فەرموودەی صحيح هاتووە چیرۆكی ئەو چوار كەسەی یەكێكیان دەڵێت: (لو أن لي مالا لعملت بعمل فلان)، ئەمە ئاوات خواستنی خێرە، دووەمیان گوتی: (لو أن لي مالا لعملت بعمل فلان)، ئەمەیان ئاوات خواستنی شەڕە، پێغەمبەر (ﷺ) بە كەسی یەكەم فەرمووی: (فهو بنيته، فأجرهما سواء)، سەبارەت بە دووەمیان فەرمووی: (فهو بنيته، فوزرهما سواء).

شەشەم: بەكاردەهێنرێت تەنها بۆ خەبەر ئەمەیان دروستە، نموونە: ئەگەر ئامادەی دەرس ببومایە سوودم وەردەگرت، لەوانە وتەی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لو استقبلت من أمري ما استدبرت ما سقت الهدي ولأحللت معكم))[٤٨١].

---

[٤٨١] القول المفيد (٣/١٥١-١٥٣).

وقول الله تعالى: ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا﴾ {آل عمران:١٥٤}.
واتە: خوای گەورە دەفەرموویێت: (دووڕووەکان گوتیان: ئەگەر لەو کارەدا شتێکمان بەدەست بوایە لێرەدا نەدەکوژراین، بڵێ ئەگەر لەناو ماڵەکانتاندا بوونایە ئەوا ئەوانەی کوشتنیان لەسەر نووسراوە کوشتنەکە بۆیان دەچووە ئەو شوێنەی کە دەبوایا تیایدا بمرن).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿يَقُولُونَ﴾: ضمیر بۆ دووڕووەکان دەگەڕێتەوە.

﴿هَاهُنَا﴾: واتە: لێرە، مەبەستی پێی جەنگی ئوحودە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم ئایەتەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە واجبە موسڵمان تەسلیم بێت بە قەزا و قەدەری خوای گەورە، چونکە لە تەواوی تەوحیدە و نابێت وشەی ئەگەر بۆ ڕابردوو بەکاربهێنێت.

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بەکارهێنانی وشەی ئەگەر"لو" دوای قەدەری خوای گەورە هیچ سوودی نیە، چونکە خوای گەورە دەفەرموویێت "بڵێ ئەگەر لەناو ماڵەکانتاندا بوونایە ئەوا ئەوانەی کوشتنیان لەسەر نووسراوە کوشتنەکەیان بۆ دەچووە ئەو شوێنەی کە دەبوایا تیایدا بمرن"، ڕاکردن نیە لە قەزای خوای گەورە[٤٨٢].

---

[٤٨٢] تفسير سورة آل عمران (٣٣٨/٢).

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە حەرامە اعتراض لە شەرع و قەدەر بگریت.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (وتەی: ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا﴾:

١- ئەمەیان ڕەخنە گرتنە لە شەرع، چونکە ئەوان ڕەخنەیان لە پێغەمبەر گرت بەوەی دەرچووە بۆ جەنگ بێ موافەقەیان.

٢- دەکرێت اعتراض بێت لە قەدەر، واتە: ئەگەر ئێمە بیروڕای جوان و باشمان هەبوایا دەرنەدەچووین بە کوشتن)[٤٨٣].

قەرعاوی دەفەرموێت: (ئەم ئایەتە بەڵگەیە حەرامە اعتراض لە قەدەر بگریت)[٤٨٤].

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە واجبە تەسلیم ببیت بۆ قەزا و قەدەری خوای گەورە، چونکە ئەمە لە تەواوی تەوحیدە[٤٨٥].

---

[٤٨٣] القول المفيد (١٥٤/٣).

[٤٨٤] الجديدلاپەڕە (٤٢١).

[٤٨٥] الجديد لاپەڕە (٤٢١).

وقوله: ﴿الَّذِينَ قَالُواْ لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا﴾ {آل عمران:١٦٨}.

واتە: خوای گەورە دەفەرموویت: (ئەوانەی لەبارەی براکانیانەوە گوتیان و خۆشیان نەچوون بۆ غەزا، ئەگەر بە قسەی ئێمەیان بکردایە ئەوان نەدە کوژران، بڵێ: دەی مردن لەخۆتان دوور بخەنەوە ئەگەر ڕاستگۆن).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿الَّذِينَ قَالُواْ لِإِخْوَانِهِمْ﴾: واتە: ئەوانەی لەبارەی براکانیانەوە گوتیان، برا لێرە دوو ئەگەری هەیە:

١- لە ڕووکەشدا بران و بە برا حساب دەکرێن، چونکە دووڕوو مامەڵەی موسڵمانی لەگەڵ دەکرێت لە دونیا.

٢- برا واتە لە نەسەب.

ئەوەی دیار بێت مانای یەکەمە، چونکە دووڕووەکان مەبەستیان هەموو ئەوان بوون کە ئامادەبوون لە جەنگ، هەروەها ئەوانەی کوژران هەموویان برای نەسەبی ئەوان نەبوون.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

صالح آل الشيخ خوا بیپاریزێت دەفەرموویت: (مناسبەی ئەم دوو ئایەتە لەم بابە ئەوەیە: پەشیمان بوونەوە و خەم خواردن لەسەر ڕابردوو بە وشەی "ئەگەر" سیفەتی دووڕووەکانە، خوای گەورە سەبارەت بە دووڕووەکان دەفەرموویت: ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا﴾، وە دەفەرموویت: ﴿الَّذِينَ قَالُواْ لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا﴾ {آل عمران:١٦٨}، ئەمە چیرۆکی غەزای ئوحودە کە زانراوە و ئەمە

وتەی دووڕووەكانە، كەواتە بەكارهێنانی ئەگەر سیفەتی دووڕووەكانە، ئەمە بەڵگەیە حەڕامە)[٤٨٦].

سوودەكانی ئایەتەكە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بەكارهێنانی وشەی (ئەگەر) حەڕامە دوای جێ بەجی بوونی قەدەری خوای گەورە، چونكە سیاقەكە سیاقی زەمە، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: (وإن أصابك شيء فلا تقل لو أني فعلت لكان كذا وكذا)، ئەگەر مرۆڤ وەك خەبەر بیڵێت نەك وەك اعتراض، هەروەها پەشیمان و خەم و خەفەت ڕووی تێ نەكات لەوەی كە ڕوویداوە ئەوا هیچی تێدا نیە)[٤٨٧].

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە دووڕووەكان بە وتە و كردەوە تووشی خراپە بوون، ئەمەش وەردەگیرێت لە وتەی: (قالوا)، (وقعدوا)، ناشیرینی كردەوەیان نەچوو بوون بۆ جەنگ، وە ناشیرینی قسەشیان ئەوە بوو گوتیان: ﴿لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا﴾)[٤٨٨].

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەكرێت بە ڕووكەش[٤٨٩].

---

[٤٨٦] التمهيد لاپەڕە (٥٠٤).

[٤٨٧] تفسير سورة آل عمران (٤٣١/٢).

[٤٨٨] تفسير سورة آل عمران (٤٣٠/٢).

[٤٨٩] تفسير سورة آل عمران (٤٣٣/٢).

في الصحيح عن أبي هريرة أن رسول الله (ﷺ) قال: (احرص على ما ينفعك، واستعن بالله ولا تعجزن، وإن أصابك شيء فلا تقل لو أني فعلت لكان كذا وكذا؛ ولكن قل: قدر الله وما شاء فعل، فإن لو تفتح عمل الشيطان).

واتە: لە ئەبو هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (پێداگر بە لەسەر ئەوەی سوودت پێ دەگەیەنێت، لەوەشدا بەخۆت پشت ئەستور مەبە و داوای کۆمەکی و یارمەتی لەخوا بکە، تەمبەڵی و ئیهمالی مەکە، ئەگەر تووشی شتێک بوویت پێت ناخۆش بوو ئەو کاتە بزانە "قەدەری خوایە" و مەڵێ: ئەگەر ئاوا و ئاوام بکردایە ئاوا و ئاوا دەبوو، بەڵکو بڵێ: ئەوە قەدەری خوایە، خوا چی ویست بیکات، کردی، چونکە گوتنی ئەگەر بۆ ڕابردوو دەرگای کاری شەیتان دەکاتەوە).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(احرص على ما ينفعك): واتە: پێداگر بە لەسەر ئەوەی سوودت پێ دەگەیەنێت.

(واستعن بالله): واتە: داوای کۆمەکی و یارمەتی لە خوا بکە.

(ولا تعجزن): واتە: تەمبەڵی و ئیهمالی مەکە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردووە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە واجبە باوەڕت بە قەزاو قەدەر هەبێت و واجبە وشەی "ئەگەر" تەرک بکەیت لە کاتی دابەزینی موسیبەت و ناخۆشی.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی سیفەتی خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، وە خۆشەویستی یەکە جیاوازە لە ئیماندارێکەوە بۆ ئیماندارێکی تر، بە گوێرەی بەهێزی و لاوازی ئیمانەکەیەتی)[٤٩٠]

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە خەڵک لێک جیاوازن لە لاوازی و بەهێزی ئیمان، لەبەر وتەی: (المؤمن القوي خير وأحب إلى الله من المؤمن الضعيف)[٤٩١].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئیمان زیاد و کەم دەبێت.[٤٩٢] .

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئیماندار ئەگەر چی ئیمانیشی لاواز بێت خێری تێدایە، لەبەر وتەی (وفي كل خير)[٤٩٣].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە شەریعەت هاتووە بۆ تەواو کردنی بەرژەوەندییەکان، لەبەر وتەی: (احرص على ما ينفعك)، ئەگەر ئیماندار فەرمانی پێغەمبەری خوا جێ بەجێ بکات ئەوا عیبادەتە بۆی ئەگەر چی سوودێکی دونیاییش بێت[٤٩٤] .

٦- نابێت کەسی عاقڵ توانای خۆی سەرف بکات لە شتێک کە سوودی نەبێت.

---

[٤٩٠] إعانة المستفيد (٣٢٦/٢).
[٤٩١] القول المفيد (١٦٦/٣-١٧٠).
[٤٩٢] القول المفيد (١٦٦/٣-١٧٠).
[٤٩٣] القول المفيد (١٦٦/٣-١٧٠).
[٤٩٤] القول المفيد (١٦٦/٣-١٧٠).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (نابێت کەسی عاقڵ توانای خۆی سەرف بکات لە شتێک کە سوودی نەبێت، لەبەر وتەی (احرص على ما ينفعك)[٤٩٥].

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ئارام گرتن، لەبەر وتەی: (ولا تعجزن)[٤٩٦].

٨- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە شەیتان کاریگەری لەسەر نەوەی ئادەم هەیە، لەبەر وتەی (فإن لو تفتح عمل الشيطان)، ئەمەیان گومانی تێدا نیە، لەبەرئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إن الشيطان يجري من ابن آدم مجرى الدم)[٤٩٧].

٩- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جوانی فێرکردنی پێغەمبەر (ﷺ) کاتێک نەهی کرد لە وشەی "ئەگەر" و عیللەتیشی باسکرد، بۆئەوەی حیکمەتی شەریعەت ڕوون بکاتەوە و ئیماندار ئیمانی زیاد بێت و پێداگربێت لەسەر جیبەجێ کردنی فەرموودەکە[٤٩٨].

١٠- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەگەر شتێک لە توانای مرۆڤدا نەبێت دروستە قەدەر

بکاتە بەڵگە، لەبەر وتەی: (ولكن قل: "قدر الله وماشاء فعل)، سەبارەت بەوەش کە لەتواناتدا بێت، بۆت نیە قەدەر بکەیتە بەڵگە.

سەبارەت بە ئادەم و موسا (عليهما السلام)، موسا بە ئادەمی گوت: (لماذا أخرجتنا ونفسك من الجنة؟ فقال: أتلموني على شيء قد كتبه الله علي)، ئەمەیان قەدەری کردە بەڵگە، قەدەرییەکان ئەم فەرموودەیە بەدرۆ دەخەنەوە، چونکە عادەتی ئەهلی بیدەع وایە هەر شتێک پێچەوانەی بیدعەکەیان بێت ئەگەر کرا بەدرۆی دەخەنەوە ئەگەر نا ماناکەی

---

[٤٩٥] القول المفيد (١٦٦/٣-١٧٠).

[٤٩٦] القول المفيد (١٦٦/٣-١٧٠).

[٤٩٧] القول المفيد (١٦٦/٣-١٧٠).

[٤٩٨] القول المفيد (١٦٦/٣-١٧٠).

دەگۆڕن، بەڵام ئەم فەرموودەیە بە صحیحی جێگیربووە لە بوخاري و موسلیم و ئەوانی تر.

ابن تیمییە دەفەرموێت: ئەمەیان لە بابی قەدەرکردنە بەڵگەیە لەسەر موسیبەتەکان نەک عەیبەکان، موسا ڕەخنەی لە ئادەم نەگرت لەسەر تاوان کە هۆکاری دەرکردنەکەی بوو، بەڵکو ڕەخنەی لێگرت لەبەر دەرچوونی نەفسی.

ماناکەی: کردەوەی تۆ هۆکار بوو بۆ دەرچوونی ئێمە، ئەگەر نا موسا علیه الصلاة والسلام دوورە لەوەی لەومەی باوکی خۆی بکات لەسەر تاوانێک کە تەوبەی لێکردووە و خوای گەورە هەڵیبژارد و هیدایەتی دا، ئەمە دەگونجێت لەسەر فەرموودەکە.

ابن القیم بۆ مانایەکی تر چووە: ئادەم قەدەری کردە بەڵگە دوای ئەوەی کات بەسەریدا تێپەڕی و تەوبەی کرد، وەک حاڵی ئەوانە نیە کە قەدەر دەکەنە بەڵگە و لەسەر تاوان دەمێننەوە، هەروەها بەردەوامیش دەبن، موشریکەکان گوتیان: ﴿لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلا آبَاؤُنَا﴾ {الأنعام:١٤٨}، خوای گەورە ئەوانی بەدرۆ خستەوە، چونکە ئەوان نەیان دەکردە بەڵگە لەسەر شتێکی ڕۆیشتو و بڵێن: تەوبەمان کرد بۆ لای خوا، بەڵکو دەیانکردە بەڵگە لەسەر مانەوە لەسەر شیرک)[٤٩٩].

١١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە ئیمانت بە قەزا و قەدەر هەبێت، ڕوکنی شەشەمە لە ڕوکنەکانی ئیمان و لە نیشانەکانی تەوحیدە، هەروەها ئیمان نەبوون بە قەزا و قەدەر نەفی تەوحید دەکات و لە نیشانەکانی نیفاقە[٥٠٠].

---

[٤٩٩] القول المفيد (١٦٦/٣-١٧٠).

[٥٠٠] إعانة المستفيد (٣٢٩/٢).

١٢- ئەم فەرموودەیەی بەڵگەیە واجبە وشەی (ئەگەر) تەرک بکەیت لە کاتی دابەزینی موسیبەت و ناخۆشی، نابێت بڵێیت ئەگەر ئاوا و ئاوام بکردبا ئەم موسیبەتەم تووش نەدەبوو، بەڵکو دەڵێیت: ئەم موسیبەتە مقدرە لە خواوە و ڕازیم بە قەزا و قەدەری خوای گەورە[٥٠١].

صالح آل الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (سەبارەت بە بەکارهێنانی (لو) واتە: ئەگەر، بۆ داهاتوو بێت ئەگەر بۆ خێر بێت و ئومێدی پاداشتی هەبێت لای خوا بەوەی یارمەتی بدات لەسەر هۆکاری خێر ئەمەیان دروستە، بەڵام ئەگەر وەک ناچارکردن و خۆ بەگەورە دانان ئەمە بڵێت ئەمەیان دروست نیە، چونکە جۆرێکە لە تحکم کردن بەسەر قەدەردا)[٥٠٢].

١٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دەبێت موسڵمان هۆکار بگرێتەبەر، لەبەر وتەی (احرص على ما ينفعك)[٥٠٣].

١٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نەهی کراوە لە پشت بەستن بە هۆکارەکان و واجبە داوای یارمەتی لەخوا بکەیت، لەبەر وتەی: (واستعن بالله)[٥٠٤].

١٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نەهی کراوە لە ئیهمالی و تەمبەڵی و هۆکار پشت گوێ خستن[٥٠٥].

---

[٥٠١] إعانة المستفيد (٣٢٩/٢).
[٥٠٢] التمهيد لاپەڕە (٥٠٥).
[٥٠٣] إعانة المستفيد (٣٣٠/٢).
[٥٠٤] إعانة المستفيد (٣٣٠/٢).
[٥٠٥] إعانة المستفيد (٣٣٠/٢).

باب النهي عن سب الريح

عن أبي بن كعب رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا تسبوا الريح، فإذا رأيتم ما تكرهون فقولوا: اللهم إنا نسألك من خير هذه الريح، وخير ما فيها، وخير ما أمرت به، ونعوذ بك من شر هذه الريح، وشر ما فيها، وشر ما أمرت به) صححه الترمذي[٥٠٦].

فيه مسائل:

الأولى: النهي عن سب الريح.

الثانية: الإرشاد إلى الكلام النافع إذا رأى الإنسان ما يكره.

الثالثة: الإرشاد إلى أنها مأمورة.

الرابعة: أنها قد تؤمر بخير وقد تؤمر بشر.

---

[٥٠٦] أخرجه الترمذى (٢٢٥٢) وقال: "حديث حسن صحيح".

باب النهي عن سب الريح

قەدەغەکردنی جنێودان بە با

صالح آل الشيخ خوا بپارێزێت دەفەرموویت: (با دروستکراوێکە لە دروستکراوەکانی خوای گەورە و ژێر بارکراوە، تاکەکەی (ریاح)ە، خوای گەورە دەیهێنێت و دەیبات بە ئارەزووی خۆی چۆنی بوێت، وەک زەمانە وایە و هیچی بە دەست نیە و هیچ شتێک بەڕێوە نابات، جنێودان بە با وەک جنێودانە بە زەمانە لە ڕاستیدا بۆ ئازاردنی خوای گەورە دەگەڕێتەوە، چونکە خوای گەورەیە دەیبات و دەیسوڕێنێت چۆن بیبەوێت، جار وایە با دێت بۆ شتێکی ناخۆش بۆ ئەوەی تەوبە و گەڕانەوە بەبیر بەندە بهێنێتەوە و توانای خوای گەورە بە بەندەکان پیشان بدات، وە بۆ ئەوەی پیشانی بەندەکان بدات ئەوان دەوڵەمەند نین لەخوا بە ئەندازەی چاو تروکانێک، جار وایە با دێت بۆ مەسڵەحەتی بەندە.

دانەری کتاب ئەم بابەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە حەرامە جنێو بە با بدەیت، هەروەک بابی پێشتر باسی کرد حەرامە جنێو بە زەمانە بدەیت، چونکە ئەزیەت دانی خوای گەورەی تێدایە، ئەم بابە لەو جنسەیە)[٥٠٧].

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (لەبەر ئەوە جنێودان بە با و دروستکراوەکانی تر نەقسە لە ئیمان و قەدحە لە تەوحید، دانەری کتاب ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە بۆ ئەوەی ئیماندار بزانێت تاوانەکانی تر تەوحید و ئیمان کەم دەکەن و لاوازی دەکەن، ئیمان زیاد و کەم دەبێت، هەروەها تەوحیدیش زیاد و کەم دەبێت، جنێودان بە با ئیمان کەم دەکات، چونکە با دروستکراوێکی ژێر بارکراوە و دەنێردرێت بە خێر

---

[٥٠٧] التمهيد لاپەڕە (٥٠٦-٥٠٧).

و شەڕ كەوابوو جنێو بە با مەدە، بەڵكو ئیماندار كردەوە بەوە دەكات كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێكردووە لە فەرموودە)[٥٠٨].

[٥٠٨] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٥٣).

عن أبي بن كعب رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) قال: (لا تسبوا الريح، فإذا رأيتم ما تكرهون فقولوا: اللهم إنا نسألك من خير هذه الريح، وخير ما فيها، وخير ما أمرت به، ونعوذ بك من شر هذه الريح، وشر ما فيها، وشر ما أمرت به) صححه الترمذي.

واتە: لە ئوبەی کوڕی کەعب دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (جنێو بە با مەدەن ئەگەر شتێکتان لێ بینی کە پێتان ناخۆش بوو بەڵکو بڵێن: خوایە داوای چاکەی ئەو بایەت لێ دەکەین و هەر چاکەیەکیش کە تیایدا هەیە، هەروەها هەر چاکەیەکیش کە ئەو بایە فەرمانی پێکراوە بیکات، وە پەنات پێدەگرین لە خراپە و بەدی ئەم بایە، وە لە خراپەی هەرچیەکی کە تیایدایە و هەڵی گرتوە، وە لە خراپەی هەرچییەک کە فەرمانی پێدراوە بیکات.)

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(لا تسبوا الريح): واتە: جنێو بە با مەدەن، (سب): جنێو و نەفرەت و عەیبدار کردن و هەموو ئەمانە دەگرێتەوە.

(من خير هذه الريح): واتە: خوایە داوای چاکەی ئەو بایەت لێ دەکەین، وەک هەوای خۆش و فێنک.

(وخير ما أمرت به): واتە: هەرچاکەیەکیش کە تیایدا هەیە، وەک تەڵقیحی بەروبووم.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب ئەم فەرموودەیەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە حەڕامە جنێو بە با بدەیت.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نەهی کراوە لە جنێودان بە با، چونکە ئەمە زیان بە تەوحید دەگەیەنێت لەو ڕووەوە کە شتەکان دەدرێنە پاڵ بێجگە لەخوا.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەم بابە لە جنسی بابەکانی پێشووترە کە نەهی کراوە لە جنێودان بە زەمانە و نەهی کراوە لە وتەی: "لو"، وە نەهی کراوە لە تنجیم و شتی تر، هەموو شت دانە پاڵ بێجگە لەخوا نەهی لێکراوە، چونکە شتەکان هەموویان بە دەست خوای گەورەن، ئەو خۆی دروستکاریانە و بەڕێوەیان دەبات، نابێت ئەم شتانە بدرێنە پاڵ هۆکارەکان، چونکە بەکەم دانان و شت دانە پاڵ بێجگە لەخوای تێدایە.

هەروەک پێشتر باسمان کرد ئەگەر باوەڕی وابێت ئەم شتانە خۆیان بکەرن و شت دروست دەکەن و ڕووداوەکان دێننە دی ئەوە شیرکی گەورەیە، چونکە کردوویەتی بە شەریک لەگەڵ خوای گەورە لە پەروەردگارییەتی دا.

ئەگەر ئەم بیروباوەڕەی نەبێت، بەڵکو باوەڕی وایە خوای گەورە خالق و بەڕێوەبەرە، بەڵکو ئەم شتانەی داوەتە پاڵ دروستکراوەکان تەنها وەک هۆکار ئەمەیان حەڕامە و لە شیرکی بچووکە، هەتا ابن عباس کە پێشتر باسمان کرد وتەی: (كانت الريح طيبة، وكان الملاح حاذقا)، ئەمەی بە هاوتا دانان بۆ خوای گەورەی داناوە، وتەی خوای گەورە: (فلا تجعلوا لله أندادا وأنتم تعلمون)، تەفسیری کردووە بەوەی ئەگەر سواری کەشتی ببن هیچ ناخۆشی یەک نەیێتە پێشیان ئەوا ئەو نیعمەتە دەیدەنە پاڵ زیرەکی کەشتیوانەکە یان دەیدەنە پاڵ هەوای باش و خۆش کە ڕووی کەشتی یەکەیانی بەو ئاراستەیەدا بردوە، ئەمەیان شەریک دانانە بۆ خوای گەورە، چونکە واجبە سوپاسی خوای گەورە بکات چونکە ئەوەی بای بۆ ئێوە ژێربار کردووە هەر ئەویش کەشتیوان و زانستەکەشی بۆ ئێوە ژێربار کردووە، شتەکان دەدرێنە پاڵ چاوگەکەی، ئەمە تەوحیدە.

سەبارەت بەوەی شت دانە پاڵ بێجگە لەخوا ئەمەیان یان شیرکی گەورەیە یان شیرکی بچووکە...

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نەهی کراوە لە جنێودان بە با، چونکە ئەمە زیان بە تەوحید دەگەیەنێت لەو ڕووەوە شتەکان دەدرێنە پاڵ بێجگە لەخوا)[٥٠٩].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە جنێودان بە با حەرامە، زانایان دەڵێن جنێودان بە با ئەم سێ حاڵەتانەن:

یەکەم: ئەگەر جنێو بە با بدات و مەبەستی خوای گەورە بێت ئەمەیان کوفری گەورەیە.

دووەم: ئەگەر جنێو بە با بدات باوەڕی وابێت با خۆی بکەرە و خۆی شتەکان دەکات بێ ویست و فەرمانی خوای گەورە ئەمە کوفری گەورەیە جا جنێو بدات یان نەیدات.

سێیەم: جنێو بە با دەدات و باوەڕی وایە با ژێر بارکراوە و هیچی بە دەست نییە بەڵکو بە دەست خوای گەورە، ئەمەیان حەرامە.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە با ژێر بارکراوە، هەندێک جار بەخێر دێت و هەندێک جار بە شەڕ دێت بە فەرمانی خوای گەورە، مادام وایە نابێت زەم و مەدح ئاراستەی با بکەیت، بەڵکو دەبێت ڕوو لەخوا بکەیت و بگەڕێیتەوە بۆ لای خوای گەورە بە دوعا کردن لە کاتی تەنگانە، وە سوپاسی خوای گەورە بکەیت لە کاتی خۆشی)[٥١٠].

---

[٥٠٩] إعانة المستفيد (٢/٣٣١-٣٣٢).

[٥١٠] إعانة المستفيد (٢/٣٣٥).

قەرعاوی دەفەرموویت: (فەرموودەكە بەڵگەیە حەڕامە جنێو بە با بدەیت)[٥١١].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە موسڵمان لە كاتی تەنگانە ڕوو لەخوا دەكەن بە دوعا و پاڕانەوە و تەوحید، ڕوو لە بێجگە لەخوا ناكەن، وەك حاڵی موشریكەكانی ئەم زەمانە لە كاتی تەنگانەدا داوا لە بێجگە لەخوا دەكەن، داوا لەو كەسانە دەكات كە ڕزگاریان دەكەن لە مردوو و وەلی یەكان و پیاوچاكان[٥١٢] .

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ فەزڵ و خێری با كە چەندین سوود و خێری تێدایە و بەندە لێی بێ ئاگایە، موتەڕیف ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەگەر با (هەوا) مەنع بكرێت لە خەڵك، ئەوا نێوان ئاسمان و زەوی بۆگەن دەبێت).

---

[٥١١] الجديد لاپەڕە (٤٢٧).

[٥١٢] إعانة المستفيد (٣٣٥/٢).

باب قول الله تعالى:

﴿يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ﴾ [آل عمران: ١٥٤]

وقوله: ﴿وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ﴾ {الفتح:٦}.

قال ابن القيم في الآية الأولى: (فسر هذا الظن بأنه سبحانه لا ينصر رسوله، وأن أمره سيضمحل، وفسر بظنهم أن ما أصابهم لم يكن بقدر الله وحكمته، ففسر بإنكار الحكمة، وإنكار القدر، وإنكار أن يتم أمر رسوله، وأن يظهره الله على الدين كله. وهذا هو الظن السوء الذي ظنه المنافقون والمشركون في سورة الفتح، وإنما كان هذا ظن السوء؛ لأنه ظن غير ما يليق به سبحانه، وما يليق بحكمته وحمده ووعده الصادق، فمن ظن أنه يديل الباطل على الحق إدالة مستقرة يضمحل معها الحق، أو أنكر أن يكون ما جرى بقضائه وقدره أو أنكر أن يكون قدره بحكمة بالغة يستحق عليها الحمد، بل زعم أن ذلك لمشيئة مجردة، فذلك ظن الذين كفروا فويل للذين كفروا من النار.

وأكثر الناس يظنون بالله ظن السوء فيما يختص بهم وفيما يفعله بغيرهم، ولا يسلم من ذلك إلا من عرف الله وأسماءه وصفاته وموجب حكمته وحمده.

فليعتن اللبيب الناصح لنفسه بهذا، وليتب إلى الله ويستغفره من ظنه بربه ظن السوء، ولو فتشت من فتشت لرأيت عنده تعنتا على القدر وملامة له، وأنه كان ينبغي أن يكون كذا وكذا، فمستقل ومستكثر، وفتش نفسك: هل أنت سالم؟

فإن تنج منها تنج من ذي عظيمة وإلا فإني لا إخالك ناجيا[٥١٣].

---

[٥١٣] زاد المعاد (٣/٢٣٤-٢٣٥).

فيه مسائل:

الأولى: تفسير آية آل عمران.

الثانية: تفسير آية الفتح.

الثالثة: الإخبار بأن ذلك أنواع لا تحصر.

الرابعة: أنه لا يسلم من ذلك إلا من عرف الأسماء والصفات وعرف نفسه.

باب قول الله تعالى:

﴿يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ﴾ [آل عمران: ١٥٤]

واته: خوای گەورە دەفەرموویێت: (پاشان، دوای ئەو غەم و پەژارایە ئارامی و هێمنی بەسەردا دابەزاندن کە وەنەوزێک بوو دەستەیەکتانی داگرتبوو، دەستەیەکی تریش بەڕاستی خەمی خۆیان بوو،گومانی ناڕەوایان دەبرد بەخوای گەورە بە گومانی نەفامانە و دەیانوت ئایا ئێمە لەم کارەدا

(لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن) هیچ شتێکمان هەیە؟! (ئەوپشتیوانییەی کەخوا بەڵێنی پێدابووین بۆ نەهات؟!) ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: بێگومان هەموو شتێک بەدەست خوایە، ئەوانە هەندێک شت دەشارنەوە لە دەروونی خۆیاندا و بۆ تۆی دەرناخەن، هەروەها دەڵێن ئەگەر (بەڵێنی سەرکەوتن ڕاست بوایە) ئێمە شتێکمان بەدەست بوایە ئالێرەدا نەدەکوژراین! پێیان بڵێ: ئەگەر لەماڵی خۆشتاندا بوونایە، ئەوانەی کە بڕیارە بکوژرانایە دەبوا هەروایان بەسەر بهاتایەو لە شوێنی کوژرانیاندا ڕاکشانایە بێگومان خوا ئەم شتانەتان بەسەر دەهێنێت تا ئەوەی لە دەروونتاندا هەیە تاقی بکاتەوە بەوەی هەرچیەک لەدڵەکانتاندا هەیە خاوێنی بکاتەوە و حەقیقەتەکە بەدەربخات، ئەو خوایەش زانایە بەوەی کە لە ناخی سینەکاندا حەشار دراوە.)

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویێت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید ئەوەیە: گومانی باش بردن لە واجبی تەوحیدە، گومانی خراپ بردن نەفی تەوحید دەکات ئەمە ڕووی باسکردنی ئەم بابەیە لە کتابی تەوحید)[٥١٤].

---

[٥١٤] إعانة المستفيد (٣٣٧/٢).

صالح آل الشيخ خوا بپارێزێت دەفەرموێت: (مناسبەی باسكردنی ئەم بابە لە كتابی تەوحید ئەوەیە: خوای گەورە وەسف كراوە بە سیفەتی تەواو و كردەوەكانی پڕن لە حیكمەت و دادپەروەری و ڕەحمەت و چاكە، خوای گەورە كاملە لە ناوەكانیدا، كاملە لە سیفەتەكانیدا، كاملە لە پەروەردگارییەتیدا، لە كەمالی پەروەردگاریەتی و ناو و سیفەتەكانیدا ئەوەیە هیچ شتێک ناكات مەگەر پڕ بێت لە حیكمەت، حیكمەتیش ئەوەیە خوا ی گەورە هەر شتێک بكات لە جێگای خۆیەتی، شتێكی باش و سوپاسكراوە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر كەمالی خوا و، وەسف و سیفەتەكانی

هەمووی كەمال و جوانن، لەبەرئەوە لەبەر كەمالی خوای گەورە دەبێت گومانی باش و حەق بە خوای گەورە ببەیت، وە نابێت گومانی خراپی پێ ببەیت و دەبێت باوەڕت وا بێت خوای گەورە كاملە لە حیكمەت و دادپەروەری و ڕەحم و ناو و سیفەت دا، ئەوەی وا گومان ببات كە خوای گەورە لە هەندێک شت كە دەیكات بێ حیكمەتە ئەوە گومانی نەقسی بە خوای گەورە بردووە و ئەمە گومانی خراپ بردنە بەخوای گەورە بە گومانی جاهلی، گومانی ناحەق بردن بە خوای گەورە نەفی تەوحید دەكات و دەكرێت نەفی تەواوی تەوحید بكات، هەندێكیان خاوەنەكەی دەركردووە لە ئیسلام، وەک گومانی خراپ بردن لە هەندێک بابەتی قەدەر، وە هەیە نەفی تەواوی تەوحید دەكات وەک باوەڕ نەبوون بە حیكمەت)[٥١٥].

ڕاڤەی وشەكانی ئایەتەكە:

﴿يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ﴾: واتە: گومانی نارەوایان دەبرد بەخوای گەورە بە گومانی نەفامانە.

---

[٥١٥] التمهيد لاپەڕە (٥١٠).

ابن الجوزی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (چوار وتە هەیە سەبارەت بەم ئایەتە:

١- گومانیان وابوو خوای گەورە (محمد) و هاوەڵانی سەرناخات، کە ئەبو صالح لە ابن عباس نەقلی کردووە.

٢- گومانیان وابوو (محمد) کوژرا، کە ئەمە وتەی مقاتلە.

٣- قەدەریان بەدرۆ خستەوە، کە ضحاك لە ابن عباس نەقلی کردووە.

٤- گومانیان وابوو کارەکەی (محمد) تەواو بەرەو تیاچوونە)[٥١٦].

﴿يَقُولُونَ﴾: واتە: لەوانەیە مەبەست پێی گوتن بێت بە قسە یان دڵ، لەوانەشە گوتن بێت لە نەفس، ئەوەی دیار بێت گوتنە بە زمان، چونکە ئەسڵ وایە وتە ئەگەر بە ڕەهایی باسکرا مەبەست پێی قسەیە بە زمان.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (ئایەتەکە بەڵگەیە حەرامە گومانی خراپ ببەیت بە خوای گەورە، هەروەها ئایەتەکە بەڵگەیە واجبە گومانی باش ببەیت بە خوای گەورە، چونکە ئەمە لە واجباتی تەوحیدە)[٥١٧].

سوودەکانی ئایەتەکە:

---

(٥١٦) زاد المسير(٢٨٦/١).

(٥١٧) الجديد لاپەڕە ٤٢٨.

١- گومان بردنی ئەمانە بەخوای گەورە ناحەق بووە، لەبەر وتەی: ﴿يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ﴾.

٢- هەر کەسێک گومانی ناحەق بەخوا ببات ئەوە جاهلە، لەبەر وتەی: ﴿يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ﴾.

٣- واجبی گومان باش بردن بەخوای گەورە لە هەموو حاڵەتەکان، چونکە کەم کەس هەیە سەلامەت بێت لەم گومانە.

٤- ڕەخنە گرتنی ئەمانە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ دەرچوون بۆ ئوحد، لەبەر وتەی: ﴿يَقُولُونَ هَلْ لَنَا مِنَ الْأَمْرِ مِنْ شَيْءٍ﴾.

٥- هەموو کاروبارەکان و شتەکان بەدەست خوایە، فەرمانی شەرعی و کەونی، لەبەر وتەی: ﴿قُلْ إِنَّ الْأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ﴾.

٦- واجبی جێ بەجێکردنی فەرمانی شەرعی خوای گەورە و ڕازی بوون و تەسلیم بوون بۆ فەرمانی کەونی.

٧- پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەبەر دەرە لەلایەن خوای گەورەوە، لەبەر وتەی: ﴿قُلْ إِنَّ الْأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ﴾.

٨- ئەم ئایەتە بەڵگەیە حەرامە گومانی خراپ بە خوای گەورە ببەیت، چونکە خوای گەورە باسی ئەمانەی کردووە کە هیچ هەمێکیان نییە ئیلا نەفسی خۆیان نەبێت، ئەگەر گومانی خراپ بردن بە خوا زەمکراو بێت ئەواگومانی باش بردن سوپاسکراوە[٥١٨].

٩- ئەم ئایەتە بەڵگەیە هەموو شتێک بەدەست خوایە، جا فەرمانی شەرعی بێت یان کەونی، هیچ کەس بەشی نیە لەگەڵ خوای گەورە و هەمووی بەدەست خوایە.

١٠- ئەم ئایەتە بەڵگەیە واجبە لەسەر مرۆڤ ئینکاری خراپە بکات بە باسکردنی حەق، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّ الْأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ﴾، فەرمانی لە وتەی: ﴿قُلْ﴾، کەمترین حاڵی ئەوەیە سوننەتە[٥١٩].

---

[٥١٨] تفسير سورة آل عمران (٣٣٧/٢).

[٥١٩] تفسير سورة آل عمران (٣٣٧/٢).

وقوله: ﴿الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ﴾ {الفتح:٦}.

واتە: خوای گەورە دەفەرموێت: (لەو لاشەوە ئازار و ئەشکەنجەی دووڕو و موشریکەکان، چ پیاوانیان چ ئافرەتانیان بدات، ئەوانەی کەتێکڕا گومانی خراپیان دەربارەی خوا هەیە، ئەو گومانە خراپەیان هەربۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، ئەوانە خوا نەفرەتی لێکردوون و دۆزەخی بۆ ئامادەکردوون، ئای کە چ سەرەنجامێکی یەکجار سەخت و سامناکە!)

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

ابن الجوزی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (وتەی خوای گەورە: ﴿الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ﴾، پێنج وتە هەیە سەبارەت بەم ئایەتە:

- گومانیان وابوو خوای گەورە شەریکی هەیە.

- گومانیان وابوو خوای گەورە محمد (ﷺ) و هاوەڵانی سەرناخات.

- گومانیان وابوو کاتێک دەرچوون بۆ حودەیبیە دەکوژرێت یان دەشکێت و ناگەڕێتەوە.

- گومانیان وابوو ئەوان و پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەک پلەیان هەیە لای خوای گەورە.

- گومانیان وابوو خوای گەورە مردوو زیندوو ناکاتەوە)[٥٢٠].

---

(٥٢٠) زاد المسير (٢٠٣/٧).

قرطبی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (گومانیان وابوو پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی ناگەڕێنەوە بۆ مەدینە کاتێک دەرچوون بۆ حودەیبیە، هەروەک دەفەرموێت: ﴿بَلْ ظَنَنْتُمْ أَنْ لَنْ يَنْقَلِبَ الرَّسُولُ وَالْمُؤْمِنُونَ إِلَى أَهْلِيهِمْ أَبَدًا﴾ [الفتح: ١٢])[٥٢١].

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (ئایەتەکە بەڵگەیە حەرامە گومانی خراپ بە خوای گەورە ببەیت)[٥٢٢].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- وتەی: ﴿وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾، هیچ هەڕەشە و سزایەک بۆ کەس کۆ نەبۆتەوە ئەوەی بۆ ئەهلی شیرک هاتووە، ئەوان گومانی خراپیان بە خوای گەورە برد هەتا تووشی شیرک بوون، ئەگەر گومانی باشیان بەخوا بردبا، ئەوە بە تەنیایان دادەنا و تووشی شیرک نەدەبوون و حەقی تەوحیدیان دەدا[٥٢٣].

٢- دووڕوو کوفری توندترە و گەورەترە لە موشریک بۆیە پێش خراوە.

٣- هۆشداری دان لە نیفاق و شیرک و گومانی خراپ بردن بە خوای گەورە، چونکە ئەمانە هۆکارن بۆ سزای خوای گەورە، هەروەها گومانی خراپ بردن لە نیفاقی گەورەیە.

---

(٥٢١) تفسیر قرطبی.

(٥٢٢) الجدید لاپەڕە (٤٣١٠).

(٥٢٣) (إغاثة اللهفان) لابن القیم (٦١/١).

٤- حوكمی خوای گەورە و قەزای خوا بەسەریان و سزا بۆیان، لەبەر وتەی: ﴿عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ﴾.

٥- غەزەبی خوای گەورە بەسەریان و دوورخستنەوەیان لە ڕەحمەتی خۆی و بەهەشتی، دۆزەخ دوا شوێنیان دەبێت، لەبەر وتەی: ﴿وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾.

٦- ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ترسناكی دووڕووان بۆ ئیمانداران، چونكە یەكەم جار باسی دووڕووی كردووە، پاشان باسی موشریكی كرد، زانایان دەڵێن لەبەر ئەوە یەكەم جار باسی دووڕووی كردووە لەبەر ترسناكی دووڕوو بۆ ئیمانداران بەوەی كە لە موشریكان ترسناكترن.

٧- ئەم ئایەتە بەڵگەیە گومانی خراپ بردن بەرامبەر خوا لە نیفاقی بیروباوەڕە.

٨- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ جێگیركردنی سیفەتی غەزەب بۆ خوای گەورە.

٩- ئەم ئایەتە بەڵگەیە دروستە نەفرەت لە كافر بكەیت بە شێوەیەكی گشتی.

قال ابن القيم في الآية الأولى: فسر هذا الظن بأنه سبحانه لا ينصر رسوله، وأن أمره سيضمحل، وفسر بظنهم أن ما أصابهم لم يكن بقدر الله وحكمته، ففسر بإنكار الحكمة، وإنكار القدر، وإنكار أن يتم أمر رسوله، وأن يظهره الله على الدين كله. وهذا هو الظن السوء الذي ظنه المنافقون والمشركون في سورة الفتح، وإنما كان هذا ظن السوء؛ لأنه ظن غير ما يليق به سبحانه، وما يليق بحكمته وحمده ووعده الصادق، فمن ظن أنه يديل الباطل على الحق إدالة مستقرة يضمحل معها الحق، أو أنكر أن يكون ما جرى بقضائه وقدره أو أنكر أن يكون قدره بحكمة بالغة يستحق عليها الحمد، بل زعم أن ذلك لمشيئة مجردة، فذلك ظن الذين كفروا فويل للذين كفروا من النار.

وأكثر الناس يظنون بالله ظن السوء فيما يختص بهم وفيما يفعله بغيرهم، ولا يسلم من ذلك إلا من عرف الله وأسماءه وصفاته وموجب حكمته وحمده.

فليعتن اللبيب الناصح لنفسه بهذا، وليتب إلى الله ويستغفره من ظنه بربه ظن السوء، ولو فتشت من فتشت لرأيت عنده تعنتا على القدر وملامة له، وأنه كان ينبغي أن يكون كذا وكذا، فمستقل ومستكثر، وفتش نفسك: هل أنت سالم؟

فإن تنج منها تنج من ذي عظيمة وإلا فإني لا إخالك ناجيا

ابن القيم ڕەحـمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەم گومانە بەوە تەفسیر کراوە کە:

- خوا پێغەمبەرەکەی سەر ناخات و کاری کۆتایی ئەم پێغەمبەرەش (ﷺ) لە تەواو بووندایە.

- بەوەش تەفسیر کراوە کە وتیان ئەو شکستەی بەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکانیدا هات لە جەنگی ئوحود، بە قەدەر و حیکمەتی خوا نەبووە.

- بەوەش تەفسیر کراوە کە ئینکاری حیکمەت و ئینکاری قەدەریان کردوە.

ئینکاری ئەوەشیان کردووە کە خوای گەورە کاری پێغەمبەرەکەی (ﷺ) تەواو بکات و زاڵی بکات بەسەر هەموو دینەکانی دیکەدا.

ئەمەش ئەو گومانە خراپەیە کە دووڕووەکان و موشریکەکان "بەرامبەر خوا بوویان" و لە سورەتی فەتح دا باسکراوە، بۆیە ئەوەش ناو براوە بە گومانی خراپ، چونکە ئەم گومانە شایستەی ئەو خوایە نییە کە پاک و بێگەردە.

جا هەرکەسێک گومانی وابێت کە خوا ناحەق زاڵ دەکات بەسەر حەقدا، زاڵبوونێکی بەردەوام و جێگیر و لەگەڵ ئەوەش حەق تیا دەچێت" کە ئەمە گومانی دووڕووەکان و موشریکەکانە"، یان ئینکاری لەوە بکات کە هەرچی ڕووداوە بە قەزا و قەدەری خوا بووبێت "کە ئەمە گومانی موعتەزیلەکانە"، یان ئینکاری ئەوە بکات کە "قەدەری خوا" وەک ئەوەی کە لە جەنگی ئوحودا ڕوویدا، بە پێی حیکمەتی تەواوی خۆی بووبێت، "ئینکاری بکات کە خوا" شایستەی ئەوە بێت کە لە قەدەرەکانیدا ستایش بکرێت.

بەڵکو بانگەشەی ئەوەش بکات کە هەرچی ڕووی دابێت تەنها بە پێی ئیرادەیەکی ڕووت بووبێت "واتە: بێ حیکمەت بووبێت، کە ئەمە گومانی ئەشعەری یەکانە"، ئا ئەمە گومانی ئەوانەن کە کافر بوون، ئەی هاوار بە حاڵی ئەوانەی کە کافر بوون، لە ئاگری دۆزەخدا.

زۆرینەی خەڵکیش گومانی بەد دەبەن بەرامبەر خوای گەورە لەو شتانەدا کە تایبەتە بە خۆیان، لەوەشدا کە خوا چ کارێ بە خەڵکی دیکە دەکات، هیچ کەسێک لەم بەد گومانیە سەلامەت نابێت، مەگەر ئەوانەی کە ناو سیفەتەکانی خوا دەناسن، دەشزانن کە خوا هەر خۆی حەکیمە و هەر خۆی شایستەی حەمد و ستایشە، جا با مرۆڤی ئاقل و دڵسۆز خۆی گرینگی بدات بەم بابەتە و تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا و داوای لێ خۆش بوونی لێ بکات، لەوەدا بەد گومانی کردووە بە پەروەردگاری.

جا ئەگەر لە هەر کەسێک وردبیتەوە و پشکنینی بۆ بکەیت، دەبینی لە قەدەر ناڕازیە و لۆمەی دەکات و دەڵێت: دەبوایا ئاوا بوایە و ئاوا بوایە، هەیە ئەم سیفەتەی بەکەمی تێدایە و هەشە زۆری تێدا هەیە، تۆش تەفتیشی نەفسی خۆت بکە و بزانە لەو بەڵایە سەلامەتی یان نا؟ جا ئەگەر لەم فیتنەیە ڕزگار بووبیت، ئەوا لە بەڵایەکی گەورە دەرباز بوویت، ئەگەر واش نەبوو وا نازانم ڕزگارت بووبیت).

باب ما جاء في منكري القدر

وقال ابن عمر: والذي نفس ابن عمر بيده، لو كان لأحدهم مثل أحد ذهبا، ثم أنفقه في سبيل الله ما قبله الله منه حتى يؤمن بالقدر. ثم استدل بقول النبي (ﷺ): (الإيمان: أن تؤمن بالله، وملائكته، وكتبه، ورسله، واليوم الآخر، وتؤمن بالقدر خيره وشره). رواه مسلم[٥٢٤].

وعن عبادة بن الصامت أنه قال لابنه: (يا بني إنك لن تجد طعم الإيمان حتى تعلم أن ما أصابك لم يكن ليخطئك، وما أخطأك لم يكن ليصيبك، سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (إن أول ما خلق الله القلم، فقال له: اكتب، فقال: رب، وماذا أكتب؟ قال: أكتب مقادير كل شيء حتى تقوم الساعة) يا بني سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (من مات على غير هذا فليس مني)[٥٢٥].

وفي رواية لأحمد: (إن أول ما خلق الله تعالى القلم، فقال له: اكتب، فجرى في تلك الساعة بما هو كائن إلى يوم القيامة)[٥٢٦].

وفي رواية لابن وهب: قال رسول الله (ﷺ): (فمن لم يؤمن بالقدر خيره وشره أحرقه الله بالنار)[٥٢٧].

---

[٥٢٤] أخرجه مسلم (٨).

[٥٢٥] أخرجه أبو داود (٤٧٠٠)، وابن أبي العاص في (السنة) (٥١/١ رقم ١١١)، والطبرانى في (الأوسط) (٢٤٩/٦ رقم ٤٢٦).

[٥٢٦] أخرجه أحمد (٣١٧/٥ رقم ٢٢٧٠٥)، والترمذي (٢١٥٥،٣٣١٩)، والضياء في "المختارة (٣٥٠/٨ رقم ٤٢٦).

[٥٢٧] أخرجه ابن وهب في "القدر" (١٢١/١ رقم ٢٦).

وفي المسند والسنن عن ابن الديلمي قال: أتيت أبي بن كعب، فقلت: في نفسي شيء من القدر، فحدثني بشيء لعل الله يذهبه من قلبي، فقال: (لو أنفقت مثل أحد ذهباً ما قبله الله منك حتى تؤمن بالقدر، وتعلم أن ما اصابك لم يكن ليخطئك، وما أخطأك لم يكن ليصيبك، ولو مت على غير هذا لكنت من أهل النار). قال: فأتيت عبد الله بن مسعود، وحذيفة بن اليمان، وزيدبن ثابت، فكلهم حدثني بمثل ذلك عن النبي (ﷺ). حديث صحيح رواه الحاكم في صحيحه[٥٢٨].

فيه مسائل:

الأولى: بيان فرض الإيمان بالقدر.

الثانية: بيان كيفية الإيمان به.

الثالثة: إحباط عمل من لم يؤمن به.

الرابعة: الإخبار بأن أحدا لا يجد طعم الإيمان حتى يؤمن به. الخامسة: ذكر أول ما خلق الله. **السادسة:** أنه جرى بالمقادير في تلك الساعة إلى قيام الساعة.

السابعة: براءته (ﷺ) ممن لم يؤمن به.

الثامنة: عادة السلف في إزالة الشبهةبسؤال العلماء.

---

[٥٢٨] مسند أحمد (١٨٢/٥ رقم ٢١٥٨٩)، سنن أبي داود (٤٦٩٩)، سنن ابن ماجه (٧٧)، مستدرك الحاكم (٦٢٤/٣) إلا أنه مغاير له في اللفظ وكذا هو حديث ابن عباس.

التاسعة: أن العلماء أجابوه بما يزيل الشبهة، وذلك أنهم نسبوا الكلام إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم فقط.

باب ما جاء في منكري القدر

باسی حوکمی هەر کەسێ ئینکاری قەدەری خوای گەورە بکات.

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (مناسبەی ئەم بابە لەگەڵ بابی پێشووتر: ئینکاری کردنی توانای خوای گەورە و گومانی خراپ بردنە بە خوای گەورە، کەواتە لەسەر ئەمە ئەم بابە تەفسیلی بابی پێشووتری لەخۆ گرتووە.

مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید دیارە بەوەی ئیمان هێنان بە قەدەر واجبە، تەوحیدی بەندە تەواو نابێت تاوەکو ئیمان بە قەدەر نەهێنێت، ئینکاری کردنی قەدەر کوفرە بەخوا و نەفی ئەسڵی تەوحید دەکات، هەروەک ابن عباس خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویت: قەدەر نیزامی تەوحیدە، هەر کەسێک قەدەر بەدرۆبخاتەوە تەوحیدی هەڵوەشاوەتەوە)[٥٢٩].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (دانەری کتاب ئەم بابەی باسکردوWە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە ئیمان هێنان بە قەدەر لە ئیمان هێنانە بە پەروەردگاریەتی خوای گەورە، هەرکەسێک ئینکاری قەدەر بکات ئەوا شەریکی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە لە پەروەردگاریەتی، ئیمان هێنان بە قەدەر لە ئیمان هێنانە بە پەروەردگاریەتی، ئەوەی ئیمان نەیێنێت بە قەدەر ئەوا ئیمانی بە پەروەردگاریەتی خوای گەورە نەهێناوە، چونکە ئینکاری توانای خوای گەورە و زانستی خوای گەورە دەکات لەوەی کە ڕوودەدات بە توانا و ویستی خوا، هەروەها وەسفی خوای گەورە کردووە بە نەزانین و نەتوانین)[٥٣٠].

---

[٥٢٩] التمهيد لاپەڕە (٥١٩).

[٥٣٠] إعانة المستفيد (٣٤٧/٢).

بەروبووم و سوودی ئیمان هێنان بە قەدەر بریتییە لە:

١- ئیمان هێنان بە قەدەر لە تەواوی تەوحیدی پەروەردگاریەتی یە.

٢- پشت بەستن بەخوا بۆ ئیماندار دروست دەكات، چونكە هەموو شتێك لەژێر قەزا و قەدەری خوای گەورە دایە.

٣- خەم و خەفەت ناخوات لەوەی بەسەری هاتووە، چونكە دەزانێت لە خواوەیە و لە ڕەحم و حیكمەتی خوایە.

٤- مرۆڤ هۆكار دەگرێتەبەر، چونكە ئیمانی بە حیكمەتی خوای گەورەیە، دەبێت هۆكار بگرێتەبەر.

٥- ڕێگری لە مرۆڤ دەكات سەرسام بێت بە كردەوەی خۆی، بەڵكو سوپاسی خوای گەورە دەكات، چونكە دەزانێت ئەمە منەتێكە خوای گەورە لەگەڵی كردووە.

٦- دڵت ئارام دەبێت و هەست بە خۆشی دەكەیت، چونكە هەر چیەك توشت بووە و هاتووە

بەسەرتا نەدەبوو توشت نەبێت و نەیەت بەسەرتدا، هەر چیەكیش كە توشت نەبووە و نە هاتووە بە سەرتدا، نەدەبوو توشت نەبێت و نەیەت بە سەرتدا.

٧- وا لە ئیماندار دەكات بەردەوام بێت لەسەر گوێڕایەلی خوا، چونكە دەزانێت دڵی بەندە لەنێوان دوو پەنجەی خوای گەورە دایە.

وقال ابن عمر: والذي نفس ابن عمر بيده، لو كان لأحدهم مثل أحد ذهبا، ثم أنفقه في سبيل الله ما قبله الله منه حتى يؤمن بالقدر. ثم استدل بقول النبي (ﷺ): (الإيمان: أن تؤمن بالله، وملائكته، وكتبه، ورسله، واليوم الآخر، وتؤمن بالقدر خيره وشره). رواه مسلم.

واتە: عبدللەی کوڕی عومەرخوا لێی ڕازی بێت دەڵێت: (سوێند بەو کەسەی کە نەفسی کوڕی عومەری بەدەستە ئەگەر هەر یەکێ لەوان بەقەد کێوی ئوحد زیڕی هەبێت پاشان لە ڕێگای خوادا سەرفی بکات خودا لێیان قبوڵ ناکات، هەتا ئەو کاتەی ئیمان دەهێنن بە قەدەری خودا.)، پاشان ابن عمر ئەو فەرموودەی کردە بەڵگە: (ئیمان ئەوەیە باوەڕت هەبیت بە خودا و فریشتەکان و پێغەمبەران و کتابەکان و ڕۆژی دوایی و بە قەدەر بە خەیرو بە شەڕیەوە).

ڕاڤەی وشەکانی ئەثەرەکە:

(والذي نفس ابن عمر بيده): واتە: سوێند بەو کەسەی کە نەفسی کوڕی عومەری بەدەستە، ابن عمر سویندی خواردووە بۆ تەئکید کردن و گرینگی دان بە شتەکە.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئەثەرە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (ئەثەرەکە بەڵگەیە لەسەر کوفری ئەو کەسەی کە ئینکاری قەدەر دەکات، چونکە ئینکاری کردن شیرکە لەگەڵ خوا لە پەروەردگاریەتی دا)[٥٣١].

سوودەکانی ئەثەرەکە:

---

[٥٣١] الجديد لاپەڕە (٤٣٣).

١- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە ئیمان هێنان بە قەدەر واجبە و ئینکاری کردنیشی کوفرە، جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بە قضاء و قدر، سێ وتە هەیە:

یەکەم: هەندێ زانا بۆ ئەوە چوون قضاء و قدر مرادفی یەکترن و یەک مانایان هەیە.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (قضاء و قدر هەردووکیان یەک شتن، ئەو شتەی خوای گەورە پێشتر حوکمی لەسەر داوە و دیاری کردووە پێی دەوترێ قضاء هەروەها پێی دەوترێ قدر).

دووەم: هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون "قضاء" جی بەجێ کردنی ئەو شتانەیە کە نوسراوە لە لوح المحفوظ، بەڵام قەدەر ئەوەی نوسراوە و دیار کراوە پێی دەڵێن قدر.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بە قضاء و قدر، هەیە لە زانایان دەڵێت: قەدەر تەقدیری خوای گەورەیە لە ئەزەل، قضاء حوکمی خوای گەورەیە بە شتێک کاتی ڕوودانی، ئەگەر خوای گەورە شتێکی دیارکرد لە کاتی خۆی ئەمە قەدەرە، ئەگەر کاتی ئەو شتە هات ئەوە قەزایە، ئەمە زۆرە لە قورئان و سوننەت، نموونە وتەی خوای گەورە: (قضى الأمر)، وە وتەی : (والله يقضي بالحق) وە نموونەی تری هاوشیوەی ئەمانە، هەیە لە زانایان دەڵێت: هەردووکیان بە یەک مانا دێن.

وتەی ڕاست ئەگەر هەردووکیان پێکەوە هاتن ئەوە جیاوازی هەیە لەنێوانیان هەر وەک پێشتر، ئەگەر یەکێکیان بە تەنیا هات ئەوا هەردوو مانا دەدات، والله أعلم)[٥٣٢].

---

[٥٣٢] مجموع فتاوى ابن العثيمين.(٢٥٧/١)، طبع المكتبة التوفيقية .

سێیەم: هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون (قضاء) پێش قەدەر کەوتووە، قەزا زانستی خوای گەورەیە، قەدەر هێنانە دی دروستکراوەکان و جێ بەجێکردنیەتی، ئەم وتەیە پێچەوانەی وتەی دووەمە.

عبد الرحمن المحمود دەفەرموێت: (ئەم جیاوازییە سوودی نییە، چونکە یەک دەنگی هەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر یەکێکیان بە تەنیا هات مانای هەردووکیان دەبەخشێت)[٥٣٣].

٢- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە دەبێت موسڵمان ئیمانی بە قەدەر هەبێت، جا چ خێر بێت یان شەڕ، گومانی تێدا نییە شەڕ و خێر هەموویان لە ژێر قەدەری خوای گەورەدان، وەک مەجوسی نالێین شەڕ دروستکەرێکی تری هەیە بەڵکو دەڵێین یەک دروستکار هەیە و خێر و شەڕ لە ژیر قەدەری خوای گەورە دایە، بەلام وەک ئەدەب جوان نیە شەڕ بدەیتە پاڵ خوای گەورە.

ابن تیمییە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (لە قورئان و سوننەت نەهاتووە شەڕ درابێتە پاڵ خوای گەورە مەگەرلەم سێ حاڵەتانە نەبێت.

یەکەم: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ﴾ [الزمر: ٦٢]، واتە: خوای گەورە دروستکاری هەموو شتێکە، هەروەها ئەو ناوانەی کە پێکەوەن وەک: (المعطی المانع، والضار النافع، المعز المذل، الخافض الرافع)، ئەم ناوانە ناکرێ یەکێکیان بە تەنها باس بکرێ، هەردووکیان پێکەوە دەلالەت لەسەر عموم دەکەن، هەرشتێک لە بووندابێت ڕەحمەت و سوود بێت ئەوا چاکەی خوای گەورەیە، هەرشتێک بێجگە لە سوود و

---

[٥٣٣] القضاء والقدر في ضوء الكتاب والسنة لاپەڕە (٤٤).

ڕەحمەت بێت ئەوا لە دادپەروەری خوای گەورەیە، هەموو نیعمەتێکی چاکەیە و هەمووی نەخۆشیەکیشی دادپەروەرییە.

دووەم: بکەر (کارا) دیار ناکەیت، وەک وتەی جن ﴿وَأَنَّا لَا نَدۡرِيٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ أَرَادَ بِهِمۡ رَبُّهُمۡ رَشَدٗا ١٠﴾ [الجن: ١٠]، هەروەها وەک سورەت فاتحە کە دەفەرموویێت: ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ [الفاتحة: ٧]، وە هەروەها سورەتی تری وەک ئەمانە.

سێیەم: دەیدەیتە پاڵ سەبەب، وەک وتەی خوای گەورە کە دەفەرموویێت: ﴿مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ٢﴾ [الفلق: ٢]، وەک وتەی تری خوای گەورە کە دەفەرموویێت: ﴿فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا﴾ [الكهف: ٧٩][٥٣٤].

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویێت: (سەبارەت بە کارەکانی خوای گەورە، خوای گەورە کارەکانی هەمووی خێرن، چونکە موافقی حیکمەتی خوای گەورەیە، لەبەر ئەوە فەرموودە هاتووە پیغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: (والشر ليس إليك)، خوای گەورە کارەکانی شەڕی تێدا نیە، شەڕ بەنسبەت بەندە، ئەگەر بەندە تووشی موسیبەت بوو شەڕە سەبارەت بە بەندە، سەبارەت بە کاری خوای گەورە خێرە، چونکە موافقی حیکمەتی خوای گەورەیە، هەموو کارەکان بە دەست خوای گەورەن)[٥٣٥].

٣- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە بۆ ئیمان هێنان بەخوا، ئیمان بەخوا چوار شت لەخۆ دەگرێت:

(١) ئیمان بە بوونی خوا.

---

[٥٣٤] مجموعه الفتاوى (٨/٩٤-٩٥).

[٥٣٥] التمهيد لاپەڕە (٥٢٢).

(٢) ئیمان بە پەروەردگاریەتی خوای گەورە.

(٣) ئیمان بە بەندایەتی خوای گەورە.

(٤) ئیمان بە ناو و سیفەتی خوای گەورە.

هەر کەسێک ئینکاری بوونی خوا بکات ئەوا ئیماندارنیە، هەروەها هەرکەسێک دان بنێت بە بوونی خوا بەڵام ئینکاری ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە بکات، ئەوا ئیماندار نیە[٥٣٦].

٤- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە بۆ ئیمان هێنان بە فریشتەکان، ئیمان هێنان بە فریشتەکان چوار شت لەخۆ دەگرێت:

(١) ئیمان بە بوونیان.

(٢) ئیمان هێنان بەو ناوانەی کە ئێمە دەیانزانین.

(٣) ئیمان هێنان بە کردەوەیان.

(٤) ئیمان هێنان بە سیفەتیان[٥٣٧].

٥- ئەم ئەثرە بەڵگەیە بۆ ئیمان هێنان بە کتابەکان، ئیمان هێنان بە کتابەکان ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

(١) ئیمان هێنان بەوەی کە ئەمە حەقە لە لایەن خواوە.

---

[٥٣٦] القول المفيد (٣/٢١٧-٢٢٧).

[٥٣٧] القول المفيد (٣/٢١٧-٢٢٧).

(٢) بەڕاست دانانی خەبەرەكانی.

(٣) پابەند بوون بە ئەحكامەكانی هەتا نەسخ نەبووبێت، لەسەر ئەمە كەس پابەند ناكەین بەوەی پابەند بن بە كتابەكانی پێشووتر، چونكە هەموویان منسوخن بە قورئان، ئەگەر نا قورئان دانی پێیان دەنا، هەروەها كەس پابەند ناكەین بەوەی پابەند بن بە كردەوە كردن بە شتی منسوخ لە قورئان دا.

(٤) ئیمان هێنان بەوانەی دیاركراون، لەوانە: تەورات و ئینجیل و قورئان و زەبور و سوحوفی ئیبراهیم و موسا.

(٥) ئیمان هێنان بەوەی كە هەموو پێغەمبەرێک خوای گەورە كتابی لەگەڵ ناردووە [٥٣٨].

٦- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە بۆ ئیمان هێنان بە پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی.

٧- ئەم ئەثەرە بەڵگەیە لەسەر فەزڵ و گرینگی ئیمان هێنان بە قەدەر، چونكە ابن عمر دەفەرموێت: سوێند بەو كەسەی كە نەفسی كوڕی عومەری بەدەستە ئەگەر هەر یەكێ لەوان بەقەد كێوی ئوحد زێڕی هەبێت پاشان لە ڕێگای خوادا سەرفی بكات، خودا لێی قبووڵ ناكات، هەتا ئەو كاتەی ئیمان دەهێنێت بە قەدەری خودا.

---

[٥٣٨] القول المفيد (٣/٢١٧-٢٢٧).

وعن عبادة بن الصامت أنه قال لابنه: (يا بني إنك لن تجد طعم الإيمان حتى تعلم أن ما أصابك لم يكن ليخطئك، وما أخطأك لم يكن ليصيبك، سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (إن أول ما خلق الله القلم، فقال له: اكتب، فقال: رب، وماذا أكتب؟ قال: أكتب مقادير كل شيء حتى تقوم الساعة) يا بني سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (من مات على غير هذا فليس مني).

واته: له عوباده كوڕی صامت دەگێڕنەوە بە كوڕەكەی گوت: كوڕی شیرینم بە تەئكید تامی ئیمان ناچێژیت هەتا نەزانیت كە ئەوەی توشت بووە (جا هەرچیەک بێت) نەدەبوو توشت نەبێت و نەیەت بە سەرتدا، ئەوەشی كە توشت نەبووە و نە هاتووە بەسەرتدا، نەدەبوو توشت ببێت و بەسەرتدا بێت.

من خۆم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گوێ بیست بووم دەیفەرموو: (یەكەم شت كە خودا دروستی كرد قەڵەم بوو (دەڵێن: أول بە مانای كات دێت، واتە: كاتێک قەلەمی دروست كرد)، پێی فەرموو: بنوسە، گوتی چی بنوسم؟

خودا فەرمووی: مەقادیر و ڕێژەی هەموو شتێ بنووسە هەتا ئەو كاتەی كە قیامەت بەرپا دەبێت.)

كوڕی شیرینم: خۆم گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیفەرموو: (هەر كەسێ لەسەر غەیری ئەم ئیمانە بمرێت، ئەوا لە من نیە).

وفي رواية لأحمد: (إن أول ما خلق الله تعالى القلم، فقال له: اكتب، فجرى في تلك الساعة بما هو كائن إلى يوم القيامة).

واتە: لە ڕیوایەتەكەی ئەحمەدا دەفەرموویت: (یەكەم شتێ كە خودا دروستی كرد قەڵەم بوو (كاتێک خوا قەلەمی دروست كرد)، خودا پێی فەرموو: بنوسە، هەر لەو كاتەدا

قەڵەم دەستی کرد بە نووسین، هەرچیدەبێت و ڕوودەدات تا ڕۆژی قیامەت هەر هەمووی نووسی).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(أول): هەندێک دەڵێن بە مانای کاتێک دێت.

(يا بني): واتە: ئەی کوڕەکەم.

(لن تجد طعم الإيمان): واتە: کوڕی شیرینم بە تەئکید تامی ئیمان ناچێژیت.

(فقال له: اكتب): واتە: خوای گەورە پێی فەرموو بنووسە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە ئیمان نەهێنان بە قەزا و قەدەر کوفرە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- دەبێت باوک ماڵەوە و منداڵی خۆی ئامۆژگاری بکات و وشەی نەرم و جوان بەکاربهێنێت کە دڵ نەرم بکات، بە جۆرێک بڵێت: (يا بني)، ئەم دەربڕینە سۆز و نەرمی تێدایە و دڵ ڕادەکێشێت[٥٣٩].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە قەڵەم یەکەم دروستکراوە، جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان و سێ وتە هەیە:

---

[٥٣٩] القول المفيد (٢٢٧/٣).

یەکەم: زۆربەی زانایان بۆ ئەوە چوون عەرش دروستکراوێک بووە پێش قەڵەم، بەڵگە:

١- فەرموودەی عبد الله بن عمر دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (كتب الله مقادير الخلائق قبل أن يخلق السماوات والأرض بخمسين ألف سنة وكان عرشه على الماء).

دووەم: هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون قەڵەم پێش عەرش بووە، بەڵگە:

١- فەرموودەی عبادة بن صامت: (إن أول ما خلق الله القلم، فقال له: اكتب)، ئەمە وتەی ابن جرير الطبری و ابن جەوزی یە.

سێیەم: هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون ئاو پێش عەرش بووە.

وتەی ڕاست وتەی یەکەمە، چونکە:

١- فەرموودەی عبد الله بن عمر ڕوون و ئاشکرایە کە عەرش پێشتر بووە.

٢- فەرموودەی عبادة بن صامت دەکرێت جمع بکرێت لەگەڵ فەرموودەی ابن عمر.

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (وتەی (إن أول ما خلق الله القلم)، ماناکەی لەسەر وتەی ڕاست ئەوەیە: کاتێک قەڵەمی دروستکرد، وشەی "أول" لێرە "ظرف"ە، بەمانای کات دێت، وە (إن) اسمها ضمير الشأن محذوف، إنه أول ما خلق الله القلم، (فقال له: اكتب)، واتە: کاتێک خوای گەورە قەڵەمی دروست کرد پێی گوت: "اكتب"، کەواتە وتەی: اكتب، لەڕووی ظرفەوە بووە، واتە: کاتێک خوای گەورە قەلەمی دروست کرد پێی گوت: بنووسە.

سەبارەت بە یەکەم دروستکراو عەرش بووە پێش قەڵەم، هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: (قدر الله مقادير الخلق قبل أن يخلق السماوات والأرض بخمسين ألف سنة، وكان عرشه على الماء).

وتەی: (إن أول ما خلق الله القلم، فقال له: اكتب)، بەڵگەیە کاتێک قەڵەمی دروستکرد پێی گوت بنووسە، نووسین دوای ئەو دروستکراوە بووە، فەرموودەی دووەم بەڵگەیە عەرش پێشتر هەبووە، وە هەروەها ئاویش هەبووە پێشتر، لەبەر ئەوە وتەی ڕاست ئەوەیە عەرش دروستکراو بوو پێش قەڵەم، هەروەک ابن القيم لە (نونية)دا دەفەرموویێت:

والناس مختلفون في القلم الذي كتب القضاء به من الديان

هل كان قبل العرش أو بعده قولان عند أبي العلا الهمذانى

والحق أن العرش قبل لأنه قبل الكتابة كان ذا أركان)[٥٤٠].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویێت: (وتەی ڕاست ئەوەیە کە ابن تيميه و ابن القيم و کەسانی تر هەڵیان بژاردووە: عەرش یەکەم دروستکراوە و قەڵەمیش دواتر دروستکراوە)[٥٤١].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە خوای گەورە زانستی بە هەموو شتێک هەیە لە هەرچیەک کە هەبووە و هەرچیەک کە دەبێت زانیویەتی و دەیزانێت، خەڵکی سەبارەت بە قەدەر سێ دەستەن:

---

[٥٤٠] التمهيد لاپەڕە٥٢٣-٥٢٤.

[٥٤١] إعانة المستفيد (٣٥٩/٢).

یەکەم: جەبرییەکان قەدەر بۆ خوای گەورە جێگیر دەکەن بەڵام زیادەڕەوی دەکەن لە جێگیرکرن، دەڵێن: هەموو شتێک بەدەست خوای گەورەیە و بەندە هیچی بەدەست نییە و ناچارە، بەندە نە توانای هەیە و نە ویستی هەیە، نووستن و هەستان و عیبادەت و تاوان بە ویستی خۆی نیە و هیچ توانایەکی نیە.

دووەم: قەدەرییەکان نەفی قەدەری خوای گەورە دەکەن و دەڵێن: بەندە ویست و توانای هەیە و هیچ لە ژێر توانایی خوای گەورەدا نیە، هەروەها خوای گەورە زانستی نیە بەو شتەی بەندە دەیکات، بەڵکو ئەو کاتە دەزانێت کە بەندە کردەوەکە دەکات.

سێیەم: ئەهلی سوننە کۆمەڵێکی مام ناوەندن، ئیمانیان بە قەزا و قەدەر هەیە بەوەی بەندە توانای هەیە و ویستیشی هەیە، هەر شتێک ڕووبدات بە ویستی خوای گەورەیە و خوای گەورە زانستی پێ هەیە و هیچ شتێک لەژیر قەدەری خوا دەرناچێت.

محمد عبدالرحمن الخميس خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (قەدەر چوار مەرتەبەی هەیە و دەبێت ئیماندار باوەڕی پێی هەبێت:مەڕتەبەی یەکەم: ئیمان هێنان بە زانستی خوای گەورە، خوای گەورە زانستی بە هەموو شتێک هەیە لە هەرچیەک کە هەبووە و هەرچیەک کە دەبێت، زانیویەتی و دەیزانێت.

مەڕتەبەی دووەم: ئیمان هێنان بە کتابی، کە هەموو ئەو شتانەی تێدایە کە ڕوودەدەن لە داهاتوو.

مەڕتەبەی سێیەم: ئیمان هێنان بەوەی کە خوای گەورە خالقی هەموو شتێکە.

مەڕتەبەی چوارەم: ئیمان هێنان بە ویستی خوای گەورە، واتە هەرچی بووە و هەرچی دەبێت، بە ویستی خوا بووە و بە ویستی ئەو دەبێت)[٥٤٢].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەموو شتێک لە (لوح المحفوظ) دا نووسراوە و هیچ گۆرانکاری بەسەردا نایێت، زانایان دەڵێن هیچ شتێک قەدەری خوای گەورە ناگۆڕێت و ئەوەی لە (لوح المحفوظ) دا نووسراوە و گۆڕانکاری بەسەر دا نایێت، بەڵام ئەوەی لە کتابی فریشتە دا نووسراوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کە ئەو گۆڕانکاری بەسەردا هاتنە هەمووی لە (لوح المحفوظ) دا نووسراوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ وَلا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾ {الحديد:٢٢}.

واتە: هیچ بەڵاو ناخۆشییێک تووشتان نابێت لە زەویدا، وەک قات و قڕی یان... وە نە لە خۆشتاندا ئیلا پێش ئەوەی بەدی بێن لە "لوح المحفوظ" دا تۆمار کراوە، بەڕاستی ئەوەش بۆ خوا شتێکی ئاسانە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (رفعت الأقلام وجفت الصحف)[٥٤٣]. واتە: قەلەمەکان هەڵگیراون و وەرەقەکان وشک بوونەتەوە.

مبارەکفوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (قەدەر لە لوح المحفوظ نووسراوە، دوای ئەم نووسینە و تەواو بوون لەم نووسینە هیچی تر نانوسرێتەوە)[٥٤٤].

---

[٥٤٢] التوضيحات الجلية على شرح العقيدة الطحاوية (٦٠٠/٢).

[٥٤٣] رواه الترمذي (٢٥١٦) وصححه من حديث ابن عباس.

[٥٤٤] تحفة الاحوذي (٢٦٧/٧).

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿يَمْحُوا اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ وَعِنْدَهُ أُمُّ الْكِتَابِ﴾ {الرعد:٣}، واتە: هەرشتێک خوای گەورە ویستی لێ بێت دەیسڕێتەوە و هەر شتێکیش ویستی لێ بێت دەیهێڵێتەوە.

ابن تیمییە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەموویت: (زانایان دەڵێن ڕەش کردنەوە و هێلانەوە باسی کتابی فریشتەیە، بەڵام زانستی خوای گەورە هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نایێت)[٥٤٥].

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (هەر کەسێک حەز بکات ڕۆزی بەرفراوان بێت و تەمەنی درێژ بێت با سیلەی ڕەحم بگەیێنێت).

زانایان دەڵێن ئەمە باسی کتابی فریشتەیە "زیاد بوونی ڕۆزی و تەمەن درێژی".

عَنْ ثَوْبَانَ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لا يَزِيدُ فِي الْعُمْرِ إِلا الْبِرُّ وَلا يَرُدُّ الْقَدَرَ إِلا الدُّعَاءُ وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيُحْرَمُ الرِّزْقَ بِالذَّنْبِ يُصِيبُهُ)[٥٤٦].

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (تەمەن زیاد ناکات ئیلا بە چاکە نەبێت، وە هیچ شتێک قەدەر ڕەت ناکاتەوە ئیلا دوعا نەبێت، وە پیاو لە ڕزق بێ بەش دەبێت بەهۆی ئەو تاوانەی کە تووشی بووە).

زانایان دەڵێن ئەم فەرموودەیەش باسی کتابی فریشتەیە بە هۆی دوعا گۆڕانکاری بەسەر دا دێت، بەڵام ئەوەی لە لای خوای گەورەیە لە (لوح المحفوظ)دا ناگۆڕدرێت.

---

[٥٤٥] مجموعه فتاوى.

[٥٤٦] رواه ابن ماجه (٤٠٢٢).

عومەر خوا لێی ڕازی بێت تەوافی دەكرد و دەگریا و دەیفەرموو: (یا الله ئەگەر سزا یان تاوانت نووسی بێ بۆم ئەوا ڕەشی بكەوە، چونكە هەر شتێك تۆ ویستت لێ بێت دەیسڕیتەوە و هەر شتێك تۆ ویستت لێ بێت دەیهێڵیتەوە، "ام الكتاب" لای تۆیە و بەختەوەری و لێ خۆش بوونم بۆ بنووسە).

محمد عبدالرحمن الخميس خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (جۆرەكانی تقدير بەگوێرەی كات:

(١) ئەوەی لە لوح المحفوظ دایە.

(٢) تەقدیری دەرهێنانیان لە پشتی نەوەی ئادەم.

(٣) تەقدیری عمری، ئەوەی لە ڕەحمی دایكدا دەنووسرێت.

(٤) تەقدیری ساڵانە، ئەوەیە كە لە شەوی قەدردا دەنووسرێت.

(٥) تەقدیری ڕۆژانە، ئەوەیە كە ڕۆژانە دیار دەكرێت)[٥٤٧].

زانایان دەڵێن كتابی فریشتە ئەمەیان دوو جۆرە:

(١) (الكتابة العمرية): كاتێك منداڵ دەبێتە پارچە گۆشت و ڕوحی بە بەردا دەكرێت، دەنووسرێت نێرینەیە یان مێینەیە هەروەها تەمەن و ڕزق و ڕۆزی و سەبارەت بەوەی خەلكی بەهەشتە یان دۆزەخە هەموو ئەمانە دەنووسرێت لەو كاتە، بەڵگە:

---

[٥٤٧] التوضيحات الجلية على شرح العقيدة الطحاوية (٦٠٢/٢).

(أ) عن عبد الله بن مسعود: "حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ الصَّادِقُ الْمَصْدُوقُ: (إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا ثُمَّ يَكُونُ فِي ذَلِكَ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ ثُمَّ يَكُونُ فِي ذَلِكَ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ ثُمَّ يُرْسَلُ الْمَلَكُ فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ: بِكَتْبِ رِزْقِهِ وَأَجَلِهِ وَعَمَلِهِ وَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ)[٥٤٨].

(ب) وعن أنس بن مالك رضى الله عنه عن النبى (ﷺ) قال: (وَكَّلَ اللَّهُ بِالرَّحِمِ مَلَكًا فَيَقُولُ أَيْ رَبِّ نُطْفَةٌ أَيْ رَبِّ عَلَقَةٌ أَيْ رَبِّ مُضْغَةٌ فَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ أَنْ يَقْضِيَ خَلْقَهَا قَالَ أَيْ رَبِّ أَذَكَرٌ أَمْ أُنْثَى أَشَقِيٌّ أَمْ سَعِيدٌ فَمَا الرِّزْقُ فَمَا الْأَجَلُ فَيُكْتَبُ كَذَلِكَ فِي بَطْنِ أُمِّهِ)[٥٤٩].

(٢) (الكتابة الحولية): قەدەری ساڵانەی مرۆڤە لە شەوی قەدردا دەنووسرێت، بەڵگە:

(أ) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿حمٓ ۝١ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ۝٢ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ۝٣ فِيهَا يُفۡرَقُ كُلُّ أَمۡرٍ حَكِيمٍ ۝٤ أَمۡرٗا مِّنۡ عِندِنَآۚ إِنَّا كُنَّا مُرۡسِلِينَ ۝٥﴾ [الدخان: ١-٥]

ابن تيميه ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ڕزق دوو جۆرە:

یەکەمیان: ئەوەی خوای گەورە دەزانێت و ڕزقی پێی دەدات ئەمەیان ناگۆڕدرێت.

دووەمیان: ئەوەی نووسراوە و پیشانی فریشتە دراوە و دەزانن ئەوە زیاد و کەم دەبێت بە گوێرەی سەبەب، چونکە خوای گەورە فەرمان بە فریشتە دەکات ڕزقیان بنووسێت، ئەگەر پەیوەندی خزمایەتی گەیاند ئەوا بۆی زیاد دەبێت، هەروەک فەرموودە هاتووە

---

[٥٤٨] رواه البخاري (٣٢٠٨)، ومسلم (٢٦٤٣).

[٥٤٩] رواه البخاري (٦٥٩٥)، ومسلم (٢٦٤٦).

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (من سره أن يبسط له في رزقه وينسأ له في أثره فليصل رحمه)[٥٥٠].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک ئیمانی بە قەدەر نەبێت کافرە.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئیمان هێنان بەوەی خوای گەورە هەموو شتێکی تەقدیر کردووە، وتەی: "فليس مني"، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لێ بەری کردووە چونکە کافرە، پێغەمبەر (ﷺ) بەری یە لە هەموو کافرێک)[٥٥١].

٦- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەرکەسێک باوەڕی بە قەدەر هەبێت هەست بە خۆشی و چێژی ئیمان دەکات، وە تام و چێژی ئیمان و ئارامیش لە کاتی بەڵا و ناخۆشی دایە، هیچ ناڕازی بوون و خراپەیەک دەرنابڕێت بەڵکو ئیمانی بە قەزا و قەدەر هەیە و تەسلیم بووە.سەبارەت بەوەی ئیمانی بە قەدەر نەهێناوە بەردەوام لە ناخۆشی و دلەڕاوکێ دا دەبێت، تووڕە دەبێت و ناڕازی بوون دەردەبڕێت و لەومەی نەفسی خۆی دەکات و دەڵێت: بۆچی فلانە کارم نەکرد؟ خۆزگە فلانە شتم بکردبا، خۆزگە ئاوام بکردبا، پاشان تووشی سزایەکی تووند دەبێت گەورەتر لە ئازاری موسیبەتەکە[٥٥٢].

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەرچی دەبێت و ڕوودەدات تا ڕۆژی قیامەت قەڵەم هەرهەمووی نووسیوە بە فەرمانی خوای گەورە، ئایا ڕۆژی قیامەت و دوای ڕۆژی قیامەت داخلی قەدەری خوای گەورە دەبێت و ئەویش نووسراوە یان نا؟

---

[٥٥٠] مجموع الفتاوى (٨/٥٤٠-٥٤١).

[٥٥١] القول المفيد (٣/٢٣٣).

[٥٥٢] إعانة المستفيد (٢/٣٦٣-٣٦٤).

وەڵام: گومانی تێدا نیە قەڵەم هەموو شتێکی نووسیوە تەنانەت خۆشی و ناخۆشییەکانی ڕۆژی قیامەت و بەهەشت و دۆزەخیشی نووسیوە، سەبارەت بە وتەی: (إلى يوم القيامة) دوو ئیحتیمال هەیە:

(١) لەوانەیە لەبەرئەوە خوای گەورە فەرموو بێتی: (هەتا ڕۆژی قیامەت)، چونکە تاقیکردنەوەی دونیا هەتا مردن و قیامەتە.

(٢) لەوانەیە پیتی: (إلى) بە مانای (مع)ە بێت، چونکە پیتی (إلى) لە زمانی عەرەبی دا چوار مانا

هەڵدەگرێت:

أ- انتهاء الغاية الزمانية.

ب- المعية.

ج- عند.

د- بەمانای (ل) دێت.

لەسەر ئەمە ماناکەی بەم شێوەیە دەبێت: (لەگەڵ ڕۆژی قیامەت)، نەک هەتا ڕۆژی قیامەت.

٨- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە زانستی خوای گەورە یان زانستی لوح المحفوظ بەراورد ناکرێت لەگەڵ زانستی دروستکراوەکان، ئەو زانستە کەمەی دراوە بە پێغەمبەران نابێت بەراورد بکرێت لەگەڵ زانستی خوا، یان بڵێیت زانستی پێغەمبەر (ﷺ) زیاترە لە هی لوح المحفوظ، چونکە زانستی لوح المحفوظ هەتا ڕۆژی قیامەتە، بەڵام زانستی پێغەمبەر هەتا دوای ڕۆژی قیامەتە، نابێت ئەم وتەیە بڵێیت.

بەداخەوە ئەمە قسەی بانگخوازێکە کە کوفرێکی ڕوون و ئاشکرایە، وەڵام بۆ ئەم وتەیە هەمان وەڵامی سوودی حەوتەمە، وتەی: (إلى يوم القيامة) دوو ئیحتیمال هەیە:

(١) لەوانەیە لەبەر ئەوە خوای گەورە فەرموو بێتی: (هەتا ڕۆژی قیامەت)، چونکە تاقیکردنەوەی دونیا هەتا مردن و قیامەتە.

(٢) لەوانەیە پیتی: (إلى) بە مانای (مع)ە بێت، چونکە پیتی (إلى) لە زمانی عەرەبی دا چوار مانا هەڵدەگرێت:

أ- انتهاء الغاية الزمانية.

ب- المعية.

ج- عند.

د- بەمانای (ل) دێت.

وفي رواية لابن وهب: قال رسول الله (ﷺ): (فمن لم يؤمن بالقدر خيره وشره أحرقه الله بالنار).

واتە: لە ڕیوایەتی ابن وهب دا دەفەرموویت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەرکەسێ ئیمان نەهێنێت بە قەدەربە خێر و شەڕیەوە، ئەوا خودا بە ئاگر دەیسوتێنێت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(لابن وهب): ناوی عبدالله بن وهبە، پێشەوا و فەرموودەناس بووە، وە کتابی هەیە لە فەرموودە و ڕیوایەت.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە ئیمان هێنان بە قەدەر واجبە، هەر کەسێک ئیمانی بە قەدەر نەبێت سزا دەدرێت بە ئاگر.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئیمان هێنان بە قەدەر واجبە، ئیمان تەواو نابێت مەگەر بەمە نەبێت، سەبارەت بەوەی باوەڕی پێ نەبێت ئەوا خوای گەورە بە ئاگر دەیسوتێنێت[٥٥٣].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هەر کەسێک ئینکاری قەدەر بکات یان بە گومان بێت ئەوا خوای گەورە بە ئاگر دەیسوتێنێت، چونکە سێ مەقاممان هەیە:

یەکەم: ئیمانێکی تەواوی بە هەر چوار مەرتەبەکانی قەدەر هەیە.

---

[٥٥٣] القول المفيد (٢٣٦/٣).

دووەم: ئینکاری ئەمە دەکات.

ئەم دووانە ڕوون و ئاشکران، چونکە یەکەمیان ئیمانە و دووەمیان کوفرە.

سێیەم: کەسێک بەگومانە و دوو دڵە.

ئەمەیان بە کوفر دادەنرێت، لەبەر ئەوە دەفەرموویت: "فمن لم يؤمن" ئینکاری کردن و گومان داخلی ئەمە دەبێت[٥٥٤].

٣- وتەی: (أحرقه الله بالنار)، بەڵگەیە سزای ئاگری دۆزەخ سوتێنەرە، بە پێچەوانەی وتەی ئەوانەی دەڵێن خەلکی دۆزەخ هەست بە سزای ئاگر ناکەن، بەڵکو هەست بە سزایەکە دەکەن و لاشەیان دەسوتێنێت[٥٥٥].

---

[٥٥٤] القول المفيد (٣/٢٣٦-٢٣٨).

[٥٥٥] القول المفيد (٣/٢٣٦-٢٣٨).

وفي المسند والسنن عن ابن الديلمي قال: أتيت أبي بن كعب، فقلت: في نفسي شيء من القدر، فحدثني بشيء لعل الله يذهبه من قلبي، فقال: (لو أنفقت مثل أحد ذهباً ما قبله الله منك حتى تؤمن بالقدر، وتعلم أن ما اصابك لم يكن ليخطئك، وما أخطأك لم يكن ليصيبك، ولو مت على غير هذا لكنت من أهل النار). قال: فأتيت عبد الله بن مسعود، وحذيفة بن اليمان، وزيدبن ثابت، فكلهم حدثني بمثل ذلك عن النبي (ﷺ). حديث صحيح رواه الحاكم في صحيحه.

ابن الديلمی دەڵێت: (چووم بۆ لای ئوبەی کوڕی کەعب پێیم گوت شتێ لە دڵم دایە لەبارەی قەدەرەوە، جا شتێکم بۆ باس بکە بەڵکو خودا ئەو شتەم لە دڵ دا نەهێڵێت، ئەویش گوتی: ئەگەر بەقەد کێوی ئوحد زێڕ ببەخشیت ئەوا خودا لێت قبوڵ ناکات هەتا ئیمان نەهێنیت بە قەدەر و دڵنیا نەبیت کە هەر چیەک تووشت بووە و هاتووە بەسەرتا نەدەبوو تووشت نەبێت و نەیەت بەسەرتدا، هەر چیەکیش کە توشت نەبووە و نە هاتووە بە سەرتدا. نەدەبوو توشت نەبێت و نەیەت بە سەرتدا، خۆ ئەگەر لەسەر غەیری ئەمە بمریت ئەوا دڵنیابە دەبیتە خاوەنی جەهەننەم.

ابن الديلمی گوتی: ڕۆیشتم بۆلای عبد الله بن مسعود و حذيفة بن اليمان و زيد بن الثابت یش هەر هەموویان وەک ئەم فەرموودەیان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ باسکردم).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(ابن الديلمي): ناوی عبدالله بن فيروز الديلمی یە، یەکێکە لە گەورە تابعی یەکان، باوکی کە ناوی فیروز بووە ئەسوەدی عنسی کوشتووە لە یەمەن کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردووە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە ئیمان هێنان بە قەدەر واجبە، هەر کەسێک ئیمانی بە قەدەر نەبێت کافرە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەهلی عیلم ئەگەر کێشە بۆ مرۆڤ دروست بوو لە هەر شتێک، مرۆڤ ئەگەر نەخۆش کەوت دەبێت بچێت بۆ لای دکتۆر، بۆ نەخۆشی دڵ و گومان دروست بوون دەبێت بگەڕێتەوە لای ئەهلی عیلم.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئەهلی عیلم ئەهلی بەڵگەن، سەرچاوەیان قورئان و سوننەتە، ئەهلی علم هیچ ناڵێن ئیلا بەڵگە هاتبێت لە قورئان و سوننەت، ابن عمر فەرموودەی باوکی خۆی کردە بەڵگە کاتێک جبریل دێتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاری لێ دەکات، لە کۆتاییدا دەفەرموێت: (تؤمن بالقدر خيره وشره)، حوزەیفەی کوڕی یەمان دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو دەیفەرموو: (هەر کەسێک بمرێت لەسەر بێجگە لەمە ئەوە لەمن نییە)[٥٥٦].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئیمان هێنان بە قەزا و قەدەر واجبە و ئینکاری کردنی کوفرە.

---

[٥٥٦] إعانة المستفيد (٣٦٤/٢).

باب ما جاء في المصورين

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (قال الله تعالى: ومن أظلم ممن ذهب يخلق كخلقي، فليخلقوا ذرة، أو ليخلقوا حبة، أو ليخلقوا شعيرة). أخرجاه[٥٥٧].

ولهما عن عائشة رضي الله عنها، أن رسول الله (ﷺ) قال: (أشد الناس عذابا يوم القيامة الذين يضاهئون بخلق الله)[٥٥٨].

ولهما عن ابن عباس رضي الله عنهما: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (كل مصور في النار يجعل له بكل صورة صورها نفس يعذب بها في جهنم)[٥٥٩].

ولهما عنه مرفوعا: (من صور صورة في الدنيا كلف أن ينفخ فيها الروح، وليس بنافخ)[٥٦٠].

ولمسلم عن أبي الهياج قال: قال لي علي: (ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله صلى الله عليه وسلم؟ أن لا تدع صورة إلا طمستها، ولا قبرا مشرفا إلا سويته)[٥٦١].

فيه مسائل:

الأولى: التغليظ الشديد في المصورين.

---

[٥٥٧] أخرجه البخاري (٥٩٥٣)، ومسلم (٢١١١).

[٥٥٨] أخرجه البخارى (٥٩٥٤)، ومسلم (٢١٠٧).

[٥٥٩] أخرجه البخارى (٢٢٢٥)، ومسلم (٢١١٠).

[٥٦٠] أخرجه البخارى (٥٩٦٣)، ومسلم (١٠٠/٢١١٠).

[٥٦١] أخرجه مسلم (٩٦٩).

الثانية: التنبيه على العلة، وهو ترك الأدب مع الله لقوله: (ومن أظلم ممن ذهب يخلق كخلقي).

الثالثة: التنبيه على قدرته وعجزهم، لقوله: (فليخلقوا ذرة أو شعيرة).

الرابعة: التصريح بأنهم أشد الناس عذابا.

الخامسة: أن الله يخلق بعدد كل صورة نفسا يعذب بها المصور في جهنم.

السادسة: أنه يكلف أن ينفخ فيها الروح. السابعة: الأمر بطمسها إذا وجدت.

باب ما جاء في المصورين

بابی باسکردنی ئەوەی کە چ سزایەک هاتووە سەبارەت بە وێنەکێشان

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید: وێنە دروست کردن و داهێنان بە وێنەکێش دەکرێت، ئەمەش شەریک بوونە لەگەڵ خوا لە دروست کردن و داهێناندا)[٥٦٢].

صالح آل الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە بە کتابی تەوحیدەوە لە دوو ڕووەوەیە:

یەکەم: لاسایی کردنەوەی دروستکراوەکانی خوای تێدایە، هەروەها تمثیل بە دروستکراوەکانی خوا و ناو و سیفەتی تێدایە.

دووەم: ئەمە هۆکارە بۆ تووش بوون بە شیرک، بەڵێ وێنە هەیە نایکەیتە شەریک لەگەڵ خوا، بەڵام وێنە لە ڕووی جنسەوە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی شیرک، چونکە شیرکی زۆر لە موشریکەکان بەهۆی وێنەوە بووە، تەحقیقی تەوحید ئەوەیە دان بە وێنە نەنێیت لەبەر ئەوەی هۆکارێک بووە لە هۆکارەکانی تووش بوون بە شیرک کە موشریکەکان تووشی بوون لە عیبادەت دا)[٥٦٣].

دانەری کتاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەگەر بەم ئایەتە دەستی پێبکردبا باشتر دەبوو: ﴿هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الأَسْمَاءُ الْحُسْنَى يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ {الحشر:٢٤}.

---

[٥٦٢] القول المفيد (٣/٢٨٤).

[٥٦٣] التمهيد لاپەڕە (٥٢٧).

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (قال الله تعالى: ومن أظلم ممن ذهب يخلق كخلقي، فليخلقوا ذرة، أو ليخلقوا حبة، أو ليخلقوا شعيرة). أخرجاه.

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (خودای بەرزو بڵند فەرمووی: کێ هەیە لەو کەسە زاڵم تر بێت، وێنەیەک دروست دەکات بە نیازی ئەوەی لاسایی ئەو وێنەیە بکاتەوە کە من دروستم کردووە، دەی ئەگەر ڕاست دەکەن با زەرەیەک دروست بکەن، یان دەنکە گەنمێ دروست بکەن، یان دەنکە جۆیەک دروست بکەن).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(ومن أظلم): واتە: کێ هەیە لەو کەسە ستەمکارتر بێت.

(فليخلقوا ذرة): واتە: با زەرەیەک دروست بکەن، مەبەست پێی تەحدی یە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە وێنە کێشان حەرامە، وێنە کێشان حەرام کراوە چونکە لاسایی کردنەوەی خوای تێدایە و شیرکە لەگەڵ خوا لە پەروەردگاریەتیدا)[٥٦٤].

سوودەکانی فەرموودەکە:

---

[٥٦٤] الجديد لاپەڕە (٤١١).

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەناو لاسایی کەرەوەکان کەس لەو کەسە ستەمکارتر نیە کە لاسایی دروستکراوەکانی خوای گەورە دەکاتەوە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە وێنە کێشان حەڕامە، زانایان دەڵێن وێنە کێشان ئەم چەند حاڵەتانەن:

حاڵەتی یەکەم: کێشانی وێنەی دروستکراوێک کە ڕوحی نەبێت:

١- ئەگەر وێنەی دروست کراوێک بکێشیت کە ڕوحی نەبێت و ئەو دروستکراوە مرۆڤ دروستی کردبێت، ئەمەیان دروستە و هەموو زانایان یەک دەنگن لەسەری، وەک وێنە کێشانی ئوتومبێل و خانوو.

٢- ئەگەر وێنەی دروستکراوێک بکێشیت ڕوحی نەبێت و ئەو دروستکراوە خوای گەورە دروستی کردبێت و گەشەی نەبێت، ئەمەیان دروستە و هەموو زانایان یەک دەنگن لەسەری، وەک: وێنە کێشانی چیا و دۆل و ڕووبار.

٣- ئەگەر وێنەی دروستکراوێک بکێشیت ڕوحی نەبێت و ئەو دروستکراوە خوای گەورە دروستی کردبێت و گەشەی هەبێت، وەک: دار و ڕووەک، ئەمەیان جیاوازی هەیە لە نێوان زانایان:

أ- زۆربەی زانایان بۆ ئەوە چوون دروستە وێنەی بکێشیت.

ب- هەندێ زانای تر دەڵێن نابێت وێنەی بکێشیت، بەڵگە:

عن أبي هريرة رضى الله عنه قال : قال رسول الله (ﷺ): (قال الله تعالى: و من أظلم ممن ذهب يخلق كخلقى، فليخلقوا ذرة، أو ليخلقوا حبة، أو ليخلقوا شعيرة)[٥٦٥].

واتە: خوای گەورە دەفەرموویت: کێ هەیە لەو کەسە ستەمکار تربێت وێنەیەک دروست بکات بە نیازی ئەوەی لاسایی ئەو وێنەیە بکاتەوە کە من دروستم کردووە، دەی ئەگەر ڕاست دەکەن با زەرەیەک (واتە مێروویەکی بچووک) دروست بکەن، یان دەنکە گەنمێ دروست بکەن، یان دەنکە جۆیەک دروست بکەن.

دەڵێن: (يخلق كخلقى) ئەم فەرموودەیە گشتیە وهەمو وێنەیەک دەگرێتەوە، تەواو کەری فەرموودەکە باسی دەنکە جۆ و گەنم دەکات، با ئەم دووانە دروست بکەن، کەچی هەردووکیان گەشەیان هەیە.

وتەی ڕاست وتەی زۆربەی زانایانە، بەڵگە:

(أ) فەرموودەی ابن عباس دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو دەیفەرموو: (من صور صورة كلف أن ينفخ فيها الروح ، وليس بنافخ) رواه البخارى، مسلم، واتە: هەر کەسێک وێنەیەک بکێشیت لە دونیا دا،

ئەوا لە قیامەت دا داوای لێ دەکرێت کە ڕۆحی بە بەردا بکات، ناشتوانێت ڕۆحی بە بەردا بکات، کەواتە ئەمە بەڵگەیە کە خاوەن ڕوح حەڕامە.

(ب) وە دەڵێین: (ليخلقوا حبة أو ليخلقوا شعيرة) ئەمە مەبەستی تەحدییە، واتە ئەو وێنە کێشانە ناتوانن دروستکراوی بێ ڕوح دروست بکەن ئەی چۆن دەتوانن خاوەن ڕوح دروست بکەن.

---

[٥٦٥] رواه البخارى (٥٩٥٣) مسلم (٢١١١).

حاڵەتی دووەم: وێنە کێشانی دروستکراوێک بە دەست بکێشیت کە رۆحی هەبێت:

(١) ئەگەر پەیکەرێک یان وێنەیێک دروست بکات بۆ ئەوەی خەڵک بیپەرستن ئەوا کوفری گەوریە، ئەگەرچی باوەڕیشی بەم پەیکەر پەرستنە نەبێت.

(٢) ئەگەر وێنە یان پەیکەر دروست بکات و بڵێت ئەمە باشتر و جوانترە لە دروست کراوی خوا یان وەک خوا دروستی دەکەم، ئەمە کوفری گەورەیە.

(٣) ئەگەر وێنە یان پەیکەر دروست بکات و مەبەستی لاسای کردنەوەشی نەبێت حەرامە و تاوانێکە لە تاوانە گەورەکان، چونکە کارەکەی بەڵگەیە کە لاسایی ئەو وێنەیە دەکات، یان وەک ئەو دروستی دەکات.

(٤) ئەگەر وێنە یان پەیکەر دروست بکات و تەنها سەر دروست بکات، زانایان دەڵێن نابێت.

ابن قدامە ڕەحمەتی خوای لێ دەڵێت: (ئەگەر وێنە سەری نەما کەراهەتیەکە دەڕوات، ابن عباس دەڵێت: وێنە سەرە ئەگەر سەر نەما ئەوا وێنە نیە)[٥٦٦].

(٥) ئەگەر وێنە دروست بکات چاو یان لووت یان دەمی نەبێت دەڵێن ئەمە وێنە نیە.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (ئەگەر وێنە ڕوون نەبێت، چاو و یان لووت یان دەمی نەبێت ئەوا وێنەکە تەواو نیە و لاسایی دروستکراوی خوای گەورە نیە)[٥٦٧].

---

[٥٦٦] المغنی (١١١/٨).

[٥٦٧] مجموعة الفتاوی ابن عثیمین (٢٧٨/٢-٢٧٩).

(٦) ئەگەر وێنەی دواوەی مرۆڤ دروست بكات واتە ڕوخسار دەرنەچێت، یان وەک سێبەر دروستی بكات، دەڵێن ئەمەیان دروستە.

(٧) ئەگەر وێنە دروست بكات بەشتێک كاتی بێت، وەک دروست كردنی بە بەفر یان هەویر یان شیرینی، هەندێک دەڵێن دروستە بەڵام زۆربەیان دەڵێن نابێت و حەڕامە، ئەگەر وێنەكە تەواو و ڕوون بوو .

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (ئەو وێنەیەی كە حەڕام دەبێت ئەو پەیكەرەیە كە وەک پەیكەرە، واتە: دروست كردنی مرۆڤ بە هەویر یان جبس یان گەچ یان هەر موادێكی تر، دروست بكەیت لەسەر شێوەی مرۆڤ یان ئاژەڵ ئەمەیان حەڕامە)[٥٦٨].

لەوانەیە یەكێک بڵێت بۆچی حەڕامە دروستی بكەیت لەكاتێكدا هیچ دروست كراوێک وەک بەفر نیە، شێوەی هیچ مرۆڤێكیش وەک بەفر نیە، دەڵێین ڕاستە بەلام مەبەستی حەڕامیەكەی ئەوەیە نابێت وەک شێوەی ڕوح لەبەر بێت، واتە: سەری هەبێت یان لێو یان لووت مەرج نیە ئیلا لە ڕەنگ و شێوە وەک یەک بن جا لە گەچ یان ئاسن یان هەر موادێكی تر بێیت.

حاڵەتی سێیەم: وێنەی ڕوح لەبەر بگریت بە هۆی كامیرەوە یان موبایل یان ڤیدیۆ جیاوازی هەیە لە نێوان زانایان:

(١) هەندێک زانا دەڵێن وێنە و ڤیدیۆ حەڕامە.

(٢) هەندێک زانای تر دەڵێن وێنە و ڤیدیۆ دروستە.

---

[٥٦٨] شرح رياض الصالحين (٢٠٧/٦).

(٣) هەندێک زانای تر دەڵێن وێنە حەڕامە بەڵام ڤیدیۆ دروستە ئەگەر پێویست بکات.

دەڵێین ئەگەر وێنە نەگرێت باشترە، دەڵێین پەیکەر لەهەمووان ترسناکترە، پاشان وێنە کێشان بە دەست دواتر وێنە گرتن بە کامیرە یان مۆبایل، باشتر وایە وێنە بە کامیرە و مۆبایل نەگریت بۆ ئەوەی لە خیلاف ڕزگار ببیت ئەگەر وێنەشت گرت بەرفراوانی تێدایە، والله أعلم.

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیر کردنی وتە بۆ خوای گەورە، خوای گەورە قسە دەکات بەڵام وەک قسەی دروستکراوەکان نیە، بەڵکو قسەی خالق بە هیچ دروستکراوێک ناچێت[٥٦٩].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لاسایی کردنەوەی خوا لە وێنەدا حاڵەت هەیە کوفری گەورەیە.

صالح ال الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (لاسایی کردنەوە لە وێنەدا لە دوو حاڵەت کوفرە:

حاڵەتی یەکەم: پەیکەرێک دروست دەکات یان وێنەی خوایەک دروست دەکات، وەک ئەوەی پەیکەری بوزا بۆ بوزی یەکان دروست بکات، یان وێنە بکێشێت بۆ گاور و جولەکەکان، یان وینەی دایکی مەسیح بکێشێت، دروستکردنی وێنە و پەیکەری ئەو شتانەی دەپەرسترێن لەگەڵ خوا لەگەڵ ئەوەش زانستی هەبێت ئەم پەیکەرە دەپەرسترێت ئەمەیان کوفرە، چونکە وێنەی پەیکەرە بۆ پەرستن و دەزانێت دەپەرسترێت ئەمە شیرکی گەورەیە و کوفرە بە خوا.

---

[٥٦٩] إعانة المستفيد (٣٦٦/٢).

حاڵەتی دووەم: وێنەیەک یان پەیکەرێک دروست دەکات و دەڵێت ئەمە جوانترە لە دروستکراوی خوا و ئەمە جوانترە یان منیش وەک خوا دروستم کردووە، ئەمەیان کوفری گەورەیە و شیرکە بە خوای گەورە)[٥٧٠].

[٥٧٠] التهيد لاپەڕە (٥٢٩).

ولهما عن عائشة رضي الله عنها، أن رسول الله (ﷺ) قال: (أشد الناس عذابا يوم القيامة الذين يضاهئون بخلق الله).

واتە: لە عائیشە دەگێڕێتەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سەختترین سزا لەناو خەڵکیدا لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ ئەو کەسانەیە کە لاسایی خودا دەکەنەوە.)

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(ولهما): واتە: بوخاری و موسلیم.

(الذين يضاهئون بخلق الله): واتە: ئەوانەی کە لاسایی خودا دەکەنەوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە تاوەکو ڕوونی بکاتەوە وێنە کێشان حەڕامە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تصویر حەڕامە و لە تاوانە گەورەکانە، لەبەر جێگیربوونی وەعید لەسەری، حیکمەت لە حەڕامی ئەمە لاسایی کردنەوەی دروستکراوەکانی خوای تیدایە[٥٧١].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە ئیحترامی لایەنی پەروەردگاریەتی بگیرێت، چونکە کەس ناتوانێت شتێک دروست بکات وەک دروستکراوی خوا، لەبەر وتەی: (يضاهئون

---

[٥٧١] القول المفيد (٣/٢٥٩-٢٦٠).

بخلق الله)، لەبەر ئەوە خۆ بەگەورە دانان حەڕامكراوە، چونكە منازعەی تیدایە لەگەڵ خوا)[٥٧٢].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە توندترین سزا بۆ ئەوانەیە كە لاسایی خوا دەكەنەوە، جا نییەتی لاسایی كردنەوەی هەبێت یان نا.

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لاسایی كردنەوەی خوا لە وێنەدا حاڵەت هەیە كوفری گەورەیە.

---

[٥٧٢] القول المفيد (٣/٢٥٩-٢٦٠).

ولهما عن ابن عباس رضي الله عنهما: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (كل مصور في النار يجعل له بكل صورة صورها نفس يعذب بها في جهنم).

واته: له ابن عباس دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەر بوو (ﷺ) دەیفەرموو: (هەموو وێنەکێشێک لە ئاگردایە، بە هەر وێنەیەک کە کێشاویەتی ڕۆح لەبەرێکی بۆ دادەنرێت لە جەهەنەمدا و پێی عەزاب دەدرێت).

ولهما عنه مرفوعا: (من صور صورة في الدنيا كلف أن ينفخ فيها الروح، وليس بنافخ).

واتە: دیسانەوە ابن عباس خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێک وێنەیەک بکێشێت لە دونیادا، ئەوا لە قیامەتدا داوای لێدەکرێت کە ڕۆحی بەبەردا بکات و ناشتوانێت ڕۆحی بەبەردا بکات).

ڕاڤەی وشەکانی هەردوو فەرموودەکان:

(كل مصور في النار): واتە: هەموو وێنە کێشێک بۆ ناو ئاگرە.

(كلف): واتە: داوای لێدەکرێت، واتە خوای گەورە داوای لێ دەکات.

هۆکاری باسکردنی ئەم دوو فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم دوو فەرموودەیەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە وێنەی ڕوح لەبەر حەڕامە.

سوودەکانی هەردوو فەرموودەکان:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە وێنەی ڕوح لەبەر حەڕامە، هەر وێنەیەک ڕوح لەبەر نەبێت دروستە.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (هەموو وێنەیەک دەگرێتەوە لە مرۆڤ و ئاژەڵ و دار و دەریا، بەڵام وتەی: (يجعل له بكل صورة صورها نفسا)، بەڵگەیە مەبەست پێی وێنەی خاوەن نەفسە، واتە ڕوحی هەیە)[٥٧٣].

٢- ئەم فەرموودەیە دەکرێتە بەڵگە کە هەموو وێنەیەک حەرامە هەتا ئەگەر بەهۆی کامێراشەوە بێت، کە ئەمە وتەی هەندێک لە زانایانە.

٣- ئەم فەرموودانە بەڵگەن وەعیدی تووند هاتووە سەبارەت بە وێنە کێشان، لەوانە:

- پێغەمبەر (ﷺ) نەفرەتی لە وێنە کێشان کردووە.

- ستەمکارترین کەسە.

- توندترین سزای بۆ هەیە.

- بە هەر وێنەیەک کە کێشاویەتی ڕۆح لەبەرێکی بۆ دادەنرێت لە جەهەنەمدا و پێی عەزاب دەدرێت.

- لە قیامەتدا داوای لێدەکرێت کە ڕۆحی بەبەردا بکات و ناشتوانێت ڕۆحی بەبەردا بکات.

---

[٥٧٣] القول المفيد (٣/٢٦٠-٢٦١).

ولمسلم عن أبي الهياج قال: قال لي علي: (ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله (ﷺ)؟ ألا تدع صورة إلا طمستها، ولا قبرا مشرفا إلا سويته).

واتە: موسلیم دەیگێڕێتەوە کە ئەبو هەیاج گوتی: ئیمامی عەلی خوا لێی ڕازی بێت پێی گوتم: (بزانە ڕەوانەت دەکەم بۆ کارێکی گرنگ، کە پێغەمبەریش (ﷺ) بۆ هەمان کار ڕەوانەی کردووم، ئەویش ئەمەیە کە نابێت لێ بگەڕێیت هیچ وێنەیەک بمێنێت ئیلا دەبێت بیسڕیتەوە یان تێکی بدەیت، هیچ قەبرێکی بەرزیش نەمێنێت ئیلا دەبێت تەختی بکەیت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(عن أبي الهياج): لە تابعی یەکانە.

(قال لي علي): واتە: عەلی بە منی گوت، عەلی مەبەست پێی عەلی کوڕی ئەبو تالبە.

(ألا أبعثك): بعث: ناردنە بۆ کاری گرینگ، وەک بانگەوازی کردن بۆ لای خوا.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە وێنە کێشان و هێشتنەوەی حەرامە)[٥٧٤].

سوودەکانی فەرموودەکە:

---

[٥٧٤] الجديد لاپەڕە (٤٤٨).

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەرامە وێنەی ڕوح لەبەر هەڵبگریت و بهێلیتەوە، (طمس) بۆ شتێک بەکاردێت کە لاشەی نەبێت، چونکە ئەگەر لاشە بوایا دەیوت: (لكسرتها)، واتە: بیشکێنیت، بەڵگەیە کە باسی وێنەیە نەک پەیکەر.

زانایان دەڵێن هەڵواسینی وێنە بە دیوارەوە ئەم سێ حاڵەتانەن:

حاڵەتی یەکەم: هەڵواسینی وێنەی سروشتی کە ڕوحیان نیە، وەک: چیا و ڕووبار و دار و خانوو و شتی تری وەک ئەمانە، ئەمەیان دروستە هەڵیبواسی بە دیوارەوە.

حاڵەتی دووەم: هەڵواسینی وێنەی مرۆڤ جا چ ژن بێت یان پیاو وە چ مردوو بێت خاوەنی وێنەکە یان زیندوو بێت بۆ یادگاری ئەمەیان دروست نیە و حەرامە.

حاڵەتی سێیەم: هەڵواسینی وێنە و پەیکەر و گۆڕی پیاو چاک کە خەڵک تووشی شیرک بوونە پێی یان بۆ بەگەورە دانان، ئەمەیان حەرامە.

عَنْ أَبِي طَلْحَةَ الْأَنْصَارِيِّ قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: (لَا تَدْخُلُ الْمَلَائِكَةُ بَيْتًا فِيهِ كَلْبٌ وَلَا تَمَاثِيلُ)[٥٧٥].

واتە: لە باوکی تەلحەوە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەفەرموێت: (فریشتەی ڕەحمەت ناچنە ماڵێک سەگ و پەیکەری تێدا بێت).

---

[٥٧٥] رواه مسلم (٢١٠٦).

عَنْ أَبِي الْهَيّاجِ الْأَسَدِيِّ قَالَ: قَالَ لِي عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ: أَلَا أَبْعَثُكَ عَلَى مَا بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) أَنْ لَا تَدَعَ تِمْثَالًا إِلّا طَمَسْتَهُ وَلَا قَبْرًا مُشْرِفًا إِلّا سَوّيْتَهُ[٥٧٦].

واتە: ئەبوهەیاج گوتی: ئیمام عەلی پێی گوتم: بزانە ڕەوانەت دەکەم بۆ کارێکی گرنگ، کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەمان کار منی ڕەوانە کردووە ئەویش ئەمەیە کە نابێت لێ بگەڕێیت هیچ وێنەیەک بمێنێت ئیلا دەبێت بیسڕیتەوە یان تێکی بدەیت، وە هیچ قەبرێکی بەرزیش نەمێنێت ئیلا دەبێت تەختی بکەیت .

عبدالله الحميد ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ((طمس) بۆ شتێک بەکاردێت کە لاشەی نەبێت چونکە ئەگەر لاشە بوایا دەیوت: (لكسرتها)، واتە: بیشکێنیت "بەڵگەیە کە باسی وێنەیە نەک پەیکەر")

ئیمام النووی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کە فەرمان کراوە بە گۆڕینی وێنەی خاوەن ڕوح.)[٥٧٧].

هەروەها دەفەرموێت: (هەموو زانایان یەک دەنگن لە ڕێگری کردنی ئەگەر سێبەری هەبێت، واجبە بگۆڕدرێت، قاضی دەفەرموێت: ئیلا ئەوە هاتووە یاری کردن بە بووکۆکی منالان بۆ کچان ڕوخسەت دراوە بۆ ئەمە)[٥٧٨].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە هێشتنەوەی وێنەی ڕوح لەبەر حەڕامە ئیلا ئەگەر وێنەکە لەسەر ڕەگەزنامە یان ناسمانە یان پارە بێت لەم حاڵەتە خۆ پاراستن لێی گرانە.

---

[٥٧٦] أخرجه مسلم (٩٦٩).

[٥٧٧] شرح مسلم (٣٦/٧).

[٥٧٨] شرح مسلم (٨٢/١٤).

٣- ئەم فەرموودەكە بەڵگەیە واجبە وێنە بسڕیتەوە.

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە قەبری بەرز نەمێنێت ئیلا دەبێت تەخت بكرێت، لەبەر ئەوە وێنە و گۆڕی بەرزی پێكەوە باسكردووە چونكە هەردووكیان هۆكارن بۆ تووش بوون بە شیرك.

باب ما جاء في كثرة الحلف

وقول الله تعالى: ﴿وَٱحۡفَظُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡۚ﴾ [المائدة: ٨٩]

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (الحلف منفقة للسلعة، ممحقة للكسب) أخرجاه[٥٧٩].

عن سلمان رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) قال: (ثلاثة لا يكلمهم الله ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم: أشيمط زان، وعائل مستكبر، ورجل جعل الله بضاعته، لا يشتري إلا بيمينه، ولا يبيع إلا بيمينه) رواه الطبراني بسند صحيح[٥٨٠].

وفي الصحيح عن عمران بن حصين رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (خير أمتي قرني، ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم، قال عمران: فلا أدري أذكر بعد قرنه مرتين أو ثلاثا؟ ثم إن بعدكم قوما يشهدون ولا يستشهدون، ويخونون ولا يؤتمنون، وينذرون ولا يوفون، ويظهر فيهم السمن)[٥٨١].

وفيه عن ابن مسعود رضي الله عنه أن النبي (ﷺ) قال: (خير الناس قرني، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، ثم يجيء قوم تسبق شهادة أحدهم يمينه، ويمينه شهادته).

قال إبراهيم: كانوا يضربوننا على الشهادة والعهد ونحن صغار[٥٨٢].

---

(٥٧٩) أخرجه البخاري (٢٠٨٧)، ومسلم (١٦٠٦).

(٥٨٠) أخرجه الطبراني في "الكبير" (٢٤٦/٦ رقم ٦١١١)، و"الأوسط" (٣٦٧/٥ رقم ٥٥٧٧).

(٥٨١) أخرجه البخاري (٢٦٥١)، ومسلم (٢٥٣٥).

(٥٨٢) أخرجه البخاري (٢٦٥٢)، ومسلم (٢٥٣٣).

فيه مسائل:

الأولى: الوصية بحفظ الأيمان.

الثانية: الإخبار بأن الحلف منفقة للسلعة، ممحقة للبركة.

الثالثة: الوعيد الشديد فيمن لا يبيع ولا يشتري إلا بيمينه.

الرابعة: التنبيه على أن الذنب يعظم مع قلة الداعي.

الخامسة: ذم الذين يحلفون ولا يستحلفون.

السادسة: ثناؤه صلى الله عليه وسلم على القرون الثلاثة، أو الأربعة، وذكر ما يحدث بعدهم.

السابعة: ذم الذين يشهدون ولا يستشهدون.

الثامنة: كون السلف يضربون الصغار على الشهادة والعهد.

باب ما جاء في كثرة الحلف

باسی زۆر سوێند خواردنی بەخوا

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید: زۆر سوێند خواردن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گەورەیی خوای گەورە لە دڵی سوێند خۆردا نیە، وە بەگەورە دانانی خوای گەورەش لە تەواوی تەوحیدە)[٥٨٣].

صالح ال الشيخ خوا بپارێزێت دەفەرموویت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید دیارە: تەحقیقی تەوحید و تەواوی تەوحید لەگەڵ زۆر سوێند خواردن کۆنابنەوە، زۆر سوێند خواردن نەفی تەواوی تەوحید دەکات، سوێند هەروەک باسمان کرد تەئکید کردنەوەیە بە شتێکی گەورە کە خوای گەورەیە، هەر کەسێک تەئکید بکاتەوە و زۆر سوێند بەخوا بخوات ئەوا لەوانە نیە کە خوای گەورەی بە گەورە دانابێت، کەواتە دەبێت ناوی خوای گەورە بپارێزێت و دەبێت سوێند خواردن پێی بپارێزرێت ئیلا لە کاتی پێویست نەبێت، سەبارەت بە زۆر سوێند خواردنیش لە سیفەتی خەڵکی باش نیە)[٥٨٤].

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (دانەری کتاب دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە زۆر سوێند خواردن تەوحید و ئیمان کەم دەکەنەوە، چونکە زۆر سوێند خواردن سەر دەکێشێت بۆ ئەم شتانە:

١- ئاسانکاری کردن لە سوێند خواردن و گوێ پێ نەدانی.

٢- درۆ.

٣- گومانی درۆ پێ بردن.

---

[٥٨٣] القول المفيد (٢٧٢/٣).

[٥٨٤] التمهيد لاپەڕە (٥٣٣).

هەر کەسێک زۆر سوێند بخوات تووشی درۆ دەبێت، دەبێت سوێند کەم بکرێتەوە و زۆر سوێند نەخورێت، لەبەر ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ﴾ {المائدة:٨٩}، ئەم فەرمانە بۆ واجبی یە و دەبێت سوێند بپارێزرێت مەگەر پێویستی پێ هەبێت، ئیماندار سوێند دەپارێزێت ئیلا ئەگەر پێوسیت بکات یان مەسڵەحەتێکی شەرعی تێدا بێت یان لە کاتی کێشە، زۆر سوێند مەخۆ لەبەر ئەوەی گومانی درۆت پێ دەبردرێت)[٥٨٥].

---

[٥٨٥] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٦٧).

وقول الله تعالى: ﴿وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ﴾ {المائدة:٨٩}.

خوای گەورە دەفەرموویت: (سوێندەکانتان بپارێزن).

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ﴾: ئەم ئایەتە باسکراوە لە سیاقی کەفارەتی سوێند، پاراستنی سوێند سێ مانای هەیە:

١- پاراستنی لە سەرەتادا، واتە زۆر سوێند نەخۆیت، بزانە زۆر سوێند خواردن متمانە کەم دەکات و گومان دروست دەکات لە خەبەرەکەی.

٢- پاراستن لە ناوەڕاستدا، واتە کاتێک سوێندت خوارد سوێندەکە مەشکێنە مەگەر لەو حاڵەتانەی باسمان کرد.

٣- پاراستنی لە کۆتاییدا، واتە کەفارەت بدەیت دوای شکاندنی سوێند)[٥٨٦].

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموویت: (ئایەتەکە بەڵگەیە حەرامە زۆر سوێند بخۆیت بە بێ هۆکار، مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید ئەوەیە: ئایەتەکە بەڵگەیە حەرامە زۆر سوێند بخۆیت، چونکە بەگەورە دانانی خوای گەورە کەم دەکاتەوە و نەفی تەوحید دەکات)[٥٨٧].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ پاراستنی سوێند، واتە پاراستنی سوێند لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دەگرێتەوە.

---

[٥٨٦] القول المفيد (٣/٢٧٢-٢٧٥).

[٥٨٧] الجديد (٤٥١).

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (الحلف منفقة للسلعة، ممحقة للكسب) أخرجاه.

واتە: لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: (سوێند خواردن لە کڕین و فرۆشتندا پاڵ دەنێت بە شمەکەوە، کەسابەت و دەستکەوتەکەش تیا دەبات، واتە: بەرەکەتی تیا ناهێڵێت).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(الحلف): واتە: سوێند خواردن بە درۆ، هەروەک ڕیوایەتی ئەحمد دەفەرموێت: (اليمين الكاذبة)[٥٨٨].

(منفقة للسلعة): واتە: پاڵ دەنێت بە شمەکەوە و سەرفی دەکات.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسکردوە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە زۆر سوێند خواردن یان سوێند خواردن بە درۆ نەفی بەگەورە دانانی خوای گەورە دەکات.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەرامە بە درۆ سوێند بخۆیت بۆ کڕین و فرۆشتن.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە سوێند خواردن بە درۆ بەرەکەت ناهێڵێت و کەسابەت لەناو دەبات.

---

[٥٨٨] أخرجه أحمد في المسند (٢/٢٣٥-٢٤٣،٤١٣).

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نەمانی بەرەکەت جۆرێکە لە جۆرەکانی سزا لەبەر ئەوەی هەڵنەستاوە بە جێ بەجێکردنی واجبێک ئەویش بە گەورە دانانی خوای گەورەیە.

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەمە جۆرێکە لە سزا، چونکە ئەوەی دەفرۆشێت بە سوێند شت و مەکی خۆی سەرف دەکات، بەڵام بەرەکەت لە کەسابەتەکەیدا نامێنێت، چونکە بەرەکەت نەمان جۆرێکە لە جۆرەکانی سزا لەبەرئەوەی هەڵ نەستاوە بە جێ بەجێکردنی واجبێک ئەویش بە گەورە دانانی خوای گەورەیە)[٥٨٩].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ڕاستگۆیی و سوێند پاراستن هۆکارە بۆ بەرەکەت، وە درۆ و بەکەم دانانی سوێند هۆکارە بۆ نەمانی بەرەکەت[٥٩٠].

---

[٥٨٩] التمهيد لاپەڕە (٥٣٣).

[٥٩٠] إعانة المستفيد (٣٨٥/٢).

عن سلمان رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) قال: (ثلاثة لا يكلمهم الله ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم: أشيمط زان، وعائل مستكبر، ورجل جعل الله بضاعته، لا يشتري إلا بيمينه، ولا يبيع إلا بيمينه) رواه الطبراني بسند صحيح.

لە سەلمان دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (سێ کەس هەن خوای گەورە قسەیان لەگەڵ ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا، خوا گەورە پاکیان ناکاتەوە لە گوناهەکانیان و سزایەکی بە ئێشیان بۆ هەیە، ئەوانیش ئەمانەن:

یەکەمیان: سەرسپی ئەوەی کە مووی سەری تێکەڵە لە ڕەش و سپی و زیناکەرە.

دووەمیان: هەژارێ کە موتەکەبیرە.

سێیەمیان: پیاوێکیش سوێند خواردنی بە خوا کردووە بە شمەکەکەی، هیچ نافرۆشێت ئیلا سوێندێکی لەگەڵدا دەخوات).

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(أشيمط): ئەو کەسەیە ڕەش و سپی مووی سەری تێکەڵ بە یەکتر بووە لەبەر گەورەیی تەمەنی.

(عائل): واتە: هەژار، هەژارێکە منالی زۆری هەیە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە زۆر سوێند خواردن لە تاوانە گەورەکانە.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە زۆر سوێند خواردن لە تاوانە گەورەکانە.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە وەعیدێکی توند هاتووە سەبارەت بەو کەسەی کە زۆر سوێند دەخوات، ئەمە لە تاوانە گەورەکانە، چونکە وەعیدێکی توند لەسەری باسکراوە، بەڵگەیە زۆر سوێند خواردن لە تاوانە گەورەکانە)[٥٩١].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی وتە بۆ خوای گەورە، خوای گەورە قسە لەگەڵ ئەهلی تاعەت و عیبادەت دەکات.

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی وتە بۆ خوای گەورە، خوای گەورە قسە دەکات بەڵام وەک قسەی دروستکراوەکان یان سیفەتی دروستکراوەکان نیە، کە ئەمە مەزهەبی ئەهلی سوننەیە و پێچەوانەی جەهمی و موعتەزیلەیە)[٥٩٢].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە مەبەست لە نەفی قسە کردن قسەی ڕازی بوونە، نەک خوای گەورە هەرگیز قسەیان لەگەڵ نەکات.

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (مەبەست بە نەفی قسە کردن قسەی ڕازی بوونە، بەڵام قسەی تووڕە بوون و سزا ئەمە داخلی فەرموودەکە نابێت)[٥٩٣].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە تاوانەکان هەندێکیان لە هەندێکی تر توند ترن، زینا کردن لە تەمەنی پیری توندترە لە زینا کردن لە تەمەنی گەنجییەتی، خۆ بەگەورە دانان لە

---

[٥٩١] إعانة المستفيد (٣٨٥/٢).

[٥٩٢] إعانة المستفيد (٣٨٥/٢).

[٥٩٣] القول المفيد (٢٧٩/٣-٢٨٠).

هەژاری توندترە لە دەوڵەمەندی، تاوانە گەورەکان لێک جیاوازن بەگوێرەی حاڵی کەسەکە کە تووش بووە[٥٩٤].

[٥٩٤] إعانة المستفيد (٣٨٥/٢).

وفي الصحيح عن عمران بن حصين رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (خير أمتي قرني، ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم، قال عمران: فلا أدري أذكر بعد قرنه مرتين أو ثلاثا؟ ثم إن بعدكم قوما يشهدون ولا يستشهدون، ويخونون ولا يؤتمنون، وينذرون ولا يوفون، ويظهر فيهم السمن).

له عمران بن حصين دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (باشترینی ئوممەتەکەم ئەمانەی سەردەمی خۆمن، پاشان ئەوانی دوای ئەمانەن، پاشان ئەوانی دوای ئەوان ـ عیمران گوتی نازانم دوای خۆی دوو سەردەمی دیکەی باسکرد یان سیان ـ پاشان دوای ئێوە قەومێک پەیدا دەبن کە:

١ـ شاهیدی دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا داوای شاهیدیان لێنەکراوە و ئاگاداری مەسەلەکەش نین.

٢ـ خیانەتکارن و خەڵکی بە ئەمانەت پارێزیان نازانن.

٣ـ نەزر دەکەن و نەزرەکەیان بەجێ ناهێنن.

٤ـ قەڵەویش لە ناویاندا بڵاو دەبێتەوە.

(واتە: هەموو ئاواتیان شەهوەت و ورگ و خواردن و خواردنەوەیە، ئەوەندەش تیایدا ڕۆدەچن هەتا قەڵەو دەبن.)

وفيه عن ابن مسعود رضي الله عنه أن النبي (ﷺ) قال: (خير الناس قرني، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، ثم يجيء قوم تسبق شهادة أحدهم يمينه، ويمينه شهادته).

قال إبراهيم: كانوا يضربوننا على الشهادة والعهد ونحن صغار.

لە ابن مسعود دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (باشترینی خەڵکی ئەوانەی سەردەمی خۆمن. پاشان ئەوانی دوای ئەمان. پاشان ئەوانی دوای ئەوان. پاشان قەومێک پەیدا دەبن شاهیدی یەکێکیان پێش ئەوە دەکەوێت کە سوێند بخوات، وە یان سوێندخواردنەکەی پێش شاهیدیەکەی دەکەوێت.) (واتە: ئەوەندە پەلەدەکات لە سوێند خواردندا بەلایەوە گرنگ نیە بە هەر جۆرێک سوێند بخوات).

إبراهيم النخعي کە تابیعی تابیعییە دەڵێت: عادەت و بەرنامەی سەلەف وا بوو لێمانیان دەدا لەسەر شاهیدی دان و پەیمان دان، لە کاتێکدا کە ئێمە منداڵ بووین.

ڕاڤەی وشەکانی ئەم دوو فەرموودەیە:

(قرني): هەندێک لە زانایان دەڵێن لێرە مەبەست پێی کات نیە بەڵکو وەسفە، واتە باشترینی خەڵک هاوەڵانان، پاشان تابعی یەکان، پاشان ئەوانی دواتر، وە هەندێکی تر بە کات لێکی دەدەنەوە، جیاوازی هەیە سەبارەت بە "قرن" :

(١) هەندێک دەڵێن چل ساڵە.

(٢) هەندێکی تر دەڵێن هەشتا ساڵە.

(٣) هەندێکی تر دەڵێن سەد ساڵە.

(٤) هەندێکی تر دەڵێن سەد و بیست ساڵە.

(ثم إن بعدكم قوما يشهدون ولا يستشهدون): واتە: شاهیدی دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا داوای شاهیدیان لێنەکراوە و ئاگاداری مەسەلەکەش نین.

(ويخونون ولا يؤتمنون): واتە: خیانەتکارن و خەڵکی بە ئەمانەت پارێزیان نازانن.

هۆکاری باسکردنی ئەم دوو فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم دوو فەرموودەیەی باسکردووە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە زۆر سوێند خواردن و گوێ پێ نەدان نیشانەی کەسی خراپە.

سوودەکانی هەردوو فەرموودەکە:

١- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن بۆ فەزڵی هاوەڵان خوا لێیان رازی بێت، ئەوان باشترینی ئومەتن، بەڵکو باشترینی خەڵکن[٥٩٥].

٢- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن لەسەر فەزڵی هاوەڵان و تابعی یەکان و تابعی تابعی یەکان، چونکە ئەم قەرنانە زۆر زانست و زانای تیدا بوو، زۆرینەی زانایان لەم قەرنەدا بوون، وەک چوار پێشەوایەکان[٥٩٦].

٣- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن لەسەر نەهی کردن لەسەر زۆر سوێند خواردن و زۆر شایەتی دان، زەمی ئەو شایەتی دانە کراوە پێش ئەوەی داوای لێ بکرێت، چونکە ئەمە بەڵگەیە لەسەر پەلە کردن و زۆر گوێ پێ نەدانی بە شایەتی، بەڵام فەرموودە هاتووە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە باشترین شایەتی دان ئەوەیە کەسەکە بڕوات شایەتی بدات پێش ئەوەی پرسیاری لێ بکەن.

عن زيد بن خالد الجهني رضي الله عنه أن النبي (ﷺ) قال: (ألا أخبركم بخير الشهداء؟ الذي يأتي بشهادته قبل أن يسألها)[٥٩٧].

---

[٥٩٥] إعانة المستفيد (٣٩٥/٢).

[٥٩٦] إعانة المستفيد (٣٩٥/٢).

[٥٩٧] رواه مسلم (١٧١٩).

سەبارەت بەم دوو فەرموودەیە سێ وتە هەیە:

یەکەم: هەندێ زانا بۆ ئەوە چوون فەرموودەی "عمران بن حصين" ڕاستترە، چونکە فەرموودەکە بوخاری و موسلیمە.

دووەم: هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون فەرموودەی "زيد بن خالد" ڕاستترە، چونکە ڕیوایەتی ئەهلی مەدینەیە، بەڵام فەرموودەی "عمران بن حصين" ڕیوایەتی ئەهلی عیراقە، یان لەوانەیە فەرموودەی عمران مەبەست پێی سوێند بێت نەک شایەتی دان، کە ئەمە وتەی ابن عبدالبرە[٥٩٨].

سێیەم: هەندێ زانای تر بۆ جمع چوون، جمعەکانیش ئەمانەن:

(١) فەرموودەی زيد بن خالد باسی ئەو حاڵەتەیە کەسێک شایەتی لە لایە بەڵام خاوەنی حەق ئەمە نازانێت، کەسەکە دێت شایەتی دەدات بێ ئەوەی داوای لێ بکرێت، یان دەمرێت کەسەکە دێتە لای میراتگرەکانی شایەتی دەدات، فەرموودەی عمران بن حصين شایەتی دەدات پێش ئەوەی داوا لێی بکرێت، یان کەسەکە شایستەی شایەتی دان نیە.

(٢) فەرموودەی (زيد بن خالد) باسی مافەکانی خوایە و فەرموودەی (عمران) باسی مافەکانی بەندەیە.

(٣) فەرموودەی (زيد بن خالد) لە بابی کنایەیە، وەک کنایە بەکارهاتووە لەبەر زوو چوون بۆ شایەتی دان، کەواتە داوای لێکراوە بەڵام لەبەر ئەوە دەڵێت پێش ئەوەی داوای لێ بکرێت چونکە بەپەلە وەڵامی دەداتەوە و ئامادە دەبێت.

---

[٥٩٨] التمهيد (٣٠٠/١٧)، الإستذكار (٢٧/٢٢).

ابن تیمییه ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەوەی ڕاست بێت زەم کردن لەم فەرموودانە باسی ئەو کەسەیە کە شایەتی دەدات بە باطل، هەروەک ڕیوایەت هاتووە: (ثم يفشو فيهم الكذب، حتى يشهد الرجل وما يستشهد)، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەمەش باسی خیانەت و تەرک کردنی وەفا بە نەزر کراوە)[٥٩٩].

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (تەفسیلی تێدایە لەم دوو بەشە:

بەشی یەکەم: ئەگەر ئەوەی شایەتی بۆی دەدرێت نەزانێت، لەم حاڵەتە واجبە شایەتی بۆ بدات و خەبەری پێ بدات ئەگەر داواش نەکات.

بەشی دووەم: کەسێک شاهیدێکی هەیە و دەزانێت، باشتر وایە پەلە نەکات هەتا داوای لێ دەکرێت لەبەردەم ئەو کەسەی کێشەی لەگەڵ هەیە یان حاکم)[٦٠٠].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن لەسەر نەهی کردن لەسەر زۆر سوێند خواردن و زۆر شایەتی دان، ئەمە ڕووی باسکردنی ئەم دوو فەرموودەیەیە لەم بابە)[٦٠١].

٤- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن لەسەر واجبی پاراستنی ئەمانەت و خیانەت نەکردن تیایدا[٦٠٢].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە زەمی ئەوە کراوە سەرقاڵ بیت بە شەهوەت و خۆشی یەکانی نەفس، قەلەو بوون بە دەست مرۆڤ نەبێت هیچی تێدا نیە و زەمکراو نیە.

---

[٥٩٩] مجموع الفتاوي (٢٩٦/٢٠).
[٦٠٠] فتح ذي الجلال والإكرام (٥٦٠/١٤-٥٦١).
[٦٠١] إعانة المستفيد.
[٦٠٢] إعانة المستفيد (٣٩٦/٢).

ابن حجر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (قەلەوی زەمکراوە چونکە زۆرینەی قەڵەوەکان تێگەیشتنیان کەمە و گرانن بۆ عیبادەت کردن هەروەک ئەمە بەناوبانگە)[٦٠٣].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە زەمی ئەوە کراوە سەرقاڵ بیت بە شەهوەت و خۆشی یەکانی نەفس، چونکە ئەمانە بێ تاقەتت دەکەن لە عیبادەت، نیشانەکەی بەدیار کەوتنی قەڵەوی یە لەسەر کەسەکە)[٦٠٤].

٦- ئەثەری ئیبراهیم بەڵگەیە لەسەر گرینگی دان بە پەروەردەی منداڵ و دروستە لە منداڵ بدەیت، کە ئەمە ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی پەروەردەکردنی منداڵ.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت : (دروستە لە منداڵ بدەیت ئەگەر هەڵەیەکی کرد بۆ ئەوەی چاک بێت ئەگەر منداڵەکە لە دە ساڵ کەمتریش بێت، ئەگەر لە حەوت ساڵیش کەمتر بێت ئەگەر بزانێت سوودی هەیە جا چ کوڕ بێت یان کچ، بەڵام لێدانێک بێت زیانی پێ نەگات و زۆر نەبێت بەلێدان لێڕا بێت و لووس ببێت، ئەگەر منداڵەکە لە خوشک و براکانی خۆی بدات یان ماڵەوە ئازار بدات، دروستە لێی بدەیت بە سووکی یان قسەی توند).

فەرموودە هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (منداڵەکانتان لێڕابێنن بۆ نوێژ لە حەوت ساڵی، ئەگەر گەیشتنە ده ساڵ لێیان بدەن لەسەر نوێژ)[٦٠٥].

---

[٦٠٣] فتح الباري (٥/٢٦٠).

[٦٠٤] إعانة المستفيد (٢/٣٩٧).

[٦٠٥] رواه ابو داود.

هەروەها فەرموودەی ئەنەس هاتووە دەفەرموویت: (منالەکانتان لێڕابێنن بۆ نوێژ لە حەوت ساڵی، ئەگەر گەیشتنە سیانزە ساڵ لێیان بدەن لەسەر نوێژ)[٦٠٦].

زانایان دەڵێن ئەم دوو فەرموودەیە نابنە بەڵگە کە نابێت پێش دە یان سیانزە ساڵی لە منداڵ بدەیت، بەڵکو باسی ئەوەی کردووە ئەگەر گەیشتنە ئەو تەمەنە نوێژیان نەکرد لێیان بدەن، بەڵام ئەگەر هەڵەیەکی تری کرد دروستە لێی بدەیت، هەروەها زانایان دەڵێن دەبێت لە کاتی لە منداڵ دان دا ئەم خاڵانە ڕەچاو بکات:

(١) لێدانێکی زۆر نەبێت سنوور ببەزێنێت.

(٢) لێدانێکی زۆر بە ئازار نەبێت.

(٣) لێدانەکە دووبارە نەکەیتەوە لە یەک شوێنی لاشەی منداڵەکە.

(٤) لە نێوان دوو لێدان ماوە هەبێت بۆ ئەوەی ئازاری کەم بێتەوە.

(٥) نابێت لە ڕوخسار و سەر و عەورەتی منداڵ بدەیت.

(٦) هەروەها دەبێت لێدانەکە سوودی هەبێت، نەک لە کەسێک بدات تێ نەگات و سوودی نەبێت، کەواتە ئەگەر زۆر بچووک بێت و تێ نەگات نابێت لێی بدەیت.

(٧) هەروەها هەندێک دەڵێن دەبێت لێدانەکە بۆ چاک بوونی منداڵەکە بێت، نەک لێدانەکە تۆڵە سەندنەوە بێت لە منداڵ.

---

[٦٠٦] رواه الدارقطني.

مناڵەكە نابێت شیر خۆر بێت، خەڵكانێک جاری وا هەیە لە منالی شیر خۆر دەدەن كە ئەمە نابێت.

باب ما جاء في ذمة الله وذمة نبيه

وقول الله تعالى: ﴿وَأَوْفُواْ بِعَهْدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمْ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلْأَيْمَٰنَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا﴾ [النحل: ٩١]

عن بريدة رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) كان إذا أمر أميرا على جيش أو سرية أوصاه بتقوى الله ومن معه من المسلمين خيرا، فقال: (اغزوا بسم الله، في سبيل الله، قاتلوا من كفر بالله، اغزوا ولا تغلوا ولا تغدروا، ولا تمثلوا، ولا تقتلوا وليدا، وإذا لقيت عدوك من المشركين فادعهم إلى ثلاث خصال ـ أو خلال ـ فآيتهن ما أجابوك فاقبل منهم وكف عنهم، ثم ادعهم إلى الإسلام فإن هم أجابوك فاقبل منهم، ثم ادعوهم إلى التحول من دارهم إلى دار المهاجرين، وأخبرهم أنهم إن فعلوا ذلك فلهم ما للمهاجرين، وعليهم ما على المهاجرين، فإن أبوا أن يتحولوا منها فأخبرهم أنهم يكونون كأعراب المسلمين، يجري عليهم حكم الله تعالى، ولا يكون لهم في الغنيمة والفيء شيء إلا أن يجاهدوا مع المسلمين، فإن هم أبوا فاسألهم الجزية، فإن هم أجابوك فاقبل منهم وكف عنهم، فإن هم أبوا فاستعن بالله وقاتلهم. وإذا حاصرت أهل حصن فأرادوك أن تجعل ذمة الله وذمة نبيه، فلا تجعل لهم ذمة الله وذمة نبيه، ولكن اجعل لهم ذمتك وذمة أصحابك، فإنكم إن تخفروا ذممكم وذمة أصحابكم أهون من أن تخفروا ذمة الله وذمة نبيه.

وإذا حاصرت أهل حصن فأرادوك أن تنزلهم على حكم الله، فلا تنزلهم على حكم الله، ولكن أنزلهم على حكمك. فإنك لا تدري، أتصيب حكم الله فيهم أم لا) رواه مسلم[٦٠٧].

فيه مسائل:

---

[٦٠٧] أخرجه مسلم (١٧٣١).

الأولى: الفرق بين ذمة الله وذمة نبيه، وذمة المسلمين.

الثانية: الإرشاد إلى أقل الأمرين خطرا.

الثالثة: قوله: (اغزوا بسم الله في سبيل الله).

الرابعة: قوله: (قاتلوا من كفر بالله).

الخامسة: قوله: (استعن بالله وقاتلهم).

السادسة: الفرق بين حكم الله وحكم العلماء.

السابعة: في كون الصحابي يحكم عند الحاجة بحكم لا يدري أيوافق حكم الله أم لا.

باب ما جاء في ذمة الله وذمة نبيه

باسكردنی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەكەی

صالح ال الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەمە لەبەر بەگەورە دانانی خوا و بەگەورە دانانی پێغەمبەرە (ﷺ)، بەگەورە دانانی خوا لە موناجات و داوا لێكردن و عیبادەت و مامەڵە كردن لەگەڵ خەڵک هەموو ئەمانە لە تەواوی تەوحیدن، ئەم بابە لەڕووی مامەڵە كردنە لەگەڵ خەڵک، هەروەک بابی پێشووتر، بابی پێشووتر: "باب ما جاء في كثرة الحلف" پەیوەستە بە بەگەورە دانانی خوا لە مامەڵە كردن لەگەڵ خەڵکدا و ئەم بابەش "باب ما جاء في ذمة الله وذمة نبيه"، پەیوەستە بە بەگەورە دانانی خوا لە مامەڵە كردن لەگەڵ خەڵکدا لە حاڵەتی گران كە حاڵەتی جیهاد كردنە، دانەری كتاب ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە دەبێت خوای گەورە بە گەورە دابنرێت لە مامەڵە كردن لە گەڵ خەڵکدا لە گرانترینی حاڵەتەكاندا كە جیهاد كردنە، بەندە دەبێت ناو و سیفەتەكانی خوا بە گەورە دابنێت، لەوانە بەڵێنی خوا و پێغەمبەریش بەگەورە دابنێت.

والذمة: بەمانای بەڵێن دێت، (ذمة الله)؛ واتە بەڵێنی خوای گەورە و بەڵێنی پێغەمبەرەكەی، ئەگەر بەڵێنی خوای دا، پاشان بیشكێنێت ئەوا بەڵێنی خوای شكاندووە و تاوانی كردووە، ئەمە نەفی تەواوی تەوحیدی واجب دەكات، چونكە واجبە لەسەر بەندە خوای گەورە بە گەورە دابنێت و بەڵێنی خوا نەشكێنێت)[٦٠٨].

مناسبەی ئەم بابە لە كتابی تەوحید: وەفا نەكردن بە بەڵێن دانی بەخوا بەكەم دانانە، ئەمەش خەلەلە لە تەوحید[٦٠٩].

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەمە لە بابی بەگەورە دانانی بەڵێنی خوا و بەڵێنی پێغەمبەرە (ﷺ)، هەروەها لە بابی تەواو كردنی تەوحید و ئیمانیشە، وە شكاندنی بەڵێن نەقسە لە تەوحید و هۆكارە بۆ گاڵتە پێكردن)[٦١٠].

---

[٦٠٨] التمهيد لاپەڕە (٥٣٨).

عبدالله بن جار الله دەفەرموویت: (مناسبەی ئەم بابە لە كتابی تەوحید: شكانی بەڵێن بەڵگەیە لەسەر بە گەورە دانەنانی خوای گەورە و قەدحە لە تەوحیددا)[٦١١].

وقول الله تعالى: ﴿وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا﴾ [النحل: ٩١]

واتە: خوای گەورە دەفەرموویت: (بەرامبەربە پەیمانی خودا بە وەفا بن كاتێ كە پەیمان دەدەن بە یەكتر، وە پەیمان شكێنی مەكەن دوای ئەوەی كە ئەو پەیمانەتان بە ناوی خوداوە پتەو كرد، وە بە تەئكید خواتان كردووە بە كەفیل بەسەر خۆتانەوە، واتە: "بە چاودێر و بە شاهید"، بە تەئكید هەرچییەك بكەن خودا دەیزانێت.

ڕاڤەی وشەكانی ئایەتەكە:

﴿وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ﴾: واتە: بەرامبەر پەیمانی خودا بە وەفا بن.

﴿وَلاَ تَنقُضُواْ الأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا﴾: واتە: پەیمان شكێنی مەكەن دوای ئەوەی كە ئەو پەیمانەتان بە ناوی خوداوە پتەو كرد.

هۆكاری باسكردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

---

[٦٠٩] القول المفيد (٣/٣٠٠).

[٦١٠] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٧١).

[٦١١] الجامع الفريد لاپەڕە (٢١٧).

عبدالله بن جار دەفەرموویێت: (مناسبەی ئەم ئایەتە لەم بابە بەڵگەیە واجبە وەفا بە بەڵێن بکرێت و حەرامە بشکێنرێت)[٦١٢].

قەرعاوی دەفەرموویێت: (ئایەتەکە بەڵگەیە حەرامە بەڵێن بشکێنێت، چونکە شکاندنی بەڵێن بەڵگەیە لەسەر بەگەورە دانەنانی خوای گەورە و نەفی تەوحید دەکات)[٦١٣].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە حەرامە بەڵێن بشکێنیت.

٢- هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە ابن الجوزی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویێت: (جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بەوەی کە لەسەر کێ دابەزیوە، دوو وتە هەیە: یەکەم: سەبارەت بە سوێندی ئەهلی جاهلی دابەزی، موجاهد و قەتادە ئەمەیان گوتووە. دووەم: سەبارەت بە خەڵکانێک دابەزی کە بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر درود و سەلامی خوای لێ بێت)[٦١٤].

---

[٦١٢] الجامع الفريد لاپەڕە (٢١٧).

[٦١٣] الجديد لاپەڕە (٤٦١).

[٦١٤] زاد المسير (٣٦٩/٤).

عن بريدة رضي الله عنه أن رسول الله (ﷺ) كان إذا أمر أميرا على جيش أو سرية أوصاه بتقوى الله ومن معه من المسلمين خيرا، فقال: (اغزوا بسم الله، في سبيل الله، قاتلوا من كفر بالله، اغزوا ولا تغلوا ولا تغدروا، ولا تمثلوا، ولا تقتلوا وليدا، وإذا لقيت عدوك من المشركين فادعهم إلى ثلاث خصال ـ أو خلال ـ فآيتهن ما أجابوك فاقبل منهم وكف عنهم، ثم ادعهم إلى الإسلام فإن هم أجابوك فاقبل منهم، ثم ادعوهم إلى التحول من دارهم إلى دار المهاجرين، وأخبرهم أنهم إن فعلوا ذلك فلهم ما للمهاجرين، وعليهم ما على المهاجرين، فإن أبوا أن يتحولوا منها فأخبرهم أنهم يكونون كأعراب المسلمين، يجري عليهم حكم الله تعالى، ولا يكون لهم في الغنيمة والفيء شيء إلا أن يجاهدوا مع المسلمين، فإن هم أبوا فاسألهم الجزية، فإن هم أجابوك فاقبل منهم وكف عنهم، فإن هم أبوا فاستعن بالله وقاتلهم. وإذا حاصرت أهل حصن فأرادوك أن تجعل ذمة الله وذمة نبيه، فلا تجعل لهم ذمة الله وذمة نبيه، ولكن اجعل لهم ذمتك وذمة أصحابك، فإنكم إن تخفروا ذممكم وذمة أصحابكم أهون من أن تخفروا ذمة الله وذمة نبيه.

وإذا حاصرت أهل حصن فأرادوك أن تنزلهم على حكم الله، فلا تنزلهم على حكم الله، ولكن أنزلهم على حكمك. فإنك لا تدري، أتصيب حكم الله فيهم أم لا) رواه مسلم.

واتە: لە بوڕیدە دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت گوتی: (پێغەمبەری خودا (ﷺ) سوننەتی وا بوو کاتێ کە ئەمیرێکی دادەنا بۆ سوپایەک یا سریەیەک، ئامۆژگاری دەکرد بەمانە:

١- لە خۆیدا تەقواو لە خواترسان بەدی بهێنێت.

٢- لەگەڵ ئەو سەربازە موسڵمانانەشدا کە لەگەڵیدان چاکە بکات، پاشان دەیفەرموو:

٣- موجاهیدەکان غەزا بکەن بە پشتیوانی و ناوی خوا.

٤- لە ڕێگا و لە پێناوی خوادا بە (تەنها).

٥- بجەنگێن دژی هەرکەسێک کافر بووە بە خودا، (بە زاتی خوداو ناوەکانی و صیفاتەکانی و فەرمانەکانی.)

٦- غەزا بکەن و ماڵی غەنیمەت پێش دابەشکردن مەخەنە لاوە بۆ خۆتان، غەدر مەکەن، واتە (پەیمان شکێنی) مەکەن. لاشەی کوژراوەکان مەشێوێنن و منداڵ مەکوژن.

٧- کاتێ ڕووبەڕووی دوژمن بوویتەوە ئەوانەی کە موشریکن ئەوا بانگیان بکە بۆ یەکێ لەم سێ شتانە جا ئەگەر هەرکامیان پێ قبووڵ بوو، تۆش لێیان قبوڵ بکە و لێیان گەڕێ:

یەکەم: بانگیان بکە بۆ موسڵمان بوون، جا ئەگەر قبوڵیان کرد تۆش لێیان قبوڵ بکە، پاشان بانگیان بکە بۆ ئەوەی لە شار و وڵاتی خۆیانەوە ـواتە لە وڵاتی کوفرەوە کۆچ بکەن بۆ شار و وڵاتی موهاجیران، پێیان ڕابگەیەنە ئەگەر ئەوەیان کرد موهاجیرین چ حەقێکیان هەبێت ئەوانیش هەمان حەقیان هەیە، وەک ئەوانیش ئەرکیان دەکەوێتە سەر، جا ئەگەر نەیانویست و وڵاتی خۆیان بەجێ نە هێشت ئەوا خەبەریان پێ بدە کە وەک دەشتەکیە موسڵمانەکان حسابیان لەگەڵدا دەکرێت و حوکمی خودایان بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت لە دەستکەوت و غەنیمەتەکاندا هیچیان بەر ناکەوێت، مەگەر کاتێ کە لەگەڵ موسڵمانەکاندا بەشداری جەنگ بکەن.

دووەم: ئەگەر ئەوانەشیان قبوڵ نەکرد ئەوا داوای جزیەو سەرانەیان لێ بکە. خۆ ئەگەر بەمەش ڕازی بوون لێیان قبوڵ بکە و لێیان گەڕێ.

سێیەم: جا ئەگەر بەوەش ڕازی نەبوون ئەوا داوای کۆمەکی لە خودا بکە و لە دژیان بجەنگێ، کاتێکیش کە خەڵکی قەڵایەکت گەمارۆدا داوایان لێت کرد کە پەیمانی

خودا و پەیمانی پێغەمبەریان پێبدەیت، واتە (سوێندیان بۆ بخۆیت و پەیمانیان بدەیتێ كە خۆیان و ماڵیان سەلامەت دەبێت) ئەوا پەیمانی خودا و پێغەمبەریان پێ نەدەیت.

بەڵكو پەیمانی خۆت و پەیمانی هاوەڵەكانتیان پێ بدە, چونكە ئەگەرهاتوو كەسانی "نەفام و بێ ئاگا"پەیمانی خۆت و هاوەڵەكانت بشكێنن، تاوانەكەی سوكترە لەوەی كە پەیمانی خودا و پەیمانی پێغەمبەرەكەی بشكێنن.

خۆ ئەگەر خەڵكی قەڵایەكت گەمارۆدا و داوایان لێت كرد كە دایان بەزێنیت لە قەڵاكە بەشەرتێ كە حوكمی خودایان بەسەردا جێبەجێ بكەیت، ئەوا دایان مەبەزێنە (لەسەر ئەوە)، چونكە تۆ نازانیت ئایا حوكمی خودا لەو بارەوە دەپێكیت یان نا.

ڕاڤەی وشەكانی فەرموودەكە:

(على جيش أو سرية): (جيش): جەنگاوەری زۆرن، (سرية): بەشێكە لە جەیش و لێی جیادەبێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە.

(ولا تغلوا): واتە: ماڵی غەنیمە مەبەن، (الغلول): بردنی ماڵی غەنیمەیە پێش دابەش كردن.

(ولا تغدروا): واتە: غەدر مەكەن.

(ولا تقتلوا وليدا): (الوليد): منداڵە نەگەیشتۆتە حەدی تەكلیف.

هۆكاری باسكردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری كتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەیەی باسكردوە بۆ ئەوەی ڕوونی بكاتەوە نابێت پەیمانی خوا و پێغەمبەر بە خەڵك بدەیت، چونكە شكاندنی پەیمانی خۆت سوكترە لە پەیمانی خوا و پێغەمبەر.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروستە جزیە لە هەموو کافرێک وەربگریت، جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بە جزیە، سێ وتە هەیە:

یەکەم: هەندێ زانا بۆ ئەوە چوون جزیە لە هەموو کافرێک وەردەگیرێت، کە ئەمە وتەی مالکی و ابن تیمییە و ابن قیم و صنعانی و ابن عثیمینە، بەڵگە:

- فەرموودەی بوڕەیدە: (قاتلوا من کفر بالله)، و وتەی: (وإذا لقیت عدوك من المشرکین).

- ئایەتی سوڕەت تەوبە: ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلا بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنْ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ {التوبة:٢٩}، ئەمە مفهومی نیە چونکە خەبەرە بە واقع، بەڵگە منطوقی فەرموودەی بوڕەیدەیە.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم وتەیە وتەیەکی بەهێزە و بەڵگەکانی بەهێزن).

دووەم: هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون (جزیة) لەهەموو کافرێک وەردەگیرێت ئیلا لە پەیکەر پەرستەکانی عەرەب نەبێت، ئەمانە نابێت جزیەیان لێ وەربگریت دەبێت یان موسڵمان بن یان شمشێر، کە ئەمە وتەی حەنەفی و وتەیەکە لە وتەکانی ئەحمەد، بەڵگە:

- پیغەمبەر (ﷺ) جزیەیانی لێ وەرنەگرتوە و لەبەر ئەوە کوفرەکەیان توندترە لە کوفری کەسانی تر، چونکە قورئان بە زمانی ئەوان دابەزیوە و موعجیزە بۆ حەقی ئەوان دیارترە.

سێیەم: هەندێ زانای تر بۆ ئەوە چوون جزیە تەنها لە ئەهلی کتاب و مەجوسی وەردەگیرێت، کە ئەمە وتەی شافعی و وتەیەکە لە وتەکانی ئەحمەد و وتەی ابن حزمە، بەڵگە:

(١) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلا بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنْ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ {التوبة:٢٩}

(٢) عن عبدالرحمان بن عوف رضي الله عنه أن النبي (ﷺ) أخذها -يعني الجزية- من مجوس هاجر[٦١٥].

ابن عبدالبر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (وتەی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە مەجوس: (سنوا سنة أهل الكتاب)، واتە: مەبەست پێی جزیەیە، بەڵگەیە ئەوان ئەهلی کتاب نین، لەسەر وتەی زۆربەی زانایان)[٦١٦].

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (دروستە جزیە لە بێجگە لە گاور و جوولەکە و مەجوس وەربگیرێت، چونکە ئەهلی کتاب دەقیان لەسەریان هاتووە بۆ جزیە لێ وەرگرتنیان، وە مەجوسیش فەرموودەیان لەسەر هاتووە، سەبارەت بە بێجگە لەمانە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەهلی عیلم: وتراوە بێجگە لەمانە لە کەسی تر وەرناگیرێت، هەروەها وتراوە: لە موشریکی عەرەب وەرناگیرێت چونکە زەلیلی تێدایە، ئەوەی ڕاست

---

[٦١٥] رواه البخاري (٣١٥٦-٣١٥٧).

[٦١٦] التمهيد (١١٩/٢).

بێت لە هەموو کافران وەردەگیرێت، لەبەر عمومی وتەی: "من كفر بالله"، نەی گوت: گاور و جوولەکە)[٦١٧].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (دروستە جزیە لە کافر وەربگریت ئەگەر موسڵمان نەبوو، ئەوەی دیار بێت ئەم جزیەیە عقوبە نیە، بەڵکو لەبەر پاراستنی ماڵ و مناڵ و خوینی ئەوانە لەبەر ئەوە واجبە لەسەر ئێمە پارێزگاری لێ بکەین، ئەگەر کەسێک تەعەدایان لێکرد حەقی وەردەگرینەوە، وە هەروەها واجبە لەسەر ئێمە تەعەدایان لەسەر لابدەین ئەگەر کەسێک بیەوێت تەعەدایان لێ بکات)[٦١٨].

وتەی ڕاست وتەی یەکەمە جزیە لە هەموو کافرێک وەردەگیرێت، چونکە:

- فەرموودەی بوڕەیدە عامە و دوای ئایەتی جزیە بووە.

- ئایەتی جزیە تەنها باسی ئەهلی کتابی کردوە و فەرموودەش هاتووە جزیەی لە مەجوس وەرگرتوە، کەواتە هیچ کێشە دروست نابێت ئەگەر لە هەموو کافرێکی تر وەربگیرێت.

پوختەی وتەی زانایان:

(١) هەموو زانایان یەک دەنگن جزیە لە ئەهلی کتاب و مەجوس وەردەگیرێت ئەگەر موسڵمان نەبوون.

(٢) وتەی ڕاست جزیە لە هەموو کافرێک وەردەگیرێت.

(٣) ئەم جزیەیە عقوبە نیە، بەڵکو لەبەر پاراستنی ماڵ و مناڵ و خوێنی ئەوانە.

---

[٦١٧] القول المفيد (٣/٣١٨-٣٢٢).

[٦١٨] فتح ذي الجلال والإكرام (١٤/٦١).

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ناردنی سەریە، سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) وابوو سەریە و جەیشی دەنارد، ئەگەر یەکێک بڵێت بۆچی سەریە و جەیشی دەنارد و بەخۆی نەدەچوو لەگەڵیان؟

دەڵێین: چونکە دینی ئیسلام شعائیری هەیە، شرائع پێویستیان بەوەیە هەندێک مرۆڤ پێی هەڵسن و بەڕێوەی ببەن، نموونە: پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هەموو جەنازەیەک نەدەچوو، جار هەبوو جەنازە بەلایدا دەبردرا و خۆی نەدەچوو، لەبەرئەوەی سەرقاڵ بوو بە شتێک کە گرینگتر بوو لە شوێن کەوتنی جەنازە، هەروەها جیهادیش بەهەمان شێوە، هەموو جار لەگەڵ هەموو سەریە و جەیشێک نەدەچوو، بەڵکو لە مەدینە دەمایەوە بۆ ئەوەی خەڵک فێری خێر و چاکە بکات، ئاماژە بۆ ئەمە کراوە بە وتەی خوای گەورە: ﴿وَمَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ﴾ [التوبة: ١٢٢]، دینی ئیسلام دەبێت تەواو بکرێت، ئیمانداران هەندێکیان هەندێک شتی تر تەواو دەکەن و تەواوکەری یەکترن)[٦١٩].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ هاندانی جەنگاوەرەکان، لەبەر وتەی: (اغزوا)، پاشان جارێکی تر تەئکیدی کردەوە بە وتەی: (اغزوا)، واتە: بجەنگێن بە جەنگانێکی ڕاست و بنیات نرا بێت لەسەر زیرەکی و بەرەو پێش چوون[٦٢٠].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ پشت بەستن بەخوا و داوای یارمەتی کردن لێی، لەبەر وتەی (بسم الله)[٦٢١].

---

[٦١٩] فتح ذي الجلال والإكرام (١٤/٥٣-٥٤).

[٦٢٠] فتح ذي الجلال والإكرام (١٤/٥٤).

[٦٢١] فتح ذي الجلال والإكرام (١٤/٥٥).

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئامۆژگاری کردنی جەنگاوەران بۆ ئیخلاس.، لەبەر وتەی: (في سبيل الله)[٦٢٢].

٦- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە واجبە شەڕ بکەیت لەگەڵ کافران؛ لەبەر وتەی "قاتلوا من كفر بالله"، عموم تایبەت کراوە لەم فەرموودەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر جزیەی دا وازی لێ دەهێنرێت و شەڕی لەگەڵ ناکرێت[٦٢٣].

٧- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە زۆر لێ کردن لە ئیسلامدا نیە، ئەگەر زۆر لێ کردن هەبوایا ئەوا جزیەش لە کافران قبووڵ نەدەکرا، قبووڵ کردنی جزیە بەڵگەیە زۆری لێ کردن لە ئیسلامدا نیە[٦٢٤].

٨- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نابێت زانا لە حوکمێک لە حوکمەکان بڵێت: حوکمی ئیسلام بەم شێوەیەیە، ئەمە نابێت بگوترێ چونکە دەکرێت تووشی هەڵە بیت، ئەو کات هەڵە دەدرێتە پاڵ ئیسلام، بەڵکو بەم شێوەیە بڵێ من وای دەبینم حوکمی ئیسلام ئاوا و ئاوایە، هەندێک لە متأخرینەکان لە کتابەکانیاندا دەڵێن: "ئیسلام ئاوا دەڵێت، ئیسلام ئاوا مەنع دەکات"، شتی تری وەک ئەمانە، کەوابو دەبێت خۆت بپاریزیت لەم قسانە.

سەبارەت بەوەی ئەحکامێک ڕوون و ئاشکرا بێت و دیار بێت، وەک: نوێژ و زەکات، وەک ئەوەی بڵێت مرداربوو حەرامە لە دینی ئیسلام، وە زینا حەرامە لە حوکمی ئیسلام، ئەمە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە.

بەڵام هەتا ئەگەر مرۆڤ فەتوا بدات و دەربڕین بەم شێوەیە ئەمە ئیسلامە، ئەوە ئەمەیان بە گومانی من جۆرێکە لەوەی مرۆڤ سەرسام بێت بە نەفسی خۆی، وە زەعیمی ئیسلام

---

[٦٢٢] فتح ذي الجلال والإكرام (٥٥/١٤).
[٦٢٣] فتح ذي الجلال والإكرام (٥٥/١٤).
[٦٢٤] فتح ذي الجلال والإكرام (٦٠/١٤).

بێت. ئەوە بەسە بڵێیت ئەمە حەرامە و پاشان بەڵگە باس بکەیت لە کتابی خوای گەورە[٦٢٥].

٩- دروستە دوژمن گەمارۆ بدەیت، واتە: دەوریان بدەیت و گەمارۆیان بدەیت، وە لەو گەمارۆدانانە دروستە ئاویان لێ ببڕیت ئەگەر ئەمە نزیکتر بێت بۆ وەڵام دانەوە. ئەگەر یەکێک بڵێت: چۆن دەبێت ئاویان لێ ببڕیت، بڕینی ئاو مناڵ و ئافرەت و پیرەکان بە هیلاک دەبات، ئەمانەش لەوانەن کە نابێت بکوژرێن؟

دەڵێین: ئەمە شتێکی پێویستە و تابعە بۆ بێجگە لە مەبەستی ئێمە، ئێمە مەبەستمان بەهیلاک دانی ئەوانە نییە کە شەڕ ناکەن، بەڵکو مەبەستمان بەهیلاک دانی جەنگاوەرەکانە، بە هیلاک چوونی ئەمانە تابعە بۆ بێجگە لە مەبەستی ئێمە، لەبەر ئەوە دروستە بە مەنجەنیق هێرش بکەیتە سەریان لە کۆنەوە[٦٢٦].

١٠- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروست نیە بۆ سەرکردەی جەنگ کە گەمارۆی قەڵای دا دوژمن دابەزێنێت و پەیمانی خوا و پێغەمبەریان پێبدات، (واتە سوێندیان بۆ بخۆیت و پەیمانیان بدەیتێ کە خۆیان و ماڵیان سەلامەت دەبێت)، عیلەتەکە پێغەمبەر

(ﷺ) باسیکردوە ئەویش ئەوەیە هەندێک جار ئەو بەڵێنە دەشکێندرێت، شکاندنی بەڵێنی مرۆڤ سوکترە لەوەی پەیمانی خوا و پێغەمبەرەکەی بشکێنی[٦٢٧].

---

[٦٢٥] فتح ذي الجلال والإكرام (٦٧/١٤).

[٦٢٦] فتح ذي الجلال والإكرام (٦٢/١٤-٦٣).

[٦٢٧] فتح ذي الجلال والإكرام (٦٣/١٤).

١١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەرامە منداڵ بکوژیت، زانایان سەبارەت بە کوشتی ئافرەت و منداڵ دەڵێن ئەم دوو حاڵەتەیە:

حاڵەتی یەکەم: ئافرەت شەڕ ناکات، لەم حاڵەتە نابێت بیکوژیت، بەڵگە:

ابن عمر خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) ئافرەتێکی کوژراوی بینی لە یەکێک لە جەنگەکان، ئینکاری کوشتی ئافرەت و منداڵی کرد[٦٢٨].

قاضی عیاض ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (هەموو زانایان یەک دەنگن و ئەم فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە کە نابێت ئافرەت و منداڵ بکوژیت ئەگەر شەڕ نەکەن)[٦٢٩].

حاڵەتی دووەم: ئافرەت شەڕ دەکات دژی موسڵمانان، لەم حاڵەتە دروستە ئافرەت بکوژیت، بەڵگە:

فەرموودەی ڕباح بن ربیع رواه ئەبوداوده ڕوون و ئاشکرایە.

خطابی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە ئافرەت ئەگەر شەڕی کرد دەکوژرێت، ئایا نایبینیت کە علەتی حەرامی کوشتی ئەوەیە کە شەڕ ناکات، ئەگەر شەڕی کرد دروستە شەڕی لەگەل بکەیت و بیکوژیت)[٦٣٠].

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (بەڵێ ئەگەر ئافرەت شەڕ بکات هەروەک سەردەمی ئێستای ئێمە، ئافرەت هەیە ئێستا فڕۆکە لێ دەخوڕێت و گولە و

---

[٦٢٨] متفق علیه

[٦٢٩] الإكمال (٤٨/٣).

[٦٣٠] معالم السنن (١٣/٤).

ساروخ و شتی تر دەهاوێژێت، ئەوا شەڕی لەگەڵ دەكرێت و دەكوژرێت، چونكە هیچ جیاوازی نییە لە نێوان ئەمە و پیاو.

ئەگەر یەكێك بڵێت: ئافرەت چارەسەری نەخۆش و بریندارەكان دەكات، ئایا حوكمیان هەمان حوكمی ئەوانەیە كە شەڕ دەكەن؟

دەڵێین: ئەوەی دیار بێت ئەمە سوكترە، چونكە ئەمانە چارەسەر دەكەن نەك شەڕ، ئەگەر ئافرەتێك ببینین جل و بەرگێك لەبەر دەكات وەك جل و بەرگی جەنگاوەرەكان، ئەوا شەڕی لەگەڵ ناكەین ئیلا ئەگەر دڵنیا بین كە بەژداری جەنگی كردووە)[٦٣١].

١٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەرامە لاشەی بشێوێنیت و غەدر بكەیت و ماڵی غەنیمە بدزیت.

١٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە نابێت یەكسەر شەڕ لەگەل كافران بكەیت، بەڵكو جیهاد لەگەڵ ولاتانی كافر بەم هەنگاوانەیە:

یەكەم: سەرەتا بانگی دەكەیت بۆ ئیسلام، ئەگەر قبوڵیان كرد دەبێت قبووڵ بكرێن و نابێت شەڕیان لەگەڵ بكرێت.

دووەم: ئەگەر قبوڵیان نەكرد و موسڵمان نەبوون، ئەوا داوای سەرانە (جزية)یان لێ دەكرێت، ئەگەر سەرانەیان دا ئەوا دەبێت وازیان لێ بهێنرێت لەناو موسڵمانان دا بژین بێ ئەوەی ئازار بدرێن و مافەكانیان پارێزراو دەبن.

---

[٦٣١] فتح ذي الجلال والإكرام (٨١/١٤).

سێیەم: ئەگەر نە ئیسلامیان قبووڵ کرد و نە سەرانەشیان قبووڵ کرد ئەوا شەڕیان لەگەڵ دەکرێت.

١٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کە بانگیان دەکەیت بۆ موسڵمان بوون، جا ئەگەر قبوڵیان کرد تۆش لێیان قبووڵ بکە، پاشان بانگیان بکە بۆ ئەوەی لە شار و وڵاتی خۆیانەوە واتە لە وڵاتی کوفرەوە کۆچ بکەن بۆ شار و وڵاتی موهاجیران، پێیان ڕابگەبەنە: ئەگەر ئەوەیان کرد موهاجیرین چ حەقێکیان هەبێت ئەوانیش هەمان حەقیان هەیە، وەک ئەوانیش ئەرکیان دەکەوێتە سەر جا ئەگەر نەیانویست و وڵاتی خۆیان بەجێ نەهێشت ئەوا خەبەریان پێ بدە کە وەک دەشتەکیە موسڵمانەکان حسابیان لەگەڵدا دەکرێت و حوکمی خودایان بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت لە دەستکەوت و غەنیمەتەکاندا هیچیان بەر ناکەوێت، مەگەر کاتێ کە لەگەڵ موسڵمانەکاندا بەشداری جەنگ بکەن.

١٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە موجتەهید جار وایە صواب دەپێکێت و جار وایە صواب ناپێکێت، لەبەر وتەی (فإنك لا تدري أتصيب فيهم حكم الله أم لا؟)، وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إذا حكم الحاكم، فاجتهد، فأصاب فله أجران، وإن أخطأ فله أجر واحد)[٦٣٢].

---

[٦٣٢] القول المفيد (٣/٣١٨-٣٢٢).

باب ما جاء في الإقسام على الله

عن جندب بن عبد الله رضي الله قال: قال رسول الله (ﷺ): (قال رجل: والله لا يغفر الله لفلان، فقال الله عز وجل: من ذا الذي يتألى علي أن لا اغفر لفلان؟ إني قد غفرت له وأحبطت عملك) رواه مسلم[٦٣٣].

وفي حديث أبي هريرة أن القائل رجل عابد، قال أبو هريرة: تكلم بكلمة أو بقت دنياه وآخرته[٦٣٤].

فيه مسائل:

الأولى: التحذير من التألي على الله.

الثانية: كون النار أقرب إلى أحدنا من شراك نعله.

الثالثة: أن الجنة مثل ذلك .

الرابعة: فيه شاهد لقوله (إن الرجل ليتكلم بالكلمة) الخ..

الخامسة: أن الرجل قد يغفر له بسبب هو من أكره الأمور إليه.

---

[٦٣٣] أخرجه مسلم (٢٦٢١).

[٦٣٤] أخرجه أحمد (٢٢٣/٢ رقم ٨٢٩٢)، وأبو داود (٤٩٠١)، وابن حبان (٢٠/١٣ رقم ٥٧١٢).

باب ما جاء في الإقسام على الله

باسی سوێند خواردن لەسەر خوا

عبدالرحمن بن ناصر السعدی ڕەحمەتی خوای لی بێت دەفەرموێت: (سوێند خواردن بەسەر خوا زۆرینەی جار لە بابی سەرسام بوونە بە نەفس و بێ ڕەوشتی یە لەگەڵ خوا، ئیمان تەواو نابێت هەتا سەلامەت نەبیت لەمە)[٦٣٥].

ابن باز ڕەحمەتی خوای لی بێت دەفەرموێت: (باب باسکردنی وەعید سەبارەت بەمە، لەبەر ئەوە سوێند خواردن بەسەر خوا جورئەتە بەسەر خوا و نەقسە لە تەوحیددا و لاواز بوونە لە ئیمان هەروەک دانەری کتاب باسیکردووە)[٦٣٦].

صالح آل الشیخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (سوێند خواردن لەسەر خوا لە دوو ڕووەوەیە:

ڕووی یەکەم: لە ڕووی خۆ بەگەورە دانان و ناچار کردنە، ئەو کەسەی سوێند بەسەر خوا دەخوات نەفسی خۆی بەرز دەکات هەتا وای لێ دێت وەک ئەوەی بڵێیت مافی بەسەر خواوە هەیە، ئەمە نەفی تەواوی تەوحید دەکات و جار هەیە نەفی ئەسلی تەوحید دەکات، خاوەنەکەی شایستەی ئەم سزایەیە کە فەرموودەکە باسیکردووە، ئەوەی سوێند بەسەر خواوە دەخوات حوکم دەکات بەوەی خۆی هەڵیبژاردووە، دەڵێت: سویند بەخوا فلانە شت بۆ فلانە کەس نابێت و بەدەستی نایێنێت، ئەمە خۆ بەگەورە دانان و بە کەم دانانی کەسانی ترە، دەیەوێت حوکمی خوا وەک حوکمی خۆی بێت لەبەر خۆ بەگەورە دانان بەسەر خوا کە خوا وا دەکات بە گوێرەی گومانی، ئەمەیان سوێند خواردن بەسەر

---

[٦٣٥] القول السدید لاپەڕە (١٣٦).

[٦٣٦] التعلیق المفید.

خوا جۆرێکە لە تحکم کردن بەسەر کارەکان و کردەوەکانی خواوە، ئەمەش لە دڵی کەسێک دەرناچێت کە خوای گەورەی بە گەورە دانابێت.

ڕووی دووەم: سوێند بەسەر خوا دەخوات نەک وەک خۆ بەگەورە دانان و زاڵ کردن بەسەر خوا، بەڵکو گومانی ڕاستی بەرامبەر واقع هەیە، یان لە شتێک ئاڕاستەی دەبێت، ئەمەیان سوێند بەسەر خوا دەخوات بۆ داهاتوو وەک زەلیلی و ملکەچی نەک خۆ بەگەورە دانان و زاڵ کردن، ئەمەیان فەرموودەی لەسەر هاتووە: (إن من عباد الله من لو أقسم على الله لأبره)، چونکە سوێندی بەسەر خواوە خواردووە نەک لە ڕووی خۆ بەگەورە دانان و زاڵ کردن، بەڵکو لە ڕووی پێویستی و هەژاری بووە بۆ لای خوا)[٦٣٧].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لی بێت دەفەرموێت: (سوێند خواردن بەسەر خوا دابەش دەبێت بۆ سێ بەش:

یەکەم: سوێند دەخوات بەسەر خوا بە شتێک کە خوا و پێغەمبەر خەبەریان داوە جا چ نەفی بێت یان جێگیرکردن، ئەمەیان هیچی تێدا نیە، ئەمەیان گومانی تێدا نیە و بەڵگەی لەسەر هاتووە، وەک: (والله، ليشفعن الله نبيه في الخلق يوم القيامة)، نموونە: (والله لايغفر الله لمن أشرك به).

دووەم: سوێند دەخوات بەسەر خوا لەبەر بەهێزی ئومێد و گومانی باشی بە خوای گەورە، لەبەر چیرۆکی الربيع بنت النضر عمة أنس بن مالك رضي الله عنهما: "کاتێک ددانی ئافرەتێکی ئەنساری شکاند، کێشەکەیان هێنایە لای پێغەمبەری خوا بۆ ئەوەی حوکم بکات لەنێوانیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە تۆڵە سەندنەوە، سولحی پێشکەشیان کرد ڕازی نەبوون، ئەنەسی کوڕی نضر گوتی: ددانی ڕوبەیع دەشکێنن؟

---

[٦٣٧] التمهيد لاپەڕە (٥٤١-٥٤٢).

سوێند بە خوا ئەی نێردراوی خوا ددانی ڕوبەیع ناشکێندرێ، ئەنەس نەیدەویست حوکمی شەرعی ڕەت بکاتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: "ئەی ئەنەس کتابی خوا گەورە تۆلە دەسەنێتەوە"، واتە: ددان بە ددانە، گوتی: سوێند بەخوا ددانی ناشکێندرێت، ئومێدی بە خوا هەبوو کە ددانی ڕوبەیع ناشکێندرێت، خوای گەورە عەفوی خستە ناو دڵی ئەنساڕییەکان و عەفویان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (إن من عبادكم لو أقسم على الله لأبره).

بەشی سێیەم: کەسێک سوێند بەسەر خوا دەخوات و سەرسامە بە نەفسی خۆی، فەزڵی خوای گەورە مەنع دەکات و گومانی خراپ بە خوای گەورە دەبات، ئەمەیان حەڕامە و هۆکارە بۆ پووچ بوونەوەی کردەوە، ئەم سوێند خواردنە مەبەستی دانەری کتابە لەبەر ئەوەش ئەم فەرموودەیەی باسکردووە)[٦٣٨].

---

[٦٣٨] القول المفيد (٣/٣٢٩-٣٣٦).

عن جندب بن عبد الله رضي الله قال: قال رسول الله (ﷺ): (قال رجل: والله لا يغفر الله لفلان، فقال الله عز وجل: من ذا الذي يتألى علي أن لا اغفر لفلان؟ إني قد غفرت له وأحبطت عملك) رواه مسلم.

واتە: جوندوبی کوڕی عبد الله خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (پیاوێک لە نەوەکانی ئیسرائیل گوتی: والله خوا لە فلان خۆش نابێت، خوداش فەرمووی: ئەوە کێیە (خۆی کردووە بە گەورە بەسەر منەوەو) سوێند دەخوات کە لە فلان کەس خۆش نابم، ئەوا من لێی خۆش بووم و کردەوەکەی تۆشم پووچەڵ کردەوە).

وفي حديث أبي هريرة أن القائل رجل عابد، قال أبو هريرة: تكلم بكلمة أو بقت دنياه وآخرته.

واتە: لە فەرموودەکەی ئەبو هورەیرەدا هاتووە کە ئەوەی قسەکەی کرد پیاوێکی خواپەرست بووە، ئەبو هورەیرە فەرمووی: گوتەیەکی لە دەم هاتە دەر دونیا و قیامەتی لە دەست خۆی دا.

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(قال رجل): ئەم پیاوە لەوانەیە ئەو پیاوە بێت کە لە فەرموودەی ئەبو هورەیرە باسکراوە.

(والله لا يغفر الله لفلان): ئەمە بەڵگەیە کەسەکە لە ڕەحمی خوای گەورە بێ ئومید بووە و بەندەکەی بەکەم داناوە و سەرسام بووە بە نەفسی خۆی.

(وأحبطت عملك): واتە: کردەوەکەی تۆم پوچەڵ کردەوە.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموویت: (فەرموودەکە بەڵگەیە حەرامە سوێند بەسەر خوا بخۆیت، چونکە تیابردنی حەقی پەروەردگاریەتی و بەندایەتی یە و نەفی تەوحید دەکات)[٦٣٩].

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر حەرامی سوێند خواردن بەسەر خوا، ئەگەر وەک ناچار کردنی خوا بێت و خێر و چاکەی بۆ بەندە نەکات، ئەمەیان نەقسە لە تەوحید[٦٤٠].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ترسناکی زمان، جاری وایە بە یەک وشە هەڵە دەکات دونیا و ئاخیرەتی تیادەچێت، ئەی دەبێت ئەو کەسە حاڵ و عاقیبەتی چۆن بێت کە زۆر لە دژی دین قسە دەکات؟[٦٤١].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ئەوەی دانەری کتاب ئاماژەی بۆ کردووە: ئاگری دۆزەخ لە هەر کام لە ئێوە نزیکترە لە پەتی نەعلەکانتان، بەهەشتیش بەهەمان شێوە[٦٤٢].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە حەرامە مرۆڤ سەرسام بێت بە نەفسی خۆی و کەسانی تری پێ کەم بێت[٦٤٣].

---

[٦٣٩] الجديد لاپەڕە (٤٦٧).

[٦٤٠] إعانة المستفيد (٤٢٣/٢).

[٦٤١] إعانة المستفيد (٤٢٣/٢).

[٦٤٢] إعانة المستفيد (٤٢٣/٢-٤٢٤).

[٦٤٣] إعانة المستفيد (٤٢٤/٢).

باب لا يستشفع بالله على خلقه

عن جبير بن مطعم رضي الله عنه قال: جاء أعرابي إلى النبي (ﷺ) فقال: يا رسول الله: نهكت الأنفس، وجاع العيال، وهلكت الأموال، فاستسق لنا ربك، فإنا نستشفع بالله عليك وبك على الله، فقال النبي (ﷺ): (سبحان الله! سبحان الله!) فما زال يسبح حتى عرف ذلك في وجوه أصحابه؛ ثم قال النبي (ﷺ): (ويحك، أتدري ما الله؟ إن شأن الله أعظم من ذلك، إنه لا يستشفع بالله على أحد من خلقه) وذكر الحديث. رواه أبو داود[٦٤٤].

فيه مسائل:

الأولى: إنكاره على من قال: نستشفع بالله عليك.

الثانية: تغيره تغيرا عرف في وجوه أصحابه من هذه الكلمة.

الثالثة: أنه لم ينكر عليه قوله: (نستشفع بك على الله).

الرابعة: التنبيه على تفسير (سبحان الله).

الخامسة: أن المسلمين يسألونه الاستسقاء.

---

[٦٤٤] أخرجه أبو داود (٤٧٢٦)، وابن أبي شيبة في "العرش" (ص٥٦ رقم(١)، ابن أبي شيبة في "التوحيد (٢٣٩/١ رقم ١٤٧).

باب لا يستشفع بالله على خلقه

نابێت ناوی خوا بکرێتە واستە و تکاکار لای دروستکراوەکان

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید ئەوەیە: خوا کردنە شەفاعەتکار لای دروستکراوەکان نەقسە بۆ خوای گەورە، چونکە وای لێ دێت پلەی خوای نزمتر کردووە لە هی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەگەر لە بەرزترین پلەشدا بێت خوای گەورە پێویستی بەوە نیە شەفاعەت بکات لە لای)[٦٤٥].

عبدالله بن جار الله دەفەرموێت: (مناسبەی ئەم بابە لە کتابی تەوحید: خوا کردنە شەفاعەتکار لای دروستکراوەکان نەفی تەوحید دەکات، چونکە نەقسە بۆ خوای گەورە)[٦٤٦].

---

[٦٤٥] القول المفيد (٣٣٨/٣).

[٦٤٦] الجامع الفريد لاپەڕە (٢٢٣).

عن جبير بن مطعم رضي الله عنه قال: جاء أعرابي إلى النبي (ﷺ) فقال: يا رسول الله: نهكت الأنفس، وجاع العيال، وهلكت الأموال، فاستسق لنا ربك، فإنا نستشفع بالله عليك وبك على الله، فقال النبي (ﷺ): (سبحان الله! سبحان الله!) فما زال يسبح حتى عرف ذلك في وجوه أصحابه؛ ثم قال النبي (ﷺ): (ويحك، أتدري ما الله؟ إن شأن الله أعظم من ذلك، إنه لا يستشفع بالله على أحد من خلقه).

واتە: جوبەیر کوڕی موتعیم خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: دەشتەکیەک هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا گیانلەبەرەکان لاواز بوون، ماڵ و منداڵ کەوتنە برسێتیەوە، سەروەت و سامانمان تیاچوو، جا داوای بارانمان بۆ بکە لای پەروەردگارت، ئێمە خودا دەکەینە شەفاعەتکار لای تۆ (کە داوای باران بارینمان بۆ بکەیت)، تۆش دەکەین بە شەفاعەتکار لای خودا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (سبحان الله، سبحان الله) هەر سوبحانەڵلای دەکرد هەتا ئەم ناڕەحەت بوون و هەڵوێستەی پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕوخساری هاوەڵەکانیدا بەدی کرا و ڕەنگی دایەوە، پاشان فەرمووی: هاوار بە حاڵت، ئایا دەزانیت الله کێیە؟ (شأن الله) (قەدر و گەورەیی) خودا زۆر لەوە گەورەترە، بە تەئکید خودا ناکرێت بە شەفاعەتکار و تکاکار لای هیچ کەس.

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(جاء أعرابي): واتە: دەشتەکی یەک هات.

(نهكت): واتە: لاواز بوون.

(فاستسق لنا ربك): واتە: جا داوای بارانمان بۆ بکە لای پەروەردگارت.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموویت: (فەرموودەکە بەڵگەیە خوا کردنە شەفاعەتکار لای دروستکراوەکان حەرامە، چونکە کردنە شەفاعەتکار بە کەم دانانی گەورەیی و پلە و پایەی خوای تێدایە ئەمەش نەفی تەوحید دەکات)[٦٤٧].

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە خوا کردنە شەفاعەتکار لای دروستکراوەکان حەرامە، ئەم فەرموودەیە لاوازە بەڵام ماناکەی ڕاستە، دروست نیە بۆ کەس بڵێت: (نستشفع بالله عليك)[٦٤٨].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (وتەی: (فإنا نستشفع بالله عليك)، ئەم وشەیە خراپە و هەڵەیە، چونکە خوای گەورەی کردوەتە شافع لای پێغەمبەر (ﷺ)، وە شافع پلەی نزمترە لە مشفوع عندە، ئەمەش نەقسە بۆ خوای گەورە.

وتەی: (ونستشفع بك على الله)، ئەمەیان هیچ خراپەی تێدا نیە لە ژیانی پێغەمبەر (ﷺ)، وە هیچ خراپەی تێدا نیە دوای مردنیش، ماناکەی داواکردنی دوعایە لە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوەی دوعایان بۆ بکات تاوەکو باران بباریت، هەروەها داوای دوعا لە پیاو چاکە زیندووەکان هیچی تێدا نیە)[٦٤٩].

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە دروستە داوای باران بارین بکەیت لە کاتی تاخیر بوونی باران، ئەمە سوننەتێکە جێگیر بووە، داوا کردن لە پیاو چاکانی زیندوو و ئامادە بوو بۆ

---

[٦٤٧] الجديد لاپەڕە (٤٧٠).

[٦٤٨] القول المفيد.

[٦٤٩] إعانة المستفيد (٤٢٧/٢).

ئەوەی دوعا بۆ موسڵمانان بكەن هیچی تێدا نیە، سەبارەت بە مردوو داوای لێ ناكرێت، نە شەفاعەت و نە دوعا دروست نییە[٦٥٠].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئینكاری كردنی خراپە، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) ئینكاری ئەم دەشتەكییەی كرد و بێ دەنگ نەبوو[٦٥١].

٤- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ فێركردنی نەزان، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) ئەم نەزانەی فێركرد دوای ئەوەی ئینكاری لێكرد و ئاگاداری كردەوە لەسەر ئەو هەڵەیە بۆ ئەوەی خۆی لێ بە دوور بگرێت[٦٥٢].

٥- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر تەسبیح و تەكبیر لێدان لە كاتی ڕوودانی خراپەیەك یان شتێكی سەیر، نەك وەكو چەپڵە لێدان كە داهێنراو و تەقلیدی كافرانە[٦٥٣].

---

[٦٥٠] إعانة المستفيد (٤٢٨/٢).

[٦٥١] إعانة المستفيد (٤٢٨/٢).

[٦٥٢] إعانة المستفيد (٤٢٨/٢).

[٦٥٣] إعانة المستفيد (٤٢٩/٢).

باب ما جاء في حماية النبي (ﷺ) حمى التوحيد وسده طرق الشرك

عن عبد الله بن الشخير رضي الله عنه، قال: انطلقت في وفد بني عامر إلى النبي (ﷺ) فقلنا: أنت سيدنا، فقال: (السيد الله تبارك وتعالى). قلنا: وأفضلنا فضلا، وأعظمنا طولاً؛ فقال: (قولوا بقولكم، أو بعض قولكم، ولا يستجرينكم الشيطان) رواه أبو داود بسند جيد[٦٥٤].

وعن أنس رضي الله عنه، أن ناسا قالوا: يا رسول الله: يا خيرنا وابن خيرنا، وسيدنا وابن سيدنا، فقال: (يا أيها الناس، قولوا بقولكم، أو بعض قولكم، ولا يستهوينكم الشيطان، أنا محمد، عبد الله ورسوله، ما أحب أن ترفعوني فوق منزلتي التي أنزلني الله عز وجل)[٦٥٥].

فيه مسائل:

الأولى: تحذير الناس من الغلو.

الثانية: ما ينبغي أن يقول من قيل له: أنت سيدنا.

الثالثة: قوله: (ولا يستجرينكم الشيطان) مع أنهم لم يقولوا إلا الحق.

الرابعة: قوله: (ما أحب أن ترفعوني فوق منزلتي).

---

[٦٥٤] أخرجه أبو داود (٤٨٠٦)، والبخاري في "الأدب المفرد"(ص٨٣ رقم ٢١١).

[٦٥٥] رواه النسائي بسند جيد.أخرجه النسائي في "الكبرى" (٧٠/٦ رقم ١٠٠٧٧)، وأحمد (١٥٣/٣ رقم ١٢٥٥١).

باب ما جاء في حماية النبي (ﷺ) حمى التوحيد وسده طرق الشرك

باسی (پێغەمبەر (ﷺ) سنوورەكانی تەوحیدی پاراستووە و دەرگا و ڕێگاكانی شیركیشی داخستووە)

صالح آل الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (وتەی كەسێک كە دەڵێت: أنت سيدنا وابن سيدنا، وخيرنا وابن خيرنا، هەروەها وشەی تری هاوشێوەی ئەمانە، ئەم وشانە بەگەورە دانانی تیدایە و نابێت ڕووبەڕووی مرۆڤ بكرێن، پێغەمبەر (ﷺ) سەییدی نەوەی ئادەمە، هەروەک خۆی خەبەری داوە، بەڵام پێی باش نەبووە ئەم وشەیەی ئاڕاستە بكرێت.

پێغەمبەر (ﷺ) سنوورەكانی تەوحیدی پاراستووە و دەرگا و ڕێگاكانی شیركیشی داخستوە لە ڕووی بیروباوەڕەو و وتە و كردەوەوە، ئەگەر وردبیتەوە لە سوننەتی و ئەوەی دانەری كتاب لە (كتاب التوحيد)دا باسیكردووە، هەست دەكەیت پێغەمبەر (ﷺ) دەرگا و ڕێگاكانی بیروباوەڕی پووچ و كردەوەی پووچیشی داخستووە، وەک وتەی: (اشتد غضب الله على قوم اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد)، هەروەها دەرگا و ڕێگای وتەشی داخستووە كە سەر بكێشێت بۆ زیادەڕەوی كردنێكی زەمكراو و فەرموویەتی: (لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم إنما أنا عبد، فقولوا: عبدالله ورسوله)، هەروەها ئەم بابەش ڕوونكردنەوەی ئەوەیە كە پێغەمبەر سنوورەكانی تەوحیدی پاراستووە و دەرگا و ڕێگاكانی شیركیشی داخستووە لەو شتانەی كە پەیوەستن بە وتە سەر دەكێشێت بۆ شیرک)[٦٥٦].

---

[٦٥٦] التمهيد لاپەڕە (٥٤٩).

عن عبد الله بن الشخير رضي الله عنه، قال: انطلقت في وفد بني عامر إلى النبي (ﷺ) فقلنا: أنت سيدنا، فقال: (السيد الله تبارك وتعالى). قلنا: وأفضلنا فضلا، وأعظمنا طولا؛ فقال: (قولوا بقولكم، أو بعض قولكم، ولا يستجرينكم الشيطان) رواه أبو داود بسند جيد.

واته: له عبد الله بن الشخيردەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: لەگەڵ نوێنەری بەنی عامردا ڕۆیشتین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوتمان: تۆ گەورە و سەییدی ئێمەیت، ئەویش فەرمووی: (السيد خودایە تبارک و تعالی)، گوتمان: لە هەموومان چاکتری و لە هەموومان گەورەتریت و بەخشندەتریت، ئەویش فەرمووی: (وتەکانی پێشووترتان بڵێن یا هەندێک وتەی دیکەتان بڵێن، "واتە: بڵێن بەندە و پێغەمبەری خودا" با شەیتان نەتان کات بە نامەبەری خۆی، "یان با کێشتان نەکات بەرەو زیادەڕەوی").

وعن أنس رضي الله عنه، أن ناسا قالوا: يا رسول الله: يا خيرنا وابن خيرنا، وسيدنا وابن سيدنا، فقال: (يا أيها الناس، قولوا بقولكم، أو بعض قولكم، ولا يستهوينكم الشيطان، أنا محمد، عبد الله ورسوله، ما أحب أن ترفعوني فوق منزلتي التي أنزلني الله عز وجل). رواه النسائي بسند جيد.

واته: لە ئەنەس دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: خەڵکانێک گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەی لە هەموومان باشتر، کوڕی باشترینمان و سەییدو گەورەمان و کوڕی سەییدو گەورەمان، ئەویش فەرمووی: (ئەی خەڵکینە قسەکانی پێشترتان بڵێن، ڕێگە مەدەن شەیتان پلە بە پلە گومڕاتان بکات، من محمدم بەندەی خوا و پێغەمبەری ئەوم، پێم خۆش نیە لە پلەی خۆم زیاتر بەرزم بکەنەوە، ئەو پلەیەی کە خوا بۆمی داناوە).

ڕاڤەی وشەکانی هەردوو فەرموودەکە:

(انطلقت في وفد بني عامر): ئەوەی دیار بێت ئەم وەفدەی هاتوونە لای پێغەمبەر لە ساڵی نۆی هیجری بوو، چونکە وەفدەکان زۆر بوون لەو ساڵە، لەبەر ئەوە پێی دەڵێن ساڵی وەفدەکان.

(تبارك): واتە: زۆری بەرەکەت و خێر و چاکەکانی، زانایان دەڵێن: ئەم کارە نابێت کەس پێی وەسف بکرێت جگە لە خوای گەورە، لەبەر ئەوە دەڵێن نابێت بڵێیت: تبارك فلان.

هۆکاری باسکردنی ئەم دوو فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە حەرامە زیادەڕەوی بکەیت لە وەسفی پێغەمبەردا (ﷺ) و کەسانی تریش، چونکە ئەمە ڕێگایەکە بۆ گەیاندنی بە شیرک)[٦٥٧].

سوودەکانی هەردوو فەرموودەکە:

١- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە باش نیە وشەی (سید)، بەکاربهێنیت ئەگەر ترسی زیادەڕەوی کردنی تێدا بێت.

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ڕاڤەکارانی کتابی تەوحید دەڵێن پێغەمبەر نەهی کردووە لە وتەی (سیدنا)، هەوڵیان داوە جمع بکەن لەنێوان وتەی: (أنا سيد ولد آدم)، و وتەی: (قوموا إلى سيدكم)، و وتەی: (وليقل سيدي ومولاي) بە یەکێک لەم سێ ڕووانە:

یەکەم: نەهی بۆ کەڕاهەت و ئەدەبە، ڕێگەپێدان بۆ دروستی یە.

---

[٦٥٧] الجديد لاپەڕە (٤٧٣).

دووەم: لەبەر ئەوە نەهی کراوە ترسی ئەوە هەیە مەفسەدەتی لێ بکەوێتەوە، ئەویش ئەوەیە سەر بکێشێت بۆ زیادەڕەوی تێدا کردن، سەبارەت بە ڕێگەپێدانی دروستە ئەگەر هیچ شتی قەدەغەکراو نەبێت.

سێیەم: نەهی یەکە بۆ خطابە، واتە نابێت ڕوو بە ڕوو بڵێیت: تۆ سەییدی منی یان سەییدی ئێمەی، بە پێچەوانەی غائب، چونکە مخاطب هەندێک جار تووشی سەرسام بوون بە نەفس و خۆ بەگەورە دانان دەبێت، پاشان شتێکی تری تێدایە ئەویش ئەوەیە ئەو کەسەی ئەم قسەیە دەکات خۆی زەلیل و کەم دەکات بۆکەسانی تر بە پێچەوانەی ئەوە بۆ کەسانی تر، نموونە: (قوموا إلى سيدكم)، یان کەسەکە ئامادە نیە؛ وەک وتەی بەندە: سەیدم گوتی و وشەی تری وەک ئەمانە، بەڵام ئەمەیان سەبارەت بە ڕێگەپێدانی بەڵگە هاتووە لە پێغەمبەرەوە بە خاوەنی خۆی دەڵێت: سیدی.

ئەوەی دیار بێت ئەسڵەن هیچ پێچەوانەی نیە؛ چونکە پێغەمبەر ئیزنی داوە ئەم وتەیە بڵێن، بەڵکو نەهی لەوە کردووە با شەیتان نەتان کات بە نامەبەری خۆی بە زیادەڕەوی تێدا کردن، چونکە (السيد المطلق) خوای گەورەیە، لەسەر ئەمە دروستە بڵێیت: (سيدنا، وسيد بني فلان ونحوه)، بەڵام بە مەرج ئەوەی وشەی سەییدی ئاڕاستە دەکرێت شایستە بێت، سەبارەت بەوەی ئەگەر فاسق بێت یان زندیق ئەوا نابێت پێی بڵێی سەیید ئەگەر چی لە بەرزترین پلە و جاە بێت، فەرموودە هاتووە: (ولا تقولوا للمنافق سيد، فإنكم إذا قلتم ذالك أغضبتم الله)، ئەگەر شایستە بێت بۆ ئەمە ئەوا هیچ قەدەغە کراوی تێدا نیە و هیچی تێدا نیە، بەڵام ئەگەر ترسی شتیکی قەدەغە کراو هەبوو یان ئەهلی ئەوە نەبوو، دروست نییە، قەدەغە کراو ئەوەیە ترسی زیادەڕەوی کردنی تێیدا هەبێت)[٦٥٨].

---

[٦٥٨] القول المفيد (٣/٣٥١-٣٥٣).

صالح آل الشيخ خوا بیپارێزێت دەفەرموویێت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە وشەی (السيد) بۆ مرۆڤ مەکروهە، وە ڕووبەڕوو گوتن بەرامبەر کەسەکە دەبێت نەگوترێ و دابخرێت، ڕووبەڕوو بە کەس نەڵێی: (أنت سيدنا)، بەشێوەی کۆ، چونکە ئەمە جۆرێک لە بەگەورە دانانی تێدایە لە ڕووی کەسی بەرامبەر ڕاستەوخۆ، ڕووی دووەم بەکارهێنانی ئەو وشەیە، پێغەمبەر سەییدە هەروەک خۆی دەفەرموویێت: (أنا سيد ولد آدم يوم القيامة)، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕووبەڕوو پێ گوتنی پێ باش نەبووە و ڕێگری کردووە، بۆ ئەوەی سەر نەکێشێت بۆ شتی گەورەتر لە بەگەورە دانان و زیادەڕەوی تێداکردن)[٦٥٩].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویێت: (فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەهی کراوە لە وەسف کردنی پێغەمبەر (ﷺ) بە (السيد)، کێشە هەیە لای ئەهلی علم ئینکاری دەکەن بە کەسێک بڵێت: (أنت سيدنا)، وە دەفەرموویێت: (السيد الله).

فەرموودەی تر هاتوون بەڵگەن دروستە وشەی (سيد) بەکاربهێنیت، لەوانە:

١- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: (أنا سيد ولد آدم ولا فخر).

٢- سەبارەت بە حەسەنی کوڕی عەلی دەفەرموویێت: (إن ابني هذا سيد، وسيصلح الله به بين طائفتين عظيمتين من المسلمين).

٣- هەروەها دەفەرموویێت: (الحسن و الحسين سيدا شباب أهل الجنة).

٤- کاتێک سعد بن معاذ خوا لێی ڕازی بێت هات لە ساڵی خەندەق، پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەنساریيەکانی فەرمووی: (قوموا لسيدكم).

جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان بۆ وەڵامی ئەم فەرموودانە سێ وتە هەیە:

---

[٦٥٩] التمهيد لاپەڕە (٥٥٠).

وتەی یەکەم: حەڕامە وشەی السید بەکاربهێنرێت بۆ دروستکراو، نابێت السید بۆ کەس بەکاربهێنرێت مەگەر بۆ خوا بەکاربهێنرێت، هەروەک لەم دوو فەرموودەیە باسکراوە: (السید الله)، ئەمە نقل کراوە لە ئیمام مالک ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

وەڵام بۆ فەرموودەکان دەڵێن فەرموودەکان پێش تر بوون و فەرموودەی: (السید الله) تاخیر ترە، چونکە لە ساڵی وەفد بوو ساڵی نۆی هیجری، کەواتە نەسخی ئەو فەرموودانەی کردووە کە بەڵگەن لەسەر دروستی وتەی السید بۆ دروستکراوەکان.

وتەی دووەم: دروستە وشەی (السید) بۆ دروستکراو بەکاربهێنیت، بەڵگە کار بەم فەرموودانە دەکەن: (أنا سید ولد آدم)، (إن ابني هذا سید)، (قوموا إلى سیدکم)، دروستە وتەی سید بۆ دروستکراوەکان بەکاربهێنیت.

وتەی سێیەم: دروستە بێ کەڕاهەت، ئیلا ئەگەر ترسی زیادە ڕەوی تێدا کردنی هەبێت، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ترساوە لێیان لە زیادەڕەوی کردن، هەروەک لە هەردوو فەرموودەکە باسکراوە، ئەگەر ترسی زیادەڕەوی کردن هەبوو ئەوا نەهی لێی دەکرێت، بەڵام ئەگەر ترسی زیادەڕەوی نەبوو هیچی تێدا نییە وەک کردەوە کردن بە فەرموودەکانی تر کە دروستە وتەی سید بەکاربهێنیت.

وتەی چوارەمیش هەیە ئەویش ئەوەیە وتەی سید دروست نیە ڕووبەڕووی کەسەکە بیڵێیت، وە دروستە بیڵێیت ئەگەر کەسەکە ئامادە نەبوو واتە غائب بوو، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئینکاری کرد لەوەی ڕووبەروو ئاڕاستەی کرا، ڕێگری دەکرێت ڕووبەرووی مرۆڤ بڵێیت: (أنت السید)، (أنت سیدنا)، یان ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوو سەرسام بێت بە نەفسی خۆی، هەروەک فەرموودە هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردووە لە مەدح کردنی مرۆڤێک کەسەکە خۆی ئامادە بێت.

بە هەر حاڵ چەندین وتە هەیە سەبارەت بەم بابەتە.

ئاگاداری: ئێستا وتەی: (السيد)، بەکاردێت بۆ کەسێک باوەڕی وایە سوود و زیانی بە دەستە، پێیان دەڵێن السادة من أهل البيت یان السادة من الصوفية، ئەم بیروباوەڕە و وتەش لەگەڵی، گومانی تیدا نییە ئەمەیان حەرامە)[٦٦٠].

پوختەی وتەی زانایان:

- نابێت وشەی سید بۆ کەسی خراپ و دووڕوو بەکاربهێنیت.

- بەکارهێنانی وشەی سید بۆ کەسێک باوەڕی وایە سوود و زیانی بە دەستە، گومانی تێدا نیە حەرامە.

- نابێت وشەی سید بەرامبەر کەسێک بەکاربهێنێت ئەگەر ترسی فیتنەی هەبوو.

٢- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە زیادەڕەوی کردن[٦٦١].

٣- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن بۆ کەراهەتی مەدح کردن و خۆ پاراستن لێی[٦٦٢].

٤- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن بۆ گەورەیی قەدری پێغەمبەر (ﷺ) لە نەفسی هاوەڵان و ڕێزگرتنیان[٦٦٣].

---

[٦٦٠] إعانة المستفيد (٢/٤٣٧-٤٣٩).

[٦٦١] الجامع الفريد لاپەڕە (٢٢٧).

[٦٦٢] الجامع الفريد لاپەڕە (٢٢٧).

[٦٦٣] الجديد لاپەڕە (٤٧٣).

٥- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن پێغەمبەر (ﷺ) لایەنی تەوحیدی پاراستووە و هەموو ئەو ڕێگایانەی داخستووە کە مرۆڤ ڕادەکێشێت بەرەو شیرک.

باب ما جاء في قول الله تعالى:

﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾

عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: جاء حبر من الأحبار إلى رسول الله (ﷺ) فقال: يا محمد! إنا نجد أن الله يجعل السماوات على إصبع، والأرضين على إصبع، والشجر على إصبع، والماء على إصبع، والثرى على إصبع، وسائر الخلق على إصبع، فيقول: أنا الملك. فضحك النبي (ﷺ) حتى بدت نواجذه، تصديقاً لقول الحبر، ثم قرأ رسول الله (ﷺ): ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾[٦٦٤].

وفي رواية لمسلم: (والجبال والشجر على إصبع، ثم يهزهن فيقول: أنا الملك، أنا الله)[٦٦٥].

وفي رواية للبخاري: (يجعل السماوات على إصبع، والماء والثرى على إصبع، وسائر الخلق على إصبع) أخرجاه[٦٦٦].

ولمسلم عن ابن عمر مرفوعا: (يطوي الله السماوات يوم القيامة، ثم يأخذهن بيده اليمنى، ثم يقول: أنا الملك، أين الجبارون؟ أين المتكبرون؟ ثم يطوي الأرضين السبع ثم يأخذهن بشماله، ثم يقول: أنا الملك، أين الجبارون؟ أين المتكبرون[٦٦٧].

---

[٦٦٤] متفق عليه: أخرجه البخاري (٤٨١١)، ومسلم (٢٧٨٦).

[٦٦٥] أخرجه مسلم (٢٧٨٦).

[٦٦٦] أخرجه البخاري (٤٨١١).

[٦٦٧] أخرجه مسلم (٢٧٨٨).

وروي عن ابن عباس، قال: (ما السماوات السبع والأرضون السبع في كف الرحمن إلا كخردلة في يد أحدكم)[٦٦٨].

وقال ابن جرير: حدثني يونس، أنبأنا ابن وهب، قال: قال ابن زيد: حدثني أبي، قال: قال رسول الله (ﷺ): (ما السماوات السبع في الكرسي إلا كدراهم سبعة ألقيت في ترس)[٦٦٩].

قال: وقال أبو ذر رضي الله عنه: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (ما الكرسي في العرش إلا كحلقة من حديد ألقيت بين ظهري فلاة من الأرض)[٦٧٠].

وعن ابن مسعود قال: (بين السماء الدنيا والتي تليها خمسمائة عام، وبين كل سماء خمسمائة عام، وبين السماء السابعة والكرسي خمسمائة عام، وبين الكرسي والماء خمسمائة عام، والعرش فوق الماء، والله فوق العرش، لا يخفى عليه شيء من أعمالكم). أخرجه ابن مهدي عن حماد بن سلمه عن عاصم عن زر عن عبدالله[٦٧١].

ورواه بنحوه عن المسعودي عن عاصم، عن أبي وائل، عن عبد الله[٦٧٢].

قاله الحافظ الذهبي رحمه الله تعالى، قال: وله طرق[٦٧٣].

---

[٦٦٨] أخرجه ابن جرير في "التفسير"(٢٥/٢٤)، وعبدالله بن أحمد في "السنة" (٤٧٦/٢ رقم ١٠٩٠).

[٦٦٩] أخرجه ابن جرير في "التفسير"(١٠/٣)، وأبو الشيخ في "العظمة"(٥٨٧/٢ رقم ٣١).

[٦٧٠] أخرجه ابن جرير في "التفسير"(١٠/٣)، وأبو الشيخ في "العظمة"(٦٣٥/٢ رقم ٦٣).

[٦٧١] أخرج هذآ الطريق البيهقي في "الأسماء والصفات" (٣٩٣/٢).

[٦٧٢] أخرجه ابن خزيمة في "التوحيد"(٨٨٥/٢ رقم ٥٩٤)، وأبو الشيخ في "العظمة"(٥٦٥/٢ رقم ٢٠٣).

[٦٧٣] في (العلوا) (ص ٤٥).

وعن العباس بن عبد المطلب رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (هل تدرون كم بين السماء والأرض؟) قلنا: الله ورسوله أعلم قال: (بينهما مسيرة خمسمائة سنة، ومن كل سماء إلى سماء مسيرة خمسمائة سنة وكثف كل سماء خمسمائة سنة، وبين السماء السابعة والعرش بحر بين أسفله وأعلاه كما بين السماء والأرض، والله سبحانه وتعالى فوق ذلك، وليس يخفى عليه شيء من أعمال بني آدم). أخرجه أبو داود وغيره[٦٧٤].

فيه مسائل:

الأولى: تفسير قوله: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾.

الثانية: أن هذه العلوم وأمثالها باقية عند اليهود الذين في زمنه (ﷺ) لم ينكروها ولم يتأولوها.

الثالثة: أن الحبر لما ذكر للنبي (ﷺ)، صدقه، ونزل القرآن بتقرير ذلك.

الرابعة: وقوع الضحك من رسول الله (ﷺ)، لما ذكر الحبر هذا العلم العظيم.

الخامسة: التصريح بذكر اليدين، وأن السماوات في اليد اليمنى، والأرضين في الأخرى.

السادسة: التصريح بتسميتها الشمال.

السابعة: ذكر الجبارين والمتكبرين عند ذلك.

الثامنة: قوله: (كخردلة في كف أحدكم).

---

[٦٧٤] أخرجه أبو داود (٤٧٢٣)، والترمذي (٣٣٢٠)، وأحمد (٢٠٦/١ رقم ق٧٧٠).

التاسعة: عظم الكرسي بالنسبة إلى السماوات.

العاشرة: عظم العرش بالنسبة إلى الكرسي.

الحادية عشرة: أن العرش غير الكرسي والماء.

الثانية عشر: كم بين كل سماء إلى سماء.

الثالثة عشر: كم بين السماء السابعة والكرسي.

الرابعة عشر: كم بين الكرسي والماء.

الخامسة عشر: أن العرش فوق الماء.

السادسة عشرة: أن الله فوق العرش.

السابعة عشر: كم بين السماء والأرض.

الثامنة عشر: كثف كل سماء خمسمائة عام.

التاسعة عشر: أن البحر الذي فوق السماوات بين أعلاه وأسفله مسيرة خمسمائة سنة.

باب ما جاء في قول الله تعالى:

﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾

باسكردنی وتەی خوای گەورە كە دەفەرموویت: (خوانەناسان؛ قەدری خوایان وەک پێوست نەگرت، ڕێزیان بۆ دانەنا، هەر هەموو گۆی زەوی مشتێکی ئەو زاتەیە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئاسمانەکانیش بەدەستی ڕاست و دروستی خوا پێچراوەن "ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی بێ سنوری ئەو زاتە"، پاکی و بێگەردی و بڵندی بۆ ئەو پەروەردگارە مەزنەی شایستەی ئەوە نی یە نەفامان هاوەڵی بۆ بڕیار بدەن و قەدری نەزانن).

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (دانەری كتاب بەم بابە كۆتایی هێنا بە كتابی تەوحید، چونكە ئەم بابە ناو و سیفەت لەخۆ دەگرێت، چونكە كتابی تەوحید هەمووی بە دەوری تەوحیدی بەندایەتی كردن دا دەسوڕێتەوە، وە باسی تەواوكەرەكانی تەوحید دەكات وە باسی ئەو شتانەی تەوحید كەم دەكەن و داواكارییەكانی تەوحید دەكات، لەم بابە باسی ناو و سیفەتی كردووە بۆ ئەوەی كتابەكە تەواو بێت هەموو جۆرەكانی تەوحیدی تێدا بێت، چونكە تەوحیدی بەندایەتی تەوحیدی پەروەردگاریەتیش لەخۆ دەگرێتەوە، لە تەوحیدی پەروەردگاریەتیش ئەوەیە ئیمانت بە ناو و سیفەتی خوای گەورە هەبێت، بەڵام ناو وسیفەت بە شێوەیەكی تایبەت باس دەكرێن لەبەر بوونی ئەوانەی پێچەوانەی مەزهەبی ئەهلی سونەن، لەوانە جەهمی و موعتەزیلە و ئەشاعرە و ئەوانەی شوێن ئەوان كەوتوون، پێشەوایان بە توندی ئینكاری مەزهەبیان كردووە، وە زۆر كتابیان نووسیوە و وەڵامیانی داوەتەوە، چونكە ئەم مەزهەبانە نەفی ناو و سیفەتەكانی خوای گەورە دەكەن، وە ئیلحادە لە ناو و سیفەتەكانی خوا، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٨٠﴾ [الأعراف: ١٨٠]

خوای گەورە ناو وسیفەتی بۆ خۆی جێگیر كردووە، بینین و بیستن و توانا و ژیان و زانست و ڕوخسار و دوو دەستی بۆ خۆی جێگیركردووە، سیفەتی كمالی بۆ خۆی جێگیركردووە، هەر كەسێک نەفی ئەمانە بكات ئەوە لایداوە لە ناوەكانی خوای گەورە،

لەو کەسانەیە کە خوای گەورە سەبارەت بەوان دەفەرموویت: ﴿وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ﴾ [الأعراف: ١٨٠]، واتە: وازیان لێ بێنە و ئاوڕ لە وتەیان مەدەوە، چونکە سەرپێچی کتابی خوا و سوننەتی پێغەمبەری خوایان کردووە)[٦٧٥].

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەم بابەی کۆتایی هەرسێ جۆرەکانی تەوحیدی کۆ کردۆتەوە)[٦٧٦].

ڕاڤەی وشەکانی ئایەتەکە:

﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ﴾: واتە: قەدری خوایان وەک پێویست نەگرت و بەگەورەیان دانەنا.

هۆکاری باسکردنی ئەم ئایەتە لەم بابە:

عبدالله بن جار الله دەفەرموویت: (ئایەتەکە بەڵگەیە شەریک بۆ خوا بڕیاردان نەفی تەوحید و بەگەورە دانان و ئیمان دەکات)[٦٧٧].

سوودەکانی ئایەتەکە:

١- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ گەورەی خوا[٦٧٨].

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە شەریک دانان بۆ خوای گەورە نەفی بەگەورە دانانی خوا دەکات.

---

[٦٧٥] إعانة المستفيد (٢/٤٤١-٤٤٢).

[٦٧٦] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٨١).

[٦٧٧] الجامع الفريد لاپەڕە (٢٢٨).

[٦٧٨] تفسير سورة الزمر لاپەڕە (٤٥٤).

٣- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ جوانی فێرکردنی قورئان، چونکە کاتێک باسی ئەوەی کرد ئەوان قەدری خوایان وەک پێوست نەگرت، ڕێزیان بۆ دانەنا، ئەوەی ڕوونکردەوە کە خوای گەورە لە هەموو شتێک گەورەترە[٦٧٩].

٤- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی دەست بۆ خوای گەورە[٦٨٠].

٥- ئەم ئایەتە بەڵگەیە هەموو گۆی زەوی مشتێکی خوای گەورەیە لە ڕۆژی قیامەتدا[٦٨١].

٦- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ بەرزی خوای گەورە[٦٨٢].

٧- ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ بە پاک ڕاگرتنی خوای گەورە لە هەموو عەیب و کەمی یەک[٦٨٣].

---

(٦٧٩) تفسير سورة الزمر لاپەڕە (٤٥٤).
(٦٨٠) تفسير سورة الزمر لاپەڕە (٤٥٤).
(٦٨١) تفسير سورة الزمر لاپەڕە (٤٥٤).
(٦٨٢) تفسير سورة الزمر لاپەڕە (٤٥٥).
(٦٨٣) تفسير سورة الزمر لاپەڕە (٤٥٥).

عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: جاء حبر من الأحبار إلى رسول الله (ﷺ) فقال: يا محمد! إنا نجد أن الله يجعل السماوات على إصبع، والأرضين على إصبع، والشجر على إصبع، والماء على إصبع، والثرى على إصبع، وسائر الخلق على إصبع، فيقول: أنا الملك. فضحك النبي (ﷺ) حتى بدت نواجذه، تصديقا لقول الحبر، ثم قرأ رسول الله (ﷺ): ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾.

واتە: لە ابن مسعود دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: زانایەکی جولەکە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی محمد لای ئێمە لە تەوراتدا ئەوە هەیە کە خودا ئاسمانەکان لەسەر پەنجەیەک دادەنێت، زەمینەکان لەسەر پەنجەیەک، دارودرەخت لەسەر پەنجەیەک، ئاو لەسەر پەنجەیەک، ئینجا دەڵێت: (تەنها خۆم مەلیکم).

پێغەمبەریش (ﷺ) لێرەدا دەستی کرد بە پێکەنین هەتا خرێکانی دەرکەوتن، ئەو پێکەنینەش بۆ ئەوە بوو کە بیسەلمێنێ کە وتەی زانا جولەکەکە ڕاستە، پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾.

وفي رواية لمسلم: (والجبال والشجر على إصبع، ثم يهزهن فيقول: أنا الملك، أنا الله).

واتە: لە ڕیوایەتەکەی موسلیمدا دەڵێت: شاخەکان و دار و درەختەکان لەسەر پەنجەیەک دادەنێت، پاشان ڕایان دەوەشێنێ، ئینجا دەڵێت: (من خۆم مەلیکم من الله م).

وفي رواية للبخاري: (يجعل السماوات على إصبع، والماء والثرى على إصبع، وسائر الخلق على إصبع) أخرجاه.

واتە: لە ڕیوایەتەکەی بوخاریدا دەڵێت: ئاسمانەکان لەسەر پەنجەیەک دادەنێت، ئاو و خاک لەسەر پەنجەیەک دادەنێت، هەموو مەخلوقاتەکانی دیکەش لەسەر پەنجەیەک دادەنێت.

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(الحبر): زانایەکە زانستی زۆری لە لایە.

(إنا نجد): مەبەست پێی تەورات.

(أصبع): واتە: پەنجە.

(حتى بدت نواجذه): واتە: هەتا ددانەکانی بەدیارکەوتن.

(الثرى): واتە: خۆڵ.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی باسکردووە بۆ ئەوەی گەورەیی خوا ڕوون بکاتەوە بەوەی نابێت شەریکی بۆ بڕیار بدەیت.

سوودەکانی فەرموودەکە:

١- زانایان دەڵێن خوای گەورە پەنجەی هەیە سیفەتێکی زاتی خەبەری یە، بەڵگە:

(١) عن عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما؛ أنه سمع رسول الله (ﷺ) يقول: (إن قلوب بني آدم كلها بين إصبعين من أصابع الرحمن)[٦٨٤].

(٢) عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه؛ قال: (جاء رجل إلى النبي (ﷺ) من أهل الكتاب، فقال: يا أبا القاسم! إن الله يمسك السماوات على إصبع، والأرضين على إصبع... إلى أن قال: فرأيت النبي (ﷺ) ضحك حتى بدت نواجذه، ثم قرأ: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾[٦٨٥].

ابن خزيمة ڕەحمەتی خوای لێ بێت بابێکی داناوە بۆ جێگیرکردنی پەنجە بۆ خوای گەورە، دەفەرموێت: (باب جێگیر کردنی پەنجە بۆ خوای گەورە)[٦٨٦].

ئەبو بەکر ئاجڕی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (باب باسکردنی ئیمان هێنان بەوە کە دڵی دروستکراوەکان لەنێوان هەردوو پەنجەکانی خوای گەورە دایە، بێ چۆنیەتی)[٦٨٧].

بەغەوی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (پەنجە باسکراوە لە فەرموودە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خوای گەورە)[٦٨٨].

---

[٦٨٤] رواه مسلم (٢٦٥٤).

[٦٨٥] رواه البخاري (٧٤١٥)، ومسلم (٢٧٨٦).

[٦٨٦] التوحيد (١٨٧/١).

[٦٨٧] الشريعة لاپەڕە (٣١٦).

[٦٨٨] شرح السنة (١٦٨/١).

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (جێگیر کردنی پەنجە بۆ خوای گەورە لەبەر دان پێدانانی پێغەمبەر (ﷺ) بە قسەی ئەم جولەکەیە)[٦٨٩].

سەبارەت بە ژمارەی پەنجەکان ئەهلی سونە پەنجە جێگیر دەکەن بێ ژمارە، گومانی تێدا نییە باسی دوو پەنجە کراوە، وە هەندێک دەڵێن بێگومان لە دوو پەنجە زیاترن، چونکە فەرموودەکە دەفەرموێت: (دڵەکانی نەوەی ئادەم هەموویان لەنێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی ڕەحمان دایە)، بەڵام سەبارەت بە دیارکردنی ژمارەی پەنجەکان بە پێنج یان شەش باشتر وایە بوەستیت، والله أعلم.

ڕاستە ئەم فەرموودەیە باسی کردووە بەڵام ئەوەی ڕاست مەبەست پێی جنسی پەنجەیە نەک ژمارەی پەنجەکان، والله أعلم.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی خوا و تەواوی توانای[٦٩٠].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیر کردنی قسە بۆ خوای گەورە[٦٩١].

---

[٦٨٩] القول المفيد (٣/٣٦٥-٣٧٢).

[٦٩٠] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە ٧٦٩، عبدالله بن حميد.

[٦٩١] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە ٧٦٩، عبدالله بن حميد.

ولمسلم عن ابن عمر مرفوعا: (يطوي الله السماوات يوم القيامة، ثم يأخذهن بيده اليمنى، ثم يقول: أنا الملك، أين الجبارون؟ أين المتكبرون؟ ثم يطوي الأرضين السبع ثم يأخذهن بشماله، ثم يقول: أنا الملك، أين الجبارون؟ أين المتكبرون.

واتە: لە ڕیوایەتێکی دیکەی موسلیمدا بەم جۆرەیە لە ابن عمر دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (خوا هەموو ئاسمانەکان لە ڕۆژی قیامەتدا دەپێچێتەوە، پاشان بە دەستی ڕاستی دەیانگرێت، پاشان دەڵێت: من خۆم پادشام، ستەمکاران لە کوێن، ئەوانە لە کوێن کە خۆیان بەگەورە دەزانی؟ پاشان خوای گەورە هەر حەوت زەوی یەکان لە ڕۆژی قیامەتدا دەپێچێتەوە، پاشان بە دەستی چەپ دەیانگرێت، پاشان دەڵێت: من خۆم پادشام، ستەمکاران لە کوێن، ئەوانە لە کوێن کە خۆیان بەگەورە دەزانی؟

ڕاڤەی وشەکانی فەرموودەکە:

(يطوي الله السموات يوم القيامة): واتە: خوا هەموو ئاسمانەکان لە ڕۆژی قیامەتدا دەپێچێتەوە.

(أنا الملك، أين الجبارون؟ أين المتكبرون): واتە: من خۆم پادشام، ستەمکاران لە کوێن، ئەوانە لە کوێن کە خۆیان بەگەورە دەزانی؟

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودەیە لەم بابە:

قەرعاوی دەفەرموویت: (فەرموودەكە بەڵگەیە لەسەر واجبی بەگەورە دانانی خوای گەورە، وە بە گەورە دانانی خوای گەورە یەكخواپەرستی یە و شەریک بۆ بڕیار نەدانە)[٦٩٢].

سوودەكانی فەرموودەكە:

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە خوای گەورە دوو دەستی هەیە ڕاست و چەپ، جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بە ڕاست و چەپ دوو وتە هەیە:

یەكەم: هەندێک زانا بۆ ئەوە چوون خوای گەورە دەستی چەپی هەیە، كە ئەمە وتەی عثمان بن سعيد الدارمي، وأبو يعلى الفراء، ومحمد بن عبد الوهاب و ابن باز و ابن عثيمين و صالح الفوزانە، بەڵگە:

١- عبد الله بن عمر رضي الله عنه مرفوعا: (يطوي الله عز وجل السماوات يوم القيامة، ثم يأخذهن بيده اليمنى، ثم يقول: أنا الملك! أين الجبارون؟ أين المتكبرون؟ ثم يطوي الأرضين بشماله ثم يقول)[٦٩٣].

٢- وەسف كردنی یەكێک لە دەستەكان بە ڕاست داوای ئەوە دەكات دەستەكەی تر ڕاست نییە چەپە، ڕیوایەت هاتووە دەفەرموویت: (بيده الأخرى)، واتە دەستەكەی تر ڕاست نییە چەپە.

دووەم: هەندێک زانای تر بۆ ئەوە چوون هەردوو دەستەكانی ڕاستن چەپی نییە، كە ئەمە وتەی ابن خزيمه و ئیمام ئەحمەد و بەیهەقی و ئەلبانی یە، بەڵگە:

---

[٦٩٢] الجديد لاپەڕە (٤٨٠).

[٦٩٣] رواه مسلم (٢٧٨٨).

١- عن عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما مرفوعا: (إن المقسطين عند الله على منابر من نور عن يمين الرحمن عز وجل، وكلتا يديه يمين)[٦٩٤].

٢- عن عبد الله بن عمر بن الخطاب رضي الله عنهما مرفوعا: (أول ما خلق الله تعالى القلم، فأخذه بيمينه، وكلتا يديه يمين ...)[٦٩٥].

٣- جێگیرکردنی چەپ بۆ خوای گەورە دەلالەت لەسەر نەقس دەکات بۆ حەقی خوای گەورە، چونکە چەپ لاوازترە لە ڕاست و کەمتر شەرەفی هەیە، ئەمەش بۆ حەقی خوای گەورە ناگونجێت.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (هەموو فەرموودەکان ڕاستن لای زانایانی ئەهلی سوننە، وە فەرموودەی ابن عمر مەرفوعە و صحیحە، فەرموودەکە مەوقوف نییە، وە دژی نییە لەنێوان فەرموودەکان سوپاس بۆ خوا، خوای گەورە وەسفی هەردوو دەستی کردووە بە ڕاست و چەپ لە ڕووی ناوەوە، هەروەک فەرموودەی ابن عمر هاتووە هەردوو دەستەکان ڕاست مبارەکن لەڕووی شەرەف و فەزل، هەروەک فەرموودەی صحیحی تر هاتووە)[٦٩٦].

ابن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (وتەی: (ثم يأخذهن بشماله)، وشەی: (شمال)، جیاوازی هەیە لەنێوان ڕاویەکان، هەندێکیان جێگیری دەکەن، وە

---

[٦٩٤] رواه مسلم (١٨٢٧).

[٦٩٥] رواه: ابن أبي عاصم في (السنة) (١٠٦)، والآجري في (الشريعة)، وصححه الألباني.

[٦٩٦] مجموع فتاوى الشيخ ابن باز (٢٥/١٢٦).

هەندێکی تر جێگیری ناکەن، ئەوانەی جێگیریان کردووە حوکمی شازیان بەسەرداوە، چونکە پێچەوانەی دوو متمانەی کردووە لە ڕیوایەتی ابن عمر.

هەندێکی تر دەڵێن: جێگای متمانەیە، بەڵام ڕاوی ئەمەی گوتووە لە تصرفی خۆی. ئەسلی ئەمە هەڵەیە ئەوەی جێگیر بووە لە صحيح مسلم: (أن الرسول (ﷺ) قال: "المقسطون على منابر من نور على يمين الرحمن ، وكلتا يديه يمين)، ئەمە داوای ئەوە دەکات دەستی ڕاست و چەپی نییە بەڵکو تەنها ڕاستی هەیە.

بەڵام ئەگەر چی وشەی: (شمال) محفوظە، ئەمە لای من کێشە نییە و نەفی ئەوە ناکات: (كلتا يديه يمين)، چونکە ماناکەی دەستی تر وەک دەستی چەپ نییە بە نسبەت دروستکراوەکان ناقسە بەرامبەر دەستی راست، دەفەرموێت: (كلتا يديه يمين)، واتە: نەقسی تێدا نییە، پاڵ پشتی بۆ ئەمە فەرموودەی تر هاتووە: (اخترت يمين ربي وكلتا يديه يمين مباركة)، ...)[٦٩٧].

کەواتە هۆکاری جیاوازییەکە بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە:

یەکەم: جیاوازی هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بە زیادەی: (شمال)، هەندێک زانا بۆ ئەوە چوون لاوازە، وە هەندێکی تر بۆ ئەوە چوون صحيحە.

دووەم: جێگیرکردنی چەپ بۆ خوای گەورە دەلالەت لەسەر نەقس دەکات بۆ حەقی خوای گەورە، چونکە چەپ لاوازترە لە ڕاست و کەمتر شەرەفی هەیە، ئەمەش بۆ حەقی خوای گەورە ناگونجێت، بەڵام ئەوانی تر دەڵێن خوای گەورە لەناو و سیفەت

---

[٦٩٧] القول المفيد (٣/٣٧٥-٣٧٦).

دا وەک دروستکراوەکان نییە، سەبارەت بە مرۆڤ چەپ نەقسە بەڵام بۆ خوای گەورە وا نییە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ گەورەی خوا.

عبدالله بن حمید ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر گەورەی خوای گەورە، هەموو دروستکراوەکان بە دەستی خوایە و لەژێر دەستی خوایە)[٦٩٨].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە زەویش حەوت چینە هەروەک چۆن ئاسمانیش حەوت چینە.

---

[٦٩٨] شرح كتاب التوحيد لاپەڕە (٧٧٠).

وروي عن ابن عباس، قال: (ما السماوات السبع والأرضون السبع في كف الرحمن إلا كخردلة في يد أحدكم).

واتە: لە ابن عباس خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: (حەوت ئاسمانەكان و حەوت زەمینەكان لە نێو لەپی خودای ڕەحماندا هیچ نییە تەنها وەک ئەوە وایە یەكێكتان دەنكە خەردەلەیەک بكاتە دەستیەوە).

وقال ابن جرير: حدثني يونس، أنبأنا ابن وهب، قال: قال ابن زيد: حدثني أبي، قال: قال رسول الله (ﷺ): (ما السماوات السبع في الكرسي إلا كدراهم سبعة ألقيت في ترس)

واتە: ابن جرير دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (هەر حەوت و ئاسمانەكان لە بەرامبەر كورسیەكەدا وەک ئەوەیە حەوت درهەم بخرێتە ناو قەڵغانێكەوە).

قال: وقال أبو ذر رضي الله عنه: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول:(ما الكرسي في العرش إلا كحلقة من حديد ألقيت بين ظهري فلاة من الأرض).

واتە: ئەبوزەڕ رضی الله عنه دەفەرموێت: گوێبیستی پێغەمبەر بووم (ﷺ) دەیفەرموو: (كورسیەكە لە بەرامبەر عەرشی خوا دا تەنها وەک حەلقەیەكی ئاسن وایە، كە لە بیابانێكی سەر زەمیندا فڕێ درابێت).

ڕاڤەی وشەكانی فەرموودەكان:

(ترس): واتە: قەڵغان.

(فلاة): واته: بیابان.

هۆکاری باسکردنی ئەم فەرموودانە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودانەی باسکردووە بۆ ئەوەی گەورەیی خوا ڕوون بکاتەوە و نابێت شەریکی بۆ بڕیار بدەیت.

سوودەکانی فەرموودەکان:

١- فەرموودەی ابن عباس بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی کف بۆ خوای گەورە.

٢- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی عەرش بۆ خوای گەورە، دروستکراوێکە لە دروستکراوەکانی خوای گەورە، وە گەورەترە لە کورسی، وە کورسیش گەورەترە لە ئاسمانەکان، ئەمە بەڵگەیە لەسەر گەورەی خوا لەبەر ئەم دروستکراوە گەورانە، وە وەڵامە بۆ ئەوانەی عەرش تەفسیر دەکەن بە مولک یان تەفسیری تری پوچ[٦٩٩].

٣- ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ جێگیرکردنی کورسی، زانایان دەڵێن چەندین بەڵگەی ڕوون ئاشکرا هاتوون بۆ جێگیرکردنی کورسی.

محمد عبدالرحمن الخميس خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (مەزهەبی ئەهلی سونە سەبارەت بە کورسی، وە مەزهەبی ئەوانەی پێچەوانەی ئەهلی سونەن:

أ- ئەهلی سونە و جەماعە بۆ ئەوە چوون کورسی شوێنی هەردوو قاچی خوای گەورەیە، ئەمە وتەی ڕاست بۆ جێگیر بوونی بەڵگە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ [البقرة: ٢٥٥].

---

[٦٩٩] إعانة المستفيد (٤٤٥/٢).

ب- هەندێک خەڵک دەڵێن: کورسی عەرشە، ئەمە ڕاست نییە، چونکە بەڵگە هاتوون کورسی لەسەر عەرشە، هەروەک پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (ما الكرسي بين يدي العرش إلا كحلقة من حديد).

ج- وتراوە: کورسی زانستی خوای گەورەیە، کە ئەمە وتەی متکلمینە، لەبەر ئەوە نەفی کورسی دەکەن مەبەستیان نەفی کردنی بەرزی خوایە)[٧٠٠].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموویت: (ئەمە بەڵگەیە بۆ بوونی کورسی، دروستکراوێکە گەورەترە لە ئاسمانەکان، ئەمە وەڵامە بۆ ئەوانەی کورسی تەفسیر دەکەن بە زانست، ئەوەی ڕاست بێت کورسی زانست نییە)[٧٠١].

---

[٧٠٠] توضيحات الجلية على شرح العقيدة الطحاوية (٢ /٦٦٤-٦٦٥).

[٧٠١] إعانة المستفيد (٤٦٣/٢).

وعن ابن مسعود قال: (بين السماء الدنيا والتي تليها خمسمائة عام، وبين كل سماء خمسمائة عام، وبين السماء السابعة والكرسي خمسمائة عام، وبين الكرسي والماء خمسمائة عام، والعرش فوق الماء، والله فوق العرش، لا يخفى عليه شيء من أعمالكم). أخرجه ابن مهدي عن حماد بن سلمه عن عاصم عن زر عن عبدالله.

ورواه بنحوه عن المسعودي عن عاصم، عن أبي وائل، عن عبد الله.

قاله الحافظ الذهبي رحمه الله تعالى، قال: وله طرق.

واته: له ابن مسعود دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: (بەینی ئاسمانی دونیا و ئەوەی دواتر (٥٠٠) ساڵە، وە بەینی سەرو و خواری هەر ئاسمانێک (٥٠٠) ساڵە، نێوانی ئاسمانی حەوتەم و کورسیەکە (٥٠٠) ساڵە، بەینی کورسیەکە و ئاو (٥٠٠) ساڵە وە عەرش لە سەروو ئاوە، خوداش لە سەروو عەرشەوەیە، هیچ شتێ لە کردەوەکانی ئێوەی لێ ون نابێت).

وعن العباس بن عبد المطلب رضي الله عنه قال: قال رسول الله (ﷺ): (هل تدرون كم بين السماء والأرض؟) قلنا: الله ورسوله أعلم قال: (بينهما مسيرة خمسمائة سنة، ومن كل سماء إلى سماء مسيرة خمسمائة سنة وكثف كل سماء خمسمائة سنة، وبين السماء السابعة والعرش بحر بين أسفله وأعلاه كما بين السماء والأرض، والله سبحانه وتعالى فوق ذلك، وليس يخفى عليه شيء من أعمال بني آدم). أخرجه أبو داود وغيره.

واتە: لە عەباسی کوڕی موتەلیب دەگێڕنەوە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (ئایا دەزانن بەینی ئاسمان و زەوی چەندە؟) گوتمان: خودا و پێغەمبەرەکەی دەزانن.

ئەویش فەرمووی: (نێوانیان ڕێگای (٥٠٠) ساڵە، لە هەر ئاسمانێکەوە هەتا ئاسمانێکی دیکە ڕێگای (٥٠٠) ساڵە، چڕی و ئەستوری هەر ئاسمانێک ڕێگای (٥٠٠) ساڵە، وە بەینی ئاسمان و عەرش بەحرێکی گەورەیە، کە نێوانی بنی دەریاکە و سەرەوەی دەریاکە وەک بەینی ئاسمان و زەوییە، خوداش لە سەرووی ئەوانەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێ لە کردەوەکانی نەوەی ئادەمی لێ ون نابێت).

ڕاڤەی وشەکانی هەردوو فەرموودەکە:

(وكثف كل سماء خمسمائة سنة): واتە: چڕی و ئەستوری هەر ئاسمانێک ڕێگای (٥٠٠) ساڵە

هۆکاری باسکردنی ئەم دوو فەرموودەیە لەم بابە:

دانەری کتاب لەبەر ئەوە ئەم فەرموودانەی باسکردووە بۆ ئەوەی گەورەیی خوا ڕوون بکاتەوە و بە تەنیا بپەرستریت و شەریکی بۆ بڕیار نەدەیت.

سوودەکانی هەردوو فەرموودەکە:

١- فەرموودەی ابن مسعود مەوقوفە بەڵام حوکمی ڕەفعی هەیە.

ابن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (فەرموودەی ابن مسعود صحيحه)[٧٠٢].

ابن عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموویت: (ئەمە فەرموودەیە مەوقوفە لەسەر ابن مسعود، بەڵام لەو شتانەیە مەجالی بیروڕای تێدا نیە، کەواتە حوکمی ڕەفعی هەیە، چونکە نەزانراوە ابن مسعود دەست بە ئیسرائیلیاتەوە بگرێت)[٧٠٣].

٢- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن بۆ جێگیرکردنی بەرزی بۆ خوای گەورە، وتەی (والله فوق العرش)، ئەمە دەقێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ جێگیرکردنی بەرزی بۆ خوای گەورە بەرزی زاتی، بەرزی دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش:

أ- بەرزی سیفەت، ئەمەیان کەس ئینکاری نەکردووە ئەوەی خۆی دابێتە پاڵ ئیسلام، مەبەست پێی تەواوی سیفەتەکانی خوایە، هەروەک خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿لِلَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ مَثَلُ السَّوْءِ وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الأَعْلَى وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ {النحل:٦٠}.

ب- بەرزی زات، ئەمەیان هەندێک لەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام ئینکارییان کردووە، هەر بەرزییەک جێگیر بووبێت مەبەست پێی بەرزی سیفەتە، سەبارەت بە وتەی: "والله فوق العرش" دەڵێن: واتە لە هێز و توانا و دەسەلات و کۆنترۆل، نەک مەبەست پێی لەسەرووی هەمووان بێت بە زات، گومانی تێدا نییە ئەمە گۆڕینی دەقەکانە و نەفی کردنی سیفەتەکانە، ئەوانەی ئینکاری بەرزی خوا دەکەن دابەش دەبن بۆ دوو بەش:

---

[٧٠٢] التعليق المفيد لاپەڕە (٢٨٤).

[٧٠٣] القول المفيد (٣/٣٧٩-٣٨٣).

أ- ئەوەی دەڵێت: خوای گەورە بە زاتی خۆی لە هەموو شوێنێکە، گومانی تێدا نییە ئەمە گومڕاییە و کوفرە.

ب- کەسێک دەڵێت: نە لە سەروەیە و نە خوارەوە و نە ڕاست و نە چەپ و نە نووساوە بە دروستکراوەکان و نە جیابووتەوە لە دروستکراوەکان، ئەمە ئینکاری بوونی خوای گەورەی تێدایە پەنا بەخوا، لەبەر ئەوە زانایان دەڵێن: ئەگەر بەمە بگوترێ: نەبوون وەسف بکە، ئەوە ئەمە لەو وەسفە زیاتر ناگەین بە هیچ، ڕایان کردووە لە شتێک دەقەکان و عەقل و فیترەت بەڵگەن لەسەری بۆ شتێک دەقەکان و عەقل و فیترەت ئینکاری دەکەن)[٧٠٤].

صالح الفوزان خوا بیپارێزێت دەفەرموێت: (ئەم دەقانە بەڵگەن بۆ جێگیرکردنی بەرزی خوای گەورە لەسەر عەرشە، وەڵامە بۆ جەهمی و موعتەزیلە و ئەشاعیرە ئەوانەی نەفی بەرزی خوا دەکەن لەسەر عەرش)[٧٠٥].

٣- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن بۆ زانستی خوای گەورە کە هیچ شتێکی لێ بزر نابێت لە کردەوەی نەوەی ئادەم.

٤- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن لەسەر گەورەی خوا، وە دەبێت خوای گەورە بەتەنیا بپەرستریت و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەردرێت.

٥- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن عەرش گەورەترین دروستکراوە، گەورەترە لە دەریا وە گەورەترە لە کورسی، وە گەورەترە لە ئاسمان و زەوی، لەبەر ئەوە خوای گەورە عەرشی داوەتە پاڵ نەفسی خۆی: (ذو العرش العظيم)، (رب العرش الكريم).

---

[٧٠٤] القول المفيد (٣-٣٧٩-٣٨٣).

[٧٠٥] إعانة المستفيد (٤٦٣/٢).

٦- ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەن بەینی ئاسمانی دونیا و ئەوەی دوای ئەو (٥٠٠) ساڵە، وە بەینی سەرو و خواری هەر ئاسمانێک (٥٠٠) ساڵە، نێوانی ئاسمانی حەوتەم و کورسیەکە (٥٠٠) ساڵە، بەینی کورسیەکە و ئاو (٥٠٠) ساڵە وە عەرش لە سەروو ئاوە.